# گورگی زەنگۆڵەدار

hewalname.com/ku/

ناوی کتێب: گورگی زەنگۆڵەدار

بابەت: راڤەی کتێب و گوتاری ئەدەبی

نووسەر: نەجات نوری

دیزاینی بەرگو ناوەوە: ئازاد حاجی

سەرپەرشتیاری کتێب: بەختیار سەعید

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم

چاپخانە: کەمال

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٥٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٣٤١)ی ساڵی ٢٠١٤ی  پێدراوە.

لەبڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان ٢٠١٤

ناونیشان: سلێمانی: کاسۆمۆڵ - بەرامبەر مزگەوتی گەورە - نهۆمی چوارەم

سودو سەرمایەی ئەم بڵاوکراوەیە بۆ کەسوکاری شەهیدانو ئەنفالکراوانە
لەسەر ئەرکی دکتۆر تەها رەسوڵ چاپ کراوە

hewalname.com/ku/

# گورگی زەنگۆڵەدار

newalname.com/ku/

نەجات نوری

چاپی یەکەم

٢٠١٤

hewalname.com/ku/

# كوڕانی گەڕەکی نەجیب مەحفوز و حیکایەتێکی بێکۆتایی

hewalname.com/ku/

**(... من لەبارەی خۆمەوە نانوسم نە لەبارەی ناخۆشییەکانم، ناخۆشییەکانم سوکن ئەگەر بەراووردی بکەیت بە ناخۆشییەکانی گەڕەکەکەمان، گەڕەکە سەیرەکەمان خاوەنی رووداوی سەیرە، چۆن بووە؟ لە مەسەلەکەیدا چییەو کوڕانی گەڕەکەکەمان کێنن؟ لا١٠)** بەم ئاماژانە لەم دەقەدا خوێنەر دەچێتە ناو قوڵایی ئەو روداوانەوە کە (نەجیب مەحفوز) تێدا گەڕەکەکەی بە هەموو وێنە شاراوەکانیەوە وێنە دەکێشێت، ئەو گەڕەکەی ئاماژەیە بۆ زۆر گەڕەکی ترو شوێنی نەبیندراوی تر لە جیهاندا، ئەو گەڕەکەی لای نەجیب مەحفوز لە چۆڵەوانییەکدا بنیات دەنرێتو دواتر دەبێتە شوێنی ئازارو پێکدا هەڵپرژانی جەستەی کەسانی شەڕانیو کلۆڵەکان. ئەوگەڕەکەی دەبێتە ناونیشانو مێژوی زۆرکەس، دەبێتە هەڵگری مانایی شاراوەو شەقاوەکان تێیدا دەبنە خاوەنی دەسەڵات، ئەو شوێنەی بە مێژووە دوورو درێژەکەیەوە بێکۆتا خوێنەر دەخەنە سەر پرسیاری ئەوەی ئایا شەقاوەکانی ئەم گەڕەکە کەی کۆتاییان دێت؟ ئەم شەقاوانە لای نەجیب مەحفوزو خوێنەر دەبنە ناسنامەی کێ؟ خوێن رشتنو ئازارەکانیان لە کوێدا دەوەستێت؟ ئەمە ئەو پرسیارانەن کە توشی خوێنەران دێت لەم دەقەدا. نوسەر لە ژیانو رفتارەکانی جەبەلاویو نەوەکانیەوە سەرچاوەی نەهامەتیەکانی خەڵکی تریش دەگێڕێتەوە، ئەوەی لەم دەقەدا دەبێتە پرسیارو هەموومان لەسەر ماناشاراوەکانی رادەگرێت ئەوەیە هەر وەک چۆن گەڕەکەکەو ژیانی خەڵکەکەی پڕە لە گریانو ناخۆشیو ئازارو رفتاری دەستی شەقاوەکان، لە هەناوی خانووە گەورەکەشدا کە جێگەی خاوەن وەقفەکەیەو زۆر دەمێکە بۆتە جێگەی ترسو گومان بۆ خەڵکی. ئەو شوێنەی کە لە باپیرانیەوە بۆی بۆتە جێگەیەکی پڕ خێرو بەرەکەت **(شوێنی گەڕەکەکەمان چۆڵەوانی بوو، بەدەم بیابانی (موقەتەم)ەوە بوو کە لە ئاسۆدا وەستابوو، چۆڵەوانییەکە هیچی لێ نەبوو تەنیا ئەو خانووە**

hewalname.com/kurd

**گەورەیە نەبێت کە (جەبەلاوی) دروستی کردبوو، وەکو بڵێی بەوە تەحەدای ترسو تەنیاییو ڕێگرەکانی پێدەکرد لا١٢)** لە ناو ئەم خانووەدا کاتێک کوڕەکانی خاوەن وەقفەکە (ئیدریس، عەباس، ڕەزوان، جەلیل، ئەدهەم) لەسەر ویستی باوکیان (جەبەلاوی) کۆدەبنەوە. بەمەش گێڕانەوەیەکی تر لەم دەقەدا دەست پێ دەکات. نەجیب مەحفوز بەم گێڕانەوەیە وەلامێک بە خوێنەر دەداتەوەو پرسو ناکۆکیەکانی ناو خانووە گەورەکەش دەکاتە بنەمایەکی قوڵ بۆ دەقەکەی. لە ڕێگەی زۆر وێنەوە دەیانخاتە ڕوو، ئەو نهێنیانە ئاشکرادەبێت کە ئەوە بەتەنیا ناومالی خەڵکی گەڕەکەنیە پڕە لە ناکۆکیو ئازاری دەستی شەقاوەکان، بەڵکو ئەوە ناو خانووە گەوەرەکەشە بەهەمان شێوەی دەرەوە پڕە لە ناکۆکی، باوک دەبێتە شەقاوەیەکی پیرۆز تر بۆ گیانی کوڕو نەوەکانی خۆی. ئەوەی بەگوێی ئەم باوکەی نەکرد، لەبەرامبەریدا هاتەدەنگ بۆ وەلام دانەوەی پرسیارەکانی یان گەڕان بە ناو ماڵەکەیدا بۆ دۆزینەوەی نهێنەیەکان، ئەوا دەکەوێتە بەردەم نەفرەتی باوکی پیرۆزو دەبێت لەو ماڵە گەورەیە بکرێتە دەرەوە. کاتێک (ئیدریس) وەکو یەکەم قوربانی لەم دەقەدا لەبەرئەوەی فەرمانەکانی (جەبەلاوی) باوکی ڕەتدەکاتەوە بۆ وەرگرتنی بەڕێوەبردنی وەقفەکە لەلایەن (ئەدهەم)ی برایەوە لەو ماڵە گەورەیە دەردەکرێتو لە هەموو مافێکی خۆی بێبەش دەکرێتو دەربەدەردەکرێت. دواتریش (ئەدهەم) بۆ دۆزینەوەی نهێنەیەکان لەو ماڵەدا (جەبەلاوی) باوکی پێی دەزانێت ئەویش دەبێتە دووەم قوربانیو لەو ماڵە وەدەردەنرێت.

بەمجۆرە خوێنەر دەکەوێتە شوێن دوو جۆر ڕوداو، ئەو ڕوداوانەی لە کۆلانەکاندا بە هەموو خوێنو ئازارەکانیەوە لەلای خەڵکی لەسەر دەستی شەقاوەکاندا ڕودەدەن. ئەو ناکۆکیو نهێنیانەی لە نێوان باوکو کوڕەکانی

kewalname.com/ku/

ناو خانووە گەورەکەدا بەدیاردەکەون. گەڕانەوە بۆ مێژوی مرۆڤایەتی بەدیوە ناشیرینەکەیدا لەم دەقەدا وەکو مێژووەیەکی خوێناوی‌و پڕ لە چەوساندنەوە دەبێتە گێڕانەوەیەکی مەزن لای نەجیب مەحفوزو خوێنەر دەخاتە سەر ناساندنی ئەو هەموو ئەو روداوو وێنە شاراوانەی کە هێشتا گەلێک نوسەر ناوێرن خۆیانی لە قەرەبدەن‌و بینووسنەوە. پاڵەوان‌و روداوەکانی ناو رۆمانی (کوڕانی گەڕەک) یان (منداڵانی گەڕەکەکەمان) دەمانباتەوە بۆ ناو ئەو جیهانەی کە زۆر لە مێژە گیرۆدەی ئەو هێزانەیە کە نایانەوێت کۆتایی بە بوون‌و تەسلیم بوونی خۆیان بهێنن‌و واز لە ئازاردان‌و خوێن رشتنی خەڵکی هەژار بهێنن، هەمیشە لەژێر ناوی جۆر بە جۆردا لە هەموو رۆژگارەکاندا دەردەکەونەوە. ئەو روداوانەی لەم دەقەدا دیارن‌و دەبنە جێگەی سەرنجی خوێنەرە بە ئاگاکان، ئەو روداوانەن کە مێژو بەدرێژای تەمەنی خۆی هەڵی گرتون‌و پێوەیان گیرۆدەیە، تاکو ئێستاش بەردەوامی دەدات بە خۆی کە مێژوی ناکۆکیە چینایەتیەکانە. مێژوی هەناوی ئەو ململانیانەیە کە هەمیشە چەوسێنەرو چەوساوەکان تێدا بۆ مانەوەی خۆیان بەرەنگاری دەکەن‌و زیاتریش لەم دەقەدا رەنگی داوەتەوە. نەجیب مەحفوز وەکو ئاماژەیەکی ترسناک زیرەکانە ئاماژەی پێ دەکات‌و ئەو گومانەمان لەلا ناهێڵێت، ئەو پرسیارەمان روبەڕودەکاتەوە کە گرانە تا کۆتایی کەس بتوانێت وەڵامی بداتەوە. ئەویش ئەو پرسیارانەیە: جەبەلاوی باوک کە بەزەیی بۆ هەردوو کوڕە دەرکراوەکەی خۆی نیە ئیتر چۆن چۆنی بەزەیی بۆ خەڵکی تر دەبێت؟ شەقاوەکانی جەبەلاوی تاکەی خەڵک دەکەنە ئامانجی مانەوەی خۆیان؟ دەبێت کەی خەڵکی لە ئازارو چەرمەسەریەکانی جەبەلاوی‌و شەقاوەکان رزگاریان ببێت‌و بگەن بە ویستی خۆیان؟ کەی لە خێروبێری وەقفەکەو داهاتەکانی تر دادپەروەرانە بەشیان دەدرێت؟

ئـەم ڕۆمانـە وەکـو دەق هەڵگـری ئـەو شوناسـەیە کـە نەجیـب مەحفـوز تێـدا بەشـوێن ئـەو هۆکارانـەدا دەگەڕێـت تـا دەرفەتێـک بدۆزێتـەوە بـۆ ڕاگەیاندنـی یـان بـۆ ئـەو ئامانجـەی کـە خـۆی لـە دادپەروەریـدا دەبینێتـەوە ڕابگەیەنێـت. کاتێـک پرسـی دادپـەروەری لـەم دەقـەدا دەردەکەوێـت ئەویـش بـە گەڕانـەوەی داهاتـی وەقفەکـە بـۆ هەمـوو خەڵکـی ئـەو پرسـیارە دێتـە پێشـەوە: لە هەنـاوی گەڕەکێکی پـڕ لـە شـەقاوەدا کـە ئەوانیـش هەریەکەیـان دەبنـە هـۆی کوشـتنو کۆتایـی پـێ هێنانـی یەکتـری ئایـا لەرفتـاری ئـەو کەسـانەو خـاوەن وەقفەکـەوە ئـەو ئامانجـە دەگاتـە کـوێ؟ تـا کۆتایـی دەقەکـەش هیـچ خوێنەرێـک ناتوانێـت پەیـی بـەو ڕۆژە بەرێـت کـە ئایـا خەڵـک دەتوانـن بـە دادپـەروەری بگـەن. نەجیـب مەحفـوز وەکـو هەمـوو ئـەو ڕەمـزو وێنانـەی کـە کاری لەسـەرکردون لـەم دەقـەدا پرسـی گەیشـتن بـە ژیانێکـی باشـترو دادپەروەرانـە لـە ڕوانگـە جیاجیاکانـەوە بـە خـەون دەزانێـت. بڕواناکات هیـچ هێزێـک بـە علمانـیو ئیسـلامیەکانەوە بتوانن ئـەو خەونە بەدیبهێنـن. نکۆڵـی لـەوە نـاکات لەسـایەیی کاروکـردەوەی شـەقاوەکانی گـەڕەکو لای ئـەو جـۆرە کەسـانەی لـە ژێـر نـاوی جـۆر بـە جـۆردا دێـنو گەڕەکـەکان دەخەنـە ژێـر هەیمەنـەی خۆیانـەوە هیـچ کاتێـک ژیانێکـی ئاسـودە بـۆ خەڵـک بـەدی نایـەت. ئـەم دیدە ڕەشـبینەی نەجیـب مەحفـوز لـە کوێـوە سـەرچاوەی گرتـووە کـە هیـچ ئومێدێکـی بـە گەیشـتن بـە دادپـەروەری نەبێـت. لـە یادەوەری نەجیـب مەحفـوزدا ئـەو هۆکارانـە زۆرن کـە لـە سـاڵانی تەمەنیـدا تێبنـی کـردونو لێیـان ڕامـاوە بـە هەمـوو دیـدو بۆچوونەکانـەوە کـە بـۆ خـۆی وێنـەی گەلێکیانـی لـەم دەقـەدا خسـتۆتەڕوو کـە نەیـان توانیـووە جگـە لـە سـودگەیاندن بـە خۆیـان ئیتـر هیـچ بـۆ خەڵکـی بکـەن. ئـەو خوێنـەرەی لـەم پەرەگرافـەی کۆتایـی دەقەکـە ڕابمێنێـت تێدەگات کـە نەجیـب مەحفـوز کاری لە سـەر چ دیـدو بۆچونێک کردووە تـا دەقەکـەی پـێ بنووسـێت، دەبینیـن لـەم دەقـەدا ئـەو کەسـانەی ڕۆژگارێـک بـۆ

گەیاندنی پەیامی مرۆڤایەتیو خزمەتکردن بە خەڵکی هاتبێتن ئەوا هەرزوو لەلایەن شەقاوەکانو خاوەن بەرژەوەندییەکانەوە پلانیان لە دژ گێڕدراوەو ئامانجەکانیان پوچەڵ کردونەتەوەو دەربەدەریان کردون. تا ئەوە ئاستەی کە خەڵک ئیتر لە هەموو دیدو بۆچوونەکانی رۆژگاری خۆیان پەشیمان ببنەوەو هەموو ئومێدێکیان لەسەر (سیحر) دروستبکەن. ئەم پەنابردنە بۆ سیحر لای نەجیب مەحفوز لەم دەقەدا گەلێک پرسیاری دژوارمان روبەڕودەکاوە: کاتێک خەڵک ئیتر لە هەموو شتێک بێئومێد دەبن ئەوا بەناچاری سیحر هەڵدەبژێرن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، ئەم دیدە لە لای نەجیب مەحفوز لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە. دەقەکەی نەجیب مەحفوز ئەگەر کارکردنبێت لەسەر روداوەکانی ناو مێژویەکی رابوردوو وەکو هەندێک کەس لێدەدوێن، ئەوا بە دیوێکی تریشدا شکستی ئیسلامیو علمانیەکانە کە دوای چەندین ساڵ هێشتا لە کۆمەڵگاکانی لای ئێمەدا نەگەیشتون بە سەرکەوتنو کۆمەڵگایان وێرانکردووە؟ ئایا لای نوسەری ئەم دەقە ئیتر هەموو بیرو بۆچونەکان، هەموو هەوڵەکان، بەڵێنو قسەی زۆرکەسەی دەسەڵاتدارو کەسانی ئاینیو ئایدۆلۆژیا جیاجیاکان شکستیان هێناوە بۆ گەیشتن بە دادپەروەری؟ دەقەکە لە کۆتایدا زۆر بە رونی ئەو وەڵامەمان دەداتەوە (عەبدە چیت دەسکەوت؟ هیچ، دەمپرسی کوا جەبەلو سەردەمی جەبەل، کوا هێزی دادپەروەری؟ چی خێڵی جەبەلی گەڕانەوە بۆ نەبوونیو رەزالەت؟) ئەم جۆرە پرسیارانە لای نوسەر خوێنەر دەخەنە سەر ئەو رێگایەی کە بێگومان ژیان ئیتر دەبێت لە رەزالەت زیاتر هیچی تر بەهەم نەهێنێت. ئەوەی زیاتریش نەجیب مەحفوز دەخاتە سەر گومانو بێبڕوای بە هەموو بیروباوەڕەکانی دەوروبەری کە ئیتر هیچ هێزێک ناتوانێت بە هێزی دادپەروەری بگات. رفتاریو بێ بەرنامەی ئەو کەسانەیە کە نایانەوێت دەست لە بەرژەوەندیە مادییەکانی

hewalname.com/ku/

خۆیان هەڵبگرن‌و بۆ خەڵک کاربکەن. لەناچاریدا لە گفتوگۆی خەڵکەوە ئاوا دەست نیشانی ئەو شکستانەدەکات لەم دەقەدا کە لەلایی خەڵکی رویانداوەو ئیتر نایانەوێت بگەڕێنەوە بۆ لایان **(سەیر لەوەدابوو کە خەڵکی درۆو دەلەسەکانی رەبابەکانیان بە ساردیی و گاڵتە جاڕییەوە وەرگرت، تا کەللە رەقیان گەیشتە ئەوەی کە بڵێن: کارمان بە رابردووەوەنییە، هیچ هیوایەکیشمان نیە جگە لە سیحرەکەی عەرەفە نەبێت، ئەگەر سەرپشکمان بکەن لە نێوان جەبەلاوی‌و سیحردا ئەوا سیحر هەڵدەبژێرین... لا٥٢٧)** ئەم جۆرە وێنانە دەبێتە هەڵگری ئەو وێنە دژوارو کوشندانەی کە لە جیهاندا خەڵک پێی دەگەن. ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئیتر (بۆرژوازیەت) دەست دەنێتە قوڕگیان‌وخەڵک ناچاردەکەن بۆ ئایندەیان پەنا بۆ سیحرو رفتاری سەیر سەیر بەرن، ئەو کۆمەڵگایانەی کە بەشێک لە هێزە ئیسلامیەکان گەمە بە ئیرادەی خەڵک دەکەن‌و خەڵک دەخەنە ژێر گوشاری کەلتورە کۆنەکانەوەو دونیای خەڵک دەکەن بە تاریکستان. نەجیب مەحفوز لەم رۆمانەدا رۆژگارێکمان بۆ دەخولقێنێت پێمان دەڵێت هێشتا زۆری ماوە خەڵک بە ئۆمێدەکانیان بگەن. لەگەڵ ئەوەیشدا لەناو هەموو ئەو خراپەکاریانەشدا بۆ ئایندەیەکی دوور تر خەڵک دەڵێن **(هەر کە تووند وتیژیی زیانی لێیان بدایە دەیان وت: دەبێت زۆرداری کۆتایی بێت‌و شەویش رۆژی بەدواوەیەو ئەوسا لە گەڕەکەکەماندا لەناوچوونی زۆرداریی دەبینین‌و رۆژی رووناکی و سەیرو سەمەرەکان هەڵدێت لا٥٢٨)** تەنانەت نەجیب مەحفوز لە کۆتایشدا دەست ناخاتە سەر ئەوەی کە کام دیدوبۆچوون ئەو رۆژە روناکە بۆ خەڵک دێنێت‌و شتە سەیرو سەمەرەکان کۆتایی پێ دێنێت. ئایا تۆ بڵێت سیحر ببێتە بنەمایی ویستی خەڵک‌و جێگەی ئیسلامی‌و علمانیەکان بگرێتەوە؟ ئەمەش دەبێتە ئەو بن بەستەی کە نوسەر ناتوانێت هیچ رێگایەک بۆ دەرچوون لەو کۆڵانە پڕ لە کێشەیە

newalname.com/ku/

بخاتــە روو. ئــەو تێڕامانــەی نوســەر لــەم دەقــەدا دەیخاتــە روو ئاماژەیەکــە بــۆ ئـەو کەلتـورە کۆنـەی کـە خەڵکـی خسـتۆتە سـەر سـەدان گیروگرفـتو دواکەوتـن (وا دەڵێـن؟ هـەر لـە منداڵییـەوە وا دەڵێـن، بـەڵام راسـتییەکەی باپیرەمـان لـە ماڵەکەیـدا گۆشـەگیرە، بەڕێوەبـەری وەقفەکـەش دەسـتی بەسـەر داهاتەکەیـدا گرتـووە. تەنیـا ئەوەنەبێـت کـە دەیـدات بـە شـەقاوەکان بـۆ ئـەوەی پارێزگاریـی بکـەن..) ئــەو گۆشــە گیــرەی لێــرەدا نوســەر لێــی دەدوێــت ئاماژەدانــە بــە رۆژگارێکــی تاریــک، درێژەدانــە بــە ئــەو وەهمــەی کــە خەڵــک نایبینــنو هیــچ کاتێـک پێـی ناگـەن. خەڵـک چەنـد گیـرۆدەی گۆشـەگیری باپیرەیانـن ئەوەنـدە زیاتـر گیـرۆدەی رفتـاری شـەقاوەو کەسـە خـاوەن دەسـەڵاتەکانن کـە بەنـاوی ئـەو باپیرەیـەوە رفتاردەکـەن. بەنـاوی پیـرۆزی ئـەو باپیرەیـەوە کۆمەڵـگا دادەڕزێنـنو ئەویـش هیـچ کاتێـک نایەتـە دەنـگ بـۆ ئازارەکانـی خەڵـک. کـەی باپیـرە لـەو گۆشـەگیریە دێتـە دەرەوەو چـاوی بـە خەڵـک دەکەوێـت. ئـەوە ئـەو پرسـیارەیە کـە نەجیـب مەحفـوز لـەم دەقـەدا بـە بـێ وەڵام بەجێـی هێشـتووە، بـە مەرگـی جەبــەلاوی باپیــرەش بەبــێ بینینــی خەڵــک دوای ســاڵانێکی زۆر وەڵامەکــەی نەداوینەتــەوە (گوێــم لــە دەنگێکــی ســەیر بــوو قســەی دەکــرد، وەکوبڵێــی لەتاریکیـدا لەگـەڵ خۆیـدا قسـەی دەکـرد، هەسـتێکی گەشـاوە دەیگرتـم کـە ئـەوە دەنگــی جەبــەلاوی باپیرەمانــە؟) ئــەو دەنگــەی یەکێــک لــە پاڵەوانەکانــی ئــەم رۆمانـە جارێـک گوێـی لێدەبێـت جەبەلاویـە، بـەڵام ئـەی لای خوێنـەر ئـەو دەنگـە دەبێـت بـە دەنگـی کـێ؟ دواتـر. بێگومـان ئـەو وێنـەو روداوانـەی نەجیـب مەحفـوز لـەم دەقــەدا کاریـان لەسـەردەکات، چ وەکـو مێـژو یـان وەکـو ئـەو روداوانــەی کـە لـەم دەقـەدا خراونەتـەڕو، دەبنـە جێگـەی پرسـیارو گومـان لـەلای هەندێـک کــەس. هەرئــەم گومانوپرسیارانەشــە دواجــار دەبێتــە هۆکارێــک بــۆ ئــەوەی بـەو پـەڕی دڕندەییـەوە پەلامـاری نەجیـب مەحفـوز لـە سـاڵی ١٩٩٤دا بدرێـتو

hewalname.com/ku/

هەوڵـی کوشـتنی بـدەن. ئـەو بەشـەی زیاتـر گومـان لـەلای هەندێـک خوێنـەری ئیسـلامیو ناوەنـدی ئاییـنی دروسـتدەکات، والێکیدەدەنـەوە وئامـاژەی بۆدەکـەنو دەیگەڕێننـەوە بـۆ سـەر مێـژوی سـەرەتاکانی ئیسـلامو کەسـانی تـری ئیمانـدار لـە رابـوردودا. خاڵـی سـەرەکی ئـەم دەقەیـە، بـۆ تێگەیشـتنو چونـە قوڵایـی روداوەکانـەوە پەیوەنـدی بـە ئاسـتی ئاگایـیو بەرچـاو رونـی خوێنـەرەوە هەیـە بـۆ مێـژو، بەتایبـەت مێـژوی نیمچـە دورگـەی عەرەبـی بەتایبەتیـش ئەوکاتانـەی ئیسـلام تێـدا لـە رۆژانـی سـەرەتای سـەرهەڵدانیدابووە. ئـەو وێنانـەی کـە نەجیـب مەحفـوزی زیاتـر خسـتۆتە ژێـر گوشـارو پەلاماردانـەوەو دوای سـاڵانێک لـە بڵاوکردنـەوەی ئـەم رۆمانـە، دواتریـش گەلێـک مشـتومڕی توندوگفتوگـۆی دورودرێـژی بـەدوای خۆیداهێنـا. ئـەم دەقـەی هێنایـەوە گـۆڕێ لـە ناوەندەکانـی ئەدیبـانو رەخنەگرانـدا، بەتایبەتـی بەشـێک لـە رەخنەگـرە ئیسـلامیەکان چونکـە ئـەوان هەمـوو بەشـەکانی ئـەم دەقـە دەبەسـتنەوە بـە مێـژوی کەسـانی ئاینـیو سـەرهەڵدانی ئیسـلامەوە لـە نیمچـە دوورگـەی عەرەبیـدا، ئـەو وێنانەیـە کـە زیاتـر خـۆی لـە بەشـی (رەفاعە)و بەشـێک لـە پاڵەوانەکانـی تـردا دەبینێتـەوە، ئەمـەش رەنگـە هۆکارێـک بێـت کـە زیاتـر وروژاندنـی هەسـتی ئـەو کەسـانەی کـە وێنـەو روداوەکانـی ئـەم بەشـە دەلکێـن بـە وێنـەو گەلێـک روداوی مێـژوییو کەسـایەتی ئیسـلامەوە. ئـەم بەشـە وەکـو هەمـوو بەشـەکانی تـری ئـەم رۆمانـە کارلەسـەر دیـدو هەوڵەکانـی یەکێـک لـە پاڵەوانەکانـی نـاو دەقەکـە دەکات بەنـاوی (رەفاعە) کـە دەیەوێـت دادپـەروەری بگەڕێنێتـەوە بـۆ خەڵکـی لەنـاو هەمـوو هێزە شـەڕانیو کاری شـەقاوەکانداو دواجاریـش لەسـەر دەسـتی ئـەودا دەفتـەری سـیحرەکە لـە زبڵدانێکـدا ون دەبێـتو بـە مەرگـی خـۆی کۆتـای دێـت. ئـەو وێنەیـەی کـە لـەم دەقـەدا خراوەتـە روو ئەوەیـە کـە رەفاعـە بـۆ یەکـەم جـار دوای ئەوکاتانـەی کـە بەتەنیـا زۆرکات لـەلای تاشـە بەردەکـەی (هنـد) دەیباتـە سـەرو دواتـر لەژێـر

شـورای خانـووه گەورەکـەدا بەدەنگێـک ئاشـنا دەبێـت:

- **( گوێـم لـە دەنگێکـی سـەیربوو قسـەی دەکـرد، وەبڵێـی لەتاریکیـدا لەگـەڵ خۆیـدا قسـەی دەکـرد، هەسـتێکی گەشـاوە دەیگرتـم کـە ئـەوە دەنگـی جەبـەلاوی باپیرەمانـە؟)**

- **پیاوەکـە سـەیری دەموچـاوی کوڕەکـەی کـردو بـە حەپەسـانەوە ورتـە ورتێکـی کـرد (دەنگـی جەبـەلاوی؟ چـی تـۆی گەیانـدە ئـەو هەسـتە؟)**

- **(نـەک هەسـتی منـە باوکە،بگـرە ئاماژەیشـت بـۆ دێ، هـەر کـە گوێـم لـە دەنگەکـە بـوو بـەرەو مـاڵ وەرگـەڕامـەوەو گەڕامـەدواوە بـۆ ئـەوەی بتوانـم بینینـم، وەلـێ هیچـم نەبینـی تەنیـا تاریکیـی نەبێـت)**

ئـەم دەنگـەو رفتارەکانـی رەفاعـە لەنـاو دەقەکـەدا ئاماژەیەکـن بـۆ هەندێـک روداو کـە لەوەیـە زۆر خوێنـەری ئاینـیو کەسـانی تریـش بیـان بەسـتێتەوە بـە هەندێـک رودوای رابـووردووەوە کـە بونیـان هەبـووە، ئـەو شـواریە کوێیـە کـە رەفاعـە پشـتی پێوەدابـوو، ئـەو تاشـەبەردە (هند) کـوێ کـە رەفاعـە بـە تەنیـا کاتەکانـی تێـدا دەبـردە سـەر؟ لـەو نزیکانـە پەیامـی بۆدێـت. ئـەو ئامـاژەی کـە نەجیـب مەحفـوز دواتـر لێـرەدا لـە بـری ئـەوەی ئاماژەبـە روناکـی بـکات دوای بیسـتنی دەنگەکـە یـان وەکـو ئـەو پەیامـەی کـە لـە نهێنیـەوە بـۆی دێـت ئامـاژە بـە تاریـکای دەکات، لێرەیشـدا ئامـاژەدان بەتاریکـی دوای پەیامەکـەو نەبینینـی خاوەنـی دەنگەکـە بـۆ رزگاربوونـی مرۆڤایەتـی دەبێتـە جێگـەی پرسـیار بـۆ خوێنـەر، لێکدانـەوەی ئـەم پەرەگرافانـەو بردنـەوە سـەر وێنـەی هەندێـک کەسـایەتی. بەڵگـەی ئـەوەن کـە ئـەو دەنگـەی کـە (رەفاعـە) پێـی دەگاتو دواتـر خـۆی ئاشـکرای دەکات جۆرێـک وێنـەی رابـووردو بەبیردێنێتـەوە. کاتێـک کـە ئـەم دەنگـە دەبیسـتێتو گوێـی لێدەگرێـت **(وتـی کـە ئـەو دەبەنگـی خۆشناوێت، وتـی**

**دەبەنگ ئەو کەسەیە کە نهێنی هێزی خۆی نازانێت، من دوا کەسم داوای جەنگ دەکەم لە پێناو وەقفەکەدا. باوکە وەقفەکە هیچ نییەو بەختیاریی ژیانێکی دەوڵەمەند هەموو شتێکە، تەنها عفریتەکانی ناوەوەمان کۆسپن لە نێوان ئێمەو بەختەوەریدا..)** نەجیب مەحفوز لە نێوان ئیسلامو علمانیەکاندا بێکۆتا نائومێد دەبێت، هیچ کەسایەتیەک ناکاتە جێگەی ئومێد لەناو هەردوولایاندا بۆ رزگاری مرۆڤایەتی، ئەوەی پشتی پێ دەبەستێت کوشتنی عفریتەکانی ناو ناخی خۆمانەو دەرگای بەختەوەری بەتەنیا لەو رێگایەوە کۆتا پێ دێت. ئەوەندەی تارکیو شەقاوەکانو عفریتەکانی ناخمانو هێزەکانی تر بوونەتە هۆکاری ئازاردانو دروستکردنی ناخۆشییەکان بۆمان ئیتر دەبێت لە کوێدا بەشوێن ئومێدو روناکیدا بگەڕێین؟ بۆیە زۆرن ئەو کەسانەی لە دیدو بۆچوونەکانی نەجیب مەحفوز نارازینو زۆرکات هەوڵی بێزارکردنو کوشتنو سوکایەتی پێکردنیان داوەو رەخنەی توندیان لێگرتووە. تەنیا لەبەرئەوەی بە زمانی خەڵکی سادەو ئاسایی کێشە کۆنەکانی لە دەقێکی نوێدا خستۆتە روو. دوای وەرگرتنی خەڵاتی (نۆبل)یش هێزە ئیسلامیەکان ئەوەندەی تر لێی کەوتنە رقەوە. بێگومان نەجیب مەحفوز تا ئاستێکی باش پشت بە هێزی ئەو خەڵکە هەژارو نەدارە دەبەستێت بۆ رزگاربوون کە خۆی لە چەمکی مارکسیەتدا دەبینێتەوە. تێگەیشتنو تێپەڕاندنی ئەم بۆچوونانە دەبێت لە کۆی کارەکانی نەجیب مەحفوزدا سەیر بکرێت. چونکە بەشێکی زۆری رۆمانەکانی ئەم نوسەر بەبێ گرفتو گفتوگۆ تێنەپەڕیووە. نەجیب مەحفوز تا ئەو کاتەی لە ساڵی ١٩٨٨دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەردەگرێت و بێکۆتا دوای تەمەنێکی دورودرێژی (٩٥) ساڵی کە پڕبوو لە بەرهەمی دانسقەو سەرنج راکێش هێشتا دوای مەرگیشی دەڵێت: ئەوە جیهانەی بەجێم هێشت هێشتا کۆڵانەکانی پڕن لە شەقاوەو کوشتنو راکە راکەو نادادپەروەری.

kewalname.com/ku/

بەمەش حیکایەتەکان لای نەجیب مەحفوز کۆتاییان نایەتو نازانین کام هێز ڕۆژگارێک بەداد پەروەریمان دەگەیەنێت.

- کوڕانی گەڕەک ٥٣٠ لاپەڕە
- نەجیب مەحفوز
- وەرگێڕانی/ غەفور ساڵح عەبدوڵڵا
- لە بڵاو کراوەکانی بەرێوەبەرێتی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی. ٢٠١١

hewalname.com/ku/

# کتێبێک بۆ هەمووان

hewalname.com/ku/

**(ئێمـه كاتێـك كەخـاوەن و پەیوەسـت بەخۆمانیـن جوانیـن، بـەڵام هـەر كەبچینـە هایدنێكی نامـۆوە درزیـو دەبیـن، كاتێـك كەخۆمـان دەناسـین جوانیـن و ئەگـەر خۆمـان نەناسـین درزیویـن، هـەر بۆیـە جوانـی لـەو سـەرەیەو لەوێـوە دێ) لا ٩٠ فلۆتیـن**

ئایـا ئێمـە هەمیشـە بـۆ چەمكـی چاكـەو جوانی كارمانكـردوە؟ یـان هەوڵمانداوە دەسـت بـەرداری رۆحـە نەگریـس و شـەڕانیەكانی خۆمانبیـن و لەوانەكانـی كەسانی تـرەوە فێـری وتـن و گفتوگـۆ، و وەڵام دانـەوە ببیـن، ئایا بەبیركردنـەوە هەنگاومـان بـۆ ناسـاندن و چـاك كردنـی شـتە خراپەكانـی دەوروبەرمـان نـاوە، ئایـا هەوڵمانـداوە نەوەكانمان لەبـەردەم پرۆسـەی فێركـردن بـە كایـە مەعریفـی و زانسـتیەكان دابنێـن؟ ئایـا كارمـان بۆئـەوە كـردوە وەڵامـی پرسـیارەكانی دەوروبەرمـان بـە مەعریفـە و وشـەی بـاش بدەینـەوە؟

ئێمـە بـە مامۆسـتاو، و قوتابـی و كەسانی سیاسـیو رۆشـنبیر تـادەگات بـە كەسـانی تركـە خۆیـان بـە خوێنـدەوار دەزانـن زۆربەمـان كارمـان بەپێـوەری بەڕێكردنـی رۆژگاركـردوەو لەسـایەی مەعریفـە و فێربوونـدا نەمـان توانیـوە پەیوەندیەكانـی خۆمـان لەگـەڵ یەكتریـدا دابمەزرێنیـن، پەیوەنـدی نێـوان مامۆسـتاو قوتابـی لـە پۆلەكانـی خوێندنـدا هەمیشـە پەیوەندیەكـی ساردو نـا رۆشـنبیری بـووەو ئـەم پەیوەندیانـە تەنیـا بـۆ بەڕێكردنـی سـاڵ بـووە و شـتێكی زۆركـەم لەنێـوان مامۆسـتاو قوتابیـدا دەدۆزینـەوە بـۆ فێربوونێكـی زانسـتیانەو مەعریفیانـە، جـۆری ئـەم پەیوەندیـە خراپانـەش كـە سـەرچاوەكەی دەگەڕێتەوە بۆ پرۆسـەی خوێنـدن و فێربـوون دواجـار بـە پەیوەنـدی فێرنەبـوون بـۆ قوتابیـەكان شـكاوەتەوە و بەدەسـتی بەتـاڵ گەڕاونەتـەوە بـۆ نـاو ماڵەكانیـان، خوێندنـەوەی ئێمـە بـۆ جـۆری پەیوەندیـەكان دەبێتـە خوێندنەوەیەكـی ئاڵـۆز بـۆ نموونـە: لێـرە كەسـانێك هـەن وەكـو سیاسـی دەبینـدرێو هەڵگـری هیـچ مەعریفەیـەك نیـن

newalname.com/kurd

بۆ سیاسەتی ڕۆژانی خۆیان یان بۆ چارەسەری گرفتەکانی خەڵک، ئەمانە لە پەیوەندیاندا بە خەڵکەوە خۆیان زۆر لە مامۆستایەکی زانکۆی شارەزا یان کەسێکی خاوەن مەعریفە لا گەورەترە و زاناترە، دەبێ مامۆستاکە یان کەسە خاوەن مەعریفەکە بەردەوام گوێ لەم بگرێت نەک بەپێچەوانەوە، تەنیا ئەمانە نا بەڵکو سەرتا سەری پەیوەندیەکانی ئێرە لەم هەرێمەدا لە نێوان حکومەت و خەڵکدا، لە نێوان شۆفێرک و پۆلیسێکی هاتووچۆدا، لە نێوان فەرمانبەرێک و بەڕێوەبەرایەتیەکەیدا، لە نێوان باخەوانێک و شوێنی کارەکەیدا، لەنێوان پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکاندا، کۆی ئەم پەیوەندیانە ناکاتە پەیوەندیەکی تەندروستو خاوێنو دڵسۆزی بۆ یەکتری. ئەمەیە جۆری پەیوەندیەکان کە تیادێ نەک جوانی و چاکەی لێناکەوێتەوە بەڵکو دەبێتە پەیوەندی ئاڵۆزو مەرگ هێنەر بۆ کایەکانی ژیان. هەموو جۆری ئەم پەیوەندیانەش دەگەڕێتەوە بۆ غیابی مەعریفە و فێرنەبوون و گوێنەگرتن لەیەکتری. هەمیشە پەیوەندیەکانی ئێمە بۆتە پەیوەندیەکی خراپ و بێکەڵک کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کایەکانی فێرنەبوون. دەبێ لەگەڵ فلۆتیندا بڵێین (جوانی و چاکە کت ومت وەک یەکن) بۆیە سەرچاوەی هەموو شتەکان دەچنەوە سەر فێربوون، کەسانێکیش کە فێربوون چاکە دەکەن و دەتوانن جوانی بەرهەم بهێنن.

وانەکانی ناو ئەم کتێبە بەنرخە (هەقیقەت وجوانی) وانەکانی فەلسەفەی هونەری/ بابەک ئەحمەدی. خوێنەری ئێمە بۆ کایەکانی ڕۆشنیری و هونەر جارێکی تر بەئاگادێنێتەوە و دەیانخاتەوە سەر ئەو ڕێگایەی کە لەم بیست و شەش وانەیەدا زۆرتر لەجاران فێرببن. فێرمان دەکاتەوە کە بوێرین پرسیار بکەین و هەر لەم کتێبەشدا زۆری وەڵامەکانمان بۆ هەقیقەت و جوانی لە هونەردا دەست بکەوێت.

newalname.com/ku/

مـن ئـەم کتێبـە دەبـەم و دەیدەمـە دەسـت ئەوخانمـە مامۆسـتایەی کـە بـۆ زەمەنێکـی زۆر پرسـیارکردنی لـەلا تۆرانـدم، پێـی دەڵێـم لـە دوای سـاڵانێکی زۆر تکادەکـەم ئـەم کتێبـە بخوێنـەرەوە تـا بتوانیـت وەڵامـی پرسـیاری قوتابیەکانـت بدەیتـەوە. جارێـک بەبـێ هیـچ هۆیـەک لەوانەیەکـدا بـە مامۆسـتاکەمانم وت کـە خانمێـک بـوو: جوانـی ئـەو ملوانکەیـە لـە کوێدایـە کـە لـە ملـی دەکەیـت؟ ئەوپرسـیارە بـۆ مـن بووبـە پرسـیارێکی کوشـندە وتاسـاڵانێکی زۆر ئیتـر نـەم وێـرا پرسـیاری لـەو جـۆرە لـە هیـچ کەسـێک بکـەم، نازانـم ئـەو خانمـە بۆچـی زۆر زوو توڕەبـوو و ئیتـر ئەوسـاڵە ملوانکـەی لەمـل نەکـردو بـەردەوام حەرفێکـی لەگـەڵ مـن نـەدەوت و لێـم توڕەبـوو. ئـەو خانمـە چونکـە هیـچ مەعریفەیەکـی وەڵام دانـەوەی نەبـوو بـۆ پرسـیار وەکـو مامۆسـتا ، ئـەو وەکونـەی توانـی وەڵام بداتـەوە منیشـی ئیتـر لـە پرسـیارکردن خسـت. ئەمـەم بۆیـە وت تـا بزانیـن گەلێـک جـار پرسـیارکردن چـۆن چۆنـی دەبێـت هـۆکاری سـەرهەڵدانی گەلێـک کێشـەو بێمتمانـەی لـە نێوانمانـدا بەبـێ ئـەوەی لـە مانـای پرسـیار بگەیـن. بۆیـە دەبـێ بڵێـم لـە کـوێ چەنـد کتێبێکـی بـاش هەبێـت ئـەوا هـەر لـەو شوێنەشـدا کەسـانێکی رۆشـنبیر و خـاوەن مەعریفـە بوونیـان دەبێـت، ئێمـە ناتوانیـن ئاسـتی رۆشـنبیری و مەعریفـەی تـاک یـان هیـچ گەلێـک دیـاری بکەیـن تا کتێبـی بیرمەندو نوسـەرەکانیان نەبینیـنو نەخوێنینـەوە، بێگومـان هـەر کتێبـە کـە دەبێتـە پێوەری ناسـاندن ونەمـری گـەلان، رەگەزێکـی گرنـگ بـۆ جیاکردنـەوەی مرۆڤـەکان لـە یەکتـری لـە هەمـوو سـەردەمێکدا ئاسـتی بیرکردنـەوەو گفتوگۆکانیانـە، کاتێـک ئێمـە بمانەوێـت ئاسـتی رۆشـنبیری کەسـانێک ببینیـن بێگومـان پێویسـتیمان بـە کاری ئـەو کەسـانەدەبێت لـە روی دەق ونوسـین و گفتوگـۆ و وەڵامەکانیانـەوە. هـەر بۆیـە وشـە بۆتـە کـۆی ئـەو گـەڕان و سـەفەرانەی کـە خوێنـەر دەبنـەوە ژێـر سـێبەری ئـەو پرسـیارانەی کـە بـەردەوام لەخۆیانـی دەکـەن بـۆ شـتە ئاڵۆزەکانـی

hewalname.com/ku/

دەوروبەریان، کۆی ئەو پرسیارە ئاسان و ئاڵۆزانەی کە خوێنەری کوردی رۆژانە توشی رەشبینی و نائومیدی کردوە لە بەرامبەر وەڵامی چەند کەسێکدا یان دەزگا جۆربە جۆرەکانی دەسەڵات لەم هەرێمەدا، پرسیار بۆ ئاستی رۆشنبیریمان، پرسیار بۆ نوسین و دەق و ئایندەی هونەرمان، پرسیار بۆ مەرگی نوسەران و کوشتنیان، پرسیار بۆ رفتارو رەوشتی تاکەکان، پرسیار بۆ هەموو ئەو پرسیارانەی رۆژانە کەس نیە وەڵامیان بداتەوە، پرسیار بۆ ئەو هەموو بەناو رۆشنبیرانەی خۆیانیان لێکردوین بە پاڵەوان و کەچی تامردن نوسین یان بەرهەمێکی باشیان نابینین.

ئێمەی خوێنەری کورد لە ئێستادا کە کەوتوینەتە ناو دونیایەکی پڕ لە گومان و بەدبەختی و شپرزەییەوە لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیمان بە کتێب و سەرچاوەو دەرفەتی رۆشنبیری هەیە تا کەمێک خۆمانی لە نائومێدی و رەشبینی ژیانی رۆژانەی خۆمانی پێ دەربازبکەین یان دووربکەوینەوە لە هەموو ئەو ژاوەژاوەی کە بەناوی نوسینەوە لێرە بوونی هەیە. لە ئێستادا پێویستیمان بەو کتێبانە هەیە کە بتوانن وەڵامی ئەو پرسیارانەمان بدەنەوە کە ساڵانێکە نە مامۆستاکانمان نە نوسەرو نە رۆشنبیران نەیان توانیوە وەڵامێکی بڕوادارمان بدەنەوە بۆ پرسیارە جیاجیاکانمان. لە هەموو سەردەمێکی پڕ لە نائومێدی و کێشمە کێشمدا ئێمە دەبێ کتێبمان هەبێت. بەبێ کتێبە باشەکان ئێمە ئەوەندەی تر لە ناو لێشاوی پرسیارە وەڵام نەدراوەکاندا دەمرین. بۆ ئەوەی نەمرین، بۆئەوەی ئەم رۆژگارە سیخناخە پڕ لە رەشبینیە نەمان کوژێت دەبێ خوێنەری کورد بەشوێن کتێبە باشەکاندا بگەڕێت، ئەو کتێبانەی کە خوێنەر جار جارە دوور دەخەنەوە لە نائومێدی و چەند وەڵامێکیان دەست دەکەوێت بۆ کەمێک لە پرسیارەکانیان. بۆیە کتێبە باشەکان لەم کاتانەدا بۆ ئێمە دەبێتە پۆلێکی پڕ لە مەعریفەی

hewalname.com/kurd

بـێ مامۆسـتا وده‌توانیـن بـه‌م جـۆره‌ کتێبانـه‌ خۆمـان بخه‌ینـه‌ بـه‌رده‌م ئـه‌و وانانـه‌وه‌ کـه‌ هیـچ مامۆسـتایه‌کی نـاوێ بـۆ وانـه‌ گوتنـه‌وه‌. کاتێـک ئێمـه‌ بـه‌ دوای ئـه‌و وه‌ڵامـه‌دا ده‌گه‌ڕێیـن کـه‌ ده‌پرسـین (جوانی چـی یـه‌) یـان (هه‌قیقـه‌ت چـی یـه‌)؟ نـه‌ مامۆسـتایه‌ک لـه‌ پۆلـی وانـه‌ گوتنـه‌وه‌دا نـه‌ رۆشـنبیرێک ده‌توانـن وه‌ڵامه‌که‌مـان بـه‌ باشـی بـۆ ئاشـکرابکه‌ن، یـان وه‌ڵامێکـی ئـه‌و تۆیـان داینـه‌وه‌ کـه‌ ناکاتـه‌ ئـه‌وه‌ی لای ئێمـه‌ بێتـه‌ وه‌ڵامێکـی باوه‌ڕپێکـراو. ده‌بـێ ئیتـر ئێمـه‌ واز لـه‌ وه‌ڵامـی پرسـیاره‌که‌مان بهێـن و بگه‌ڕێنینـه‌وه‌ بـۆ نـاو ده‌رونـی خۆمـان یـان چـی؟ ئاخـر هیـچ شـتێک لـه‌وه‌ سـه‌خت ترنیـه‌ کـه‌ وه‌ڵامێـک بـۆ پرسـیاره‌کانمان نه‌بێـت. هه‌میشـه‌ خوێنـه‌ری زیـره‌ک شـۆڕده‌بێته‌وه‌ بـۆ قوڵایـی ئـه‌و پرسـیارانه‌ی کـه‌ ده‌بێتـه‌ سـه‌رنجی بـۆ بابه‌تـه‌ هه‌سـتیارو وه‌ڵام نـه‌دراوه‌کان، لـه‌م پێناوه‌یشـدا ده‌بـێ لـه‌ قوڵایـدا دواجـار وه‌ڵامه‌کانـی ده‌سـت بکه‌وێـت.

کاتێـک ده‌سـتمدایه‌ خوێندنـه‌وه‌ی کتێبـی (هه‌قیقـه‌ت و جوانـی) لـه‌ نوسـینی گـه‌وره‌ بیرمه‌نـدی ئێرانـی (بابـه‌ک ئه‌حمـه‌دی) لـه‌وه‌ ترسـام کـه‌ نه‌توانـم تـه‌واوی بکـه‌م: چونکـه‌ ئـه‌م کتێبـه‌ گرنگـه‌ وه‌کـو لـه‌ ناوه‌رۆکـه‌ که‌یـدا دیـاره‌ پێـک هاتـووه‌ لـه‌ ٢٦وانـه‌، وانه‌کانـی فه‌لسـه‌فه‌ی هونـه‌ر لـه‌ ٦٨٠ لاپـه‌ڕه‌ی قه‌بـاره‌ گه‌وره‌دایـه‌ تـا ئـه‌و پـه‌ڕی ماندووبـوون خوێنـه‌ر توشـی گه‌شـبینی و ماندووبـوون ده‌کات لـه‌و پرسـیارانه‌ی کـه‌ زه‌مه‌نێکـه‌ به‌شـوێن دۆزینـه‌وه‌ی وه‌ڵامه‌کانیـدا ده‌گه‌ڕێـت، ئـه‌و وانانـه‌ی لـه‌م کتێبـه‌دان وانـه‌ گه‌ڵێکـن کـه‌ خوێنـه‌ر ده‌توانێـت وه‌کـو خوێندکارێکـی زیـره‌ک بـۆ هه‌میشـه‌ لێیانـه‌وه‌ فێربێـت، گرنگـی ئـه‌م وانانـه‌ له‌وه‌دانیـه‌ کـه‌ لـه‌م کتێبـه‌دا نوسـراونه‌ته‌وه‌ به‌ڵکـو گرنگـی ئـه‌م وانانـه‌ له‌وه‌دایـه‌ لـه‌ هـه‌ر وانه‌یه‌کـدا خوێنـه‌ر له‌گـه‌ڵ چه‌ندیـن گـه‌وره‌ نوسـه‌رو بیرمه‌نـدو فه‌یله‌سـوف و کارناسـی گـه‌وره‌ گـه‌وره‌دا رووبـه‌ ڕوو ده‌بێتـه‌وه‌ و لێیانـه‌وه‌ وه‌ڵامـی پرسـیاره‌کانی خـۆی ده‌سـت ده‌که‌وێـت ده‌ربـاره‌ی لایه‌نـه‌ گرنگه‌کانـی فه‌لسـه‌فه‌ی هونـه‌ر و ئه‌وچه‌مکانـه‌ی کـه‌

دەربارەی هەقیقەت و جوانیە لە هونەردا. خوێنەر کاتێک دەگاتە سەر ئەم وانانە لا ٦٩ وانەی سێیەم ( ١. جوانی و بیرۆکە لە وتووێژەکانی ئەفلاتوندا ٢. جوانی و لاساییگەری لە کتێبی ئەرستۆدا) یان بچین بۆ وانەی پێنجەم لا ١١٩ ( ١. بەیانکاریی هونەری لەدیدی هیگڵەوە ٢. هێگڵ و مێژوی هونەری) ئەمەو وانەکانی ناو ئەم کتێبە بۆ ئێمەی خوێنەری کورد ئەو وانانەن کە هیچ مامۆستایەک نەیان توانی لایەنی کەم شتێکمان دەربارەی جوانی و هەقیقەت لە هونەردا فێربکەن بەمانا فەلسەفیەکەی. پشت بەستن بە وانە خراپ و نامەعریفیەکان بۆ ئێمە نەوەبەنەوە لە پۆلەکانی خوێندندا لەم هەرێمەدا بەردەوام لە بیری ئەوەی فێرمانبکەن کەچی داماندەڕزێنن، کاتێکیش ئێمەی خوێنەر لە بەرامبەر کتێبێکی گەورەی وەکو (هەقیقەت و جوان)ی بابەک ئەحمەدیدا رادەوەستین ئەوسا تێدەگەین چەند پەروەردەو فێرکردن لە قۆناغە جیاجیاندا لای ئێمە هەژار وسواو و بێ مەعریفەیە. ناکرێت خوێنەر وانەکانی ناو ئەم کتێبە بەئاسانی بخوێنێتەوە ئەگەر سەلیقەی خوێندنەوەی باشی نەبێت، وانە بەوانە ئێمە لەبەردەم دەیان پرسیارو وەڵامدا دەمێنینەوە تا بەکۆتای هەموو وانەکان دەگەین، دیارە ئەم کتێبە ئەو راستیە دەردەخات کە نوسەرەکەی چەند مامۆستایەکی رۆشنبیر وخاوەن مەعریفەی جۆرا وجۆرە، چۆن چۆنی دەتوانێت پرسی هەقیقەت وجوانی لە دیدی دەیان فەیلەسوف و بیرمەی گەورەوە لە هونەردا بە قوتابیەکانی بگەیەنێت. زۆرکات ئێمە بە خوێندنەوەی کتێبێک سەدان پرسیارمان بۆ وەڵام دەدرێتەوە کە مرۆڤە نزیکەکانی خۆمان نەیان دەتوانی وەڵاممان بدەنەوە، زۆرکات دەڵێین کەس نیە وەڵامێکی گونجامان بداتەوە بۆ پرسیارەکانمان بەڵام کاتێک ئەگەر ئێمە ناچاربین بگەڕێین بۆ وەڵامی پرسیارەکانمان ئەوا درەنگبێ یان زوو لای کەس نا، بەڵکو دەتوانین لە چەند کتێبێکدا ئەو وەڵامانەمان دەستبکەوێت کە

ڕۆژانێک بەشوێنیاندا وێڵبوین.

من بە خوێندنەوەی کتێبی (هەقیقەت و جوانی) گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە زانکۆکانی ئێمە چەند هەزارن لە پێگەیاندنی ڕۆشنبیری و مەعریفەدا لەلای قوتابیەکانیان. سەیرە خەڵکانێکی زۆر لای ئێمە لەناوەندە جۆر بەجۆرەکاندا خۆیان لە ژێر ناوی ڕۆشنبیریەکی درۆزنانەدا حەشار داوە و لایان وایە دەتوانن لەژێر ئەم جۆرە ناوانەدا ئاستەکانی خوێندن و کۆمەڵگا بگۆڕن، لەکاتێکدا ئەم جۆرە مرۆڤانە ناتوانن خۆیان ڕۆشنبیربکەن ئەی ئیتر چۆن چۆنی کۆمەڵگاو تاکی ئەم هەرێمەیان پێ دەگۆڕدرێت، زۆرکەس کە پیشەیان لە ناوەندەکانی خوێندندا لە ئاستی باڵادایە و خۆیان لا بۆتە سۆپرمان و کەس لە خۆیان بە ڕۆشنبیرتر و زانا نازانن، کەچی دەبینین ئاستی هەژاری بیرکردنەوەو بێ مەعریفەی ئەمانە وای کردوە نەوەیەک بە هەڵە ونەزانی بسپێرن لەم هەرێمەدا. خوێنەر کاتێک لە خوێندنەوەی ئەم کتێبە دەبێتەوە ئەوسا تێدەگات ئەو وانانەی فێری ئێمەیان کردوە چەند وانەی خراپ بووە لە ڕوی سەرچاوەو ئامادەکاریەوە بۆ فێربوون. دەبێ بڵێم ئێمە منەت باری ئەم جۆرە کتێبانەین کە لەجیاتی هەموو مامۆستاو ڕۆشنیرانی تر لە دوای چەندین ساڵ وەڵامی پرسیارەکانمان دەدەنەوە. دواجاریش دەبێ بڵێم خۆزگە لای ئێمەش دە مامۆستاو ڕۆشنبیر نا بەڵام پێنج کەسی وەکو (بابەک ئەحمەدی) بوونیان دەبوو تا لێیانەوە فێری مەعریفە و وانە وتنەوەبووینایە.

**(هەقیقەت وجوانی) وانەکانی فەلسەفەی هونەر/ بابەک ئەحمەدی.**

**وەرگێڕانی (مەسعوود بابایی) لە بڵاو کراوەکانی دەزگای موکریانی.**

hewalname.com/ku

# خاکو جەستە

# لای جەنگیز ئەیتماتۆف و سەمیرنەقاش

لە هەردوو رۆمانی

(رۆژەکە لە سەدەیەک درێژتردەبێتەوە) و (شلۆمۆ کوردەو منو رۆژگار)دا

hewalname.com/ku/

لـەم دێڕانـەی سـەرەتادا دەبێـت ماندووبـوونو قـەدری هەوڵـە دیارەکانـی بـرای ئازیزمان (جەلیـل کاکەوەیـس)ی چیرۆکنـوس بگـرم کـە بـەو تەمەنـەوە هێشـتا عەشـقی ئـەو بـۆ ئـەدەبو نووسـین پیـرۆزی مـاوەو بـەردەوام بـەو عەشـقەوە خزمـەت بـە خوێنەرانـی کـوردەکات، هێشـتا دەیەوێـت ئـەدەب ببێتـە سـەرچاوەی ژیانمـانو لەنـاو هەمـوو تاریکایەکانـدا روناکیەکمـان پـێ ببەخشێت، هێشـتا دەسـت دەبـات بـۆ وەرگێڕانـی ئـەو دەقـە باشـانەی کـە خوێنـەری ئێمـە دەسـتی پێیـان نەگەیشـتووە، وەرگێڕانـی ئـەم دوو رۆمانـە رۆژەکـە لـە سـەدەیەک درێژتردەبێتـەوە/ شـلۆمۆ کـوردەو مـنو رۆژگار دەبنـە دووکاری دانسـقەی تـری جەلیـل کاکەوەیـس بـۆ ئێمـەی خوێنـەر، دەبێـت هەمـووان قـەدری ماندووبوونـی ئـەو چیرۆکنوسـە راسـتگۆیە بگریـن بـۆ ئـەوکارە باشـانەی. بـەو وەرگێڕانـە دانسـقەو باشـانەوە دەبێـت بڵێـم جەلیـل کاکەوەیـس رۆژگارێکـە دەزانێـت لای ئەدیبـە راسـتگۆکانو نوسـەرە جدییـەکان ئـەوەی رۆح دەپارێزێـت لەهەمـوو ناپاکیـەکو درۆیـەک چیـرۆکو رۆمانـە نـەک شـتی تـر، ئـەو بۆخـۆی جارێـک پێـی وتـم: ئـەوەی دواجـار بـۆ ئێمـە دەمێنێتـەوە تەنیـا ئـەو دەقانەیـە کـە دەبنـە جێگـەی شـانازی دوا رۆژەکانـی تەمەنمـان. جەلیـل کاکەوەیـس هەروەکـو چـۆن لـە دوا کۆمەڵـە چیرۆکیـدا (وەچەکانـی مەولانـا)و کۆمەڵـە چیرۆکەکانـی تریشـیدا بەسـەلیقەیەکی وردەوە کاری لەسـەر ئـەو دەقانەکـردوەو توانیویەتـی کاری جـدی لـەو دەقانەدابـکاتو خوێنـەر لەبـەردەم وێنـە جیاجیاکانـی چیرۆکەکانیـەدا رابگرێـتو مـرۆڤ دۆسـتانە دەسـتبخاتە سـەر وێنـە ئازارویەکانـی ژیـان. کاری ئـەو لەدەقـی چیرۆکەکانیـدا هێشـتا لای مـن جێگـەی تێڕامـانو دەستخۆشـیە. لەگـەڵ ئـەو چیرۆکـە باشانەیشـیدا جەلیـل کاکەوەیـس درێغـی نەکـردوە لـە وەرگێڕانـی چەندیـن دەقـی باشـی تـر لـە زمانـی عەرەبیـەوە وەکـو دەقەکانـی (بەدگۆڕانـی کافـکاو/ باخچـەی بەردینـی نیکـۆس کازانتزاکیـس)و چەنـد دەقێکـی

تـر. بەهیـوام هەمیشـە ئـاوا بتوانێـت خوێنـەری کـورد بـەو دەقانـە ئاشـنابکات. بـەو وەرگێڕانانـەیو بـە دەقـی چیرۆکەکانـی خۆشـی بەشـێکمان دەبینـە قـەزاری قەڵەمەکـەی ئـەو. چونکـە جەلیـل کاکەوەیـس دەزانێـت ئـەوە دەقـی ئەدەبیـە دەبێتـە رێـگای بیرکردنـەوەی خوێنـەرو نوسـەران لـە هەمـوو رۆژگارەکانـدا.

*　　　*　　　*

ئـەم دوو رۆمانە (رۆژەکـە لـە سـەدەیەک درێژتردەبێتەوە)و(شـلۆمۆ کـوردەو مـنو رۆژگار) هەریەکەیـان هـی دوو رۆمـان نوسـی سـەر بـە دوو نەتـەوەی جیـانو لـە دوو رۆژگاری جیاوازیشـدا نوسـراون، ئـەم دوو دەق هەریەکەیـان بەجۆرێـک لـە جـۆرەکان (خـاکو جەسـتە) تێیانـدا دەبێتە هەڵگری ناسـاندنی مرۆڤە جارە رەشو خێـر لەخۆنەدیوەکان، ئـەو دەسـەڵاتانەی لـە پێناو خاکدا جەسـتەت وێراندەکەنو ئەوانەشـی لـە پێنـاو دینەکەتـدا جەسـتەت خوێنـاوی دەکـەن، لەنێـوان تـرسو ژیانـدا ئـەو جەسـتانە بەهەمـوو جوانـیو خراپەیەکیانـەوە بەرگـەی ئـەو جـۆرە هێزانـە ناگـرن کـە دێـنو لـە ژێـر بیانـووە جـۆرە بەجۆرەکانـدا قڕیـان دەکـەن. لـە رۆمانەکـەی جەنگیـز ئەیتماتـۆف دا، رۆژەکـە لـە سـەدەیەک درێژتردەبێتـەوە، ئـەو ئامـاژە ترسـناکانە دەبینیـن کـە مـرۆڤ ئیتـر لـە سـایەیی گەمـەی تەکنەلۆژیـاو ململانیـە پوچەکانـدا دەبێتـە ئـەو شـتە بـێ نرخـەی کـە هەمـوو جەسـتەکان دەکاتـە خاڵێکـی رەشو بێبەشـیان دەکات لـە ویسـتو ئیـرادەی خۆیـان، دووریـان دەخاتـەوە لـە ژیـانو توشـیان دەکات بـە توشـی رێگاکانـی مردنـەوە، لـەم دەقـەدا نـەک جەسـتە بەڵکـو گۆڕسـتانەکانیش لـە مـردۆکان زەوت دەکرێـنو ئیتـر دەبێـت مـۆڤ هەمیشـە بەشـوێن دوا چارەنوسـی دەسـت بەسـەرکراوی خۆیـدا رابـکات. لـە رۆمانەکـەی سـەمیر نەقـاش یشـدا شـلۆمۆ کـوردەو مـنو رۆژگار جەسـتەی مـرۆڤ دەبێتـە هەڵگـری ئـەو هەمـوو بریـنو ئازارانـەی کـە جەنـگو بیروبـاوەڕە پوچـەکان وێرانـی دەکـەن و دەبێـت هەمیشـە لـە دەربـەدەریو سـوکایەتیدا ژیـان

بگوزەرێنێت، جەستەیەک دەیەوێت لە شوێنی منداڵیی خۆیدا بژیو خاک بە هەموو ناخۆشیەکانیەوە پیرۆزبێت لای کەچی مرۆڤە بەدخوەکان لەژێر ناوی ئاینێکی تردا ئەو جەستانە دەربەدەری سەر زەوییەکانی تردەکەن، رۆحیەتی ئەو مرۆڤانەیی کە گەلێک لەرۆمان نوسەکانی دونیا نەیان توانیوە خۆیانی لێبەدووربگرن لە دەقەکانیاندا، مەنزڵی ئەو مرۆڤانەی کە جەسەتەیان لەژێر هەمووبیانووە رقاوییو شەڕەنگێزەکاندا دوور دەخرێنەوە لەو خاکەی رۆژگارێک دەیانویست بە زیندوویو بە مردنیشیان لێی دانەبڕێن.

(رۆژەکە لە سەدەیەک درێژتردەبێتەوە) دەقی گەورە رۆماننوس (جەنگیز ئەیتماتۆف)ە ئەو نوسەرەی لەم رۆمانەدا تەقەلای مرۆڤەکان بۆخاک بەرز نیشاندەدات لە پایی هەموو دەردە کوشندەکانی سەر رێگایان.

(شلۆمۆ کوردەو منو رۆژگار)یش لەنوسینی رۆمانوسی عێراقی بەرەچەڵەک جولەکە (سەمیر نەقاش)ەو ئاماژەکانی ناو ئەم رۆمانەیش ئێمە دەخاتە سەر رێگای ئەو بیرکردنەوانەی کە ئایا جولەکەبوون تاوانە یان ئەو جەنگو بیروباوەڕانەی تر کە هەموو مرۆڤایەتیان پێکەوە سوتاند؟؟ وەرگێڕانی هەردوو رۆمانەکە لە زمانی عەرەبیەوە لەوەرگێڕانە جوانەکانی چیرۆکنوس (جەلیل کاکەوەیس)ە.

جەستەو خاک لەم دوو دەقەدا دەبنە دوو ناونیشان بۆ بەردەوامی ناساندنی ئەو کەسانەی کە دەبێت بگەڕێنەوە بۆ پابەندبوون بە خاکەوە بۆ ئەوەی لەدوای مردنیشیان ناونیشانێک بۆ خۆیان جێبهێڵنو شوێنێک هەبێت بۆ ناونیشانی مەرگیان. لای گەلێک لە بیرمەندانوکەسانی تر خاک یان نیشتمان ئەو جێگەیە نیە کە مرۆڤەکان پێوەی گرێدراوبنو پیرۆزی پێ بدەنو بۆی نەگەڕێنەوە. رەنگە ئەو دیدە بەراست بزانن کە لەکوێ ژیانت ئاسودەبوو

ئـەویٚ دەبێتـە نیشـتمانی تـۆ. بـەڵام کاتێـک خوێنـەر لـەم دوو دەقـەدا ئـەو سـۆزو ئینتیامایانـە بـۆ خـاک دەدۆزێتـەوە ئیتـر ناتوانێـت بـڕوا بـەو قسـانەبکات کـە جەسـتە لـە خاکـی خـۆی دادەبڕێـتو دەیکاتـە موڵکـی شـوێنێکی تـر. لـە هەمـوو سـەردەمە ناخـۆشو پـڕ لـە جەنـگو شکسـتەکاندا هێشـتا ئـەوە ئـەو مرۆڤەکانـن کـە دەخـوازن جەسـتەیان گرێـدراوی ئـەو خاکەبێـت کـە دوای مردنیشـیان دەبێـت پێـوەی پابەندبـنو بـۆی بگەڕێنـەوە.

### دەقی یەکەم: ڕۆژەکە لە سەدەیەک درێژتردەبێتەوە:

ئـەو ڕۆمانـەی کە (جەنگیـز ئەیتماتـۆف) هەمـوو قورسـاییەکەی دەخاتـە سـەر مەرگی (کازانـگاب) لـە مەرگـی ئـەو مرۆڤـەوە قوڵایـی ئـەو ڕۆژگارەمـان پـێ دەناسـێنێت کـە ئیتـر هیـچ بـۆ مرۆڤایەتـی نەماوەتـەوە جگـە لەبرسـێتیو ڕاکـردنو مـردن نەبێـت، مەرگی (کازانـگاب) ئـەو پیـاوەی کرێـکارە نـەدارەی لـە سـکەیەکی هێڵـی ئاسـندا بەبـێ کەسـی بـۆ هەمیشـە دوای چەندیـن سـاڵ کارکـردن سـەری نایـەوە، مەرگـی ئـەم پیـاوە لـەم دەقـەدا دەبێتـە مەرگـی ئـەو جەسـتانەی کـە ناتوانـن دوای مردنیشـیان بـە گۆڕسـتانەکانی ئازیزانییـان بگـەنو لەوێـدا لـە گۆڕێکـدا پشـویەک بـدەن، ئـەم دەقـە وەکـو دەبینیـن بـە دوو ئاراسـتەی جیـا نوسـەر کاری تێداکـردوە ڕویەکیـان کارکردنـە: لەسـەر ئـازار ونەبونـی ئـەو مرۆڤانـەی کـە بـۆ بژێـوی خۆیـان چەنـد مەینەتـیو نەبوونـی دەچێـژن، لەپەنـا ئـەو هەمـوو شـتە ناخۆشـانەی تەمەنیشـیاندا هێشـتا دەخـوازن دوای مردنیـان جەسـتەکانیان بگەڕێننـەوە بـۆ ئـەو گۆڕسـتانانەی کـە دەیانەوێـت لەوێـدا بـۆ هەمیشـە ئیتـر لـە بوونیـان دابـبڕێـن، دووەم ئاراسـتەی کارکـردن لـەم دەقـەدا کارکردنـە: لەسـەر هێـزو پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیـا ئـەو پێشـکەوتنانەی کـە ئیتـر دەبنـە هـۆکاری داڕمانـی ویسـتی مرۆڤایەتـیو سـەرگەردانی هەمیشـەی، ئـەو

هێزانەی کە دەبنە بەرگرتن لە خواستی ئەو مرۆڤانەی کە لە هەموو ژیانە پڕدەردوو ناخۆشیەکانیشیاندا ویستیان ئەوەیە جەستەکانیان لەوگۆڕستانانەدا بنێژن کە خۆیان دەیانەوێت، بەڵام ئیتر هێزی تەکنەلۆژیا دەبێتە هۆکاری دارمانی خەونی ئەو مرۆڤانەو بەردەگرن لەو کەمە ویستە پیرۆزانەیشیان. ئەوە ئەو هێزی پێشکەوتنانەیە کە ناهێڵن مرۆڤایەتی ئیتر بە ئاسودەی بژینو جەستەو خاکیان پێکەوە داگیردەکەن، لە ئامادەی ئەو جۆرە پێشکەوتانەدا ئیتر غیابی مرۆڤ سەر هەڵدەدات، بەجۆرێک کە بوونی مرۆڤایەتی دەبێتە بوونێک کە جگەلە راکردن بە شوێن مەینەتیەکانی خۆیدا ئیتر هیچی بۆ نامێنێتەوە لە ژیاندا، ئەم دەقە پێکەوە بەستنەوەی تەمەنی مرۆڤ و تەکنەلۆژیایە کە مرۆڤایەتی تێدا دەبێتە جێگەی لەبەریەک هەڵوەشاندنو ونبوون **(ئەمێستا بەرەو ئانا- باییت دەڕۆین، بەرەو دێرینترینو شکۆمەندترین گۆڕستانی سارۆزیکی. کازانگابی کۆچکردوو شایانی هەموو ئەمانەیە. خۆی رایسپارد کە لاشەکەی لەوێ بنیژرێ لا١٣١)** لەم دەقەدا دوو ئاراستەی پێچەوانە دەبینین جارێک ئاراستەیەک بەرەو گۆڕستانو فەنابوون کە بە مەرگی کازانگابی دەست پێ دەکات کە ئەمەیان دەبێتە هەڵگری چارە رەشی مرۆڤایەتی لە سایەیی ئەو هێزەی کە پێی دەڵێن هێزی پێشکەوتنو تەکنەلۆژیا، ئەوە ئاراستەی دووەمی ناو ئەم دەقەیە کە دەبینین چۆن چۆنی رۆکێتەکان بەرەو بۆ شایی ئاسمان دەڕۆنو بە پەرەپێدانیشیان چەند مرۆڤایەتی دەخەنە بەر نەمانو سەرگەردانی. ئەوەتا کازانگابی کۆچ کردوو لەسەر وەسێتی خۆی دەبێت جەستەی ببرێتە گۆڕستانەکەی ئانا- باییت کە خۆی، ئەو شوێنەی بە شوێنێکی شکۆمەندو پیرۆز دەزانی، مەرگی جەستەی کازانگاب دوای مردنیشی دەبێتە هۆگری ئەو خاکو گۆڕستانەی کە دەبێت لەوێدا لە گۆڕبنرێت، ئەو هێشتا سەرەڕایی هەموو بەدبەختیەکانی ژیانی دەیەوێت جەستەکەی لە گۆڕستانە شکۆمەندەکە دوور

نەخرێتــەوەو لەوێـدا لــە گــۆڕی بنێنــن، باشــترین ئامــاژە بــۆ ئــەوەی ســەرنجی بدەیــن ئەوەیــە کــە هێشــتا بەشــێک لــە مرۆڤــەکان لــە پێنــاو پیــرۆزی خاکــدا دەخــوازن چەنــد دونیــا پێشــکەوتووبێتو تەکنەلۆژیــا باڵاتربێــت ئــەوان نایانەوێــت لــە خــاکو گۆڕســتانەکانیان دابڕێــن، هێــزەی پێشــکەوتن ناتوانێــت بــەر بــەم ئیرادانەیــان بگرێــت. (جەنگیــز ئەیتماتــۆف) ئــەم دەقــە دەکاتــە پچڕانــی پەیوەندی نێــوان مــرۆڤ و ئــەو جــۆرە پێشــکەوتنانەی کــە زیــاد لــە بوونــی خۆیــان مرۆڤایەتی دەخنــە بــەر رەحمەتــی ونبــوونو لەبــەر یــەک هەڵوەشــاندنەوە، ئاخــر ئــەو مرۆڤــە نەبــووو ســەرگەردانانەی ســەرزەوی چیبکــەن لــەو هێــزو پێشــکەتنانەی کــە دەیانەوێــت (ئــاو) یــان هــەچ شــتێکی تــر لەســەر ئەســتێرەکانی تــر بدۆزنــەوە، ئــەو مرۆڤانــە پێویســتیان بــە ژیانێکــی ئــارامو ئاســودەیە لەســەر زەویــدا نــەک گــەڕان بــە شــوێن ئــاودا لەســەر ئەســتێرەو شــوێنە دوورەکانــی تــر، ئــەوان چــی لــە هێزێــک بکــەن کــە هەمــوو توانــاو داهاتــی ئــەوان دەرخــواردی دەدرێــت لــە ژێــر نــاوی پێشــکەوتنی تەکنەلۆژیــادا. جەنگیــز ئەیتماتــۆف ئــەو وەڵامەمــان دەداتــێ لــەم دەقــەدا کــە کارکــردن بــۆ گەیشــتن بــە ئەســتێرەو شــوێنە دوورەکانــی تــر نابێتــە هــۆکاری خزمــەتو ئاســوودەبوونی مرۆڤایەتــی ئەوەنــدەی زیــانو نەگبەتــی بــۆ دێنــنو لەنــاو ئــەم جــۆرە کارکردنانــەدا تــا رادەی وێرانبــوونو نەبوونــی. دەســتبەرداربوونی خزمــەت کــردن بــە مــرۆڤ لەپێنــاو هەندێــک شــتی دوورو نەبینــراودا ئــەو دەرئەنجامانــە دەردەخــات کــە لەشــوێنێک مرۆڤایەتــی قڕدەکرێــتو لــە شــوێنێکی تــر بەشــوێن دۆزینــەوەی شــتی تــردا جــۆرە کارکردنێکــی خەیاڵویانە ســەر هەڵــدەدات، هەمیشــە کاتێــک هێزێــک پەیدادەبێــت ئــەوا دەبێــت مــرۆڤ بەجۆرێــک باجەکــەی بــداتو بەشــێک لــە ژیانــی دوور لــە ویســتی خــۆی بکاتــە قوربانــی بۆی (ئــەو ئــاوو خوێیــەی کــە لــە تیــرەی ئــەو بــۆی بڕابوونــەوە کۆتتــان هــات. ئــەم مرۆڤــە لــە دوورپێیانەکەمانــدا مــاوەی چــلو چــوار ســاڵی رەبــەق کاری کــرد، واتــا بــە درێژایــی ژیانــی. ئــەو دەمــەی کازانگابــی کۆچکــردوو لێــرە کاری

دەکـرد، چ پێویسـتییەکی ژیانـی تێدانەبـوو، تەنانـەت ترۆمپـای ئاوەکـەش هـەر نەبـوو، ئاویـش هەفتـەی جارێـک لـە گۆماوەکانـەوە بـۆ دوورێییانەکـە دەهێنـرا.. ئـەو دەمـە بەفرمـاڵو ئـەو ئامێرانـەی ئێسـتابەکاردێن، نەبـوون. ئـەم تراکتـۆرەی کـە مردووەکەمـان بـۆ ناشـتن لـێ بارکـردووە، بوونـی نەبوو...)ئـەوە ویسـتی مـرۆڤ نیـە کـە دەبێـت لـە پێنـاو پەیدابوونـی شـتی نوێـدا کـە پێـی دەڵێـن داهێنـان تەمەنـی بکاتـە ئـازار بـۆ دەسـتکەوتنیان، ئـەوە ویسـتی ئـەو هێزانەیـە کـە وادەکـەن مـرۆڤ بکرێتـە قوربانـی داهێنانـەکان نـەک خزمـەت پێکردنیـان، مەرگـی کازانـگاب لای جەنگیـز ئەیتماتـۆف بـە هەمـوو قوڵاییەکانـی خۆیـەوە دەبێتـە مەرگـی رۆژگارێـک کـە ئـەو نـاوی دەنێـت رۆژگاری پێشـکەوتن، رۆژگاری کەشـتیە ئاسـمانیەکان بـۆ پەیوەنـدی کـردنو دۆزینـەوەو کەشـفکردنی کەسـانی سەرئەسـتێرە مـەودا دوورەکانـەوەو دۆزینـەوەی مـادەکان تێیانـدا. رۆژگاری کەشـتیگەلی نـاو دەریـا فـراوانو مەزنـەکان. جەنگیـز ئەیتماتـۆف پـێ لەسـەر ئـەو پرسـەگرنکە دادەگرێـت کـە داوجـار هەموومـان رەنگـە رۆژگاری نەبوونـیو دامـاوی خۆمانمـان بـە هەمـوو ناخۆشـیەکانیەوە پـێ باشـتربێت لـە رۆژگاری ئامێـرو شـتە پێشـکەوتۆکان. ناونـان بـۆ ئـەو رۆژگارەی کـە سـەردەمی پێشـکەوتن دەبێتـە بکـوژی هەمـوو بەهـا ئەخلاقییـەکان لـەلای ئینسـانەکانو گەلێـک بەهـای بەنـرخ لـە خەڵـک تێکوپێـک دەدات. لەگـەڵ ئەوەیشـدا هێشـتا مەرگـی ئینسـان لـەم رۆمانـەدا دەبێتـە مەرگێـک کـە دەتوانیـن نـاوی بنێیـن مەرگـی سـەردەمی پێشـکەوتن. جەنگیـز ئەیتماتـۆف دەمانخاتـە بـەردەم کاروکـردەوەی ئـەو رۆژگارە تۆقێنـەرو بێبەهایانـەی کـە ئیتـر مردۆکانیشـمان ناتوانـن لەسـەر وەسـێتی خۆیـان لـە گۆڕسـتانی باوباپیـرە ئازیزەکانیانـدا بنێژرێـن. ئـەو رۆژگارەی دەبێتـە رۆژگاری سـەردەمی رۆبۆتـەکانو هەمـوو بەهـا جوانەکانـی خەڵک لەبەریەک هەڵدەوەشـێننو قـەدەری هیـچ شـتێک لـە پیـاوە تێکۆشـەرو ئازاکانیـش ناگیرێـت، ئـەوە سـەردەمی بەتاڵابوونـەوەی هەمـوو مانـا پیـرۆزو گرنگەکانـی مرۆڤـە کـە ئـەو رۆژگارانـە هیـچ

شتێک لەو بەهایانە قەدرناگرنو فرێی دەدەنە دەرەوەی ویستی خەڵک، کاتێک جەستەی کارانگاب نزیک گۆڕستانەکەی ئانا- باییت دەکەنەوە، دونیای ئەو پیاوانەی تەرمەکە دەبەن بۆ بەخاک سپاردن لەو گۆڕستانەدا بەجارێک دەشێوێت، شێواندنێک کە تێدەگەن ئەو خاکانەی ئەوان لایان پیرۆزو بە شکۆیە ئیتر تێکوپێک دەدرێت، دەبینن گۆڕستانەکەی ئانا- باییت تەلبەنکراوەو قەدەغەیە کەس پێی تێبنێتو ئەوانەی رۆژگارێک خەڵکی سەر ئەو زەویانەبوونو بەخاکی خۆیانیان دەزانی ئیتر دەبن بە غەریبەو نەناسو ناهێڵن پێ بخەنەوە سەر ئەو شوێنانەو نایشهێڵن تەنانەت جەستەی مردۆکانیشیان لە گۆڕستانەکانیاندا لە گۆڕبنێنن (**ئەوە گۆڕستانی ئێمەیە، ئێمەی خەڵکی سارۆزیکی مافی ئەوەمان هەیە لەم گۆڕستانەی سارۆزیکی مردووەکانی خۆمان بنێژین، ئێمە یەکجار لەمێژە مردووەکانی خۆمانی لێ دەنێژین، هەر لەو سەردەمەوە کە نایمان- ئانای لێ نێژراوە رۆژێک لە رۆژان کەسێک لە ئێمە بیری لەوە نەکردۆتەوە، کە ئێرە دەبێتە ناو چەیەکی داخراو ل٥١٣**) ئیتر ئەو پیاوانە تێدەگەن کە جەستەکان بە خاکەکانیانەوە ناتوانن پەیوەست ببنو تێدا ئارام بگرن. دەزانن کە ئیتر جەستەکان لە پایی هێزی مرۆڤە رۆبۆت ئاساکاندا دەبن بە شتێکی نامۆو فرێدراو ئەوەتا لە پایی دەورگرتنو تێکوپێکدانی گۆڕستانەکەی ئانا- باییت کە ئیتر تێکدەدرێتو دەکرێت بە گەڕەکێکی نوێ ئەوە ئەو پرسیارە کوشندەیەیە کە روبەڕوی ئیرادەی ئەو کەسانە دەکرێتەوە کە گۆڕستانەکایش داگیردەکەن (**سەیرە، ئایا ئەم هەموو شوێنە بەشتان ناکات، جگە لەم گۆڕستانە شوێنێکی دیکە نەماوە، یان چی؟**) لەم پرسیارەوە جەنگیز ئەیتماتۆف دەمانخاتە بەردەم ئەو هەولانەی کە ئیتر دەبێت لەم رۆژگارەدا مرۆڤ واز لەو خەونانەشی بهێنێت کە سەرەرای هەموو نەهامەتیەکانی تەمەنی دەخوازێت جەستەکەی لە گۆڕستانی باوباپیرانیدا لە گۆڕبنێن. ئەوە دوا مەرگی ئەو خەونانەیە کە

ئیتـر مـرۆڤ لـەم رۆژگارەدا نابێـت بیـر لـە جەسـتەی مـردوی خۆیشـی بکاتـەوە. مەرگـی کازانـگاب ئاماژەیەکـە بـۆ مەرگـی هەمـوو مرۆڤایەتـیو تێکدانی گۆڕسـتانی ئانـا بابیـت یـش ئاماژەیـە بـۆ دوا قوناغـی لەبەریـەک هەڵوەشـاندنی هەمـوو شـوێنە بەشـکۆو پیـرۆزەکان، لـەم دوو ئاماژەیـەوە دەبێـت ئـەوە بڵێیـن کـە رۆژگاری پێشـکەوتنو تەکنەلۆژیـا مرۆڤایەتـی دەکاتـە کۆیلـەی ئـەو هێزانـەی کـە بەتەنیـا خۆیـان سـودمەنددەبن لـەو جـۆرە ئامێـرو شـتە بەنرخانـە. کاتێکیـش هێـزە بـاڵا دەسـتەکان رێگـە لـەوە دەگـرن کـە جەسـتەی مـردوی کازانـگاب لـەو گۆڕسـتانەدا لـە گۆڕبنرێـت ئیتـر جەسـتەی کازانـگاب لـە قـەراغ ئاودرێکـدا گۆڕێکی بـۆ هەڵدەکەندرێـتو لـە گۆڕدەنرێـت. ئەمـەش دەکاتـە چارەنوسـی مرۆڤایەتـی لـە سـەردەمی رۆژگاری پێشـکەوتندا. ئـاوا دوا خواسـتی مـرۆڤ هەڵدەتەکێندرێـتو ناهێڵدرێـت بـە مردویـش بـە گۆڕسـتانی ئازیزانـی بـگات. جەنگیـز ئەیتماتـۆف لـەم رۆمانـەدا ئامـاژە بـە سـەرنەگومکردنی چارەنوسـی مـرۆڤ دەدات بەرلـە مـردن ودوای مردنیشـیان، بۆ چارەنوسـی زیندۆکان لە رۆژگاری تەکنەلۆژیاو پێشـکەوتندا دەمـان خاتـە بـەردەم ئـەو چارەنوسـەوە کـە دەبێـت بـۆ هـەر پێشـکەوتنێک مـرۆڤ و هەمـوو گیـان لەبەرەکانـی تریـش سـەرگەردان ببنو بۆ هەمیشـە بەشـوێن چارەنوسـی خۆیانـدا رابکـەن (... **ئالێـرەدا شـتێک لـە ئاسـمان رووی دا، شـتێک لـە بۆشـایی هـەوادا یەکجـار بـە تونـدی تەقییـەوە، شـتێک لـە شـێوەی گرمـەی تەقینـەوەی گـڕکان تێـی تەقانـدو بـەرەو ئاسـمان کەوتـەڕێ، تـا دەهـات گرمەکـەی زیـادی دەکردوگەورەتـر دەبووگوێـی کەڕدەکـرد. هـەر لـە شـوێنێکی زۆر نزیکـی نیـو زەوییـە قەدەغەکراوەکـە، کـە فڕگـەی بۆشـایی ئاسـمانی لێیـە، بە شـێوەیەکی سـتوونیو ورشـەدار شـەپۆلێکی تونـد لـە گڕێکـی ترسـناک بـەرەو ناوجەرگـەی ئاسـمان تەکانـی دا، یەدیگـی بۆرانـی وەک ئـەوەی تووڕدرابێتـە نێـو چاڵێکـی دەمبەتـاڵو بێکۆتایـی، داچڵەکـیو ترسـا. وشـترەکە بـە ورووژانـەوە بازقەیەکـی داو بۆڕانـدی.. سـەگەکەش لـە حەژمەتـانو لـە ترسـان پەنـای بـۆ خاوەنـە**

**مرۆڤەکەی بردو خۆی بە لاقەکانییەوە نوساند لا ٥٥٢)** ئەوە ئەو رۆژگارەیە کە چارەنوسی مرۆڤ و هەموو گیانداران‌و هەموو شتەکانی تر دەکاتە قوربانی ترسی‌و سەرگەردانی (**ئەمە هاویشتن‌و بەرێخستنی رۆبۆتی یەکەم بوو.... رۆکێتەکان بەرەو بۆشایی ئاسمانی دوورەدەست و رووژمیان برد، تا بەدەوریی گۆی زەویدا بازنەیەکی پاراستنی هەمیشە لەکاردابوو پێکبهێنن، بۆ ئەوەی هیچ شتێک لەکاروباری زەوی نەگۆڕێت‌و هەموو شتێک وەک خۆی بمێنێتەوە.. کۆن لە سەر کۆنی خۆی هەر بمێنێتەوە..**) ئەم دەقە وەکو دەقێکی زیندوو لە رۆژگارێک نزیکمان دەکاتەوە کە پرسی مرۆڤایەتی دەبێتە پرسێکی کوشندەو قێزەون، لەپای ئەو درۆیانەدا کە هەمیشە باس لەپاراستنی مرۆڤایەتی دەکرێت بە هێزی تەکنەلۆژیاو هێزە کوشندەکانی تر، ئەوە چ درۆیەکە کە هەموو بەها ئەخلاقیەکان‌و پیرۆزەکانی مۆرڤ بکرێتە هۆکاری پێشکەوتن، ئیتر هەموو ئەو بەهایانە دەکرێنە قوربانی رۆژگاری ئامێرەکان‌و داڕزانی کەرامەتی مرۆڤایەتی‌و دەبێت تا مردن بەشوێن ویست‌و ئیرادەی زەوتکراویدا راکە راکە بکات (**سێ زیندەوەر شێتانە رادەکەن، بێ ئەوەی بزانن روو لە کوێ دەکەن، دوور دەکەونەوە... ئەو سییانە هەموو هەر رایاندەکرد- مرۆڤەکەو وشترەکەو سەگەکە- رایاندەکردو لە هیچ شتێک نەدەگەڕانەوە، ئاگایان لەوە نەمابوو ئاخۆ کاریان بەچی دەگات**) لەم دەقەدا ئاوا خاکو جەستە بۆ هەمیشە لەیەک دادەبڕێن‌و سەر زەوییەکانیان لێ حەرام دەکرێت‌و لێیان دەکرێت بە دۆزەخ.

**دەقی دووەم: شلۆمۆ کوردەو منو رۆژگار:**

لەم رۆمانەدا (شلۆمۆ کوردەو منو رۆژگار) (سەمیر نەقاش) کە بۆخۆی لەبنەماڵەیەکی جولەکەی بەغداییەو لە ساڵی ١٩٥٣دا وەکو جولەکانی تر لە بەغداد دەردەکرێن‌و ئاوارەیان دەکەن، ئەم دەقە دەکاتە بنەمایەک بۆ

ناساندنی رۆحیەتـی ئـەو مرۆڤانـەی کە بەزۆر هێزە توندڕەو شـەڕانییەکان لەخاکو ئازیزانیـان دادەبـڕن، دیـن دەکەنـە بیانویـەک بۆ ئازاردانو کوشـتنی ئـەو مرۆڤانەی کـە ئایینەکانیـان جیـاوازە، ئـەم دەقـە ئەوەنـدە نزیکـە لـە رۆژگار و مەینەتیەکانـی سـەمیر نەقـاش خۆیـەوە خوێنـەر زۆربـاش هەسـت بـەو غەدرانەدەکات کـە جەنگو رێسـا پوچـەکان چـۆن چۆنـی بوونەتـە تێکشـکاندنو لەبەریـەک هەڵوەشـاندنی جولەکـەکان لـە هـەر کوێیـەک بووبێتـن، نـەک ئـەوە بەڵکـو سـەمیر نەقـاش وەکـو مـرۆڤ دۆسـتێک، وەکـو نوسـەرێک کـە کاری بـۆ مەینەتیەکانـی هەمـوو مرۆڤایەتـی کـردوە رێگـەی بـە خـۆی نـەداوە جولەکەبوونـی نەکردۆتـە ئامانجێـک بـۆ لێـدانو شـکاندنی ئایـنو بیروباوەڕەکانـی تـر، رون وئاشـکرا کاری لـە سـەر مـرۆڤ بـوونو قەدرگرتنـی رۆحیەتـە جیاجیـاکان کـردوەو، ویسـتوویەتی هەمـوو مرۆڤـەکان پێکـەوە بـۆ رزگاربـوون لـە جەنـگو قڕکردنیـان پێکـەوە کۆبکاتـەوە، زۆرنیـن ئـەو نوسـەرانەی لـە دونیـادا کاریـان لەسـەر ئـەم جـۆرە مـرۆڤ دۆسـتیە کردبێـت، گەلێـک نوسـەر هـەن لەدەقەکانیانـدا رقو شـەڕەنگێزی بەهـەم دێنـنو پەلاماری ئایـنو نەتـەوەی تـر دەدەنو مرۆڤایەتـی لەبەرچاوناگرنو دیـنو نەتەوەی خۆیـان دەکـەن بـە پاڵـەوان بەسـەر کەسـانی تـرەوە، سـەمیر نەقـاش لـەم رۆمانـەدا بەشـوێن مرۆڤدۆسـتیدا دەگەڕێـتو ئامانجێـک نادۆزێتـەوە بۆئـەوەی بڵێت لـە دونیـادا بەتەنهـا غـەدر لـە جوولەکـەکان کـراوەو کەسـانی تـر بـە غەدرکـەر بزانێـت، ئـەو لـەو خاکانـە دەدوێـت کـە جەسـتەکان بـە هەمـوو بیروباوەڕێکـەوە تێیانـدا دەکەونـە ژێـر زوڵـمو چەوساندنەوەوە، ئـەوە کاری ئـەم نوسـەرەیە لـەم دەقـەدا **(... وەک وتـم شـارۆچکەکەمان بـە موسـڵمانو جوولکـەو نەسـرانییەوە لـە جەنگێکـدا قوربانـی داوە، نـە راوێژمـان پێکـراوەو نەدەسـتی خۆشـمانی تێدایـە، بەڵکـو شـەڕانگێزان بـە زۆری زۆردارەکـی لەسـەر خاکـی ئێمـە دەی گێـڕن. کەواتـە گەرەکـە هەمـوو دانیشـتوانی سـابڵاخ بـۆ ئـەم مەینەتییـە پشـتی یەکتربگـرنو پێکـەوە دەسـت بخەینـە نـاو دەسـتی یەکتـر تـا قـەوارەی کارەسـاتەکە کـەم**

**بکەینەوە، چونکە ئێمە هەموومان لە چارەنووسدا براین ل٢٩٣)** ئەم دەقە بە زمانە شیعریو پەخشان ئامێزەکەیەوە لە مەینەتیەکانی کوردە جولەکەکەی سابڵاخەوە رۆدەچێتە قولای ئەو برینانەوە کە مرۆڤایەتی لە رۆژگارە جۆر بەجۆرەکاندا توشیان هاتووە، ئەو مرۆڤانەی کە بە زۆر جەستەیان لە خاکی خۆیان پێدادەبڕدرێتو کوشتنیان حەلال دەکرێت. هەمووگێڕانەوەکان لەم دەقەدا پشتی بە رۆژگارێک بەستووە کە جەنگو برسێتی وغەدرکردن بۆتە هۆکاری وێرانبوونی هەموو رۆحیەتەکان بە جولەکەو بە موسڵمانو ئاینەکانی ترەوە، ئەوە هێزە شەڕەنگێزەکانن کە ناکۆکی نێوان ئاینەکانو نەتەوەکان قوڵدەکەنەوەو بۆ مەرامی خۆیان گەلان بەو جۆرە قڕدەکەن، ئەو وێران بوونانەی کە روسەکان یان عوسمانیەکان بەناوی خۆشگوزەرانیو پاراستنی هاوڵاتیانەوە هێنابوونیانو دەستیان دابووە داگیرکاری تەمەنی زۆرکەسیان بەقڕکردن سپارد، لەم رۆمانەدا ئاوا خەڵک لە سابڵاخ دا دەبنە قوربانی رفتاری داگیرکەرە روسەکان و عوسمانیەکان، سابڵاخ دەبێتە شوێنێک لەم دەقەدا کە خەڵکە هەژارو نەبووەکەی بەیەکەوە بە هەموو ئاینو نەتەوەکانیەوە جەنگی روسەکانو عوسمانیەکان بۆ دەستگرتن بەسەر ئەو شارەدا خوێنی ئەو خەڵکە پێکەوە دەڕژن ئەمە جیا لە دەسەڵاتی شەڕانی ئەو وڵاتە خۆی. سەفەرەکانی ناو ئەم دەقە لە رۆحیەتی کوردە جولەکەکەوە دەست پێ دەکات ئەو سەفەرانەی کە جەستە لە خاک دووردەخاتەوەو هەمیشە خاوەنی ئەو جەستانە دەخوازن بگەڕێنەوە بۆ سەر ئەوخاکانەی کە لێی دوورخراونەتەوە **(کاروانەکە بە رێگەیەکدا دەڕوات دوای کەمێکی تر خۆری لێ ئاوا دەبێت، کاروانێکی گالیسکە تاریکی و نەزانراو قوتیان دەدات، کاروانێک خەون بە کڕینەوەی ژیانی خۆیەوە لە وڵاتێکی تردا دەبینێت، کۆمەڵە خەڵکێک دەسەڵاتدارەکانیان لە خودی دەسەڵاتی خۆیانو جەورو ستەمی بێگانان نەیان پاراستنو تەنیا بە جلوبەرگی بەریانەوە هەڵاتن، هۆ سابڵاخی**

**دوورو خۆشەویست تەنها بە جلوبەرگی بەریانەوە، هۆ سابلاخ ئێمە خۆیشمان بووین بە جلوبەرگو شڕوشیتالا... کۆمەڵە خەڵکێک ناسنامەیان ون کردووەو لە دەستیان چووە.. خاکی بابو باپیران بە خێرایی دەپێچنەوەو شەوەکە قوتتیان دەدات... هاکا خاکی وڵاتێکی دیکەی نامۆ قووتی دان، تا ببنە کۆمەڵە خەڵکێکی پەناهەندەو ئاوارەو هەژار لا ٤٦٤)** ئەوە ئەو ئامازە قوڵاو بێکۆتاییانەیە کە مرۆڤایەتی دەبێت ئاوا هەمیشە بکرێنە قوربانی جەنگو لە خاکی خۆیان دەربەدەربکرێنو بکوژرێنو خەڵک بەناوی جولەکەبوونو ئاینەکانی ترەوە بکرێنە ئامانجی هۆکارێکی قێزەون تا مرۆڤ لە خاکی خۆی دەربەدەربکرێت، رۆحیەتی شلۆمۆ کوردە لەم رۆمانەدا رۆحیەتیەکە جولەکەبوون نابێتە ناونیشانی ئەوو نابێتە قوربانی وەکو خۆی بەلکو ئەوە هەموو ناخۆشیو قوربانیەکانی ئەوە دەبێتە ناونیشانی هەموو ناخۆشیەکانی مرۆڤایەتیو لە سابلاخ بێت یان لە بەغداد لە هەر کوێیەک بێت مرۆڤەکان بە هەموو چاکەیەکی خۆیانەوە بە هەموو روخۆشی و هاوکارییەکیانەوە لەلایەن کەسانێکی شەڕانیو قێزەونەوە پەلامار دەدرێن، سەفەرو نەهامەتیەکانی ئەو کوردە جولەکەیەی کە رۆژگاری جەنگوکوشتن دەبێتە ناونیشانی سەفەری هەموو مرۆڤایەتیە نەک بە تەنیا سەفەری ئازارەکانی ئەو، شلۆمۆ کوردە لە هەموو شوێنێک دەبێتە ناونیشانێک تا خەڵک بزانن ئەوە ئەونیە کە غەدر لە رۆژگار دەکات بەڵکو ئەوە رۆژگارو خەڵکانێکی دڕندەن کە دەخوازن رۆحیەتی ئەو قڕبکەنو هەمیشە لە سەرگەردانیدا بیهێڵنەوە، بۆئەوەی بمێنێت بۆ ئەوەی بتوانێت بژیو دەرەقەتی رۆژگاربێتو چاوی لە دەستی کەسانی هیچو پووچ نەبێت دوای ئەوەی سابلاخی بەزۆر پێ بە جێدەهێڵن شلۆمۆ ئاوا قسە لەسەر خۆی دەکات **(دوای ئەوەی بەناچاری لە سابلاخ هەڵاتین، جوولەکەیەکی بەخشندەی بەغدایی پێی وتم : ئینگلیزەکان کاریان زۆرە، قایل دەبیت کاری پیسایی دەردان بکەیت؟! وەڵامم دایەوە کاردەکات! کاری گوو**

**دەردان دەكات تا چاوی لە دەست گووی كوڕی گوو نەبێت لا٢١)** وێنەكان لەم ڕۆمانەدا دەبنە وێنەی ئەو مرۆڤانەی كە هێزی غەركردن بە هەموو جەبەروتی خۆیەوە ناتوانێت كۆڵیان پێبدات، ئەوە مرۆڤە ڕاستگۆكانن كە كاتێك لەو پەڕی خۆشیو هەبوونیدا دەستی مرۆڤە نەبۆكان دەگرنو هاوكاریان دەكەن ناتوانن بەتەنیا بۆخۆیان بژین، ئەوەتا ئەو كەسانەی دەیانەوێت وەكو مرۆڤ بژینو قرنەكرێن بۆ ئەوەی ئاوارەبوون نەیخاتە بەردەم مەرگەوە هەموو كارێك دەكەن، مانای كاركردن لەم دەقەدا دەبێتە مانایەك كە تەمەنو ژیان بە خۆڕاگریو كارە دژوارەكانەوە بوونی هەیە نەك لە كاتی خۆشبەختیدا (سەمیر نەقاش) كاتێك دێت شلۆمۆ كوردە لە دەقەكەیدا دەخاتە بەردەم كارێكی پیسو نەخوازراو دوای ئاوارەبوونی لە سابڵاخەوە بۆ بەغداد ئەویش كاری گودەردانی ئینگلیزەكانە بەو دێڕانە دەیەوێت بڵێت مرۆڤ كاتێك لە خاكی خۆی جەستەی ئاوارەدەكرێت جەستە دەبێت ئەو كارە قێزەونانە بۆ ژیان قبوڵبكات، بە دیوێكی تریشدا (سەمیر نەقاش) دەیەوێت بڵێ هەموو هێزە زەبەلاحەكان بە فارسو عەرەبو ڕوسەكانو عوسمانیو ئینگلیزەكانیشەوە ئەو هێزوكەسە بەخشندانە نین كە مرۆڤایەتی پشتیان پێ ببەستێت، ئەوە هێزی بەخشندەی ئینگلیزەكان نیە كە دوای هەموو نەهامەتیەكی عوسمانیەكان دێنە بەغدادەوەو دەستی بەسەردا دەگرنو خۆشگوزەرانی بۆ مرۆڤایەتی بهێنن، ئەو هێزەی دەڕواو هێزەكەی دوای خۆی كە دێت خراپتر ئازارەكان بۆ مرۆڤ زیاتر دەكات، لە قوڵایی ئەم دەقەدا سەمیر نەقاش دەمانخاتە بەردەم ئەو پرسیارەوە (هیچ هێزێك لە دونیادا بۆ هەزاران بەخشندە نابێت) ئەوە هێزی مرۆڤەكان خۆیانن كە لە سابڵاخ بن یان لە بەغداد یان لە هندستان یان لە دەشتەكانی ڕوسیا دەتوانن وەكو مرۆڤ بمێننەوەو قەدری یەكتربگرنو ڕۆحیەتی یەكتر شادبكەنو بەرامبەر یەكتر لێبوردەبن، شلۆمۆ كاتێك ڕۆژگاری شەڕانی هەموو دەرگاكانی لێدادەخات هێشتا دەیەوێت لە دوای هەموو ناخۆشییەكان

سابڵاخ جەستەی لە گۆڕبنرێت، ئەو بەویستی خۆی نیە سابڵاخ جێدەهێڵێت، لەو شارەدا رۆژگارێک لەگەڵ هەموو براکانیدا بە جیاوازی دینەکانەوە دەژیاو هاوکاری هەموویانی دەکرد، خاکێک نیە ئەو برینێکی لەسەر جێنەهێشتبێت، لە سابڵاخ ژنە گەنجەکەیو منداڵەکانی دەکوژن، هاوڕێ ئازیزەکانی دەکوژن، لە بەغداد ژنە دڵسۆزە گەورەکەی دەکوژن، ماناکانی کوشتن لەم دەقەدا ناکاتە مانای کوشتنی جولەکەکان وەکو خێزانی شلۆمۆ کوردە بەڵکو ئەوە کوشتنی هەموو ئەو مرۆڤانەیە کە دەسەڵاتە جۆربەجۆرەکان کەسانێکی تر هاندەدەن تا رەچەڵەکی کەسانی تر قڕبکەن بۆ مانەوەی خۆیان (**بەدرێژایی تەمەنم لە دووجار پتر نەگریاوم، جارێکیان ئەو رۆژەی ئەسمەریان کوشت، جارێکی دیکەش ئەو رۆژەی ئیستیری بچووکو ئیستیرو ناحومیان کوشت لا ٨**) ئەمە بەری ئەو رۆژگارانەیە کە لەهەچ شوێنێکبیت برینێک دەکرێتە جەستەتو گورگە مرۆڤەکان لەژێر ناوی ئەم خاکە هی منە، ئەم ئاینە بەتاڵەوکوفرە، ئەم کەسانە لە ئێمەنین، ئەم نیشتمانە هی ئێوەنیە لە ژێر ئەم ناوانەدا ناهێڵن مرۆڤە مرۆڤ دۆستەکان پێکەوە بژینو خزمەت بە خۆیانو خاکەکەیشیان بکەن، ئەو مرۆڤانەی نایانەوێت رقو خوێن بکەوێتە نێوان جولەکەیەکو موسڵمانێکەوە، ئەوە پێناسەی ئەو کەسانەیەکە دەزانن مرۆڤایەتی دەکەوێتە سەرو هەموو بەهائەخلاقیەکانی ترەوە. ئەوە ئەفسەرە رووسەکەیە بە شلۆمۆ کوردە دەڵێت:

**- شلۆمۆ کوردە، تۆ باکی چیتە، ئەمانە موسڵمانو تۆ یەهوودیت؟**

**لە بەرامبەر ئەو دەنگە ناحەزەدا شلۆمۆ کوردە هاواردەکاتو ئاوا وەڵامی دەداتەوە:**

**- ئەمانە براو خۆشەویستی منن، ئەمانە وەک منو تۆ مرۆڤن، ئێمە هەموومان مرۆڤینو سابڵاخین.**

ئەمە ئەو ناونیشانەیە کە دەکرێت وەکو قولایی ئەم دەقە وەکو بیری سەمیر نەقاشی مرۆڤ دۆست خوێنەر لێی رابمێنێت، ئەوە ئەو وێنە گرنگەیە کە زۆر مرۆڤ لەپەنا هێزە زەبەلاحەکانیشدا هێشتا لە مرۆڤ دۆستی خۆیان پەشیمانن نینو ئامادەنیین قوربانی بە رۆحی براو ئازیزانی تریان بدەن، لێرەدا دەبینین ئەوە جولەکەکان نینن کە بوونتە هۆکاری دەردو بەلاو برسێتیو جەنگ، ئەوە جولەکەکانن ئامادەننین ببنە خوێن خۆری برا دیینیە جیاوازەکانی تریانو دژیان بوەستنەوە. ئەوە هێزە سەرکوت کەرەکانی دوونیان کە تەفرەقە دەخەنە نێوان ئاینو نەتەوەو براکانەوە. ئەوەتا دوور لە ئیرادەی جولەکەبوونو ویستی خۆیان دوژمنە دەسەلاتدارەکان چۆن چۆنی کار بۆ کوشتنو قڕکردنی ئەو جولەکانە دەکەن کە ئیرادەیان تەنیا بۆ برایەتیو چاکەکاری بووە **(شا بۆ لە نێو بردنی ئێمەو هەموو جوولەکەکانی سابلاخ تیمێکی پیاوکوژ دەنێرێت)** بەرگرتن لە کوشتنو تۆقاندن دەبێت چۆن چۆنی لەلاین ئەو هێزە پیاوکوژانەوە بتواندرێت بەری پێبگیرێت، جولەکەبوون لەم دەقەدا دەبێتە مانایی پێکەوە ژیان ئەگەر کەسانی ناحەز لە رۆژگارە دوورو درێژەکاندا بهێڵن ئەگەر کەسە دڵرەقەکانن سالانێک بێدەنگبن ئەوا دەکرێت وەکو نموونەکەی شاری سابلاخ هەموو ئاینەکان هەموو نەتەوەکان وەکو برا پێکەوە بژین. جەنگ لەم دەقەدا بۆ لەناو بردنی جولەکەبوون بەتەنها باسنەکراوە، ئەوە ئەو دیوەکەی دیکەی جەنگە کە مرۆڤایەتی بە هەموو دینو نەتەوەکانەوە قڕدەکات مرۆڤە چاکەکارەکانی جولەکەو مەسیحیو موسوڵمان پێکەوە دەکوژرێ، ماناکانی ناوئەم دەقە لەسەر مرۆڤ بوون کاریکردوە **(ناحوم لە رێگەی هاتنی بۆ ئێرە تا نوێژ بۆ خودای خۆی بکاتو ئەوەی خودا بە مرۆڤی بەخشیوە پیرۆزبکات، کوژرا. کوژرا لەگەڵ ئەویشدا پانزە جوولەکەو بیستو سێ مەسیحیو کوژران و گەیشتە برا موسڵمانەکانیان لا٢٩٣)** ئەمە وەلامی هەموو ئەو کەسانەیە کە دەزانن مرۆڤ

وەکو خۆی وەکو جەستە ناکرێت چیتر بکرێتە قوربانی بیانووە جیاجیاکان، چونکە قینو شەڕی زۆر مرۆڤ بۆ کوشتنو خوێن ڕشتن بێکۆتاییەو دەست لەهیچ مەزهەبو ئاینو نەتەوەیەک ناپارێزێت، ئەو مرۆڤە دڕندانە ئەوەنازانن کە ئەوە مرۆڤە کە قەدری لەهەموو شتێکی تر پیرۆزترە. ئەو کەسانەی قەدری مرۆڤایەتی دەگرنو تێدەگەن چەند مرۆڤ گەورەیە دەبێ بزانن ئەگەر لەشوێنێک جولەکەیەک یان موسڵمانێک یان مەسیحیەک کوژرا زیان گەیاندنە بە مرۆڤایەتی. ئەگەر ئەمە نەبووە بیرکردنەوەی بەشێک لە مرۆڤەکانی دونیا ئەوا دەبێت هەموومان بڵێین هەموو شتێک پووچە لەم سەر زەویەدا، هەروەک چۆن شلۆمۆ کوردە دوای ئەو هەموو سەفەرو برینو ئازارانە دوای ئەو هەموو کوشتوکوشتارە بەدەنگی بەرز هاواردەکاتو پێمان دەڵێت ئازیزان (هەموو شتێک پووچە)

١. ڕۆژەکە لە سەدەیەک درێژتردەبێتەوە.
- نوسینی: جەنگیز ئەیتماتۆف. ٥٥٥ لاپەڕە
- وەرگێڕانی بۆ کوردی : جەلیل کاکەوەیس
- لە بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێڕان ساڵی ٢٠٠٧

٢. شلۆمۆ کوردەو منو ڕۆژگار.
- نوسینی: سەمیر نەقاش. ٤٦٨ لاپەڕە
- وەرگێڕانی بۆ کوردی : جەلیل کاکەوەیس
- لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتیی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی ٢٠١١

# داماڵینی دەمامکەکان

(خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی شۆڕشەکانی نەرمەهێز)

لـەم رۆژگارەداو لــە هەنـاوی بەشـێک لــە ئەوکۆمەڵگایانــەی کــە ســتەمو غەدرکـردن، تێکشـکاندنی بەبەرنامــەی ئیـرادەی هاوڵاتیـان دەبێتــە کارکردنــی رژێمەکانیـان، ئـا لەوێدا ئەودەنگە شـاراوانە بوونیـان هەیـە کـە رۆژێـک لـە رۆژان دەبێتـە سـەرچاوەی هێزێـک کـە ئیتـر دەتوانێـت بەبێ چـەک، بەدەسـتی بەتـاڵ (لــە نموونەکانــی خەڵکــی تونـسو میسـرو لیبیـاو سـوریاو یەمــەن) بــەڵام بــە ئیرادەیەکــی بەهێــزەوە لەبەرامبــەر بــە هەمــوو کوتــەک بەدەســتو شــەقاوەو سەرسـەریەکانو هێـزە زەبەلاحەکانـی کاربەدەسـتە ملهوڕەکانـدا بوەسـتێتەوە بـۆ هێنانـەدی ئـەو خواسـتانەی گەڵێـک ساڵە لێیـان زەوتدەکرێـت. ئـەو دەنگانـەی رۆژگارێـک لەژێـر زەبـری ترسـاندنو سـەرکوتکردندا بێدەنـگ دەکـران هەمیشـە ئامانجێـک پێکەوەیـان دەبەسـتێتەوەو دواتـر دەتوانـن ببنـە هـۆکاری داماڵینـی هەمـوو ئـەو دەمامکـە درۆزنانـەی لەژێـر نـاوی **(دەمامکـی ئایدیۆلۆژیا پیـرۆزەکان، بـە شـۆڕش و بەرگریکـردن، کودەتـاو حیزبەکانیانـەوە.. بـە مەبەسـتی کارکـردن بـۆ بنیاتنانــی کۆمەڵگەگەلــی: دەوڵەمەندبــە بەرهەمەکانیــان، بەهێــز بــە ئابوورییەکانیـان، دیموکراسـی بـە حکومەتەکانیـان، ئاشـتیخواز بە ئاراسـتەکانیانو پێشـکەوتوو بـە دەسـتکەوتە ژیارییەکانیـان... لا١١)** ئـەوە ئیـرادەی نەوەیەکـە لـەم رۆژگارەدا بـۆ داماڵینـی ئـەو دەمامکانـەی کـە لەژێـر چەندیـن نـاودا نایانەوێت خۆیـان تەسـلیم بـە ئیـرادەی گـەل بکـەنو گوێبگـرنو کورسـیەکانیان بەجـێ بهێڵـن، نایانەوێـت کەلتـورە چەقبەسـتۆکەیان بگـۆڕن، نایانەوێـت دووربکەونـەوە لـەو پیرۆزیـەی بەنـاوی شـۆڕشو شۆڕشـگێڕیەوە روی خۆیـان پـێ گەمـارۆداوە. نایشـیانەوێت رێگـە بـەو بیرکردنـەوە نوێیانەبـدەن کـە دەخـوازن ئـەو سسـتەمە خراپەکارانەیـە بگـۆڕن بـە سسـتەمێکی باشـتر بـۆ خزمەتکردنـی کۆمەڵـگا. کاتێـک ئــەو نەوەیــە دێنــە دەنــگ کــە ئەمــڕۆ لــەو کۆمەڵگایانــەدا دەژیــنو بــە نــەوەی بەدەسـتهێنانی ئـازادو گۆڕینـی عەقـل دەناسـرێن، ئیتـر دیکتاتـۆرەکان بـەو پـەڕی

شـەرمەوە دەسـت بـۆ داماڵینـی دەمامکـە ڕەشـەکانیان دەبـەنو هیـچ یـادەوەری وکردارێکیـان فریایـان ناکەوێـت، دەبێـت یـان بچنـە بـەردەم ئیـرادەی گـەل بـۆ دادگایـی کـردن لـە نموونەکانی (سـەدام حسـینو حوسـنی موبـارەک) یـان دەبێـت لەبەرامبـەر تـوڕەی گەلـدا هەڵبێـن لـە نموونەکانی (قەزافـیو زەینەدیـن عابدیـن) بچنـە شـوێنە تاریـکو نوتەکەکانـەوە تـا ڕۆژی ئەوانیـش دێـت. تێدەگـەن کـە هیـچ مێژویـەک لـە مێـژوی شـۆڕشو کودەتاچیەکان کـە زۆرکات حاکمەکانیـان بانگەوازی پیرۆزیـان بـۆ دەکـەن لەبەرامبـەر گەلـدا دەخـوازن ئـەو مێـژوە بکەنـە دەمامکـی فریـاد ڕەسـیان لەئاسـت تـوڕەی گەلـدا دواجاریـش فریایـی هیـچ سـاتێکیان ناکەوێـت بـۆ پـاک بوونـەوەی ئـەو گوناهانـەی دژ بـە گـەل کردویانـە. بێگومـان دەبێـت هەموومـان ئەوەبزانیـن کـە ڕوخانـی دیکتاتـۆرەکان لـەو چرکەسـاتانەوە دەسـت پـێ دەکات کـە تاکێکـی کۆمەڵـگا ئازاردەدرێـت یان ناچار بە تێکشـکاندنو برسـی کـردن دەکرێـت. ئـەو ڕژێمانـەی پێویسـتیان بـە بێدەنگکـردنو ڕاوەدونانـی کەسـە ئـازادی خوازەکانـە ڕۆژگارێـک دەتوانـن کار لەسـەر ئـەو ویسـتە قێزەونەیان بکـەنو بـە دەمامەکـە سـاختەکانیانەوە کۆمەڵـگا بـۆ زەمەنێـک ڕابەرایەتـی بکـەن. هەمـوو ئـەو جـۆرە کارکردنانـە لەسـەر بێدەنـگ کـردنو ئـازاردان جـۆرە هێزێـک بەرهـەم دێنێـت کە (علـی حـرب) ناویـان دەنێـت (شۆڕشـەکانی نەرمـە هێـز) ئـەو شۆڕشـانەی کـە نەوەیـەک لـە نەوەکانـی مرۆڤـە دیجیتـاڵ یـەکان دەتوانـن لەبەرامبـەر ئـەو دەسـەڵاتە کۆنەپارێـزو خراپەکارانەکانـدا کـە لەژێـر ناوی شـۆڕشو ڕزگاری گەلـدا بـۆ چەندیـن دەیەیـە خۆیانیـان پێناسـاندوەو دەسـتیان پێگرتـووە بەسـەر هەمـوو سـەرچاوەکانی بژێـوی خەڵکداو ئـەو مێژوانەیـان کردۆتـە دەمامکی خـۆی ژیانـدن بـۆ بنەماڵـەو کـوڕو نەوەکانیـان. پـێ هەڵبتەکێـنو دەسـت بـۆ ئـەو چەمکـە حەرامانـە بـەرن کـە ڕۆژگارێـک دەرفـەت نەدەبـوو کاریـان لەسـەربکەن. ئـەو نەخشـە نوێیانـەی کـە لەپـای جیهانگریـدا دەسـتیان بەسـەر بەشـێکی زۆری

جیهانـدا گرتـووەو بوونەتـە هـۆکاری هێـزی جەمـاوەر وایکـردوە کـە نەوەکانـی تریـش لـە وڵاتـە چـەق بەسـتو پەراوێخراوەکانـدا لەسـەر دەسـتی حاکمـە دەبەنگەکانیانـدا سـود لـەو نەخشـە نوێیانـەو ئـەو توانا بەرفراوەنـی جیهانگـری وەربگـرنو کار بـۆ گۆڕینـی سسـتەمو یاسـاو فەرهەنـگو حاکمـە دواکەوتۆکانیـان بکـەن، کاتێـک دیکتاتـۆرەکان لـەوە بێئاگادەبـن کـە تۆڕەکانی پەیوەندیو نەخشـە نوێیەکانـی جیهـانو رۆژنامـەو کتێـبو سـەرچاوەکانی فکـر، عەقڵێکـی نوێیـان گەیاندۆتـە نـاو قـوڵای جەمـاوەرو بەشـێکی زۆری ئـەو جەمـاوەرە ئالودەبـوون بـەو شـتە نوێیانـەو بـەرەو پیـری دەچـن. ئـەو دیکتاتۆرانـە لـە بەئاگاهاتنەوەشیان بـۆ کارکـردن بـۆ بڕینـی تۆڕەکانـی پەیوەنـدیو سانسـۆرکردنو سـوتاندنی کتێـبو راوەدونـان و کوشـتنو گرتـنو ئازاردانـی رۆشـنبیرانو خـاوەن عەقلـە نوێیـەکانو داخسـتنی ئـەو دەرگایانـەی لاوان دەتوانـن پەیوەنـدی بـە جیهانـە نوێیەکـەوە پێوەبکـەن ئـەو هەوڵانـە ناتوانـن بیـرو ئیـرادەی ئـەو نەوەیـە بـۆ دواوە بگەڕێننەوە لەژێـر هـەچ هێزێکـی سـەرکوتکەردابێت، کـە ئێسـتا رژێمەکەی (بەشـار ئەسـەد) لە سـوریا دوای بەئاگاهاتنـەوەی دەیەوێـت بیـری کۆنـە پەرسـتی رژێمەکـەی تـازە بـە تـازە لـە بیـری نەوەکانـی وڵاتەکەیـدا نوێبکاتـەوەو دەرگایـان بـەروی جیهانـە نوێیەکـەدا پێدابخات (**توانـا بێشـومارەکانی جیهانگـری، بەهـۆی کەرەسـتە بێسـنورەکانو تـۆڕی جاڵجاڵۆکـەیو رووداوە گریمانەییەکانیـەوە، بوونەتـە دەرهاویشـتەگەلێک ناکرێـت بـۆ تێگەیشـتنی واقیـعو بەڕێوەبـردنو گۆڕینـی، بـە مەبەسـتی پێکهێنانوبنیاتنانـی، فەرامۆشـبکرێن. چونکـە تێڕوانینـی مـرۆڤ بەرامبـەر بـە خـۆیو پێگـەی لـە جیهانـدا گـۆڕی، بەئەنـدازەی گۆڕینـی پەیوەندیی مـرۆڤ بـە وشـەکانی بوونیـەوە، جامەسـەلەکە پەیوەندیـی بـە شـوناس، کولتورومەعریفـەوە هەبێـت، یـان ئـازادی، دەسـەڵاتو هێـزەوە.. لا ٨**) (**ئـەو گۆڕانکاییـە بێشـومارە ریشـەییە دەرفەتێکـی بوونخوازییـان لەبـەردەم کۆمەڵگـە**

**عەرەبییەکاندا رەخساند، هەتاکو لە کەمووکوڕیی ئەقلی خۆیان رزگاریان ببێت...)** ئەوەی دواجار رژێمە دیکتاتۆریەکان دەگۆڕێت لەم رۆژگارەدا ئەو بارگاوییبوونەیە بە ئەقلی خۆرئاوا لەلای جیهانی عەرەبیو میللەتانی تری ناوچەکە، چیتر نەوە نوێیەکان ناتوانن لێرەو لەوێ وەکو ئاژەڵ بژینو گەمە بەسەرچاوەکانی بوونیان بکرێت، ئەو نەوانە لە ئێستادا لە خۆیان رادەمێننو لە خۆیان دەپرسن ئیتر بەسنیە بۆ گەمەی ئەو دەمامکانەی لەژێر ناوی جۆر بە جۆردا پیرۆزیان بە خۆیانداوەو بوونەتە هۆکاری داڕمانی سەرچاوەکانی ئومێدو نەگەیشتن بە شارستانیەتێکی پڕ لە خزمەتگوزار. کاتێک لە هەناوی ئەم جۆرە رژێمانەدا نەوەیەک دەیەوێت بەناو کۆتو بەندی یاساو گەمەی ئازادو دیموکراسیدا گوزەربکات هەناوی ئەو جۆرە رژێمانە بریندارەدەبێتو پێکدادان لە نێوان دوو نەوەی زۆر جیاوازدا روودەدات: نەوەی سەردەمی شۆڕشە تەقلدیو شەڕانیەکانو نەوەی سەردەمی شۆڕشی نەرمە هێزەکان کە دەخوازن بە بێ خوێن ئەو رژێمە کۆنە پەرستانە دەسەڵات رادەستی گەل بکەنەوەو بەجێی بهێڵنو چیتر لەژێر ناوی سەروەری یاساو درۆو هەڵخەڵەتاندندا گەلان نەبەن بەڕێوە (**ئەمە ئەوەیە هێزە نوێکانو نەوە لاوەکان دەبوایە بیکەن: دەرفەتەکانیان لەدەست نەداوە، وەک ئەوەی ئەو نەوەو هێزانەی رابردوو کردیان، کە لە پڕۆژەکانیاندا سەرکەوتوونەبوون... لا٨**) ئەو دەرفەتانەی بۆ ئێستای بەشێک لە لاوانو نەوەی نوێ لەو وڵاتانەدا پێگەیشتووە دەرفەتێکە دەکرێت رێگاکانی دۆزەخی لە لای ئەم رۆژێمە دیکتاتۆریانە پێ بگۆڕدرێت بۆ ئەو رێگایانەی کە میللەتان دەگەیەنێتە رێگاکانی ئومێدبەخشین. ئەو شۆڕشانە دەتوانن دەرفەت بەکاربهێننوگەلان لە مۆدێلە پەککەوتۆکان قورتاربکەنو رووبکەنە مۆدێلە تازەو خزمەتگوزاریەکانی حوکم کردنن. ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت لە بەشێک لە ناوچەکەدا (علی حەرب) لە کتێبی

**(شۆڕشـەکانی نەرمەهێز)ەکانـدا ئـاوا پۆلیینیـان دەکاتو نـاوی دەنێـت مۆدێلـە ئاوابووەکان: (مۆدێلـی خەباتکارانـەی ئاوابـوو/ مۆدێلـی دەسـتە بژێرانـەی شکسـتخواردوو/ مۆدێلـی بیروکراتیـی یەککەوتـە/ مۆدێلـی جیهادیـی کوشـندە) (ئـەو مۆدیلانـە ماوەیەکـە سـواونو رووخـاون، ئـەوەش پـاش لـە دەسـتدانی راسـتبێژیو رەوایەتیـان، ئەگـەر مابێتیشـنەوە، ئـەوا بـۆ ئەوەیـە کێشـەکان کەڵەکەبـنو بگۆڕێـن بـۆ قەیرانگەلـی درێژخایانولەچاکبوونـەوە نەهاتـوو.. لا ١٠)** ئەمـە ئـەو مۆدێلـە شکسـتخواردوانەیە کە (علـی حـەرب) بـە قوڵـی لـەو کتێبـەدا ئاماژەیـان پێـدەدات. کتێبی (شۆڕشـەکانی نەرمەهێـز) کتێبێکـە جەنگـی نێـوان مۆدێلـە کۆنو نوێیـەکان لـە وڵاتانـی عەربیـدا بـۆ خوێنـەران دەخاتـە روو، رەنگـە ئـەم کتێبـە بـۆ ئێسـتای ئێمـە کتێبێـک بێـت کـە زۆر بـە وردیو بـە قوڵایەکـی گرنگەوە لەژێر ناوی ئاماژە ئومێد بەخشـەکاندا ئاشـنامان دەکات بە سـەرهەڵدانی شۆڕشـی نەوەنوێیـەکانو شکسـتی شۆڕشـی مودێلـە بەسـەرچۆکان. لـە بەشـەکانی ئـەم کتێبـەدا کـە ئـاوا نوسـەر داینـاون **(مرۆڤـی دیجیتـاڵ وەکـو پێشـەکی/ میللەتـە عەرەبییـەکان لـە زیندانەکانیـان دێنـە دەرەوە وەکـو بەشـی یەکـەم/ سیسـتەمێکی عەرەبیـی نـوێ وەکـو بەشـی دووەم/ هێزگەلـی نـوێ دەرگاکانـی داهاتـوو دەکەنـەوە وەکـو بەشـی سـێ/ راپەڕینەکـەی تونسو میسـر وەکـو بەشـی چـوارەم/ پاڵەوانێتـی و شـۆڕش وەکـو بەشـی پێنجـەم/ لیبیـا: درۆو کارەسـات وەکـو بەشـی شەشـەم/ لوبنـان لـە کوێـی راپەڕینەکانـی ئێسـتادا وەکـو بەشـی حەوتـەم/ چـەکو کارەسـاتەکانی وەکـو بەشـی هەشـتەم/ لەبـارەی شـۆڕشو گرەوکردنەکانیـەوە وەکـو بەشـی کۆتایـی)** وەرگێڕیـش لـە کۆتایـدا بـۆ دەوڵەمەندکردنـی کتێبەکـە نوسـینێکی تـری (علـی حـەرب)ی بـۆ زیادکـردوە. لـە ژێـر ناونیشـانی: (مرۆڤێکی نـوێ بـە دەسـتووخەتو نموونەکانـی خـۆی) لاپـەڕە بەلاپـەڕە ئـەم کتێبـە لەسـەر چەندیـن باسـی گرنـگو لێکۆڵینـەوەی ورد خوێنـەران

رادەگرێت. ئەو خوێنەرەی بیەوێت بزانێت چۆن چۆنی لە ئێستادا گەلێک رژێم بە حاکمە پیرو ئەقل سواوەکانیانەوە شکست دێنو گەلێک دەسەڵاتی نوێ بە بیری نوێو بە کرداری شارستانیانەوە دێنە شوێنیان پێویستە ئەم کتێبە بە وردی بخوێنێتەوە، ئەوە حالی ئەو رژێمانەیە کە ئێستا دەمامکەکانیان لەژێر هێزی گەلاندا دادەماڵدرێنو نەوەنوێیەکان لە زیندانەکانیان گەلانی خۆیان دێننەدەرەوە (علی حەرب) ئاوا ئاماژەیان پێدەکات (**لەسەر ئاستی ناوخۆدا، رژێمەکان نەیانتوانی دروشمەکانی پێشکەوتن، ئازادیو دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بهێننەدی، بەلکو سەرلەنوێو خراپتر هەلومەرجی باویان بەرهەمهێنایەوە، پاش ئەوەی کۆمارەکانیان گۆڕی بۆ شانشینەکان، سوپاکانیان لەژێر ناوی پاسەوانی شۆڕشگێڕدا گۆڕی بۆ میلیشاکان، پۆلیسی مەدەنیان گۆڕی بۆ دامودەزگاگەلی هەوڵگری، بەمەبەستی سیخوڕیکردن بەسەر خەڵکەوەو چاودێریکردنی یەکتری. سەرەڕای ئەوانە، سوپایەک لە بێکارە خاوەن بڕوانامەکان هاتەئاراوە، کە مانای بەفیرۆدانی چەندجارەی کۆششو کاتو سامانە لا ١٨**) (**... ئەمەش وای لە خەلک کرد لە بواری ئازادییەکاندا، خۆزگە بە سەردەمەکانی پاشایەتیو کۆڵۆنیالیزم بخوازن... لا١٨**) بە تێڕامان لە خەڵکو لە دەسەڵاتی دەسەڵاتدارانی ناو ئەو جۆرە رژێمانە تادێ ئیتر کەلێنە گەورەکەی نێوان جەماوەرو ئەو دەسەڵاتدارانە کە سەردەمێکە بوونەتە خوێن خۆری نەوەکانو بەرگرتن لە ئازادیو وەلاوەنانی دادپەروەریو بەرهەم هێنانی بێدەنگی کردنو ستەمکاری لەژێر ناوی پارێزگاری کردن لە نەتەوەو دەستکەوتەکانی شۆڕشو پارێزگاری لە کولتورو فەرهەنگە بەسەر چۆکان. ئەو کەلێنە گەورانە بە روخانو لەبەریەک هەڵوەشانی ئەو رژێمە بەسەرچوانە پڕدەکرێتەوەو لەگەڵ ئەوەیشدا هیچ شتێک ناتوانێت لە دارمان رزگاریانبکات (**ئەمەش ئەوەیە کە لە شۆڕشەکانی ئێستادا روی داوە: دەرفەت بۆ زیادبوون**

نەمـاوە، پـاش ئـەوەی مەسـەلەکان لەبـارەی ئازادییـەو مافەکانـی خەڵـک و زەوتکردنـی بژیویانـەوە گەیشـتوونەتە ئەوپـەڕی بێچارەیـی، خراپی، هەرەسهێنان، گەندەڵـیو ستەمکاری یـان هـەژاریو زەلیلـیو چیتـر ناکرێت بێدەنگی بەرامبـەر بەوکارانـە هەڵبژێردرێـت کـە رژێمـەکان پێڕەویدەکـەن. واتە زەوتکـردنو قۆرخکرنی دەسـەڵاتو سـامان یـان دەسـتدرێژیکردنە سـەر ئـازادیو شـکۆمەندیو ئیهانەکردنیـان. ئەمـەش پاڵیـان بـە خەڵکـەوە نـا دیـواری تـرس بڕووخێنـنو هانـی حەشـاماتی دا بڕژێنــە نــاو گۆڕەپانەکانــەوە بــۆ ناڕەزاییدەربڕیــنو راپەڕیــنو داواکردنـی گۆڕانکاریـی هەمەلایـەن، بەبێ گوێدانـە قوربانییـەکان، چونکـە ئـەوان شتێکیان نییـە لەدەسیبدەن لا ٧٧) ئـەوە ئـەو ئامـاژە گرنـگو هەمەلایەنانەیـە کە لـەم کتێبـەدا خراوەتـە روو، بێگومـان کتێبەکـە پـڕە لـە ئامـاژەی گرنـگ تـرو هۆکارەکانـی سـەرهەڵدانی راپەڕیـن لەنـاو ئەوگەلانـەی کـە ئیتـر بـۆ هێنانـە دی خواسـتەکانیان قوربانـی بـە رۆحو گیانـی خۆیـان دەدەنو لـە زیندانەکانـی ژێردەسـتی ئـەو جـۆرە رژێمـە سـواوانە دێنـە دەرەوەو بـەدوای چارەنوسـی خۆیاندا دەڕژێنـە گۆرەپـانو شـوێنە گشـتیەکان بـۆ داخوازییـە رەواکانـی خۆیـان: چونکـە (هـەر سـەردەمە شـۆڕشو هێزگەلـی خـۆی هەیـە، ئەمـەش ئەوەیـە کـە بـە مێشـکی هێـزە باڵادەسـتە ناسیونالیسـتو چەپـڕەوەکان، مۆدێرنیسـتوکەلەپوورخ وازەکان،ئایینـیو نائیینیەکانـدا نەهاتـوە: چونکـە لەوەوپێـشو هەتاکـو ئێسـتا بـە کەرەسـتەکانی سـەردەمە بەسـەرچووەکانو شۆڕشـە شکسـتخواردوەکانیان- بـە درووشـم، مۆدێـل، رێکخـراو، لیژنـەو میلیشـیاکانیانەوە- رووداوەکان دەخوێننـەوە، یـان کاروبـارەکان بـە ڕێوەدەبـەن لا٢١) هەمـوو دیـاردەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن کـە ئیتـر رژێمگەلـە دیکتاتۆرەکانـی ئێسـتا چەنـد خـاوەن میلیشـیاو هێـزی سـەرکوتکەرو بەهێزبـن ناتوانـن بەرگـەی ئیـرادەی گەلەکانیـان بگـرن کـە سـەردەمێک وەکـو مێگـەل ژیانیـان بـۆ دابیندەکردنوکەمێـک لە خۆشـیو ئـارەزووە

تێنەخواردۆکانی خۆیان پاشگەز نەدەبوونەوەو لەژێر دروشمو درۆی هەمەجۆردا گەلانیان فریودەدا. ئەوەمان بینی کە نەوەنوێیەکان چۆن چۆنی بەجیاوازی بیروباوەڕیانەوە بە چەپو نەتەوەیی‌و ئاینییەوە یەکیانگرتوو رژانە گۆڕەپانەکانەوەو راپەڕینەکانیشیان دواجار تاکو ئێستا لەبەریەک هەڵوەشانو دارمانی چەندین دیکتاتۆری سەرسەختو ستەمکاری بوو بە هەموو دامودەزگا سەرکوتکاریەکانیانەوە. بەو جوڵە مەدەنیانەیان نەک گەلانی خۆیان بەلکو هەموو گەلانی دونیایشیان بە خۆیانەوە سەرسامکردوەو بۆ دونیایان سەلماند کە دەکرێت بەبێ چەکو بە گیانی مەدەنیانەوە روبەڕوی هەموو هێزە دیکتاتۆرو ستەمکارەکان ببینەوەو تێکوپێکیان بشکێنن.

- **شۆڕشەکانی نەرمە هێز (رەوو هەڵوەشاندنەوەی دیکتاتۆری و فەندەمێنتالیزمەکان) ١٤١ لاپەڕە**
- **نوسینی عەلی حەرب**
- **وەرگێڕانی : هەڵکەوت عەبدوللا**
- **لەبڵاوکراوەکانی کوردستانی نوێ**

# تێڕامانەکانی دۆستۆیڤسکی

## (لەرۆمانی هەژاران) دا

دوێنێ شادبووم، بێ ئەندازەو لە تەسەوربەدەر شادو دڵخۆش بووم ...

ئەمـە سـەرەتای ئـەو دێڕانەیـە کە (مـاکار دیڤوشـکین)ی پیروگومنـاو، فەرمانبەرێکی بەدبەختـی پاڵەوانـی ڕۆمانـی (هـەژاران)ی دۆستۆیڤسـکی دەیەوێت لـە ڕێگـەی ئـەو دێڕانـەوە کـە وەکـو نامـە بـۆ کیژێکـی دەنوسـێت بەنـاوی (ڤرڤارا) کـە دراوسـێیەتی، دراوسـێیەک کـە هەمـوو ناخۆشـیەکانی تەمەنـی خـۆی لـە بوونـی ئـەودا ونـدەکات، بـۆ ئـەو دەژیو هەسـتدەکات ئەگـەر ئـەو نەبێـت ئەمیـش نیـە، ئـەو کیـژەش هـەر بەنامـە وەڵامـی نامەکانـی ئـەو پیـرە بەشـمەینەتە دەداتـەوەو لـە ژیانـە پـوچو نائومێدەکـەی خـۆی دەدوێـت، دووکەسـن کـە وەکـو یـەک نائومێـدو پەراوێزخـراون لـە ژیانـداو لـە خانـووە بۆگـەنو پیسـەکاندا ژیـان دەگوزەرێنـن، بـەڵام دەیانەوێـت هێشـتا بەشـوێن بەختەوەریـدا بگەڕێـن. ئـەو پیـاوە پیـرەی کـە هیـچ کاتێـک نـەی توانـی بچێتـە ژورەکـەی ئـەو کیـژەو و بۆخۆیشـی پێشەوازیشـی لێبـکات لـە بـەر وتـی وتـی خەڵـک، لەبەر ئـەو پەیوەندیە گوماناویـەی کـە دراوسـێکانی هەسـتیان پێکردبـوو لـە نێـوان هـەر دووکیانـدا، خـاوەن ماڵەکـەی پێـی دەوت (ئەمـە پەیوەنـدی نێـوان شـەیتانو منداڵێکـە) مـاکاری پیـر نایەوێـت لەپـای ئـەو جـۆرە قسـانەدا دەسـتبەرداری ئـەو سـاتە دڵگیرانـەی خـۆی ببێـت کـە لەنـاو هەمـوو ناخۆشـیەکانی ژیانیـدا ئومێدێـک بـە ڕۆحـی دەبەخشـێت، ئـەم ڕۆمانـە کارکردنـە لەسـەر پوچێتی ژیان، ئـەو پوچێتیەی کـە ئینسـانەکان خۆیـان هـۆکاری دروسـتکردنو مانەویـن، لەگـەڵ ئەوەیشـدا بـە هەمـوو ئـەو مانـا پوچانـەی کـە دۆستۆیڤسـکی کاریـان لەسـەردەکات لـەم دەقـەدا لـە ڕوی ئەخلاقیەتـی خـاوەن سامانو ڕفتـاری ئـەو مـرۆڤ گەلـەوە کـە هۆکارێکـی گـەورەو تۆقێنـەرن بـۆ تێکشـکاندنی مرۆڤایەتـی، نایەوێـت شـتێک نەمێنێتـەوە تـا ئینسـانەکان ڕۆحـی خۆیانـی پـێ ئاسـودەنەکەن، کاتێـک ژیـان دەبێتـە ژیانێکـی مـەرگ هێنـەر بـۆ مرۆڤایەتـی ئـا لەوێـوە هێشـتا گەلێـک نوسـەر هـەن دەخـوازن

کار لەسەر ویستی ئەو مرۆڤانە بکەن کە نایانەوێت وازوو خۆیان رادەستی ئازارو مەینەتیەکان بکەن، ویستی ئەم نوسەرانە کە خۆی لە زۆر قۆناغی جیاجیادا دەبینێتەوە ئەوەیە کە ژیان چەند دژواربێت هێشتا گەلێک مرۆڤ هەن بەناو ئەو دژواریو مەینەتیاندا بۆ شتێک چەند بچوکیشبێت درێژە بە خواستەکانی خۆیان دەدەن، کارو بیرکردنەوەی ئەم نوسەرانە کە (دۆستۆیڤسکی )یەکێکە لەوانو دەیەوێت ژیان وا پێناسە بکات کە ئەوە هەژارەکانن ژیان دەناسن نەک کەسانی تر، چونکە ژیان بەبێ ئازارەکانی ئەو خەڵکە نەبووەو بوونی نیە، ئەگەر هەیشبێت ئەوا هیچ مانایەک هەڵناگرێت، ژیان بینی دۆستۆیڤسکی بەشێکە لەو تێڕامانانەی ئەو بۆ مرۆڤ و پوچێتی ژیان، دەیەوێت مرۆڤ بە جۆرێک ئاماژە پێبکات کە هیچ شتێک ناتوانێت بەربە ئامانجەکانی بگرێت، لە ناو ئەوگەمە کوشندانەی تەمەندا، لەناو ئەو هەموو حیکایەتە ئازاراویانەی دێنە رێگەمان هێشتا ژیان بەو ئازارو ناخۆشیانەوە جوانەو دەبێت درێژەی پێ بدەین، ئەو پردەی دەمانگەیەنێت بە کۆتاییەکانی تەمەن ئەو حیکایەتانەیە کە بۆ یەکتری بەجێدەهێڵین، هەر چۆنێک بێت (دۆستۆیڤسکی) لە رۆمانی (هەژاران)دا بە زمانێکی سادەو بیرێکی قوڵ کار لەسەر ویستی ژیانی مرۆڤ گەلێک دەکات کە خۆی لە نەمریدا دەبینێتەوە، هەموو ئاماژەکانی ناو ئەم دەقە پێمان دەڵێت ئەوەی لەسەر زەویدا بە نەمری دەمرنو ژیان بەجێدەهێڵن هەژارەکانن نەک کەسانی تر، لە دواجاردا ئەوەی بەجێدەمێنێت هەموو حیکایەتە بێکۆتاییەکانی ئەو خەڵکە نەبوو نەدارەیە، دۆستۆیڤسکی لە ژێر ناوی دووکارکتەردا ئەو لاپەڕە ونبوانەی کە کەس نەیدەبینین دەدۆزێتەوەو رۆمانێک دەنوسێت کە پڕە لە سۆزو میهرەبانی بەڵام بەواتا سادەکەی نا بەڵکو بەو واتایانەی کە مرۆڤ چەند لە لێواری نەبوونیدابێت هێشتا دەتوانێت بۆ شتێک بژی کە رۆحی پێویستی پێیەتی،

هـەژاران چەنـد بـەرەو مـەرگـو مەینەتیـەکان بچـن تێڕامـان‌و ویسـتی خۆیـان هەیـە بـۆ شـتـەکانی دەوروبەریـان، نایانەوێـت وازوو دەسـتـبەرداری ئـەو خـەون‌و خولیایانەبـن کـە هەیانـە بەمـەش دەتوانـن درێـژە بـە بـوون‌و مانـەوەی خۆیـان بـدەن کـە دەکاتـە بەردەوامـی ژیـان بـە هەمـوو بێماناییەکانیـەوە، دۆستۆیڤسـکی لـەم رێگەیـەوە کار لەسـەر ئـەو ژیانـە دەکات کـە مـرۆڤ گەلێکی زۆر لـە دونیـادا هەیانـەو دونیـا بەبێ بونـی ئەمانـە هیـچ ناوێـک لـە خـۆی نانێـت. شـێوازی ئـەم رۆمانـە شـێوازێکە بـۆ خوێندنـەوە شـتێکی ئاسـانەو بێزارکەرنیـە، هـەر ئـەم شـێوازەش بـوو کـە کاتـی خۆی‌و لـە سـەردەمی دۆستۆیڤسـکی دا دەنگدانەوەیەکی گـەورەی لێکەوتـەوەو بـووە جێگـە سـەرنجی رەخنـە گـران‌و خوێنـەران، (بیيلنسـکی)رەخنەگریش لـە نامەیەکـدا بۆ (تورغينيف)ئەوکاتانـە بـۆ شـێوازی نوسـینی رۆمانەکـە سەرسـامی خـۆی دەردەبڕێت، کاریگـەری نامـە گۆڕینەوەکانـی نێـوان هـەردوو پاڵەوانـە بەدبەختەکـەی نـاو دەقەکـە کاریگەردەبێـت لـەلای. لەگـەڵ ئـەم شـێوازە سادەیەیشـدا بـەڵام کاتێـک لـەو دیـوی نـاوەوەی ئـەم رۆمانـە رادەمێنیـن گرنگـی دەقێـک هەسـت پـێ دەکەیـن کـە دۆستۆیڤسـکی رۆچۆتـە قـوڵای ناخـی ئـەو مرۆڤانـەوە کـە لـەروی دەرونی‌و بـاری کۆمەڵایەتیانەوە بەشـێکی مـەزن ژیـان لەسـەر زەویـدا پێکدەهێنـن، نـەداری‌و ژیانـی کوشـندە نەیـان توانیـوە کـە ئـەم مرۆڤانـە بـۆ هەمیشـە لەنـاو ببـەن، جیـا لـەوە دۆستۆیڤسـکی لـەم رۆمانـەدا گەلێـک وێنـەی دژواری رۆژگاری خۆیمـان بـۆ وێنەدەکێشـێت. ئـەو وێنانـەی لـەم رۆمانـەدا خوێنـەر هەسـتیان پێـدەکات گرێـدراوی هەمـوو ئـەو مەینەتیانەوناخۆشـی ئـەو مرۆڤانـەن کـە ژیانـی یەکتـری لـە قۆناخـە جـۆرە بـە جۆرەکانـی دونیـادا تەواودەکـەن، دۆستۆیڤسـکی دەیەوێـت لـەم رۆمانـەدا بـە خوێنـەران بڵێـت ئـەم وێنانـەی لـەم دەقـەدا ئامـاژەم پێکـردوە وێنـەی هەموومانـە کـە پێکـەوە لـە یـەک خێزانـی گـەورەدا درێـژە بـە بوونـی خۆمـان‌و هەمـوو

ناخۆشـیەکانمان دەدەیـنو یەکتـر تەواودەکەیـن. دۆستۆیڤسـکی بـە درێـژای ئـەو هەوڵانـەی لـەم رۆمانـەدا کاری لەسـەردەکات بیرکردنەوەیـە لـە مـرۆڤ بـە هەمـوو ناتەواویەکانیـەوە، لەنـاو ئـەو نامانـەی لەنێـوان (مـاکار دیڤوشـکین)و (ڤرڤارا) دەنوسـرێن ئـەو ناتەواویانـەی مـرۆڤ خراونەتـە روو کـە لـە هەمـوو لایەکـەوە کۆمەڵـگا دادەڕزێنێـت. لەگـەڵ هەمـوو ئـەو ناتەواویانەشـدا هێشـتا ئـەو مرۆڤانـە هـەن کـە سۆزو هاوکاریـان بـۆ یەکتـری درێـژە پێـدەدەن، خۆیـان ژیانـی خۆیـان دروسـتدەکەنو سـەربە دوا سـوچوو کـە لەبەرەکانیـدا دەکـەنو نایانەوێـت بەنـاو ئـەو کەلەبەرانـەدا بـە دەسـتی بەتـاڵ تێبپـەڕن، ئـەوەی لـەم دەقـەدا رامـان دەگرێـت ئاماژەکانـی دۆستۆیڤسـکی یـە بـۆ ئـەو جـۆرە سـۆزو هاوکاریانـە لـە نێـوان هـەژاران خۆیانـدا، ئەگـەر ئـەم جـۆرە شـتانە کۆتـای هـات ئـەوا ئیتـر هیـچ مانایـەک بـۆ بـوون نامێنێتـەوە... دۆستۆیڤسـکی بەتەنیـا لەیـەک گۆشـەنیگاوە لـەم رۆمانـەوە تەماشـای کۆمەڵـگای ئـەو کاتانـەی سـەردەمەکەی خـۆی نـاکات، دەیەوێـت لـە رێگـەی هـەر دوو پاڵەوانەکەیـەوە (مـاکار دیڤوشـکین) (ڤرڤـارا)وە لـە هەمـوو ژیـانو ئاینـدەی ئـەو مرۆڤانـە بڕوانێـت کـە بـە جیهانـی پـڕدەردو ئـازاردا بـڵاو بوونەتـەوەو گیـرۆدەی هەمـووکارە نـا مرۆڤایەتیەکانو رفتاری شـەرم هێنەرانـەی بەشـێک لـە مرۆڤـە پیـسو چاوبرسـیەکان هەمیشـە بەربـە ویسـتو بوونیـان دەگـرن. ئـەم رۆمانـە بـە هەمـوو وێنـە جۆربەجۆرەکانـی ناویـەوە ئـەو هەسـتتەت لا دروسـتدەکات کـە کـێ دواجـار ئێمـەی هـەژار لـەم چەرمەسـەریانەی تەمـەن رزگاردەکات؟ ئیـرادەی خۆمـان یـان ئیـرادەی کەسـانی تـر؟ ئـەم رۆمانـە پـڕە لـەم جـۆرە پرسـیارو وێنانـە. دۆستۆیڤسـکی لـە تەقـەلای وەڵام دانـەوەی ئـەو پرسـیارانەدایە لـەم رۆمانـەدا بەشـوێنیاندا دەگەڕێـت. کاتێـک کار لەسـەر وێنـەی (مـاکار دیڤوشـکین)ی پیـر دەکات بـە هەمـوو زەحمەتیەکانـی ئـەم پیـرەوە دەیەوێـت بڵێـت ئـەوە هـاوکاریو سـۆزی ئـەو مرڤانەیـە کـە لـە لاوییـەوە تـا

پیربـوون بـۆ کەسـانی تـر ژیانیـان راگرتـووە. ئـاوای (ماکاردیڤوشـکین)ی پیـر دەبێتـە نموونـەی ئـەو مرۆڤانـەی کـە دۆستۆیڤسـکی دەیەوێـت ئـەوە نیشـانبدات کـە مـرۆڤ تـا ئـەو رۆژانـەی نزیکـی مـەرگ دەبێتـەوە بـۆ ئـەوە تێدەکۆشـێت لـە ژیانـدا بـە ئومێدەکانـی بـگات. ئەگەرچـی ئومێـدو خۆشـبەختی مـرۆڤ لـەم رۆمانـەدا دواجـار بـە ناڕونـیو شـێوایو ونـی دەمێنێتـەوە، ئەمـەش یەکێکـە لـەو تێڕامانـە قوڵانـەی دۆستۆیڤسـکی بـۆ مـرۆڤ و ژیان (مـاکار دیڤوشـکین)ی پیـر، ئـەو مرۆڤـە بەدبەختـەی بـێ بەرگـیو هـەژاری خەریکـە هەمـوو شـتێکی جوانـی لـەلا دەبـات کاتێـک هەسـتدەکات کیژۆڵەیـەک ئامادەیـە نامەکانـی بخوێنێتـەوە ئیتـر رۆحـی ئـازادیو سـەرگەرمی تەمەنـی بـۆ دەگەڕێتـەوە گەرچـی دەڵێـت **(ئازیزەکـەم منیـش رۆژێ لـە رۆژان چاوانـم تیژبـوون، بـەڵام پیـری گاڵتـە نازانـێ)** بـەڵام ئـەوەی وای لێـدەکات بـژیو کۆڵنـەدات عەشـقە، بـەڵام عەشـقی ئـەم پیـرە تێڕامانـە لـەلای دۆستۆیڤسـکی بـۆ ژیـان چونکـە لەنـاو هەمـوو ئـەو بەدبەختیانـەدا مـرۆڤ ئەگـەر عەشـقی ونکـرد ئـەوا ئیتـر هیچـی بـۆ ژیـان لەلانامێنێتـەوە،و ئـازار دەیکوژێـت (ڤارینـکا گیـان، لـە پـڕ ئـەوەم بـە خەیاڵداهـات ئێمـەی بەشـەر کـە لـە گێژەنگـی ژیانـی سـەر زەمینـدا بـەو هەمـوو خـەمو خەیـاڵو زەحمەتـەوە دەژیـن، دەبـێ خۆزیـا بـە شـادمانی بێگـەردو بـێ خـەمو خەیاڵـی باڵندەکانـی ئاسـمان بەریـن... ) بەشـێوەیەکی ورد ژیـان لـەم دەقـەدا لـەلای دۆستۆیڤسـکی دەبێتـە ژیانێکـی ونبـوو بـەڵام ئـەوەی دەیدۆزێتـەوە خـودی ئـەو مرۆڤانـەن کـە لێناگەڕێـن وا بـە ئاسـانی هیچیـان نەبێـت بـۆ وتـن. وتـن لـەم دەقـەدا دەبێتـە گێڕانـەوەی شـتە وردو ونبۆکانـی ئـەو مرۆڤانـەی گەلێـک جـار کـەس هەسـت بـە بوونیـان نـاکات. لـە رێـگای وتنـەوە کـە دەبێتـە پـردی نێوانیـان جارێکـی تـر ژیانـی پـڕ چەرمەسـەری خۆیـان بـۆ دەوروبەرەکەیـان رادەگەیەنـنو واز لـەو وتنانـە ناهێنـن کـە خۆیانـی تێـدا دەدۆزنـەوە، ئەمـەش دەبێتـە هەڵگـری ململانیـەی

نێوان مرۆڤەکان لە جەلادو چەوسێنەرەوە تا هەژارو بندەستەکان. کاتێک (ماکاردیڤۆشکین)ی پیر لێناگەڕێت حیکایەتەکانی تەمەنی وازوو ونببن بۆ ئەوەی شتێک بڵێتو کەسانی تر ئاگاداری ژیانی بن بۆ ڤارینکا دەنوسێت (**لێتی ناشارمەوە ئازیزەکەم، کە قەرزەکانو شڕوشەپڕێوی جلەکانم زۆرم ئازاردەدەن، بێتاقەتم دەکەن، بەڵام ئەمەش هیچ نیە...**) ئەم تێگەیشتنە بۆ ژیان لەگەڵ ئەو هەموو قەرزو بێبەرگیو نەداریانەدا وادەکات کاتێک مرۆڤ هەستدەکات شتێک هەیە بۆی بژی ئیتر باقی ئەو شتانە نابنە ڕێگر لەبەردەم ئەودا، ئەم وێنەیە بۆ ژیانی پیرێکی وەکو ماکاردیڤۆشکین لەم دەقەدا وێنەیەکە بە هەموو پێناسەیەک هەڵگری ئەو هەوڵانەیە کە مرۆڤ لەپای هەموو گوناە و نەبوونیەک کار لەسەر ویستی خۆی دەکات ئەگەرچی هەموو ئەو تەقەلایانەش لەدواتردا هیچ سودێکی پێ نەگەیەنن، ئەوەی وەڵامی ئەوەمان دەداتەوە کۆتای ئەم ڕۆمانەیە کە دەبینین ماکاردیڤۆشکین پیر سەرەڕای هەموو ئەو هاوکاریو سۆزەی بۆ ئەو کیژە هەیەتی کەچی کۆتاییەکی غەمگینانەو بێ ئەنجامی یە (**هاوڕێم بڕیارم دا کە شووی پێبکەم... پێویستە پێشنیازەکەی پەسەندبکەم، تاقە کەسێک کە بتوانێ لە بێ حورمەتیو شەرمەزاری، لە هەژاریو مەینەتیو کلۆڵی ڕزگارم بکات، ئابڕوم بکڕێتەوە، ئەم پیاوەیە**) دۆستۆیڤسکی ئاوا هەموومان لەبەردەم ئەو نائومێدیانەدا لەبەردەم ئەو هەموو پرسیارانەدا رادەگرێت. دەپرسێت بە چی دەگەین کاتێک مرۆڤ لەو پەڕی پیربووندا تاقە دۆستەکەی لەدەستبدات، ئایا ژیان ئەمەیە کە هەمیشە بەشوێن مەینەتیەکاندا تامردن بەکێشمان بکات؟ (**ئەوا بردیانیت، دەڕۆی، سەفەر دەکەی، خۆزیا دڵیان دەرهێنابام،و تۆیان بەو جۆرە لێ دوورنەخستبامەوە! ئاخر چۆن توانیت ئەمە بکەی.... باشە تۆ دەزانی بۆ کوێ دەچی؟ دەزانی ئەو شوێنەی بۆی دەڕۆی چۆن**

**شوێنێکە؟**) دۆستۆیڤسکی لەم دەقەوە کار لەسەر سەرنجەکانی مرۆڤ دەکات، کار لەسەر ئەو پرسیارانە دەکات کە ئێمە کێن وا ئاوا توشمان بووە بە توشی چارەنوسێکی رەشوو لە رادەبەدەر ئازار هێنەرەوە. کاتێک مرۆڤ دەگاتە ئەو پەڕی ئازارەکانی خۆی هیچ شتێک ئیتر ئاسودەی ناکات، ئەگەر زەمەنێک عەشقو کتێب شتێک لە ئازارەکانی لابەرن ئەوا دواجار ئەو دوو شتەش دەبنە شتی پوچو نەبوو (کتێبم ناوێ، لە کتێبەکان بێزاربووم) پیرێک دواجار ئاوا هاواردەکات، دەبێت ئەو هۆکارانە چیبن کە دواجار ئەو مرۆڤانە دەستبەرداری ئەو شتانەش دەبن کە رۆژگارێک عەشقیان بۆیان هەبووە، ئەم رۆمانە هۆڵێکی پڕ لە وێنەی جۆر بە جۆرەو خوێنەر لەئاست ئەو برینانەدا رادەگرێت کە لای دۆستۆیڤسکی هیچ کاتێک کۆتاییان نایەت، لەم رۆمانەدا دەچینە سەر رێگای ئەو بابەتانەی کە زۆر زەحمەتە خوێنەر بتوانێت وا بەئاسانی تا دوالاپەڕەکانی وەڵامێکی گونجاوی دەستبکەوێت (**من کە دەخۆمەوە، ئیدی بیر لە پێڵاوەکانم، لە بەربوونی بنی پێڵاوەکەم ناکەمەوە. چونکە بنی پێڵاو شتێکی هیچەو هەتا هەتاشە هەر بەهیچی دەمێنێتەوە. خودی پێڵاویش هیچ نیە! زانایانو فەیلەسوفانی یونان پێڵاویان لە پێ نەدەکرد، ئیدی بۆچی رووتەیەکی وەکو من ئەوەندە بایەخ بەو شتە هیچانە بدات...**) دۆستۆیڤسکی ئاوا پێناسەی شتەکان دەکاتو دەگەڕێتەوە بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارە وردانەی کە رۆژانە روبەڕومان دەبنەوە، دەمانخاتە سەر ئەو تێڕامانانەی کە گەلێک مرۆڤ رەنگە شانازی بەوەبکەن رۆژێک لە رۆژان خاوەنی جلوبەرگی باشو پێڵاوی نوێ بنو بەو شتانەوە خۆیان بناسێننو بوونیان هەبێت، دەوڵەمەندبنو خۆیانی لە هەژاران پێ جیا بکەنەوە، ئەگەرچی ئەم چەند دێڕەی ناو ئەم رۆمانە بەقەدەر هەموو رۆمانەکە قسەی زیاتر هەڵدەگرێت، پرسیار گەلێک دەوروژێنێت کەوەڵام

دانەوەیـان کاتــی زۆری دەوێــت، دۆستۆیڤســکی لێــرەوە دەچێتــە خانــەی ئــەو کەســە ناودارانــەوە کــە هەمووومــان بــە پرســیارەکانی دەخاتــە ســەرگومانو گەڕانیکـی دوور درێـژ بەنـاو ژیـانو جەنگەڵەکانـی تەمەنـدا، ئـەوەی راماندەگرێـت ئـەو پرسـیارەیە کـە دۆستۆیڤسـکی بۆخۆیشـی تـا رادەیـەک بـە شـوێن وەڵامەکەیدا دەگەڕێـت، ئایـا ئــەو جلوبــەرگو پێــڵاوە مەزنــی بــە مــرۆڤ دەبەخشــن یــان بیرکردنــەوەو ســۆزوهاوکاری یەکتــری، دۆستۆیڤســکی دەمــان گەڕێنێتــەوە بــۆ رۆژگارێکـی کۆنـی سـەردەمی یونـان پێمـان دەڵێـت ئـەوەی پێـڵاوی نەبـوو ناچێتـە خانـەی کەسـانی مـردوو بـێ ناونیشـانەوە، چونکـە ئـەوە پێڵاونیـە کـە پێناسـە بـە مـرۆڤ دەبەخشـێت ئـەوە حورمـەتو بیرکردنـەوەی مرۆڤـە کـە ناونیشـانمان دیـاری دەکات نـەک شـتی تـر، لای دۆستۆیڤسـکی ئەگـەر بـە جلوبـەرگو پێـڵاوو سـەرمایە بووایـە ئـەوا دونیـا پڕدەبـوو لـە فەیلەسـوف، چەنـد سەرسـامانە دۆستۆیڤسـکی پێمـان دەڵێـت: **زانایـانو فەیلەسـوفانی یونـان پێڵاویـان لـە پـێ نەدەکـرد، ئیـدی بۆچـی رووتەیەکـی وەکـو مـن ئەوەنـدە بایـەخ بـەو شـتە هیچانـە بـدات**... ئەمـە ئـەو جیاوازیانەیـە کـە هەموومانـی بـە خۆیـەوە خەریـک کـردوەو ژیانمانـی لەبەریـەک هەڵوەشـاندووە، مـرۆڤ کاتێـک دەبێتـە کەسـێکی جیاوازتـر لـەلای بەرامبەرەکـەی ئـەو هێـزە لەدەسـتدەدات کـە شـتەکانی جەسـتەی گۆڕانیـان بەسـەردا دێـت، لـەم رۆمانـەدا ئـەو لایەنـە دەرونیانـە دەبنـە جێگـەی سـەرنج کـە بـەو گۆڕانانـە کەسـانی تـرت لـێ دادەبڕێـن (**سـەبارەت بـە سـەری سـپیم، لـە مەشـدا بـە هەڵەچـووی ئازیزەکـەم، چونکـە ئـەو پیرەنیـم کـە تـۆ وێنـای دەکـەی)** ئەمـە گرفتـی بەشـێک لـەو مرۆڤـە هەژارانەیـە کـە تێـدا روبـەڕوی گەلێـک لـەو پرسـیارانە دەبنـە بـۆ ئـەو گۆڕانکاریانـەی بەسـەر جەسـتەیاندا هاتـووە، لەکاتێکـدا ئەگـەر دەوڵەمەنـدو خواپێـداوەکان تێکـڕای جەستەیشـیان شـێوا هێشـتا گرفـت نیـە بۆیـان چونکـە ئـەوان خاوەنـی سـامانو پـارەی زۆرن. دۆستۆیڤسـکی لەژێـر

ئـەو کاریگەریانـەی کـە بەسـەر تەمـەنو ژیانـی خۆیـدا هاتـووە، لـە ژێـر ئـەو تێڕامانـە قوڵانـەی هەیبـووە بـۆ ژیـانو مـرۆڤ ڕۆمانەکانـی لەژێر سـەدان پرسـیاری بەجێمـاودا نوسـیوەو بـۆ خوێنـەرانو ڕەخنەگرانـی بـە جێهێشـتووە... ئەوەتـا دەربـارەی پیاوێکـی ئـۆرگ ژەن دەڵێـت (**بـە بۆچوونـی مـن ئـەو ئـۆرگ ژنـەی کـە ئەمـڕۆ لـە شـەقامی گوروخوفیـادا دیتـم، زۆر لـەو خەڵکانـە شایسـتە تـرو هـەژی تـرە ، ڕاسـتە لـە بەیانیـەوە تـا ئێـوارێ خـۆی بـە شـەقامەکاندا بەکێش دەکاتو ئـۆرگ دەژەنـێ تـا نانـی خـۆی پەیـدادەکاتو سـواڵو سـەدەقەی لەکـەس نـاوێ، زەحمـەت دەکێشـێت، ڕەنـج دەداتو خەڵکـی سـەرگەرمو دڵخـۆش دەکات، یانـی هـاوار دەکات : وەرن، هەرچیـم لـە تواناداىێ دەیکـەم تـا سـەرگەرمو دڵخۆشـتان بکـەم...**) دۆستۆیڤسـکی ئـاوا خـۆی پێناسـەدەکات ڕەنـج دەدات بـۆ ئـەوەی لەکـەس نەپاڕێتـەوە، ڕەنـج دەکێشـێت تـا هەمووومـان دلخۆشـبکات، دواجـار بـە هەموومـان دەڵێـت: ئێـوەش وەکـو ئـەو پیـاوە ئـۆرگ ژەنەبـن چونکـە ( منیـش وەکو ئەو کابرا ئۆرگ ژەنەم).

ئـەم ڕۆمانـەش یەکێکـە لـەو بەرهەمـە ناوازانـەی کـە وەکـو دەیـان بەرهەمـی تـری نوسـەرو وەرگێـڕکاک (حەمـە کەریـم عارف)بـە سـەلیقەیەکی وردەوە وەری گێـڕاوە. بـە هیوایـن کـۆی بەرهەمەکانـی دۆستۆیڤسـکی وەکـو ئـەم بەرهەمـە ببینیـن .

- **هـەژاران/ ڕۆمـان/ دۆستۆیڤسـکی/ وەرگێڕانـی حەمـە کەریـم عـارف/ چاپـی دووەم سـاڵی ٢٠١٢/ لـە بڵاوکراوەکانـی ناوەنـدی سـایە.**

# پێچەوان بوونەوەی وێنەکان

# لەلای قانع

## لە شیعری (چۆنیەتی زەمانە) دا

چۆنیەتی زەمانە

بێ حەیایی باوە ئەمڕۆ، قوڕبەسەر دا کا حەیا
کەندەڵان سەربەرز و شادە، خۆی بشارێتۆ چیا
گوڵ ئەگەر ئەقڵی ببێ، قەت سەر لەخاک ناکاتە دەر
چونکە ڕۆژی دڕکو داڵە و گەرمی بازاڕی گیا
با، لە هەورا سەرنیگون بن مانگ یا ڕۆژی جوان
شەمشەمە کوێرە ئەڵێ: من نامەوێ شوعلەی چیا
ئەی فەلەک! راستۆ نەبی، بۆ ڕێک و پێکی دەورەکەت
گورگ ئەبێتە شوانی ران‌و دز ئەبێتە ئەولیا
نێرەگا جووتێ ئەبیتە ریزی لوقمانی حەکیم
فەیلەسووفێکیش ئەخەیتە ژێر چەپۆکی ئەشقیا
تۆ بە مێروولەی زەعیف ئیشی سلێمانی ئەکەی
خاتەمی مۆری نگینت کردە دەست دێوی هەیا

* * *

لێکۆڵەرەوانی شیعرو ئەوکەسانەی کاریان لەسەر دیوانی شاعیرە کلاسیکیەکانی کورد کردوەو بەدوادا چونیان بۆ ساخکردنەوەی بەرهەمی ئەو شاعیرانە کردوە، وێنەی (قانع)ی شاعیریان جیاکردۆتە لە زۆربەی وێنەو دەنگی شاعیرە کلاسیکیەکانی تری کورد، قانعیان وەکو ناو، یان وەکو شاعیر ئەو پێناسەیەیان بەسەردا سەپاندوە، پێی دەڵێن (شاعیری چەوساوەکان) ئەم جیاکاریەش تا رادەیەک رەنگە لە جێگەی خۆیدابێت چونکە شیعرەکانی قانع لەشیعری هەموو شاعیرەکانی تری ئەو قۆناغە زیاتر کاری لە سەر

تێڕوانینو ئازارەکانی کۆمەڵگا کردوەو رۆچۆتە ناو ژیانو برینەکانی کۆمەڵگای ئەو رۆژگارەی کە تێیدا ژیاوە. قانع تێڕوانینی فراوانی هەبووە بۆ ستەمو بوونی خەڵکیو لە وێنەی ژیانو تەمەنی کەسەکانی دەوروبەریەوە بەردەوام ئازارەکانی خەڵکی خوێندۆتەوە. ئەگەر قانع شاعیری چەوساوەکان بووبێتو بە شیعر لەسەر مەسەلە ئەخلاقیەکانیان هاتبێتە دەنگ کە دیوانەکەشی زۆر ناونیشانی شیعری ئاوای تێدایەو ئاماژەن بۆ بەرگریکردن لەو ئینسانانەی کە هەمیشە کەوتوونەتە بەردەم گورزی خراپەکارەکانەوە. بەڵام وەکو ناونیشانی قانع خۆیشی ژیانو تەمەنی دوورنەبووە لەو مەینەتیانەی کە لەو رۆژگارەدا بەردەوام قانع گیرۆدەیان بووە. لەم دوو تێڕوانینەوە تێڕوانینێک بۆ ئازارەکانی خەڵکو تێڕوانینێکیش بۆ مەینەتیەکانی تەمەنی خۆی شیعری قانعیان زیاتر بەلای ئەو ئازارانەدا بردووە کە خەڵکو خۆیشی تێیدا بوونتە قوربانی، قانع تێڕواننی بۆ ژیان رەنگە زۆر جیاواز تر بووبێت لە تێڕوانینی شاعیرەکانی تر، قانع ویستوویەتی بە مرۆڤ بڵێت ئەو جیهانەی تێدا دەژی زۆر جیهانێکی خۆشو دادپەروەرانە نیەو ناکرێت مرۆڤ زۆر دڵی پێ خۆشبکات چونکە هەمیشە نادادپەروەری تێیدا حاکمە، قانع لە خۆڕا ئەو جیهانە رەتناکاتەوە کە مرۆڤی تێدا دەژی، کاتێک لەو جیهانە رادەمێنێت ئەوەی دەیبێنێت زۆربەی مرۆڤەکان بوونەتە قوربانی تێداو ئەوەش دەبینێت ئەوە ئەو جیهانەیە کە بۆتە جیهانی مرۆڤەگەلێک کە ئەوان دەتوان بە ئازادانەو ئاسودانە تێدا بینوبچن هەر ئەو کۆمەڵە مرۆڤەن بوونەتە دارمانی خەونو چەوسانەوەی مرۆڤەکانی تر. قانع بەو حەرفانەی هەڵیبژاردونو لە شیعرەکانیدا جێگەی کردونەتەوە دەیەوێت ئەوجیهانە بەو جیهانە دۆزەخیە وێنەبکات کە بوونی خۆیو ئەوانەی وەکو خۆی وان بەردەوام تێکدەشکێنێت، بۆیە ئەوە قانع خۆیەتی دەیەوێت دوبارە ئەو جیهانە بگۆڕێت بەو جیهانەی

کە ببێتە جیهانی هەموو خەڵک نەک جیهانێک بۆ ئەو کەسانەی کە بەژمارە هێجگار کەمنو تێیدا بەختەوەردەبن. پرسی تاکە کەسو کۆمەڵگا لە شیعری قانعدا پرسێکی هێجگار شێواوەو هەموو ئەو شێواویەش دەبەستێتەوە بە بیرو رفتاری خەڵک خۆیەوە، لای قانع ئەگەر تاک خۆی چاککرد ئەوا دەتوانێت ئەو جیهانە شێواوەی تێیدا دەژی باشتربکات. قانع لە شیعری ( چۆنیەتی زەمانە)دا وێنەی جیهانو رۆژگارێکمان بۆ وێنادەکات کە خەڵک ئیتر دەبنە قوربانی رفتارو بیری کەسانێک کە هیچ جێگایەکیان بۆ بەختەوەری مرۆڤەکانی تر نەهێشتۆتەوە. قانع لەو شیعرەدا لە تێڕوانینی دەرونو جیهان بینی خۆیەوە پەیوەندی نێوان تاکەکانو رۆژگارمان لە چەند وێنەیەکی دەگمەندا بۆ دیاری دەکات. داوادەکات ئیتر خۆمان لەو جیهانە شێواوە بەدووربگرینو دڵمان پێی خۆشنەبێت چونکە ئیتر جێگای بوونی زۆربەی مرۆڤایەتی تێدا نابێتەوە کە لە هەموو شتێکی باشو جوانی بێبەش کراون. هەرگیز ئەوە ئەو رۆژگارە نیە کە زۆربەی مرۆڤایەتی داوای دەکەن لە روی ئاسودەیو بوونەوە. ئەگەر ئەم وێنانەی ناو ئەم شیعرەی قانع (چۆنیەتی زەمانە) وەکو تەماشاکردنی رۆژگار وەربگرین، لە کۆی شیعرەکەدا توشمان دەبێت توشی ئەو وێنە سەرنج راکێشانەوە کە قانع وەکو خۆی دەیانبینێتو هەستیان پێدەکات جیا لە تێڕامانی خەڵک لای خۆی دەبێتە ئازارێکی کوشندەو حەرف بە حەرف دەستدەکات بە کێشانی ئەو وێنە باوو ترسناکانەی کە دەوری خۆیو کۆمەڵگاکەیانی داوەو بەو وێنانە دوا لە خەڵک دەکات کە جیهانی ئێمە جیهانێکە تەواو شێواوەو نوقمی رۆژگارێکی هێجگار نادادپەروەربوونتەوە. قانع پەیوەندی خەڵکو رۆژگارەی لەم شیعرەدا کردوە بە پیوەندیەکی لێکدابڕاو و ترسناک. هەر بە پەیوەندی مرۆڤەکانەوە نەوەستاوە کە خۆی لە پەیوەندیەکی کوشندەو پڕلە بریندا دەبینێتەوە،

بەڵکو کاری لە سەر وێنەی سروشتو گیان لەبەرەکانی تریش کردوەو لە هەر دێڕێکیدا ئەو وێنە سەرنج راکێشانە دەبینین کە قانع لێیان دواوە. مرۆڤ و سروشتو گیانلەبەرەکانی تریش لەم شیعرەدا گیرۆدەی ئەو رۆژگارەن کە لای قانع تەواو پێچەوانە بۆتەوەو هەموو شتە جوانو باشەکان، هەموو ئەخلاقە پیرۆزەکان بوونەتە قوربانی هەموو شتە ناشیرینو خراپەکارەو ئەخلاقە بەربەریەکان، راستە لەم شیعرەدا قانع کاری لە سەر رۆژگارێکی رەشو شکست خوارد بۆ مرۆڤایەتی کردووەو خوێنەر دەتوانێت لەم شیعرەدا گەلێک وێنەی رەشی ئەو رۆژگارەی کە شاعیری تێدا ژیاوە بدۆزێتەوە، بەڵام دەبینین قانع لەناو نیشانی شیعرەکەوەیەوە بەتەنیا کاری لەسەر ئەو رۆژگارە نەکردوە کە بوونی خۆی تێدا بردۆتە سەر، بەڵکو تەواوی شیعرەکە ئاماژەیە بە رۆژگارەکانی ترو وێنەی زۆر زەمانەی تریش، کە دڵنیام لە هەموو رۆژگارەکانی تری مرۆڤایەتیشدا ئەو رۆژگارەی ئەم شاعیرە بەو وێنە دەگمەنانەوە لێیان دەدوێت دەبێتە رۆژگاری گەلێک مرۆڤی تریش لە سەرزەویدا. رۆژگاربینی قانع لێرەدا بۆتە تێڕوانین بۆ ئەو قوربانیانەی کە مرۆڤ بۆ ژیانو تەمەنی خۆی دەیداتو ئیتر ناتوانێت بەو خواستو ئامانجەیبگات کە کاری بۆدەکات، سەردەمی هەموو نوسەرو شاعیرێکیش دەبێتە بەشێک لە تێڕوانینو واقعبینی بۆ روداوو ئەو پرسیارانەی تێیدا رووبەرو دەبێتەوەو بەشێک لە پرسیارو وێنانەی دێنە رێگەی لە باشو خراپ دەیخاتە ناو بازنەی نووسینو شیعرەکایەوە. قانع پێ لەسەر رۆژگارێک دادەگرێت کە ئیتر رۆژگاری هەموو دەمووچاوە خراپەکارو وێنە شێواوەکانی ناو کۆمەڵگایەو باقی کۆمەڵگا ئیتر دەبێت ببنە رێگای پەڕینەوەی بۆ خۆشگوزەرانی کەسانێک کە بەردەوام رۆژگار بۆ بوونی خۆیان بەکاردەخەن. خۆ ئەگەر لەم شیعرەوە جەستەی مرۆڤایەتی لە رۆژگاری بوونی قانعدا بخوێنینەوە ئەوا دەبینین

جەستەی خەڵکی چەند شێواو پڕ برینو تێکشکاوبووە، شیعرەکە پڕە لە ئاماژەی ترسناک بۆ ئەو رۆژگارەو رۆژگارەکانی تریش، ئەگەر لەم شیعرەوە رۆژگاری قانع بخوێنینەوە دەکەوینە بەردەم گەلێک تراژیدیای مەترسیداری مرۆڤایەتی، دێڕ بە دێڕی شیعرەکە زۆر ماناو وێنەی قوڵ لە خۆ دەگرنو شاعیر تەواوی رۆژگارەکەی خۆی رەفزدەکاتو پێ لە بوونی هەموو جۆرە مرۆڤێکی بەحەیاو چاکە خواز دەنێتو زەمەنی جەستە خراپەکارەکانمان بۆ دەکاتە کۆی بوونی ئەو کەسانە کە دونیایان کردۆتە شوێنی مردنی باقی مرۆڤەکاتی تر. شیعرەکە هەموو ئەو پەیوەندیانەمان بۆ دەخاتەروو کە دەبێتە پەیوەندی نێوان کەسەکان بۆ ململانیەی یەکتریو سەرکەوتنی خواستی ئەوکەمینەی کە دەستیان ناوەتە بینی ژیانی خەڵکی. وێنەکانی ناو ئەم شیعرە ئەو وێنانەیە کە شاعیر بۆخۆی دونیا بینی رۆژگارەکەی خۆی پێ وێنادەکات، ئەویش خۆی لە وێنەی داڕمانی بەشێکی زۆری مرۆڤدا دەبینێتەوە. خوێنەر دەزانێت ئەم شیعرە چەند دەبێتە هەڵگری ئەو وێنانەی کە شاعیری لەو رۆژگارەدا تێدا ژیاوە لە روی نائومێدیەوە زیاتر لەوەش وێنەکان دەبنە وێنەی نائومێدتر بۆ رۆژگارەکانی تریش. هەر ئەمەیە وادەکات لەیەککاتدا دوو رۆژگار یان چەند رۆژگارێکی تر لە وێنەکانی ناو شیعرەکەدا بدۆزینەوە، دەتوانین رۆژگاری سەردەمی قانعی پێ شیبکەینەو ئاماژە بە برینو نائومێدبوونی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمە بکەین. دەیشتوانین لە ئێستا هەموو نائومێدیەکانی خۆمانی پێ وێنابکەین. قانع بەو وێنە دەگمەنانەی لەم شیعرەدا خستونیەتی روو لێزانانە لەسەر جەستەو وێنەو ئەخلاقیەتی مرۆڤ بۆ رۆژگارەکەی خۆی راوەستاوو وێنەی ئەو جەستانە بە حەرف دەکێشێت کە لە سەربونی دونیایەک نائومێدی دەژین. وێنە ونبۆکانی ئەو جەستانە لەم شیعرەدا دەکاتە بانگەوازێک بۆ دەرچوون لەو بانگەوازە درۆزنانەیەی

کە ڕۆژگار بە ڕۆژگارێکی باشو خۆش دەزانن بۆ مرۆڤایەتی، شاعیر هەموو ئەو دەنگۆیانە بەدرۆ دەزانێتو بە خەڵک دەڵێت ئەمە ئەو وێنە ڕاستە قینانەیە کە ئێمەی گیرۆدەکردوە، دەبینین قانع چۆن چۆنی لە سەرەتای شیعرەکەیەوە دەست دەخاتە سەر برینەکانو ئەو ڕۆژگارەی خۆی تێیدا ژیاوە بەخەڵک رادەگەیەنێت:

**بێ حەیایی باوە ئەمڕۆ، قوڕپەسەردا کا حەیا**

**کەندەڵان سەربەرزو شادە، خۆی بشارێتۆ چیا**

شاعیر لەم وێنانەی ناو شیعرەکەیەوە نەیتوانیوە وێنەی ئەو ڕۆژگارەی خۆی بشارێتەوەو لە ئاست خراپەکاریەکانی دەوروبەریدا بێدەنگی هەڵبژێرێت. دێڕ بە دێڕ دەمانخاتە سەر وێنەکانی ئەو ڕۆژگارەو دەبینین کە چۆن چۆنی ئاماژە بە هەموو خراپەکاریەکانو ڕەشەبینەکانی کاتی خۆی دەکاتو تەواوی هەموو وێنەکانی لای پێچەوانە بوونەتەوە کە زەمەنێک بە ئومێدبووە بیانگاتێو ئاسودەیان بکات، کەواتە چی وایکردوە تا قانع ئەو وێنانەمان بۆ بخاتە ناو شیعرەکەیەوە بمان گەڕێنێتەوە بۆ ڕۆژگاری خۆیو شیعرێکمان بۆ بەجێبهێڵێت کە یەکێکە لە شیعرە پڕلە ماناو نەمرەکانی ئەو شاعیرە، قانع لە بوونی حەیاوە دەستدەکات بە ناساندنی مرۆڤەکانی ڕۆژگاری خۆی، حەیا لە لای مرۆڤ بەشێکە لە حورمەتو ئیرادەی مرۆڤ بۆ ژیانو بوون، شاعیر لە سەرەتای شیعرەکەیەوە بە بوونی حەیا دەست دەکات بە ناساندنو شکستی ئەوکەسانەی کە هەموو حەیای خۆیان فڕێداوە بووەتە هۆکاری شکستی دەوروبەرەکەیشیان. ئەو ڕۆژگارەی کە ئیتر حەیا دەبێت بە دوو لەتەوەو بێ حەیایی دەگاتە لوتکەی خۆیو کەسانی بەحەیاو پاکیش دەبنە کەسانی شکست خواردوو. لەم شیعرەدا کۆمەڵێک چەمکی دژ بەیەک بۆ

مرۆڤایەتـی خراوەتـەروو کـە خـۆی لـە ئـەو چەمکانـەدا دەبینێتـەوە کـە ئیتـر ئـەوە ئـەو ململانیەیـە وای کـردوە مرۆڤـی راستـەقینە بوونـی نەمێنێـتو بـە هەمـوو بەهـا جوانەکانیـەوە لـە ئاسـت بێحەیایـی مـرۆڤ گەلێکـی دڕنـدەدا شکسـت بخـوات. مامەڵـەی قانـع لێـرەدا دەبێتـە مامەڵەیەکـی وردی ئینسـانی بـۆ سـەرکەوتنو شکسـتی ئینسـانەکان لـە رۆژگارە جـۆر بەجۆرەکانـدا... ئـەو شکسـتانە بـۆ مرۆڤایەتـی لای قانـع ئـاوا دەردەکەوێـت (کەسـی بێ حەیا) دەبێـت بـە هـۆکاری شکستی خواستەکانی گەلێک مرۆڤـی بەحەیـای تـر لـە مێـژوودا (کەنـدەڵان) کـە دیـارە لای قانـع ئەمیـش لـە شـیعرەکەدا هـەر ئاماژەیـە بـۆ کەسـی خـراپ، بـەڵام شـاعیر زیرەکانـە ئـەو وێنانـە لـە سروشـتەوە دێنێـت دەیـان گوێزێتـەوە بـۆ وێنـەی نـاو شـیعرەکەی. کەنـدەڵان دەکات بـە وێنـەی سـەرکەوتوو بـۆ شکسـتی چیـای سـەرکەش، لـە دیدیـی قانعـەوە کاتێـک کـە رۆژگار روی خـۆی دەگۆڕێـت ئیتـر هەمـوو شـتە خراپـەکان هەمـوو شـتە ناجـۆرو ناشـیرینەکان دەبنـە حاکمـی هەمـوو بەهـا جـوانو پیـرۆزەکان... قانـع ئەوەنـدە بێـزارە لـە رۆژگارو تەمەنـی خـۆی، بەدەسـت کەسـە هەلپەرسـتو نامۆکانـەوە، بەدەسـت ئـەو مرۆڤانـەی ژیانیـان لـە خەڵـک کـردوە بـە دۆزەوخ، لـە شـوێنێکی تـردا داوادەکات کـە ئیتـر سروشـتیش چـۆڵ بکرێـت بـۆ دڕوک داڵو گژوگیـا، گـوڵ سـەر نەهێنێتـە دەرەوە لـە خـاک... هەمـوو ئـەو وێنانـەی قانـع لـەم شـیعرەدا دەیانخاتـە روو هەموویـان پەیوەندیـان بـە رۆحـی سـەرگەردانی مرۆڤـەوە هەیـە بـۆ ژیـان، بـەڵام قانـع لـە ژێـر نـاوی ئـەو وێنانـەدا رۆحـی مرۆڤایەتـی دەخاتـە روو:

**گوڵ ئەگەر ئەقڵی ببێ، قەت سەر لەخاک ناکاتە دەر**

**چونکە رۆژی دڕکو داڵە و گەرمی بازاڕی گیا**

بانگـەوازی قانـعو داواکاریەکانـی لێـرەدا دەبێـتە ئـەو بانگـەوازەی کـە ئیتـر هەمـوو شـوێنێک بـۆ مرۆڤـی بـاش حـەرام کـراوەو رۆژگاری ئـەو کەسانەیە کـە

سەر سەختانە بەر بەویستو داخوازی مرۆڤایەتی دەگرن. قانع ئەوەندە ژیانی پڕبووە لە بەدبەختیو رەشبینی داوا دەكات كە چیتر لە گەرمەی بازاڕی ناخۆشیدا جوانیەكان سەر نەیەنە دەر چونكە ناتوانن درێژە بە بوونی خۆیان بدەن، ئەو شەڕەی قانع لێرەدا بە گوڵاو دڕكی دەكاتو وێنەیان دەخاتە روو شەڕێكە لە شەڕی ئەو ئینسانانەی كە ئەوتی ژیان هەیە خەریكی پێدادانی یەكترینو زۆركاتیش ئیتر بەدبەختیەكە بۆ ئینسانە باشو چاكە خوازەكان بووە شكستیان خواردووەو رۆژگار بۆتە رۆژگاری دڕك ودالو مرۆڤە دڕندەكان.

**با، لە هەورا سەرنیگون بن مانگ یا رۆژی جوان**
**شەمشەمە كوێرە ئەڵێ : من نامەوێ شوعلەی چیا**

مامەڵەكردنی ئەم دەقە شیعریە مامەڵە كردنێكە كە قانع تێیدا پێ لەسەر هاتنە سەركاری ئەو مرۆڤانە دادەگرێت كە هەموو ویستیان بۆ پاوانكردنو چەوساندنەوەی بەرامبەرەكەیانە بە هەموو نەزانیو بێ ئەقڵی و بێحورمەتی خۆیانەوە. هەوڵی شاعیر خستنەروو هێنانەكایەی ئەو گەمە تۆ قێنەرانەیە كە تێیدا ئیتر روناكیو جوانی تێدا ماڵ ئاواییان لێدەكرێتو شەمشەمە كوێرەكان دەبنە وێنەی سەردەمە جۆر بە جۆرەكانو ئەوان ناو لە شتەكان دەنێن. قانعیش راستگۆیانە لە وێنەی رۆژگاری خۆیەوە وێنەی رۆژگارەكانی تریشمان بۆ وێنە دەكێشێت كاتێك خوێنەر لەم وێنانەی تری ناو دەقە شیعریەكە رادەمێنێت، دەزانێت شاعیر چەند خێرا بە گڵ فەلەكو دەركەوتە نامۆكانی دەوروبەریدا دەچێتەوە:

**ئەی فەلەك! راستۆ نەبی، بۆ رێك و پێكی دەورەكەت**
**گورگ ئەبێتە شوانی رانو دز ئەبێتە ئەولیا**

ئـەم ناونانـە بـۆ فەلـەکو هاتنـە کایـەی رۆژگارێکـی رەش لـە رۆژگاری قانـع دا، درککردنـی ئـەو تـاوانو دڕندایەتیانەیـە کـە مـرۆڤ ئیتـر ناتوانێـت پێشـبینی هیـچ روداوێکـی باشـبکات بـۆ تەمـەنو رۆژەکانـی خـۆی. شـاعیر وێنـەی هاتنەکایـەی دەورانێکـی خـراپو شکسـت خـواردوو وێنـە دەکێشـێت، وێنـەک کـە لای قانـع سـەدان خوێندنـەوە هەڵدەگرێـتو هەرخـۆی بانگەشـە بـۆ ئـەو جیاوازیـە گەورانـە دەکات کـە کەوتوونەتـە نێـوان مرۆڤەکانـەوە. سـوڕانی گـەردون دەبێـت بـە سوڕانێکی کوشـندە بـۆ زۆرکـەسو بـۆ هەندێـک کەسیش دەبێت بـە دەورانێکـی بەخشـندە. لای شـاعیر ئـەو دەورانـە بەجۆرێـک دێـت کـە ئیتـر وێنـەکان بـۆ ژیـان گۆڕانێکـی ئەوەنـدە قورسیان بەسـەردا دێـت تـا ئاسـتی ئـەو ناونانـەی کـە وێنەیەکمـان بـۆ دەکێشـێت گـورگ دەبێـت بـە شـوانی ران. ئـەو وێنـەی کـە قانـع لـەم شـیعرەدا لـە وێنـەو ناوهێنانـی گورگـەوە بـۆ مرۆڤـی دەکێشـێت وێنـەی ئـەو مرۆڤانـەی کـە سـوڕانی فەلـەک چـۆن چۆنـی دەیانـکات بـە زانـاوو دەسـەڵاتدار بەسـەر گیانـی کەسـانی نائومێـدو بەدبەختـەی تـرەوە. قانـع ئـەو رۆژگارەی خـۆی لـەو شـێوەیەدا جێگەدەکاتـەوە کـە ئیتـر گورگـە مـرۆڤ دەبنـە شـوانی ئـەو مرۆڤـە نەبـوو بەشـخوراوانەی کـە نیگایـان بـۆ هەمـوو شـتەکان لـێ زەوتدەکرێـت. لای قانـع ئیتـر پێناسـەک بـۆ ئامادەبوونـی مرۆڤـی بـاش نەمـاوە. ئـەو ناونیشـانەی ئـەو دایدەنێـت جەسـتەی دزەکانـە کـە ئیتـر خۆیـان وەکـو ئـەو لیـا دەناسـێننو رۆژگاردەبێـت بـە رۆژگاری ئـەوانو جیهانێـک دەخولقێنـن کـە مـرۆڤ لـە جیاتـی ئومێـدو خواسـتەکانی تەمەنـای مـردن بـکات. ئـەم دوو بەیتـە شـیعرەی نـاو شـیعرەکەی قانـع لـە روی مانـاوو لێکدانـەوەوە بـۆ ئـەو رۆژگارەی شـاعیری تێـدا ژیـاوەو بـۆ رۆژگارەکانـی تریـش دوو بەیتـە شـیعرن کـە زۆر زەحمەتـە ئەوانـەی دەیخوێننـەوە بتوانـن وازوو لێـی دابـبڕێـنو مانـای جیاجیـای بـۆ نەدۆزنـەوە. ئاخـر خـۆ شـیعری بـاش گرنگـی لەکێشـانی ئـەو وێنانەدایـە کـە شـاعیر لـە شـیعرەکانیدا

دەیانکێشـێتو درێژدەبنـەوە بـۆ رۆژگارو لای خوێنـەر جیـا جیـاکان بـە تێڕامـانو خوێندنـەوەی جیـاوە. قانـع لـە شـیعرەکەیدا درێـژە بـەو رۆحیـەتو سـتەمی ئـەو رۆژگارەی خـۆی دەداتو ئـاوا جیـا وازیـەکان لـە نێـوان مرۆڤەکانـدا دەخاتـە روو:

**نێرەگا جووتێ ئەبیتە ریزی لوقمانی حەکیم**

**فەیلەسووفێکیش ئەخەیتە ژێر چەپۆکی ئەشقیا**

ئـەو تێگەیشـتنەی قانـع بـۆ رۆژگار هەیەتـی تێگەیشـتنێکی زیرەکانـەو قوڵـە بۆ سـەرکەوتنو شکسـتی مرۆڤـە جیـا جیـاکان بـە دوو ئاراسـتەی تـەواو پێچەوانـە. لــە پێکهاتــەی رۆژگارە پێکــە نیناویەکانــدا وێنــەکان لای بیرمەنــدانو کەســە تێگەیشـتۆکان کـە قانـع زۆربـاش درکیـان پێدەکات چەنـد پێکەنیناویانـە شـتەکان تێکـەڵ بـە یەکتـری دەبـن. ئـەو پرسـیارانەی کـە هەمیشـە بـۆ ئـاوەژوی شـتەکان دەکرێـن تابـە وەڵامێکـی گونجاوبگـەن لای قانـع ئـاوا لـە وێنـەی شـیعرەکەیدا وەڵام دەدرێتـەوە: کەسـە نـەزانو بەدخـووەکان، گێـلو نەفامـەکان دەگەیەندرێنە جێگەی کەســە زانــاو رۆشــنبیرەکان . بــە دیوەکــەی تریشــدا کەســە بــاشو لێهاتــۆکان دەکرێنــە قوربانــی بـۆ ئـەو مرۆڤانــەی قانـع لـە وێنــەی گادا ناویـان دەهێنێـت. ئامانـج و ویسـتی کەسـە زانـاو خوێندەوارەکانیـش دەخرێنـە ژێـر چەپۆکـی کەسـە درِندەو نەزانەکانـەوە. کارکردنـی قانـع لـە سـەر ئـەم جـۆرە وێنانـەی نـاو کۆمەڵگا لـە رۆژگارە جـۆر بـە جۆرەکانـدا پەیوەنـدی بـەو ئیرادەیـەوە هەیـە کـە هەمیشـە بـە ئیرادەیەکـی خـراپ بەرێـوە دەچێـتو دەرگا لەسـەر کەسـە خـراپو خۆویسـتو درِندەکان دەکرێتـەوەو ئیرادەیـان زاڵ دەکرێـت بـە سـەر ئیـرادەی سـەدان کەسـی بیرمەنـدو بـاش دا کـە ویسـتیان ویسـتێکی مـرۆڤ دۆسـتانەیە. لـە هەنـاوی هەمـوو رژێمێکـی خراپیشـدا دەرگا لەسـەر خواسـتی مرۆڤـە بـاش و جدیـەکان داخـراونو لــە جێگەیــان کەســانی گێــلو ناشایســتە دانــراون. ئــەم جــۆرە مامەڵەکردنــەی قانـع بـۆ وێنـەی مرۆڤـەکان وتێکـەڵ کردنیـان بـە دەقێکـی شـیعری، واتایەکـە بـۆ

خوێندنـەوەی جەسـتەی ئـەو کەسـانەی هەمـوو جـۆرە خراپـەیـەک پەیڕەودەکـەن بـۆ سـەرکەوتنی ویسـتی خۆیـان. قانـع دواتـر لـە کۆتایـی شـیعرەکەیدا وێنـەو مانـاکان زیاتـر تێـک هەڵکێشـدەکاتو دەقێـک دەنوسـێت کـە خوێنـەر هەمیشـە هەسـت دەکات ئـەو وێنانـەی شـاعیر لێیـان دەدوێـت بـە هەمـوو مانایەکـەوە لـە دەوروبەریـی خۆیـدا بوونیـان هەیـە . ئـاوا لـەم دوو نیـوە دێـڕەی کۆتایـدا قانـع وێنەیەکمـان بـۆ دەکێشـێت کـە وەڵام دانەوەیەکـە بـۆ دەردە بێکۆتاییـەکان:

**تۆ بە مێروولەی زەعیف ئیشی سلێمانی ئەکەی**
**خاتەمی مۆری نگینت کردە دەست دێوی هەیا**

شـاعیر لـە کـۆی کارەکانـی مرۆڤـی لاوازو بێئیـرادە کـە خـۆی لـە هەمـوو نائومێـدیو خراپەیەکدا لـە رۆژگارە جیاجیاکانـدا بـۆ مرۆڤایەتـی دەردەخـات ئیتـر لـەو رۆژگارانـەداو لەسـەر دەسـتی ئـەو جـۆرە مرۆڤانـەدا کـە بـە هەمـوو پێوەرێـک هیـچ نیـن جگەلـە کەسـانێکی خـراپ، نابێـت چاوەڕوانـی هیچـی تربکەیـن جگـە لـەو ناخۆشـیانەی هەمانـەو بەدەسـتیانەوە گیرۆدەبوویـن . ئـەوەی قانـع لـەم شـیعرەدا ئاشـکرای دەکات بوونـی ئـەو مرۆڤانەیـە کـە کەوتوونەتـە نێـوان مـەرگو حاکمیەتـی مرۆڤـە گێـلو نەزانەکانـەوە، کـۆی شـیعرەکەی قانـع کۆی ئـەو وێنانەیە کـە خـۆی لـە ناونیشـانی ئـازارو خراپەکاریـدا بـۆ مـرۆڤ وێنـا دەکات. قانـع لـەم شـیعرەدا مەرگـی کۆمەڵـگا ئاشـکرادەکاتو لەسـەر ئـەم جـۆرە مەرگـە ناونیشـانی ئـەو خراپەکاریانەمـان بـۆ دەکێشـتو رەخنـە لـەو رۆژگارانـەش دەگرێـت کـە هەمـوو مەینەتیەکانـی لەسـەر جەسـتەی بەشـێکی زۆری کۆمەڵـگا کەڵەکەکـردوەو مرۆڤـی لاوازو گـورگ ئاسـا دەکات بەحاکمـی بریـنو هەمـوو نەبوونیەکانیـان.

***- دیوانی قانع لاپەڕە ٦٨**

# بەد بەختیەکانی مرۆڤ لە نازیەتەوە تا کو ئێستا

## لە رۆمانی (کاتژمێری ٢٥) دا

زۆرن ئـەو دەقانـەی وەکـو دەقی هەموو سـەردەمەکان دەمێننـەوە و کاریگەریان لەسـەر بیروهۆشـی خوێنـەر بەجێدە هێڵـن، ئـەوەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە گێڕانـەوەکان لـەو دەقانـەدا گێڕانـەوەی هەمـوو قۆناغـە یـەک لـەدوای یەکەکانـە بە جیـاوازی کاتـی نوسـینی دەقەکانـەوە. بۆیـە دەکـرێ بڵێـم ئـەم ڕۆمانـە ڕۆمانـی هەمـوو خوێنـەرە جیاجیانـە لـە هەمـوو شـوێنێکی ئـەم سـەر زەمینـەدا. ئـەو دەنگانـەی لـەم ڕۆمانـەدا بوونیـان هەیـە، خوێنـەر لـە زمانـی هـەر یەکەیانـەوە ئـەو هەمـوو نادادپـەروەرییەو کوێرەوەریانـە دەخوێنێتـەوە کـە بوونەتـە بەشـی هەمـوو ئینسـانەکانی ئـەم سـەر زەمینـە، زۆری ئـەو دەنگانـە بوونەتـە دەنگـی کەسـانی بـەش مەینـەت و لـە هەربەشـێکدا خوێنـەر دەهاوێتـە نـاو دونیایـەک بێشـەرەفی ومەردایەتـی پاڵەوانەکانیـەوە، کـە کـۆی دەنگـی هەمـوو ئینسـانە درەنـدەو مشـەخۆرەکان لەگەڵیشـیدا دەنگـی هەمـوو ئینسـانە زۆڵـم لێکـراوەکان دەبیسـتین. دەنگەکانـی نـاو ئـەم ڕۆمانـە بەتەنیـا بۆخۆیـان نادوێـن و نابنـە ئەخلاقیەتـی پاڵەوانەکانـی بەتەنیـا، بەپێچەوانـەوە (کۆنسـتانتین گۆرگیـۆ)ی نوسـەری ئـەم ڕۆمانـە نەمـرە، لەهـەر بەشـێکی ئـەم ڕۆمانـەدا لەبـەردەم دەیـان پرسـیارو وەڵامـی جـۆراو جـۆردا ڕامـان دەگرێـت و دەمانباتـەوە بـۆ ناسـینی ئەخلاقیـەت و دڕنداتیەتـی ئـەو ئینسـانانەی کـە لـە ژێـری نـاوی هەمـوو جـۆرە ئایدۆلۆژیاکانـدا بـەردەوام مرۆڤایەتیـان خەڵتانـی خوێـن و داڕزان کـردوە. لەنـاو ئەودەنگانـەدا دەنگـی (یوهـان مۆریتـس)ی غـەدر لێکـراوە. لەپەنـا ئـەم دەنگـە غەدرلێکـراوەدا نوسـەر گەشـتێکی دوورو درێژمـان پـێ دەکات بـە نـاو ئـەو هەمـوو ئۆردوگایانـەی کـە لـە هەمـوو لایەکـەوە دروسـتکراون بـۆ ڕەنجانـدنو کوشـت و بـڕی ئینسـانەکان... ئـەو ئۆردوگایانـە لـە ژێـر هـەچ ناوێکدابووبێتـن خواسـتیان تێکشـکانی ئینسـانەکان بـوەوە نـەک خزمەتکردنیـان.

(کۆنسـتانتین گۆرگیـۆ)ی نوسـەری ئـەم ڕۆمانـە کـە ئازایانـە و بـێ دوودڵـی

کاری لەسەر رسواکردنی هەموو ئەو بیرو باوەڕانەکردوە کە لە ژێر ناوی جۆراو جۆردا بەردەوام ئینسانەکانیان قڕکردوە. نوسەر لە دەنگی (یوهان مۆریتس)ەوە سیازدە ساڵ بەبەردەوامی هەموو ئەو کارە قێزەونانەمان پێنیشان دەدات کە لەناو جەنگە یەک لەدوای یەکەکانی ئەو سەردەمەدا بەرۆکی شارستانیەت و ئینسانیەتی گرتبوو، تا سەرئەنجام ئەم جەنگانە تێریان لە گۆشت وخوێنی دەیان میللەت نەخوارد کۆتاییان نەهات..

کۆتای نەهاتنی بەندێتی (یوهان مۆریتس) لەدوای سیازدە ساڵ بەندێتی ناو بەندیخانەو ئۆردووگاکاندا لەم رۆمانەدا ئەو راستییەمان پێنیشان دەدات کە ڕاستە نازیەت و کۆمۆنیستەکان و زۆری جەنگە گەورەکان شکستیان خواردو دونیایان بۆبەربەریەتی سەرمایەداری لەپای هەموو تاوانەکانە قێزەونەکانی خۆیان چۆڵکرد... دەبینین هێشتا ئێمەی ئینسان دیل و کۆیلەیەن، کۆیلەی هەموو ئەو تەکنەلۆژیایانەی لەدوای هەموو ئەو جەنگانە هاتنە بەرهەم و ئینسانیان لەبۆتەی خۆیاندا بچوک بچوک کردۆتەوە. کۆیلەی ئەو یاسایانەی بەناوی ئازادی و بەرگرتن لە جەنگەوە ئێمەیان پێ لە قالبداوە. کۆیلەبوون لەم رۆمانەدا کویلەبوونی هەموو ئینسانەکانە لە سەرجەم شارستانیەتەکانی دونیادا بە ئێستایشەوە. ئەو ئازادییەی بە خوێنی ملوێنەها مرۆڤ ئێستا بەدی هاتووە هێشتا نەی توانیوە مرۆڤایەتی لە کۆیلەبوون قورتاربکات، ئازادیەک بەخوێنی ئینسان بەدی هاتبێت سەرئەنجام بەرهەمەکەشی کۆیلەبوونە. ئەگەر سەرجەم بەشەکانی ئەم رۆمانە لە روی مەعریفیەوە لێکبدەینەوە ئەوا گرانە بتوانین بەهیچ ڕژێمێک بڵێن رژێمێکی ئازادو دیموکراسی وسەربەخۆ. ئەوکاتانەی ئێمەی مرۆڤ هەمیشە لە مێژودا دەگەڕێینەوە بۆ بینینی ئەو لافاوە خوێنەی لەسەر دەستی هێتلەر وستالینی دوایی لینیندا بەرۆکی دونیای گرت ئیتر هیچ بۆ ئەوە نامێنێتەوە ئێمە شانازی بە رابوردوی

خۆمانەوەبکەین، چونکە رابووردوومان بە خوێنی ئینسانەکان گەیشتۆتە ئێستا. ئەوەیە وادەگات هەمیشە بەشەرمەوە لە رابوورد بڕوانین (... **بۆنموونە دیموکراسی فۆرمێکی بەرزی سیستەمی کۆمەڵایەتیە و زۆر لە توتالیتاریزم باشترە، بەڵام ئەگەر لە دیموکراسیشدا تەنیا لایەنێکی مرۆڤ، واتە لایەنە ماددیەکانی لەبەرچاو بگیرێ، ئەوە بەمانای کوژاندنەوەی چرای ژیانە، کۆمۆنیست و ناسیۆنال سۆسیالیستەکانکانیش تووشی ئەو هەڵەیە بوون. ژیانی مرۆڤ لە گشتێییەتی خۆیدا خاوەنی چەمک و مانایەکە کە تەنیا بەو ئامرازو کەرەستانە دەرک دەکرێ کە بۆ ناسینی هونەر و ئایین بکاردێن... لا** ٤٣٩) ناسینی کێشەکان و خواستی دڕدانەی ئینسانەکان لەم رۆمانە بۆ جەنگ و هەموو بەدبەختیەکانی ئێمە، خۆی لە لایەنە مرۆڤایەتیەکەیدا نابینێتەوە و رژێمە یەک لەدوای یەکەکان خواستیان هێنانەدی دوونایەکی ئازادە دوور لە جەنگ بووبێ بۆ مرۆڤایەتی نا، بگرە زۆر بەپێچەوانەوە هەموو بنەماکانی جەنگ و پێکداداانەکان لە نێوان ئەو رژێمانەدا تەنها و تەنها لە سەربنەمای مادی و گرتنە دەستی دەسەڵات و شکاندنی کەرامەتی یەکتری رویانداوە. کە ئەم چەمکە تاکو ئێستاش لەدوای داڕمانی رژێمی نازیەکان و ئەو هەموو بەدبەختی و کارە نائینسانیانەی دەرهەق بە کۆمەڵگا جۆربەجۆرەکانیان پەیڕەویانکرد کە تا کوئێستا ئاسەواری ئەو ئازارو نەهامەتیانە بەروی مرۆڤەکانی ئەم سەردەمەوە بوونی ماوە. دواترو دوای روخانی کۆمۆنستەکانی روسیاش بە زەقی چەمکی ئازارو چەوساندنەوەی گەلان بوونی ماوە و تاسەریش ناکرێ ئێمە ببینە شایەت حالی کۆتای هاتن بە چەوساندنەوەو بەدبەختی گەلان لە سایەی ئەم رژێمانەی ئێستادا، هەچ رژێمێک گۆڕابێتو لە ژێر هەچ ناوێکدابووبێت لە قۆناغەکانی بەشەریەتدا ئەوا لایەنێکی کارەکانی ئەو رژێمانە چەوساندنەوەی ئینسان بووە لە ژێر ناوی جۆراو جۆردا.

ڕۆمانــی کاتژمێــری (٢٥)ی کۆنســتانتین گۆرگیــۆ، ئــەو ڕۆمانــەی لەنــاو دێڕەکانیــدا دەیــان غــەم و ڕەشــەبینی هەڵگرتــوەو هەمووومــان دەباتــەوە بــۆ ســەردەمی بەربەریەتــی ڕژێمــەکان کــە ســەدان هــەزار ئینســانیان بە مــەرگ گەیاند، ئــەو ڕۆمانــەی ڕون و دیــار وێنــەی هەمــوو ئەوکاتــە پڕلــە ئازارانــەی بــۆ کێشــاوین کــە لەســەر دەســتی نازیــەت و کۆمۆنیســتەکان و ســەرمایەداریدا توشــی گەلانــی دونیــا هاتــون. کاتژمێــری ٢٥ دەکــرێ بــە ڕۆمانێکــی سیاســی و شــایەت حاڵێکــی نەمــر نــاوی بەریــن‌و کــە بــەش بەشــی هەڵگــری دەیــان پێناســەیە بــۆ سیاســەت و چەمکەکانــی سیاســەت و ئــەو ڕژێمانــەی بەڕێوەیــان بــردوە، ئــەو چەمکانــەی بەنــاوی کۆمۆنیســت و ناســیۆنال سۆسیالیســت و دەیــان بیروبــاوەری تــرەوە مرۆڤایەتیــان بــەردەوام داوەتــە دەســت ئــازارو تێکشــکان، سیاســەتی کۆیلەبــون و داڕزانــی ئینســانەکان لــەم ڕۆمانــەدا دەمانخاتــە بــەردەم ســەدان گومــان و تێڕامانــەوە و شــەرممان لــە خۆمــان دێــت کــە ئێســتا لەســەرخوێنی ســەدان ملوێــن ئینســان ئێمــە وابزانیــن ئازادیــن... ئــەو ڕۆمانــەی دواجــار خوێنــەر دەخاتــە بــەردەم هەڵوێســتی نامرۆڤانــەی ئــەو ڕژێمانــەی بــەردەوام کاریــان ئەتکردنــی تــاک و قڕکردنیــان بــووە (**...تاقــە شــتێکی ڕژێمــی کۆمۆنیســتی بــە تــەواوی لــە وڵاتــی ڕوســیای بــۆ بەمیــرات ماوەتــەوە تــرس و تۆقانــدن و ملهوڕییــە لا ٥٣٢**) ئەمەیــە ئــەو ترســەی خوێنــەر دواجــار لــەم ڕۆمانــەدا خــۆی لەبەردەمــدا دەبینێتــەوە، وادەکات ئــەو بانگەوازانــەی کۆمۆنیســتەکان ڕایاندەگەیانــد وەکــو ڕاگەیاندنەکانــی ڕژێمــە فاشســتەکان تەماشــابکرێت. وادەکات کــە ئیتــر ناتوانرێــت بــڕوا بەهیــچ ڕژێمێکــی ســەر زەوی بکەیــن. ئــەو ڕژێمانــەی لــە ژێــر نــاوی هێنانــەدی دونیایەکــی پــڕ لەخۆشــی و عەدالەتــدا بانگــەوازی بۆدەکــەن وێنەکانــی نــاو ئــەم ڕۆمانــە ئــەو بانگەشــانەمان لادەکەنــە بانگەشــەی ڕەش و خوێنــاوی... کاتێکیــش ئــەو ڕژێمانــە بــەو بانگەشــە دڵخۆشــانەوە دێنــە ســەر گۆڕەپانــی کارکــردن بــۆ مرۆڤایەتــی

دەبینین جگە لە ئەتکردن و قۆرخکردنی دەسەڵات و ناعەدالەتی هیچی تر لەگەڵ خۆیاندا ناهێنن. لەم رۆمانەداو بە وێنەی ئەو دونیایەی کە (جۆرج ئۆیل) لە رۆمانی (مەزرای ئاژەڵەکان)دا بۆ رژێمە کۆمۆنیستەکانی دەکێشێت... خوێنەر ناتوانێت ببێتە شایەت حالی ئەودروشم و بانگەوازانەی کە بۆدونیای پڕلە کامەرانی رژێمی کۆمۆنیستی دەیکێشا، لەوە خراپتر زۆرکات خوێنەر لەم رۆمانەدا دەگاتە ئەو بڕوایەی کە سەرجەم رژێمەکان لەناخیاندا هەڵگری جۆرێک لە زەبروزەنگن (**مرۆڤ کە رێز لە کەرامەت و لێوەشاوەییەکەی نەگیرێ، کۆیلەیەکەو هیچی تر، ئەمڕۆ ئەگەر کەسێک بیەوێ لەسەر بنەمای رێوشوێنی ئەخلاقی بمێنێتەوە جگە لە خۆکوشتن چارەی دیکەی نییە، کۆمەڵگای ئەمڕۆمان بوونی کەرامەت و شایستەیی تاک و هەروەها ژیانی مرۆڤی ئازادی یاساغ کردووە. ئەم کۆمەڵگایە تەنیا تەحەمولی کویلان دەکا، بەڵام ئەوە تاسەرنابێ. کۆمەڵگایەک کە لەودا تاکەکانی مرۆڤ بوونەتە کۆیلە مەحکومە بە لەناوچوون جا ئەوە تا زوو رووبدات درەنگە لا ٢٠٧**) لە هەموو سەردەمەکاندا لە وپەڕی راستەوە بۆ ئەو پەڕی چەپ هەمیشە مرۆڤ بەدەست تێکشکان و ئەتکردن و بێوژیدانیەوە ناڵاندویەتی، خواستی مردن و خۆکوشتن لەپای ئەم کارانە بەرامبەر بەگیانی مرۆڤەکان لەوەدا خۆی دۆزیوەتەوە کە خۆکوشتنی لەو کارانە بەباشتر زانیوە. وێنەکانی ناو ئەمڕۆمانە لەبەردەم سەدان وێنەی نائەخلاقی و پڕ لەمەترسیدا دەمان هێنێتە گریان، گریانێک کە تەنها بەشی ئەو مرۆڤانەیە کە تائەوپەڕی قوربانیدان قوربانی دەدەن کەچی رەنجی ئەو هەموو قوربانیانە کەسانی تر دەیخۆن نەک سەرجەم مرۆڤایەتی. بەشەکانی ناوئەم رۆمانە پڕلە خواستی ئەو کەسانەی کە بەدەست هەموو نەهامەتیەکانەوە بەردەوام ناڵاندویانە و رۆژێکیان بۆ بەختەوەری نەبینەوە (**منیش زۆر تامەزرۆم ئەوە بزانم، بەڵام**

**لەو ساتەوەختەدا ترسم بەسەرتامزرۆیەکەمدا زاڵە، چەندم پێخۆشە بمرم ئەو تەنگانەیەی من و منەکانی دی تێیدەکەوین بەچاونەبینم لا ٦٢)** بەم جۆرە هەر یەکەمان بۆ ئەو پرسیارانە سەدان وەڵامی دەبێ، ئەو خوێنەرە زیرەکانەی کە دەیانەوێت لە زۆرلایەنەوە ئەم رۆمانە بخوێننەوە پێویستیان بە دونیایەک تێڕامان و بیرکردنەوە هەیە و ناکرێت سەر پێیانە ئەم رۆمانە بخەیتە بەردەم هەڵسەنگاندن و قسەی سەرپێیەوە، زۆر گێلن ئەوکەسانەی کە وابزانن ئەم رۆمانە حیکایەتێکەو دەگێڕدرێتەوە هەڵگری هیچ مانایەک نیە بۆ ئێستا، ئەم رۆمانە بۆخۆی پڕلە جیهانبینی بۆ هەموو سەردەمە جیاجیاکان. ئەو جیهانە پڕ لە ستەمەی بۆ ئەو هەموو دەردەسەریانەی دەوری ئەم گیانە بچووکەی ئینسانی داوە، دەبێ بڵێم ئەم رۆمانە بەکەڵکی ئەو خوێنەرانە نایەت کە سەرپێیانە دەق دەخوێننەوە یان بۆکات کوشتن بیخوێننەوە. ئەم رۆمانە تەنها هەڵگری ئەو وێنانەنیە کە خوێنەر بۆ چەند ساتێک بهورووژێنێت، نا بەڵکو هەڵگری ئەو تێڕامانە قوڵەیە کە نوسەر تەماشای رژێمە یەک لە دوای یەکەکانی پێدەکات و دەست بۆ سامناکی ئەو چەمکانە دەبات کە مرۆڤایەتیان لە ژێرناوی جۆراو جۆردا خوێناوی کردوە. یوهان لەدڵی خۆیدا گوتی **(تەنیا هەژدە کاتژمێر ئازاد بووم و ئێستا وا گرتووخانەیەکی ترچاوەڕێمە، ئەوجا ئیدی بەتاوانی جولەکەبوون، رۆمانی، مەجەڕ، ئەڵمانی و ئێس ئێس بوون ناگیرێم، بەڵکو بەتاوانی ئەوەی خەڵکی وڵاتێکی ئەو ورپای رۆژهەڵاتم...) ( من سازم. سێزدە ساڵە جگە لە گوێزە گوێز چی دیم نەدیوە. لە ئۆردوگایەکەوە بۆ ئۆردوگایەکی تر. سێزە ساڵە بەردەوام ماڵ بە کۆڵ و لەسەر سەفەرم تۆش ئەوە دەبینی زۆر بەداخەوە، بەڵام ئەوە شتێکە گشت مرۆڤەکان ناچارن فێری بن لا ٥٢٣)** ئەوە ئەو دێڕانەیە کە سەرزەوی دەکاتە بەندیخانە بۆ ئینساکان و بەوپەڕی ناچارییەوە

دەبێ هەموومان فێری ئەوەببین کە گوزەرانی مرۆڤ دەبێ زۆری بۆ ئازارو دەربەدەربوون و چەوساندنەوەبێت.

بەش بەشی ئەم دەقە هەڵگری زۆر پرسیارەو پێویستە خوێنەر کاربەکات کوشتن نەکات بۆ تەواکردنی خوێندنەوەی. پێویستە بەشوێن دەنگی ئەو ئینسانە بەشمەینەتانەدا بڕوات کە سەردەمە جیاجیاکان بەسەر رەوتی مرۆڤایەتیدا هێناویانە. ئەم رۆمانە بۆ ئێمەی خوێنەر گرنگەیەکەی لەوەدایە کە ئازاری ئینسانەکان لەم سەر زەمینەدا لەناو دەسەڵاتە جیاجیاکاندا دەخاتە روو بەبێ دیاری کردنی قۆناغێکی دیاری کراو، کە ئەمە بۆخۆی کارێکی گرانە و لەبەردەم دەقێکی تەموومژاوی ئاڵۆزدا رادەوەستین.ئەم رۆمانە بە زمانێکی سادە، خراپەکاری جەنگ و دڕندایەتی ئینسانەکانمان دێڕبەدێڕ بۆ دەنوسێتەوە. دەکرێ دوای خوێندنەوەی ئەم رۆمانە، ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین ئایا هەمیشە زۆربەی مرۆڤایەتی کۆیلەی دروشمە جۆراو جۆرەکانی ئیمبراتۆر ودەسەڵاتە جیاجیاکان نەبووە؟ بەمەیش ئێمەی خوێنەر بە گەیشتن بەدوا دێڕی ناو ئەم رۆمانە دەبێ زۆربەمان باوەڕبەوە بەوەبهێنین کە کۆیلەی دەسەڵاتە جیاجیاکانی سەر زەمینین بە هەموو بیروباوەڕەکانەوە؟ ئەم ڕۆمانە لەکۆی ٥٤٠ لاپەڕەدا سەرەتا لە ئاوات وخەونە خۆشەکانی (یوهان مۆریتس) کڵۆڵەوە کە بە خواستی سەفەر بۆ ئەمەریکاو پەیداکردنی پارەو سامان و دواتر بە گەڕانەوەی بۆ لای عاشقەکەی (سۆزانا) و کڕینی کێڵگەیەک هەموو ژیانی خۆی دەست پێ دەکات... تا ئەو کاتەی لەلایەن کەسانی دەسەڵات دارو بێویژدانەوە بەتوومەتی جولەکەبوون رەوانەی کارکردنی زۆرە ملی وئۆردوگاکان دەکرێت و لێرەوە ئیتر خوێنەر دەگاتە سەر بێویژدانی هەموو ئەومرۆڤانی کە خواستیان لە ئارەزوە قیزەونەکانی خۆیاندا دەبیننەوە دژ بە کەسانی تر. یوهان مۆریتس ئەو مرۆڤەی کە خوێنەر بۆ

هەمـوو بەدبەختـی و پرسـەکانی ژیانـی دەهەژێنێـت..

زۆرن ئـەو مرۆڤانــەی هەمیشــە لــە هەمــوو ســەردەمە جیاجیاکانــدا خۆیــان کردۆتـە قوربانـی ئـەو بانگـەوازو دروشـمانەی دەسـەڵات کە بەناوی پاراسـتنی وڵات و بەرەنگاربوونــەوەی داگیرکــەران بەگوێــی هاووڵاتیانــی خۆیانــداداوە. کاتێکیــش جەنــگو دڕندایەتــی بــۆ ماوەیــەک کۆتــای دێــت بەشــی زۆری ئینســانەکان لــە بەدبەختیـدا خـۆی دەدۆزیـەوە نـەک عەدالـەت و خۆشـگوزەرانی (... **ئێمـە وەک خۆبەخـش دەچینــە نــاو ســوپای ئەمەریــکاوە کــە رووســەکانمان تێکشــکاندن دەگەڕێینــەوە رۆمانیــا، ئــەوە شــەڕی نێــوان شارســتانییەت و پاشــکەوتوویی و بەربەریەتـە بابـە تـۆش دەبێ ببیـە خۆبەخـش لا ٥٢٢)** بـەم جـۆرە ئـەم رۆمانـە لەنــاو جەنــگ و کاولکاریــدا دەمــان گەیەنێتــە ئاســتی کویلەبــوون. نــەک ئــەو ئازادیـەی رۆژانێـک خەڵکـی چاوەڕێیـان دەکـرد کـە بۆیـان بێتـەدی.

ئــەم رۆمانــە هەموومــان لەبــەردەم ئــەم پرســیارەدا رادەگرێــت؟ ئێمــە لــە نازیەتـەوە تـا دەسـەڵاتی کۆمۆنیسـتەکان و قۆناغـی ئێسـتای سـەرمایەداری چـی بەشــمان بــووە؟

***- رۆمانــی کاتژمێــری (٢٥)ی کۆنســتانتین گۆرگیــۆ/ وەرگێڕانــی ســلێمان دڵسـۆز/ چاپـی یەکـەم**

# هاوده‌می كوردو خوێن

## (خوێندنه‌وه‌یه‌ك بۆ كتێبی كوردو عه‌جه‌م)

**سەرەتایەک :**

زۆر کە مـن ئـەو کەسانەی دەبـن بـە جەنـگاوەر لـە شۆڕشـەکانداو دواتـر دەتوانـن لەگـەڵ ئـەو ئەرکـە گرانـەدا نوسـینو بەدواچـوون بـۆ کێشـە گـەورەو ئاڵـۆزەکان بەتایبـەت لـە بـواری مێـژودا بکەنـە پیشـەی خۆیـانو لەوبـوارەدا کۆمەڵێـک پەرتوکـی دانسـقە بنوسـن. لـە نـاو ئـەو کەسانەدا لـە کوردوسـتانی عێراقـدا کـە نەوەیـەک بـەر لـە راپەڕیـن تاڕادەیەکـی زۆر وەکـو سـەرکردەیەکی سیاسـیو شـۆڕگێڕ دەیانناسـی، خوێنەرانـی ئێمـە کەمتـر دەیانزانـی ئەوەنـدە لێکۆڵینـەوە وپەرتوکـی هەیـە، وەکـو نوسـەرو لێکۆڵـەرەوە کەمتـر بەرهەمەکانیـان بینـی بـوو، کەمتر ئاشـنای بەرهەمو بابەتـە رۆژنامەوانیو مێـژویو لێکۆڵینەوەکانی ببـوون ئـەو بەڕێـزە (نەوشـیروان مسـتەفا ئەمیـن) بـوو لەپـاش راپەڕینـی بەهـاری ساڵی ١٩٩١خوێنەرانـی کـورد ئاشـنای کتێبـەکان بـوون لەوانـە (کـوردو عەجـەم) (سـەردەمی قەڵـەم و موراجەعـات) (میرایەتـی بابـان لەنێـوان بەرداشـی رۆمو عەجـەم) و چەندیـن کتێبـی تـر لـە بوارەکانـی رۆژنامەوانـی دا. گرنگـی ئـەو سێ کتێبـەی سـەرەتا نـاوم هێنـان بـۆ خوێنەرانـی ئێمـە دەروازەیەکـی گرنگـە تـا خوێنەرانـی ئێمـە بتوانـن لێـوەی ئـەو وێنـە و مێـژوە پـڕ لـە خوێـنو ناکۆکیانـە بەبیربهێننـەوەو بخوێننـەوە کـە کـورد چەنـد تاڵاویـان بەدەسـتەوە چەشـتووە. بایەخـی ئـەو سێ کتێبـە رەنگـە لای هەندێـک کـەس وەکـو پێویسـت نەبێـت، بـەڵام لای ئـەو خوێنـەرو لای ئـەو کەسـانەی کـە درک بـە حەقیقەتـی روداوو مێـژووە شـاراوەکان دەکـەن ئـەو سێ کتێبـە زۆر وەڵامیـان دەداتـەوە کـە کـورد چەنـد قوربانـی فێـلو نەخشـەو رفتـاری دەسـتی دوژمنەکانـی بـووە زۆر لـەوە زیاتـر ئەوەنـدەش قوربانـی هەڵـەو رفتـاری ناکۆکیەکانـی ناوخـۆی خـۆی بـووە. لەنـاو کـۆی ئـەو کتێبانـە دا، کتێبـی (کـوردو عەجـەم) رەنگـە کتێبێـک بێـت کـە بـۆ خوێنەرانـی ئێمـە بایـەخو گرنگـی تایبەتـی خـۆی هەبێـت لـە روی مێژوییـەوە.

کەم کتێب هەیە وەکو کتێبی (کوردو عەجەم) توانیبێتی ئاماژە بەو هەموو سەرچاوەو دۆکۆمێنتانەبکات کە دوژمنەکانی لە رۆژگارە جیاجیاکاندا بەسەر ئەم گەلەیاندا هێناوە لەروی جەنگو قڕکردنو تاوانە بێبەزەییەکانیانەوە (کوردو عەجەم ) ئەو کتێبە گرنگەیە کە خوێنەرانی ئێمە بە مێژوەیەک ئاشنادەکات کە کورد چەند هاودەمی لەگەڵ خوێنو کوشت و کوشتاردا هەبووە.

## شوێنی کورد ... یان سەر زەمینی دۆزەخ؟

چۆن بگەینە حەقیقەتی ئەو پرسیارانەی کە بۆ لە مێژوی پڕ لە ناکۆکیو ململانیە ناوخۆیو جیهانیەکاندا هەمیشە کورد وەکو نەتەوەیەکی سەرگەردانو لێقەوماو لەناو بازنەی جەنگو دابەشکردنی سنورەکاندا کراوەتە قوربانی دەسەڵاتی هێزە سەرکوتکەرو نەیارەکانی. ئەگەر کتێبی (کوردو عەجەم) دەروازەیەک بێت بۆ مێژوی کوردەکانی ئێران، ئەوا دەروازەیەکی گرنگیشە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە خوێنەران زەمەنێکی زۆرە لەبارەی کوردەوە بەشوێنیدا دەگەڕێن. کورد لەنێوان دەسەڵاتی ئیمپراتۆرە گەورەو بەهێزەکاندا چی بەرکەوتووەو چی لەدەست داوە؟ نەتەوەی کورد تا بە ئێستا دەگات بۆچی جارێک لە جاران نەیتوانیووە وەکو پێویست بەدوا ئامانجی خۆی بگات لە بەرامبەر دوژمنەکانیدا. تۆبڵێیت کورد هەمیشە قوربانی دەستی ئەو دوژمنە سەرسەختو خوێن ڕێژانە بووبێت یان هەمیشە قوربانی دەستی رفتارو کرداری ناوخۆی خۆی بووەو گوێی بە هەڵە بەردەوامەکانی خۆی نەداوە؟ بێگومان کاتێک ئێمە دەکەوینە بەردەم ئەمجۆرە پرسیارانەوە ناکرێت خۆمان لە هەردوو ئاراستە کە ببوێرینو نکۆڵی لێبکەین. بە هەدەردانی تواناکانی ناوخۆ لەلای کورد هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ ئەوەی دوژمنەکانی بتوانن بەردەوام گەمە بە چارەنوسو خاکەکەی بکەن. خۆ جارێک ئەگەر بەشێک

لـه کوردەکان توانیبێتیـان بگەنـە بەدەسـت خسـتنی مافەکانیـان بـۆ نەتەوەکەیان ئـەوا بەشـێک لـە کـورد خـۆی بـۆ مـەرامو دەسـتکەوتی تایبەتـی پشـتیان کردۆتـە ئــەو کوردانــەی هاوزمانیــانو خوێناویتریــن روداویــان بەســەرداهێناون. کــورد چەنـد گیـرۆدەی هەڵکەوتـەی جوگرافیـای شـوێنەکەی بـووە، چەنـد گیـرۆدەی رفتاروکـرداره تۆقێنەروخوێناویەکانـی دەسـەڵاتە جـۆر بەجۆرەکانـی دەوروبـەری بـووە، چەنـد کرابێتـە قوربانـی بەرژەوەندییـە تایبەتیەکانـی زلهێزەکانـی دونیـا، چەندیـن ئەوەنـدە لەناوخۆیـدا کرداوەتـە قوربانـی دەسـەڵاتی ناوخـۆی خـۆی.

ئـەو خوێنەرانـەی کتێبـی (کـوردو عەجەم)یـان خوێندبێتـەوە گرنگـی شـوێن و هەڵکەوتـەی جوگرافیـای کوردسـتانیان بـۆ روندەبێتـەوە کـە چـۆن چۆنـی ئـەم هەڵکەوتەیـە بۆتـە هۆکارێکـی گرنـگ بـۆ چـارە رەشـی کـورد **(ئەگـەر فاکتـەری جیۆپۆلەتیـک دەورێکـی کاریگـەر یـا کەمـی لەبڕیاردانـی چارەنوسـی گـەلان دا نەبـێ، ئـەوا لێکۆڵینـەوەی مێـژوی کـونو نوێـی نەتـەوەی کـورد بەئاشـکرا دەری ئەخـا کـە هەڵکەوتـی جوگرافـی شـوێنی ژیانـی کـورد لەسـەر ئـەرز دەوری بڕیاردەری هەبوە لـە دیـاری کردنـی چارەنوسـی رابـردوو ئێسـتای دا.. لا٥)** ئـەم هەڵکەوتـە گرنگـە هەمیشـە بـۆ کـورد ئەوەنـدەی بەزیان بـۆ دابەشـکردنو قڕکردنی گەڕاوەتـەوە ئەوەنـدە نەیتوانیـوە ببێتـە هۆکارێـک بـۆ سـەربەخۆیو پێکـەوە ژیانی کـوردەکان. ئـەم هەڵکەوتـەی شـوێنە کـە رۆژانێـک جێگـەی پێکـدادان و شـوێنی ململانیەکانـی ئیمپراتـۆرە گەورەکانـی دونیابـووە. کـورد جارێـک لـە جـاران بـۆ گرنگـی شـوێنەکەی نەیتوانیـوە بەسـودی خـۆی نەیارەکانـی یـان هێـزە گـەورەکان ناچاربـکات سـودێکیان لێوەربگرێـت و بیکاتـە کارتێکـی گوشـار لـە بەرامبـەر ئـەو هێزانـەدا دوای مـافـو خواسـتەکانی خۆیبـان بکـەن لـە بـری بەکارهێنانـی خاکـی کوردانـدا، ئاخـر ئەگـەر وەڵامەکـە بـۆ ئـەو پرسـیارە ئەوەبێـت کـورد وەکـو خێـڵ ژیـاونو خەریکـی شـوانکارەو کۆچـەری بـوونو نەتەوەیەکـی یەکگرتـوو

دەوڵەتێکیان نەبووە لەسەر ئەو خاکە گرنگە، خۆ دەبوو لەناویاندا کەسێک یان خێڵێکیان بۆ گرنگی ئەرزەکەیان داوایەکی ئاوایان لەو زلهێزانە بکردایە

**(... لەو سەردەمەدا کە ئیمپراتۆریی ئێران لە رۆژهەڵاتو ئیمپراتۆرییەکانی یۆنانو رۆمان لە رۆژئاوا، دوناوەندی زلهێزەکانی دنیا، لەململانێی فراوانخوازیو پەلهاویشتن دابوون، هەندێ لە لەشکرکێشیە گەورەکانیان بەناو شوێنی ژیانی ئێلەکانی کوردا رائەبووردو هەندێ لەشەڕە قورسە خوێناوییەکانیشیان لەسەر ئەرزی کوردستان ئەقەوما...لا٥)** لەسەرەتای ئەم کتێبەوە پێویستیمان بەو قسەوباسە وەهمیانە نابێتو نامێنێت کە لەملاولا بۆ شوێنی کورد دەکرێتو کردویانە، مێژو، و بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن لەم کتێبەدا کە جوگرافیا یان شوێن بەدرێژایی مێژو بۆ کورد دەبێتە شوێنێکی دۆزەخ ئاساو تاکو خێڵی کورد دەکاتە سوتەمەنی زلهێزە گەورەکانو خاکی کوردان دەبێتە شوێنێکی مەرگ هێنەر بۆ کورد، خوێنەران دەگەنە ئەو راستییەی کە ئەم کتێبە دەروازەیەکی گرنگە تا بتوانن لێوەی ئەو دۆزەخە ببینن کە کورد بەهۆی گرنگی شوێنەکەیەوە بەردەوام تووشی هاتووە. ئەوەی یارمەتیمان دەدات قسە لەسەر گرنگی شوێنو خاکی کوردبکەین گرنگی سەرەتاکانی ئەم کتێبەیە، شوێن ئەگەر ئاوا کەوتە بەردەم هێزی لەشکرکێیە گەورەکانەوەو کرایە مەڵبەندی پێکدادانە سەختەکان، دەبێ کورد چۆن چۆنی تەماشاکەری ئەو روداوە خوێناویو پێکدادانە ترسناکانە بووبێت. ئەی دەبێت بۆچی جارێک لە جاران وەڵامێک بۆ ئەوەنەبووبێت لەلایەن کوردەوە کە ئیتر شوێنی کورد نابێ ئاوا بکرێتە دۆزەخ بۆ نەتەوەکەی؟ بۆ دەبێت لەبەر نەبوونی تاکێکی هەڵکەوتی کورد وەکو سەرکردە یان وەکو رابەرێکی مەزن لەناو کورد دیارنەبێتو نەیتوانیبێت سود لەو خاکە گرنگو هەڵکەوتە مەزنە وەربگرێت. خۆ ئەگەر کوردێک وەکو سەرۆکێک لەو رۆژگارە خوێناویانەدا هەڵبکەوتایە

دەبــوو قــەردی ئــەو خاکــە بخاتــە بــەردەم نەیــارو ســەرۆک لەشــکرەکانەوەو داخوازیـەک لەبەرامبـەر بەکارهێنانـی ئـەو خاکـە بخاتـە بـەردەم ئـەو ئیمپراتۆرانـە زەبەلاحانـەوە تـا شـتێک بـۆ کـورد لـە پێنـاو مافەکانیـدا بەدەسـتبخات. لەکاتێکـدا کـە کـورد خاوەنـی ئـەم سـەرزەویە فـراوانو گرنگانـە بـووە تـا بـە ئێسـتا دەگات ئـەم خاکـە وەکـو شـوێن بـۆ کـورد بۆتـە شـوێنێکی کوشـندەو خوێنـاوی، ئـەم خاکـە ئەوەنـدەی سـودی بـە هێـزە داگیرکـەرەکان بەخشـیوە بـۆ سـەرکەوتنی جەنگەکانیـان، بـۆ کـورد خـۆی ئەوەنـدە دەروازەیەکـی گرنـگ نەبـووە تـا لێـوەی بەخواسـتو مافەکانیـان بگـەن، شـوێن کاتێک دەبێتە شـوێنی مـاڵ کاولیو قڕکردن بـۆ ئـەو نەتەوەیەیـی کـە لەسـەری دەژینو لەبەرامبەریشـدا کەسێک هەڵناکەوێت وەکـو پێویسـت گرنگـی ئـەو شـوێنانە بخاتـە بەرژەوەنـدی نەتەوەکەیـەوە، ئیتـر گەشــەی نەتەوەکانــی تــرو دوژمنەکانــی لەســەر بێدەنگــیو بــێ بەرنامــەی پــێ دەنێتــە ئاســتێکی ترســناکەوەو دوژمنەکانــت دەگەنــە ئــەو پــەڕی گەشــەکردن و کــورد خۆیشــی دەبێتــە میــوان لەســەر خاکــە لــە مێژینەکــەی (**خولاســە لــە ئیسـتیلای تـورک دا ولاتانـی کـورد کـە لەسـەرەڕێگەدا بـون زۆر زۆر زەرەریـان دی، ئـەو نیفـاقو تەفرەقـەی کـە لـە بەینیانابـو نـەی هێشـت کـە بـە کۆمەڵـیو برایەتـی بەرامبـەر ئـەو لافـاوە بـە قووەتـە بوەسـتن، کەلەبـەر ئەمـە موقابەلـەی مونفەریدەیـان بـێ فائیدەبـو، بەسـەرومالٚ زۆر زەرەریـان دیو هیـچ قەومێکـی تـر بەقـەد کـورد لـە ژێـر دەسـتو پـێ دا نەچـو.. لا ١٣**) ئاماژەکانـی نـاو لاپەڕەکانـی ئـەم کتێبـە هەموومـان دەخاتـە سـەر ئـەو بـاوەڕەی کـە ئەگـەر جارێـک لەجـاران دەسـەڵاتێکی کـوردی یـان ئیماراتێکـی بچـوک کـورد خـۆی دروسـتیکردبێت ئـەوا لەبـەر ئەنجامـی ناکۆکـیو نەبوونـی یـەک هەڵوێسـتی لـە بەرامبـەر دوژمنەکانیانـدا ئـەو شـێوە حوکمڕانیانـە بەرگـەی سـاڵانێکی زۆری حوکمکردنیـان نەگرتـووەو زۆر زوو پوکاونەتـەوەو بوونەتـە داردەسـتی رژێمـە جـۆر بەجـۆرەکان.

لەگـەڵ گەورەبـوونو پێگەیشـتنی دەوڵەتـە نەیارەکانـی کـوردا، کـورد بـەردەوام لەسـەر خاکـی خـۆی بچـوک تـر بۆتەوەوناکۆکـی نێوانیـان گەیشـتۆتە ئاسـتێکی ترسـناکوخوێناوی. راسـتە ئـەو دوژمنانـە لـەروی کەرەسـتەی جەنگـیو سـەربازیەوە لێهاتوتربـوونو رەنگـە سـەد ئەوەنـەدە هێزیشـیان لـە کـورد زیاتـر بووبێـت، دڵ رەقـیو بێبـەزەی ئـەو دوژمنانـە رۆژگارێـک گەیشـتۆتە ئاسـتێک کـە رەحمیـان بەهیـچ شـتێک نەکـردوە بـۆ سـەرکەوتنی خۆیـان، بـەڵام ئەمـە ناکاتـە ئـەوەی کـە کـورد نەیتوانیبێـت خـۆی رێکبخـاتو ببێتـە هێزێکـی گـەورە لەبەرامبـەر ئـەو دوژمنـە یـەک لـەدوای یەکانـەدا. وێنـە کانـی نـاو ئـەم کتێبـە بـۆ درندەی دوژمنەکانـی کـوردو گەلانـی تـر هێنـدە قێزەونـە کـە هیـچ کەسـێک بـە خوێندنـەوەی بـۆ یەکجـار نەتوانێـت ئیتـر لەبیـری بچێتـەوە. نوسـەری ئـەم کتێبـە ئـاوا ئامـاژە بـە دڵرەقـیو کارە تۆقێنەرەکانـی هەندێـک لـە شـاکان دەکات:

(**شـا ئیسـماعیل لـە لەشکرکێشـییەکانی دا ئـەو پـەڕی دڵرەقـیو درندایەتـی بەرامبـەر دوژمـنو نەیارەکانـی بـەکار ئەهێنـا.. لـە شـەڕی شـیروان دا دوای کوشـتنی فـرخ یسـار، ئێسـکو پروسـکی خەلیـل ئەڵـڵای باوکـی فرخـی لـە گـۆڕ دەرهێنـاو سـوتاندی. دوای گرتنـی تەورێزیـش بەهەمـان شـێوە ئێسـقانی نەیارەکانـی بـاوکو باپیـرەی لەگـۆڕ دەرهێنـا، ئاگـری تـێ بـەردا. لـە بەغـداش ئێسـقانی ئەوبـو حەنیفـەی لـە گـۆڕ دەرهێنـاو سـەگێکی لـە جێگـەی ناشـت... لا١٧) (بـە فەرمانـی شـا ئیسـماعیل خـۆی ، مریدەکانـی گۆشـتی مرادبەگـی شـا هلویـان کـردە کەبـاب، گۆشـتی شـیبک خانـی ئۆزبەکیـان بەکاڵـی خـوارد..)** ئـەم وێنانـە شـان بەشـانی کـوردە ناکـۆکو لەبەریـەک هەڵوەشـاوەکان لەسـەر خاکـی خۆیـانو لەپێنـاو بەرژوەندیـە تایبەتیەکانـدا بۆخـۆی ئـەو راسـتیانە دەردەخـەن کـە لـە مێـژودا نەیـارو درنـدەی ئـاوا داویانـە بەسـەر خـاکو گەلانـی ناوچەکـەداو تەنانـەت دەسـتیان لـە گـۆڕو ئێسـقانی مردۆکانیـش نەپاراسـتوە، لەنەبوونـی

ئیرادەیەکی یەکگرتووەو پتەودا لەبەرامبەر ئەو هێزە درندەو تۆقێنەرانەدا کورد ئاوا ژیاوە، بۆتە قوربانی، ئاوارەبووە، لێی کوژراوە، هەزاران خوێنی بە ناهەق رژاوی بەبێ دەستکەوت لێ ونبووە، داگیرکراوە بەشێک لە کورد خۆی بۆتە نۆکەرو چاوساغی ئەو دایگرکەرە تۆقێنەرانە... خاکەکەی بەش بەش کراوە، لەناو خۆیاندا ناکۆکو دوژمن بەیەک بوون، ئێسکو پروسکی مردۆکانیان لە گۆڕدەردەهات، ئیتر دەبێ بۆچی دوژمنەکانیان بە هێزو ئاوا دڵڕەق نەبن؟ ئەمە ئەو پرسیارانەیە کە لەم کتێبەدا بێ وەڵام ماونەتەوە.

## کوردو عەجەمو چەند پرسیارێکی بێ وەڵام..؟

هەموو باسەکانی ناوکتێبی (کوردو عەجەم) ئێمەی خوێنەرو شارەزایانی بواری مێژو دەخەنە بەردەم بەئاگاهاتنەوەیەکی دوورە وەخت و لەئاست دوو هۆکاری گەورەدا رامان دەگرن، یەکەمیان: دوژمنانی کورد بەدرێژای ئەو هەموو رۆژگارە دوورو درێژانە بۆ مانەوەی خۆیان ئەوپەڕی ئامادەباشیان کردوەو بەهێزو بیرو باوەڕەوە بەرگریان لەخاکو بوونی خۆیانکردوە. دووەم: بەڵام کورد لەپای نەبوونی هێزێکی پتەو، هەمیشە ناکۆکو لاوازبوون بۆ بەرگریکردن لەخاکو نەتەوەکەیان. لەنێوان دوو هۆکاری ئاوا دژبەیەکدا دەبوو ئەمە بەشی کوردبێت تا بەم رۆژگارەی ئێستا دەگات. ئەم کتێبە لاپەڕە بە لاپەڕە دەست دەخاتە سەر ئەو هەموو برین و ناکۆکیو داگیرکاریە درندانەی کە توشی کورد هاتووە، ئەو خوێنەرەی بیەوێت بەشوێن گرنگی شوێنی کورد لە مێژودا بگەڕێت و ئاشنانی ئەو داگیرکاریە خوێناویانەی بەسەر کوردا سەپێندراوە شارەزای پەیدابکات رەنگە لەم کتێبەی باشتر دەست نەکەوێت. ئەوە سەرچاوە گرنگو بەپێزەکانی ناو ئەم کتێبەیە کە خوێنەران لە زۆر رووەوە ئاشنادەکات بەوەی کە کورد لە روی نەتەوەیو ئاینو خاکەکەیەوە

لـه مێـژوداو لەسـەر دەسـتی داگیرکـەرە جـۆر بـە جۆرەکانیـدا بـەردەوام سـەرەڕای خاڵـی ناکۆکـی نێـوان کـورد خـۆی توشـی چ کارەسـاتو قڕکردنێـک بۆتـەوە. نوسـەر ئامـاژە بـە رفتارەکانـی شـا ئیسـماعیل دەکات بەمجـۆرە:

**سیاسەتی کوردیی شا ئیسماعیل لەسەر ٣ کوچکە دامەزرابو:**

**١/ نەهێشـتنی دەسـەڵاتی سـەردارە خۆجێییەکانـی کـوردو دانانـی سـەرانی قزلبـاش بـە خۆیـانو هۆزەکانیانـەوە لـە جێگـەی ئـەوان.**

**٢/ ناچارکردنـی خەڵکی ناوچـە داگیرکراوەکانـی کوردسـتان بۆ دەس هەڵگرتن لـە مەزەبـی سـوننی و چونـە سـەر مەزەبـی جەعفەری.**

**٣/ بەکارهێنانـی ئەوپـەڕی توندوتیـژی بـۆ چاوترسـاندنی خەڵـکو، سـەرکوتکردنی بـێ بەزەییانـەی هەمـو جـۆرە بەرهەڵسـتیو ملنەدانـێ لا ١٩**

ئەمـە ئـەو دەسـەڵاتە تۆقێنـەرەی شـا ئیسـماعیل بـووە شـان بەشـانی ئیمپراتـۆرو لەشـکرەکانی تـر ئاوایـی بـە رۆحو گیانـی کـورد کـردوە، دەبـێ کوردانـی ئـەو رۆژگارە ترسـناکو پـڕ لـە پێکدادانـە خوێناویانـە چـۆن چۆنـی بەبێ شـایەک بەبێ میرێکـی مـەزن بەبێ کەسێکی هەڵکەوتـە کرابێتنـە قوربانـیو بێ بەزەییانـە قڕکرابـن. لەبەرامبـەر ئـەم هـۆکارە تونـدو بێ بەزەییانـەدا کـە دەرهـەق بەکـوردو خێڵـە کـوردەکان لەلایـەن نموونەکانـی شـا ئیسـماعیلو ئـەو دوژمنـە سـەر سـەختانەوە پەیڕەوکـراوە کـورد لـەو سـاڵە خوێناویانـەدا بەبـێ پشـت و پەنـا، بەبێ هێزێکـی یەکگرتـووە دەبێ چەنـد خەسـارەتی گـەورەی دابێـت، لـە هەلومەرجێکـی ئـاوادا نـەک بـۆ ئـەو رۆژگارە خوێناویانـە تـا بـە ئێسـتا دەگات دوژمنەکانـی کـورد لەپـای بەهێزیـان توانیـان ببنـە خاوەنـی خاکـی خۆیـانو بوونـە خاوەنـی نەتەوەکانیـانو سـنورەکانی خۆیـان پاراسـت. بـەڵام کـورد لـەو رۆژگارە

بۆ ئێستا باجی دابەشبوونو ناکۆکیو لاوازی خۆی دەدات، دوژمنەکانی کورد زۆرکات لەسەر لاوازی کوردو ناکۆکیەکانیان توانیان بۆ ئێستا خۆیان بکەنە نەتەوەیەکی پتەو لێهاتوو. کەچی کورد تا بە ئێستا دەگات بەردەوامە لە هەڵە مێژویەکانیو بەردەوام کار لەسەر ئەو هەڵە کوشندانە دەکات کە دوژمنەکانیان پتەودەکەنو خۆیان دەکەنە قوربانی هەندێک بەرژەوەندی سواو هیچ لەسەر حسابی نەتەوەیەک کە دەبوو زۆر لە مێژەوە ببووایە بە دەوڵەتێکی کارامەو بەهێزو سنورێکی فراوانی خۆی هەبووایە. ئەوەی لەو مێژوە پەندێک وەرنەگرێت ناتوانێت حساب بۆ هیچ کاتێکی خۆی بکات. ئەگەر رۆژگارێک شێخێکی کورد یان میرێک هەستی نەتەوایەتی وایلێکردبێت پەنا بۆ شۆڕشو بەر هەڵستی دوژمنەکانی کورد ببات ئەوا زۆر زوو ئەو جۆرە جولانەوانە لەلایەن دوژمنانی کوردەوە دامرکاوەتەوە، یەکێک لەو هۆکارانانەی کەوایی کردوە ئەو جۆرە جولانەوانە زوو لەناوبچن دەگەڕێتەوە بۆ بێ پشتوپەنایی لەلایەن خێڵو تیرەکانی تری کوردەوە، یان ئەو جۆرە جولانەوانە لە گۆشەیەکی دوورە دەستەوە سەری هەڵداوەو کەمترین هێزو پێداویستی جەنگی هەبووەو لەسەر دەستی کەسانێکدا بووە کە هیچ ئەزمونێکی لە جەنگو شۆڕشکردن نبووە، لەبەرامبەریشدا دوژمنەکانی زۆر لەوان کارامەترو بەهێزتربوونو بەشێک لە کوردیان کردوە بە قەڵای پاراستنی سنورەکانی خۆیان. سوڵتان سلێمانی عوسمانی لە وەلامی دایکیدا جارێک ئاوا وەلام دەداتەوە کە ئەو دیوارێکی گەورەی لەنێوان خۆیانو دوژمنەکانیاندا دروستکردوە هیچ زەپەریان پێ نابات **(دایکە من ئەو دیوارەم لە گۆشتو خوێن دروست کردوە، بەڕێوەبردنی ئەو ناوچانەم بەرەوڕوی هۆزە کوردەکان کردۆتەوە، دوژمن ناتوانێ زەفەریان پێ بەرێو بگاتە ناو دەوڵەتی ئیسلام لا ٢٤)** لەئەنجامی نەبوونی ئیرادەیەکی نەتەوەیی بە هێزدا ئاوا کوردەکان لە رۆژگارە جۆر بە جۆرەکاندا هەمیشە

بوونەتـە پاراسـتنی هێـزە دوژمنەكانـی خۆیـانو خۆشـیان بـە گـورگان خـواردوداوە بـە دوژمنەكانیـانو هـەزاران هەلـی گرنگیـان بـۆ چارەنوسـی خۆیـان لەدەسـتداوە. كاتێـك لـە باسـەكانی ناوكتێبـی (كـوردو عەجـەم)ەوە لاپـەڕە بـە لاپـەڕە بـە رۆژگارە ترسـناكو پـڕ لـە خوێناویـەكان بـە ژیانـی كـوردا گوزەردەكەیـن دەگەینـە ئـەو بـاوەڕەی كـە چـۆن چۆنـی ئێمـە بـۆ ئێسـتا ماوینەتـەوە، ئـەوە سـەیرە هەمیشـە بەشـێك لـە كـورد پشـتوپەنایی دوژمنەكانـی خـۆی بـووەو خـۆی بـۆ كردۆتـە قەڵایەكـی پتـەو، هەردەبـوو شائیسـماعیلی سـەفەوی ومسـتەفاكەمال و سـوڵتانەكانی عوسـمانی و والیەكانـی بەغـاو، وخەلیفەكانـی ئیسـلامو داگیركەرانـی تـر بگـەن بـە دوائامانجـی خۆیـان... هەموومـان دەزانیـن گەلێكجار بۆ سـەركەوتنی ئـەم جـۆرە داگیركەرانـە كـورد خـۆی پشـتووپەنایان بـووەو لـە زۆر جەنـگو پێكدادانـدا هاوكاریـی مـادیو مەعنـەوی ئـەو لەشـكرە دژ بـە كوردانەیـان كـردوە.

كتێبـی (كـوردو عەجـەم) بـە هەمـوو باسـە بـە پێـزو سـەرنج راكێشـەكانیەوە بـۆ خوێنەرانـی كـورد یەكێكـە لـەو كتێبانـەی كـە لـە زۆر روەوە پێمـان دەڵێـت: كـورد بـە خاكـە فـراوانو كەلتـورە مەزنەكەیـەوە هێشـتا نەوەكانی لەنێـوان خۆیاندا بێهێـزو لاواز لـە زۆر روەوە دەردەكـەون، كەمجـار دەبینیـن لـە جیهانـی كـونو نوێـدا میللەتێـك هەبووبێـت بەقـەدەر كـورد هاودەمـی خوێـن ببوبێـت، هێشـتا بیـری پێكـەوە ژیـانو مانـەوە لـە پێنـاو نەتەوەیەكـی یەكگرتـوو دێرینـی مەزنـدا خواسـتی هەموویـان نیـەو لـە مێـژەوە بەرژەوەندەیـە تایبەتیـەكان وایانكـردوە كـە كـورد قوربانـی هەڵەكانـی گەلێـك لـە سـەركردە و میرەكانـی خـۆی بێـت. ئیتـر دەبـێ لـە پایـی ئـەم لاوازیـیو نەبوونـی ئیرادەیەكـی یەكگرتـوو لـە دوای ئـەو مێـژوە خوێناویانـە چارەنوسـی كـورد بگاتـە كـوێ؟

*- کوردو عەجەم / مێژوی سیاسی کوردەکانی ئێران.

*- نوسینی / نەوشیروان مستەفا ئەمین.

*- لـە بـڵاو کراوەکانـی سـەنتەری لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی ی کوردسـتان/ سـاڵی ٢٠٠٥/ ٦٦٠ لاپـەڕە.

# ئەفسانەی گەورەی مەیمونەکان

(خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی لە دیکتاتۆرییەتەوە بۆ دیموکراسیی)

نوسـەری ئـەم کتێبـە (جیـن شـارب) لـە لاپـەڕە ٥٢ دا چیرۆکێکـی ئەفسـانەی چینیمـان بـۆ دەگێڕێتـەوە کـە هـی سـەدەی چواردەیـەو لیوجـی نوسـیویەتی، ئـەو تێگەیشـتنە پشـتگوێخراوەی هێـزی سیاسـیی بەشـێوەیەکی رێکوپێـک دەخاتـە ڕوو:

لـە ویلایەتـی تشـۆی فیۆداڵـدا پیـرە پیاوێـک دەژیا، ئەم پیـرە پیـاوە لەرێگەی چەنـد مەیمونێکـەوە بەردەوامیـی بەژیانـی خـۆی دەدا، دانیشـتوانانی تشـۆ پێیـان دەگـوت جۆگۆنـگ واتـە (گـەورەی مەیمونـەکان ) ئـەم پیـرە پیـاوە هەمـوو بەیانییـەک مەیمونەکانـی گـرد دەکـردەوەو گەورەکەیانـی دەخسـتە پێشـیان تاکـو بـەرەو چیاوچۆڵـەکان بکەونـە رێ بـۆ چنینـەوەی میـوەی دارسـتانو درەختـەکان، گـەورەی مەیمونـەکان یاسـایەکی بەسـەر مەیمونەکانـدا سـەپاندبوو دەبـوو هـەر مەیمونێـک دەیەکـی ئـەوەی گـردی دەکاتـەوە بیداتـە پیـرە پیـاوو، هـەر مەیمونەکیـش ئـەم فەرمانـەی جێبەجـێ نەکردایـە بێڕەحمانـە دەیدایـە بـەر شـەللاق. ئیـدی مەیمونـەکان گیـرۆدە ببـونو نەشـیان دەوێـرا شـکایەت لـەو حالوبارەیـان بکـەن کـە تێیـدا دەگـوزەران.

ڕۆژێـک لـە ڕۆژان مەیمونەکـی وردیلـە پرسـیارێکی ئاراسـتەی هاوڕێکانـی کـردو گوتـی (ئایـا ئـەم پیـاوە ئـەو دارسـتانو درەختـە بەردارانـەی چانـدووە؟ ئەوانیـش گوتیـان : نەخێـر خۆیـان گەشـەدەکەنو بەردەگـرن، دواتـر پرسـیارێکی تـری کـردەوەو گوتـی : ئایـا ناتوانیـن، ئـەو میوانـە بچنینـەوە بەبێ فەرمانـی پیرەپیاو؟ گوتیـان بەڵـێ دەتوانیـن. مەیمونـە وردیلەکـە گوتـی ئیـدی بـۆ پشـت بـەم پیـرە پیـاوە ببەسـتینو، بۆچـی خزمەتکاریـی بـۆ بکەیـن؟ گشـتیان لە مەبەسـتی مەیونە وردیلەکـە گەیشـتن تەنانـەت پێـش ئـەوەی قسـەکەی بەباشـیش تەواوبـکات، هـەر لـە هەمـان شـەودا کاتێـک پیـرە پیـاو لـە جێگەکەیـدا لـە خەوێکـی قوڵـدا بـوو مەیمونـەکان قەفەزەکەیـان شـکاندو دەستیشـیانگرت بەسـەر هەمـوو ئـەو میوانـەی

**که کابرا گردی کردبوونەوەو هەڵهاتن، دواجار پیرە پیاو لە برساندا مرد)**

**(یو لی زێ) دەبێژێت (هێندێک لە دەسەڵاتداران بەمشێوە فێڵاوییە گەلانیان بەڕێوە دەبەنو پابەندنین بە پرەنسپە ئەخلاقییەکانەوە، ئەوانە بە گەورەی مەیمونەکان دەشوبهێنێت، نازانن کە لە ئانو ساتدا گەل رادەپەڕێتو فێڵەکانیان پووچەڵ دەکەنەوە)**

لە دیکتاتۆرییەتەوە بۆ دیموکراسیی یەکێکە لەو کتێبانەی پابەندە بەو کارانەوە کە ناکرێت گەلانی ژێردەستەو بەشخواروو ستەملێکراو وەکو دیکتاتۆرەکان پەنان بەرنە بەر ئامرازەکانی ئازاردانو سەرکوتکردنو کوشتوکوشتار بەرامبەر بە دەنگە نارازییەکانی خەڵک، ئەگەر دیکتاتۆرەکان خاوەنی جبەخانەو هێزی سەربازی تۆقێنەرو پۆلیسی نهێنیبنو بتوانن لە رێگەی ئەو جۆرە دامودەزگایانەوە گەلانی ژێردەستەتی خۆیان بۆ مانەوەی کەمینەیەکی ناو دەسەڵاتەکەیان بەکاربهێنن ئەوا بە پێچەوانەی رفتاری ئەو رژێمە سەرکوتکەرانەوە لە لاپەڕەکانی ئەم کتێبەدا گەلێک وانەی نوێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی رژێمە سەرکوتکەرەکان خراوەتە روو، لێکۆلینەوەکانی ناو ئەم کتێبە ئاماژە بەوە دەکات کە لە ئێستاو لە داهاتویشدا دەکرێت گەلانی ژێردەستەو ستەملێکراو بەرێگەی بیرکردنەوەو خۆسازدانو کۆبوونەوە لە دەوری یەکتری دوور لە خەباتی چەکداری یان شۆڕشکردنو توندووتیژی بەچەک بتوانن رژێمە دیکتاتۆرەکان لەبەر یەک هەڵبوەشێننو سەرنەگومیان بکەن. نمونەی ئەفسانەی مەیمونەکان لەو ئەفسانەی سەرەوەدا وانەیەکی مەزنە لەو وانانەی کە کە هەموو گەلان دەتوانن دواجار بڕیار لەسەر دوا چارەنوسی خۆیان بدەنو ئیتر زڵمو تۆقاندنو مەینەتیەکان تاسەر لە کەمینەیەکی ناو دەسەڵاتی رژێمە دیکتاتۆریەکان قبوڵنەکەن، دواجار یەکێک هەڵدەکەوێت لە ناو گەلاندا ئەگەرچی بیرکەرەوەیەکی بچوکیش بێت دەتوانێت ببێتە هۆکاری

بەرپاکردنی شۆڕشێکی مەزنی دوور لە توندوو تیژی. ئەو لێکۆڵینەوانەی لەم کتێبەدا خراونەتەڕ و، و بەشی ئەوە دەکات کە گرنگی کتێبەکە بۆ زەمەنێکی زۆر لای خوێنەر بهێڵێتەوە هەموو ئەو رێگا چارانەی کە دەکرێت گەلان بۆ رزگاربوونی خۆیان لە دەست رژێمە دیکتاتۆریەکان بیگرنە بەر زۆر بە رونی لە خەباتی چەکدارییەوە تا خەباتی مەدەنیانەی جۆر بەجۆر لێرەدا خراوەتە روو. ١٩٨ رێگە چارەی جۆر بە جۆر لە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو رژێمانە دەستنیشان کراوە کە دەکرێت گەلان بیگرنە بەر تا بە خواستو ئامانجەکانیان دەگەن...

لەم کتێبەشدا ئەو مەترسیانە فرامۆش نەکراون کە دەبنە هۆکاری پێشکەوتنی دیکتاتۆرە هاوچەرخەکان، کاتێک لەرێگەی کودەتای سەربازییەوە یان گۆڕینی رژێمێک لەسەردەستی چەند کەسێکدا رژێمێکی دیکتاتۆری دەڕوخێت ئەوا هیچ رێگریەک نیە کە ئەو جۆرە کودەتاچیانە بۆخۆیان نەبنە دیکتاتۆریەکی تر .. ئەرستۆ لە کۆنەوە هۆشداری داوەو گووتویەتی (**دەسەڵاتی دیکتاتۆریی دەشێت بگۆڕدرێت بە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی دیکە**) ناپلوێن لە فەرەنسا، بەلشەفیەکەکان لە روسیا، ئایەتوڵاکان لە ئێران، ئەنجوومەنی سەربازی لە بۆرما، لە مێژوی نزیکشیدا سەدام لە عیراق،و رژێمی سوریاو میسرو تونسو سودان. ئەو نمونانەن کە دواجار بوونە رژێمێکی خراپتر لەوانەی پێشوتری خۆیان. وەکو لەم کتێبەدا ئاماژەی پێدراوە بەر لە روخانی رژێمە دیکتاتۆرەکان (**هێندێک لە ئەندامانی سیستەمی دەسەڵاتدارانی پیشوو تەنانەت لە پێش رمانی دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا هەنگاودەنێنو وەخۆدەکەون تاکو کودەتایەکی سەربازی هەڵایسێنن بەئامانجی دەستگرتن بەسەر ئەو سەکەوتەنەی بەرگریی میللی بەئامانجی گەیاندووە**) هەمیشە ئەوە جێگەی مەترسی بوو کە لە نزیک بوونەوەی دارمانی ئەو جۆرە رژێمە دیکتاتۆریانەدا رێرەوی ئامانجەکانی شۆڕش لەلایەن چەند کەسێکەوە بقۆزرێتەوەو خۆیان

بکەنـە خاوەنـی دەسـەڵاتو جارێکتـر گـەلان بخەنـەوە ژێـر چەپۆکـی رژێمێکـی تۆقێنەرتــرەوە. ئەوسـا ئیتـر رەنگـە خەڵــک بێهیوابـبــن لــەوەی جارێکـی تــر بتوانـن بـۆ زەمەنێکـی دوورو درێژتـر بـە خواسـتی خۆیـان نەگـەن، گەیشـتن بـە سیسـتەمێکی دیموکراسـیو ئـازادی راسـتە قینـە لـە دوای روخانـی رژێمـە سـەرکوتکەرەکان رەنگـە لای گـەلان چاوەڕوانیەکـی زۆری بووێـتو لەگەڵیشـیدا قوربانـی زۆری بووێت. نوسـەر لـەم کتێبـەدا بەمجـۆرە سـێ دەرئەنجام دەخاتـە روو (*** رزگاربوون لە سیستەمی دەسـەڵاتی دیکتاتۆریی شـتێکی چاوەڕوانکراوە. * گەیشـتن بـە ئازادیـی پێویسـتیی بـە بیرکردنـەوەی دوورو قـووڵاو پلانـە. * پێویسـتیی بـە هۆشـیارییو کاری بـەردەوام و خەباتـی رێکخـراوە کـە هێندێک جار باجی قورسـی دەبێت**) ئـەو گەلانـەی کـە دەکەونـە ژێر چەپۆکـی ئـەو جۆرە رژێمانـەوە بـۆ ئـەوەی قوربانەیـەکان زۆرترنەبـنو گـەل توشـی ئـازارو نەهامەتـی خراپتـر نەبێـت پێویسـتە گـەلانو ئەوکەسـانەی دەبنـە پێشـڕەوی خواسـتەکانی خەڵـک لـەو خەباتـە مەدەنیانـەدا گرنگـە ئـەو هۆکارانـە بگرنـە دەسـتو خەڵـک بـەو هۆکارانــە وشـیاربکەنەوە کـە خۆیـان لـە رێگـەی خەباتـی مەدەنیانــەوە فێربکـەن تـا بەکەمتریـن زیانـی رۆحـیو ماڵـی بگـەن بـە خواسـتی خۆیـان. هەمـوو کارێکـی مەدەنیانـە بـۆ روبەرووبوونـەوەی ئـەو جـۆرە رژێمانـە سـەرئەنجام بەکەمتریـن خوێـن دەڕمێـن. گرتنـە بـەری خۆسـازدانی جەمـاوەری بـە شـێوەی مەدەنیانـەو دوور لـە تونـدوو تیـژی دیکتاتـۆرەکان دەهێننـە سـەرچوک لەبەرامبـەر گەلـدا، ئەمجـۆرە خەباتـە لەلایـەن ناوەندەکانـی دوونیـاوەو لـە لایـەن وڵاتانـی دیموکراسـیو ئـازادی خـوازەوە بایەخـی پـێ دەدرێـتو هـەم دەبێتـە پشـتیوانی بـۆ جەمـاوەری بەشـمەینەتو هـەچ بـەر پـەرچ دانەوەیەکـی تونـدو خوێناویـش لەلایـەن ئـەو رژێمـە دیکتاتۆریانــەوە دژ بـە جەمـاوەر لەلایـەن ئـەو وڵاتانـەوە دەیشـبێتە دەنگـی نارەزایـی. لـە هەندێـک حالەتـدا دیکتاتـۆرەکان کوتوپـڕ دەڕمێـن وەکـو ئـەوەی لـە ئەڵمانیـای رۆژهـەڵات لـە سـاڵی ١٩٨٩روویـدا بەهـۆی

پچڕینی سەرچاوەکانی هێز لە دەرنجامی شۆڕشی سەرجەم هاونیشتمانیان دژ بە دیکتاتۆریەت. لە نموونەکانی ئەم نزیکانەش ئەوەی کە گەلانی تونس زۆربە خێرای دیکتاتۆریەتی ئەو وڵاتەیان داڕمانو لە میسریش بە هەژدە رۆژ رژێمە ملوڕەکەی حوسنی موبارەکیان چۆک پێداد، ئەوەی لە لیبیاش دواجار گەیشتە پێکدادانی چەکو بەدەنگەوە هاتنی گەلانی دونیا بۆ خەڵکی بەشمەینەتی ئەو وڵاتەو ئەو جۆرش وخرۆشانە مەزنەی گەلانی سوریاو یەمەن کە هێشتا بە رۆژی سەرکەوتن نەگەیشتوون و لە پێناو رمانی ئەو دیکتاتۆرانەدا جەماوەر بەردەوام قوربانی بە رۆحی نەوەکانیان دەدەن.

**خۆبەدەستەوەنەدان:**

تێکوپێکدانی سیستەمی دیکتاتۆریی، کە لەم کتێبەدا وەکو ئاماژەی پێدراوە، زۆر رێگە هەیە کە گەلان بیگرنە بەر، بەڵام یەکێک لەو هۆکارە گرنگو مەدەنیانە کە خۆی لە (هاوکاری نەکردنو دوورکەوتنەوە) لەو جۆرە رژێمانەدا دەبینێتەوە هۆکارێکی مەزنە کە گەلان ئیتر نەچنە ژێر فەرمانو دروشمو وێنەی هەیبەتی ئەو جۆرە رژێمانەوە. تاکو سەرچاوەکانی هێزی جەماوەری نەگیرێنو وشک نەکرێن دیکتاتۆرەکان نە لاوازدەبنو نە دەڕوخێن، ئاخر ئەگەر مەیموونە وردیلەکە کە لە ئەفسانەکەی سەرەوەدا دەبێتە هۆکاری رزگاربوونی هاوڕێکانی نەبوایەو میووەکانی ئەو پیرە پیاوەیان نەبردایە دەبوو تاماون کۆیلەی ئەو پیرە پیاوەبن. کاتێک گەلان ئیتر دەبنە هۆکاری دوورکەوتنەوە لە رژێمە دیکتاتۆریەکانو سەرچاوەی هێزی جەماوەری لێدەبڕن ئیتر وردە وردە ئەو جۆرە رژێمانە کۆتاییان دێت. ئەوە جەماوەرە کە بۆ خۆی زۆرکات دیکتاتۆرەکان دروستدەکاتو ملکەچو کۆیلەی خۆیان بۆ ئەو جۆرە رژێمانە رادەگەیەنن. ئەوە کاریگەرترین هۆکارە کە خەڵک تێبگەن دووربکەونەوە لەو جۆرە رژێمانە تا کاریگەریان دەبێت لەسەر یەکترو وا لە جەماوەردەکەن کە هەموو هێزی خۆیان بەکاربهێنن بۆ دوور کەوتنەوە لەو دیکتاتۆرانە، کاری

خۆ بەدەستەوەنەدان ئەم جۆرە کارکردنەی جەماوەر تاقە رێگەیە کە رەنگە کەمترین قوربانی رۆحی لێبکەوێتەوە بۆ روخانی ئەو دیکتاتۆرانە. تا سەر ئەنجام هەموو هێزە مرۆییەکان لەو دیکتاتۆرانە وشک دەکرێنو ئیتر بنەمای شەرعیەت لەدەست دەدەنو گەلان دەتوانن لەو رێگەیەوە خۆیان رێکبخەنو بگەنە لوتکەی ئامانج. هەمیشە رژێمە دیکتاتۆرەکان پێویستیان بە گوێڕایەڵی جەماوەر تا درێژەبە مانەوەی خۆیانبدەن، بۆ ئەوەی شەرعیەتی ئەو جۆرە رژێمانە تارومارببکەن پێویستە جەماوەر رێگای ملکەچ بوون کۆتای پێبهێننو روبکەنە رێگاکانی دوورکەوتنەوە لە فەرمانو بەڵێنی ئەو جۆرە سیستەمانەی کە بە درۆ ئازادی بۆ گەلان دابیندەکەن. هەمیشە دیکتاتۆرەکان شەرعیەتی خۆیان لە هێزی جەماوەرەوە وەردەگرن. کاتێک سەرچاوەکانی هێزی گەلیان لێدەبڕدرێت ئیتر مەترسیەکی گەورە لەسەر ئەو جۆرە رژێمە دیکتاتۆرانە دروستدەبێتو داجار بەرەو زبڵدانی مێژوو دەڕون. هەرچەندە گرانە زۆرکات سەرچاوەکانی هێزو دەسەڵاتی سیستەمی دیکتاتۆری لە قۆناغی خەباتدا لەیەک جیابکرێنەوەو وشک بکرێن. بەڵام دەکرێت کەسانێک وەخۆبکەون بۆ کۆتوبەندکردنی سەرچاوەکانی هێزو دەسەڵاتی دەسەڵاتدارە دیکتاتۆرەکان لەکاتێکدا خەبات گەشەی پێدەدرێتو بەرەو قۆناغی پیشکەوتوو هەنگاو دەنێت. ئەو ئامانجە گەورەیەی کە لەم کتێبەدا خراوەتە روو بۆ روخانی رژێمە دیکتاتۆرەکان ئامانجی خۆ بەدەستەوەنەدانە بۆ ئەو جۆرە رژێمانە. یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی رژێمە دیکتاتۆرەکان ئەوەیە کە داجار هێزی جەماوەری لێدوور دەخرێتەوەو بنەما مرۆیەکانی لێ وشکدەکرێت هەر وەکو زۆرکات (**گۆرپێکی گچکە یاخود کەسانێکی مەرد هەستاون بەکارێکو جەماوەریش پشتگیری لێکردوون، دواتریش خەڵکانێکی تر چوونەتە ریزی شۆڕشگێڕانو دژ بەو کردەوە وەحشیانەی کە دژیان ئەنجامدراوە..**) سەرئەنجام تەمەنی دیکتاتۆرەکان لە گۆڕنانە لەلایەن جەماوەرەوە.. بەڵام بەر لە هەموو شتێک

ئـەوە گرنگـە کـە خەڵـک هـاوکاری ئـەو جـۆرە رژێمـە سـەرکوتکەرانە وەلاوەبنێـتو لـە فەرمـانو گوێڕایەڵیـان دووربکەونـەوە. ئەمـە یەکـەم رێـگای گوررزسـرەواندنە لـەو جـۆرە دەسـەڵاتدارانە. نەترسـانو خـۆ رێکخسـتن ئـەو هـۆکارە گرنگانـەن کـە دەبنـە فاکتەرێکـی گرنـگو نـا تونـدو تیـژ بـۆ داڕمانـی دەسـەڵاتی سـەرکوتکەر. لەکـوێ کەسـانی بوێـرو چاونەتـر هەبـوون، لەکـوێ خەڵـک خۆیـان رێکخسـتو بوونـە پارێـزەری ئازارەکانـی یەکتـر ئیتـر رژێمـە سـەرکوتکەرەکان دەسـەڵاتیان بـەرەو لێکهەڵوەشـانو داوشـاندن دەچێـت.

ئـەوەی دەبێـت لێـرە بـۆ خوێنـەران بیڵێـم ئەوەیـە کـە ئـەم کتێبـە یەکێکـە لـەو کتێبـە گرنگانـەی کـە فێرمانـدەکات چـۆن چۆنـی بەبێ کاری تونـدو تیـژی بەرەنـگاری رژێمـە سـەرکوتکەرو زەبەلاحـەکان ببینـەوە. بـۆ هەمـوو خوێنەرێـک گرنگـە کـە ئـەم کتێبـە بـەوردی بـۆ ئاینـدەی خـۆی بخوێنێتـەوە تـا بیزانێـت کـە چـۆن چۆنـی دەسـتدەداتە خەباتێکـی مەدەنیانـە. گەلانـی وەکـو ئێمـەو خۆرهەڵاتـی ناوەراسـت لـە ئەمـڕۆدا پێویسـتیمان بەمجـۆرە تێکۆشـانەیە کـە بەگیانـی مەدەنیانـەوە دوور لـە تونـدوو تیـژی خۆمـان رێکبخەیـنو فێرببیـن کـە ئیتـر ملکەچـی هیـچ رژێمێکـی سـەرکەتکەر نەبینـەوەو بەدەنگـی خۆمـان بـە هـاوکاری نەکردنـی ئـەو جـۆرە رژێمانـە ئاینـدەی خۆمـان دوور لـە خوێـنو تونـدوو تیـژی دیاریبکەیـن. دەستخۆشـیش بـۆ وەرگێـڕی ئـەم کتێبـە ناوازەیـە کاک (بەرزانـی مـەلا تەهـا)

***- لـە دیکتاتۆرییـەوە بـۆ دیموکراسیی ١٥٨ لاپـەڕە. نووسـینی دکتـۆر جیـن شـارب ١٩٩٣.**

**وەرگێڕانـی بـۆ کـوردی بەرزانـی مـەلا تەهـا ، لـە بلاوکراوەکانـی گۆڤـاری سـەرچاوە.**

# ئینجیلەکەی دۆستۆفسکی

## لە ٢٩ هەزار دێڕدا

لەخـۆم دەپرسم (دۆزەخ چـی یـە) بەبـڕوای مـن بـۆ ئـازاری ئـەو کەسـەیە کـە خۆشەویسـتی نازانێ.

(برایانـی کارامـازۆف) ئـەو رۆمانـەی کـە (فیـۆدۆر دۆستۆفسـکی) لەسـاڵی ١٨٧٨دەسـت دەکات بەنوسـینی و دوومانـگ بـەر لەمردنـی تـەواوی دەکات و پێـی دەبێتـە نەمرتریـن نوسـەری هەمـوو سـەدەکان، مـن ئـەم رۆمانـە ناودەنێـم

(ئینجیلەکـەی دۆستۆفسـکی) ئەودەقـە گەورەیەی دۆستۆفسـکی کـە هەمووەمان لەبـەردەم دەیـان پرسـیاردا رادەگرێـت، و دەمـان باتـە بـەردەم دەرگاکانـی گومـانو وەکـو نـەزان بەجێمـان دەهێڵێـت، پێمـان دەڵێـت ئیتـر ئێـوە بۆخۆتـان بـەدوای خـوداو عەدالـەت و ئاینـدەدا بگەڕێـن و کردنـەوەی دەرگاکانـی گومـان و گەیشـتن بـە هەقیەقـەت ئەرکـی ئێوەیـە نـەک مـن، ئێمـە نازانیـن چـۆن چۆنـی ئـەو دەرگایانـە بـەڕوی خۆماندابکەینـەوە تادەگەینـە کۆتـای دوا دێڕەکانـی ئـەم رۆمانـە. ئیتـر دەبـێ هەریەکەمـان مانـدوو شـەکەت بچینـە سـەر رێگاکانـی گومـان و وەسوەسـە و لەنـاو پەیوەندیـە ئاڵۆزەکانـی بـوونو نەبـوون و خواردنـی مافـی یەکتریـدا ئـەم سـەرزەمینە تەیبکەیـن. بـۆ وەڵام دانـەوەی پرسـیارەکانی نـاو ئـەم رۆمانـە دەربـارەی: پەیوەنـدی نێـوان خـوداو مـرۆڤ، پەیوەنـدی نێـوان بـاوک بـۆ کوڕەکـەی، پەیوەنـدی نێـوان دەسـەڵاتی کلێسـاو خەڵکـی، پەیوەنـدی نێـوان بـرا بـۆ بـرا، پەیوەنـدی نێـوان دادگاو دز وتاوانبـاران، پەیوەنـدی نێـوان عەشـق و خۆشەویسـتی. دەربـارەی ئـەو پەیوەندیـە ئاڵۆزانـە زۆربەمان بێـوەڵام دەمێنینەوەو دواجـار بـە گەیشـتن بـە دوا دێڕەکانـی برایانـی کارامـازۆف دەخنکێنیـن.

**(مێـژوی پیـرۆز دەڵـێ، خـودا رووناکیـی رۆژی یەکەمـی خوڵقانـد و خۆرومانـگ و ئەسـتێرانی رۆژی چـوارەم. ئـەی رۆژی یەکـەم روناکـی لـە کوێوەهـات)** بـەم جـۆرە لەبـەردەم هەمـوو دێڕەکانـی نـاو ئـەم دەقـەدا ئێمـە دەبـێ لەگـەڵ هەمـوو شـتە جـوان و خراپەکانـی بنەماڵـەی کارامازۆفـدا لەباوکـەوە تـا بـرا و لەوانیشـەوە

دەبێ لە بوونی خودا و دەسەڵاتی کلێسا رابمێنین. ئەوپەیوەندیانەی کە هەموومان دەخاتە بەردەم پەیوەندیەکی گرانەوە لەم سەر زەمینەدا و ناتوانین بەر بەگومان و ناعەدالەتی بگرین، ناتوانین بەر بە پەرتەوازەی نێوان خێزان و براکان بگرین، پەیوەندیەکان لەم رۆمانەدا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە ئایا ئەگەر مرۆڤ نەبوو خودایش دەبێ؟ ئایا هەموو بێتاوانەکان لە دوونیادا دەبێ حوکمی ناهەقیان بەسەردا بدرێ؟ ئەو پەیوەندیانە چین کە وادەکات مرۆڤ بەردەوام لە نێوان هەقی خۆی و دەوورو بەرەکەیدا کار بۆ بەدەست خستنیان بکات؟ ئایا راستە ئێمەی مرۆڤ لەم سەر زەمینەدا هەموومان برای یەکین؟ ئەگەر براین بۆچی لەبەردەم ناهەقی دەکەین وبەردەوامیش هەقی یەکتر دەخۆین، بۆچی لە نیوان براکاندا بەردەوام ناکۆکی سەر هەڵدەدات؟ نەک ئەوە بۆچی پەیوەندی نێوان باوکەکان و کورەکان بەردەوام خۆی لە پەیوەندیەکی ئاڵۆزو جەنگدا دەبینێەوە تا سەرئەنجام مەرگی باوک هەر چۆنێکبێت هەق بێت یان ناهەق بۆ کورەکانی دەبێتە دەردەسەری و لە شکست وناخۆشیدا دەردەکەوێت؟ کردەوەکانی باوک هەمیشە بۆ کورەکانی بە درێژای مێژو بەشێک بووە لە زەوتکردن و بێ بەشکردنی ماف و جۆرێک لە ناعەدالەتی لە نێوانیاندا، دەسەڵاتی باوک ئەو دەسەڵاتە بووە کە هەموو شتێکی بۆخۆی بە رەوا زانیوە لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا، کەچی هەموو پەیوەندیەکان و شتەکانی تری بۆ کورەکانی بەحەرام داناوە، جۆری ئەم کردارانە بەردەوام بۆخۆی ناکۆکی نێوان باوک و کوری گۆڕیووە بە ململانیەیەکی توندو خوێناوی کە سەر ئەنجام هەردوولایان توشی شکست بوون لەم جۆرە پەیوەندیە توندانەدا. پەیوەندیەکانی نێوان مرۆڤ بۆ مرۆڤ وپەیوەندی نیوان خوداو مرۆڤ بەردەوام لە هەموو سەردەمە جیاجیاکاندا پەیوەندیەکی کوشندەو ئازاراویی بووە، لەم رۆمانەیشدا ئەم جۆرە ئەم پەیوەندیانە دەگۆڕدرێن بە پەیوەندیەکی دیار و شاراوە کە خۆی

لـه پەیوەنـدی کوشـتن ودزی و ئەتککـردن و ناعەدالەتـی و ویرانبوونـی نێـوان خـودا و مرۆڤـدا بەدەردەخـات. پەیوەنـدی نێـوان خـودا ومـرۆڤ لـەم دەقـەدا توشـی سـەرگەردانیمان دەکات، ئەمـەش لـەو پرسـیارەدا خـۆی دەبینێتـەوە کـە ئایـا خـودا مرۆڤـی دروسـتکرد یـان مـرۆڤ خـودای بۆخـۆی دروسـتکرد. ئەگـەر هەرنەیـش بوایـە ئـەوا مـرۆڤ سـەرئەنجام خودایەکـی بـۆ سـەرگەردانیەکانی خـۆی دروستدەکرد؟ بـەم جـۆرە ئێمـە چەنـد خەریکـی ناکۆکـی نێوان خۆمانیـن، ئـەوا لەلایەکـی تـرەوە ئێمـە خەریکـی پەیوەنـدی نێـوان خۆمـان و خودایـن. ئیتـر لـەم سـەر زەویـەدا ئێمـە لـە نێـوان پەیوەندیەکـی دوو لایەنـەدا قەتیـس ماویـن.

لـە نێـوان ۲۹ هـەزار دێـڕی نـاو ئـەم رۆمانـەدا دەبێ بگەڕێیـن بـۆ دۆزینـەوەی ئـەو وەڵامانـەی کـە ئێمـەی لـە نێـوان بەرداشـی گومـان و خراپەکاریـدا راگرتـووە. دەبـێ بگەڕێیـن بـۆ دۆزینـەوەی پەیوەندیەکـی دۆسـتانە وپیـرۆز. پەیوەندیـەک کـە دواجـار هەمووومـان لـە ژێردەسـتی ناعەدالەتـی و کلێسـادا دەربهێنێـت. چونکـە ئێمـە تـا لـە ژێـر ئـەم دوو پەیوەندیـەدا نەیەینـە دەرەوە ناتوانیـن بگەیـن بـە پەیوەندیەکـی تەندروسـت و ئەخلاقیانـە. چونکـە هەمیشـە ئەخلاقـی نێـوان مرۆڤـەکان ئەخلاقیەتێکـی کاولکارانەبـووە تـا بنیـات نەرانـە.

ئـەم رۆمانـە هێـواش هێـواش دەمـان گەیەنێتـە قـوڵای ئـەو هەقیقەتـەی کـە دەبـێ لـە پـای هەمـوو کارە خراپـەکان و داوێـن پیسـی و دزی وکوفـرەکان وحوکمـی ناهەقـی دادگاکان و بـاوک و بـراکان لەنـاو دەسـەڵات و خێزانەکانـدا سـەرەڕای هەمـوو ئـەو پەیوەندیـە ئاڵـۆزو ناشـیرینانە لەبـری هەمـوو ئـەو کارە قێزەونانە،هیـچ رێگـە چارەیەکمـان بـۆ نامێنێتـەوە و سـەرئەنجام دەبێ پێکـەوە بەدەنگـی بـەرز لەگـەڵ دۆستۆفسـکی دا بڵێیـن:

**(بژی برایانی کارامازۆف)**

# گورگی زەنگۆڵەدار

(ئەوەی یەشار کەمال دەیڵێت)

**چەند وشەیەک:**

لە پێشەکی بەرگی یەکەمی رۆمانی (حەمە دۆک)دا بۆ چاپە کوردییەکەی دەربارەی ژیانی یەشار کەمال نوسراوە کە باوکی بە دەستی پیاوێک بە ناوی (وسووەکوردە) لە مزگەوتی گوندەکەیاندا بە خنجەر دەکوژرێت... ئەم دێڕانە بۆ ئێمەی خوێنەر تاسالانێکی زۆر ببووە جێگەی پرسیار بۆچی دەبێت کەسێک بە ناوی (وسووە کوردە) باوکی یەشارکەمالی کوشتبێت؟ لەم سالانەی دوایشدا چەند جارێک بەرگەکانی رۆمانی حەمە دۆک چاپکرایەوە کەچی ئەو پێشەکییەی بەرگی یەکەم هەر وەکو خۆی مایەوە، تا لەم رۆژانە کاتێک ئەوکتێبەم دەخوێندەوە بە ناوی (**یەشار کەمال سەبارەت بە خۆی دەدوێت**) کاتێک دێتە سەر وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانەی دەربارەی سەردەمی منداڵیەتی و چۆنیەتی کوشتنی باوکی ئێمەی خوێنەر توشی وەڵامێکی جیاوازتر دەبین لەوەی لە پێشەکی بەرگی یەکەمی رۆمانی حەمەدۆک دا نوسراوە دەربارەی کوشتنی باوکی، یەشار کەمال لە چەند شوێنێکدا ئاماژە بەوە دەدات منداڵێک بەناوی (یوسف)کە خێزانەکەیان لە کاتی سەرگەردانیدا بە نەخۆشیو گیانی برینداریەوە لە سەرە رێگادا دەیدۆزنەوە ئیتر هەڵی دەگرنەوەو دوای ئەوەی چاکی دەکەنەوەو خزمەتی دەکەنو دواتر دەیکەن بە کوڕی خۆیان و باوکی یەشار کەمال وەکو منداڵی خۆی خزمەتی دەکات ئەو کوڕە دواتر باوکی دەکوژێت (**پاش ئەوە یوسف لە مزگەوت باوکم دەکوژێت... لا ٤٢) (کاتێک تەمەنم چوار ساڵاو نیوبوو ، یوسف، ئەو کوڕەی باوکم لە رێی هاتنیدا لە وانەوە لە مردن رزگاری کردو پەروەردەی کردو پێی گەیاند، لە کاتی نوێژدا خەنجەری لە دڵی باوکم چەقاند... لا ٥٢)** یەشار کەمال دەڵێت تاکو ئەم ساڵانەی تەمەنیشم هەر

بیرم لەوە دەکردەوە ئەو کوڕە بۆچی باوکمی کوشت... بەمجۆرە یەشارکەمال لە کوشتنی باوکی دەدوێت ناوە راستەقینەکەی بکوژەکەی باوکی بۆ ئێمەی خوێنەر راست دەکاتەوە. دەبینین ئەوە (یوسف)ە باوکی دەکوژێت نەک (وسووە کوردە) تۆبڵێت وەرگێڕە فارسەکە بۆ ناو زڕاندنی کورد ئەو ناوەی بەکار نەهێنابێت؟ چونکە پێشەکی چاپە کوردیەکەش هەر لە پێشەکی چاپە فارسیەکەوە وەرگیراوە، دەبینین ئەو دوو ناوە زۆر لە یەکەوە دوورنو یەشار کەمالیش بۆ خۆی راستگۆیانە چیرۆکی کوشتنی باوکی دەدرکێنێت...

* * *

لە دونیای نوسینو ئەدەبدا زۆر کەمن ئەو مرۆڤانەی دەتوانن لە دەقو لەکاری ئەدەبی ئەدیبانو نوسەران تێبگەن، ئەو مرۆڤە هۆشمەندانەی رۆژێک ئەدیبانو نوسەرانیان لەرێگەی دەقەکانیانەوە ناسیبێت بۆ هەمیشە قەدری دەقو خاوەنەکانیان گرتووەو گەلێک جاریش قوربانیان لەو پێناوەدا داوە، دوور لەکاری ئەدەبیش ئەو مرۆڤانەی لە رۆژە جیا جیاکانی سەرگەردانیو تاڵاوەکانی ژیانو تەمەندا لە خۆشیو ناخۆشیدا روبەڕوت دەبنەوە زۆرکات دەتخەنە سەر ئەو باوەڕەی کە کەمنین ئەو کەسانەی لەپای هەموو ناخۆشیەکان هێشتا دەتوانن دووربکەونەوە لە غەدرکردنو تێکشکاندنی مرۆڤە سەرگەردانەکان... ئەخلاقی ئەو مرۆڤانە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە حورمەتی ئەو کەسانە بگرن کە لەو پەڕی سەرگەردانیو بێلانەو ماڵدان، لەوکاتە دژوارو شکست خواردوانەشدا هەم ئەو مرۆڤە هۆشمەندانە و هەم کەسانی خێڵەکیش ناتوانن لە دابو نەریتی خۆیان لابدەنو بکەونە غەدرکردن لە مرۆڤ ... بەم دوو ئاراستەیە (یەشارکەمال) لەرێگەی گێڕانەوەی یادەوەریەکانی خۆیەوە دەمانخاتە سەر دوو گێڕانەوەی زۆر جیاواز لە رۆژانی

خـۆیو کەسـووکارەکەیدا. ئـەوەی ئـەم نوسـەرە مەزنـە لـەم گێڕانەوانـەدا دەیگێڕێتـەوە بەشـێکن لـەو وێنـە ترسـناکو سـەرنج ڕاکێشـانەی بـەردەوام یەشـار کەمالیـان خسـتۆتە بـەردەم مـەرگو ژیانـەوە. دەکرێـت ئـەم وەڵام داوەنـەوەو گێڕانەوانـەی وەکـو چیرۆکێکـی تـر بخوێندرێتـەوە، ئـەو خوێنـەری کاتێـک دەسـت دەکات بـە خوێندنـەوەی ئـەم کتێبـە لـەم بـاوەڕەدام دەکەوێتـە شـوێن سـیحری وەڵامەکانـی یەشـارکەمالەوە. ئـەوەی رامـان دەگرێـت وەڵامـەکان نیـە، بەڵکـو ژیانـی یەشـارکەمالو ئـەو مرۆڤانـەی تـرە کـە دونیایەکمـان بـۆ وێنـە دەکێشـن پـڕە لەکەسـانی یاخـیو بـەوژدانو سـەرگەردان، پـڕە لـە وێنـەی ئـەو مرۆڤانـەی وەکـو ئاغـاو مامۆسـتاو نوسـەرو رۆژنامەنوسوکەسـانی تـر کـە هەمیشـە لـەو پـەڕی هێـزو دەسـەڵاتیاندا یـان لـەو پـەڕی نەبوونـیو سـەرگەردانی دا ویسـتوویانە قـەدری کەسـانی ئەدیـبو دامـاوان بگـرن، ئـەو دەنـگو وێنانـەی لـەم کتێیبـەدا دەردەکـەون ئەگـەر ئـەو کەسـانە نەبونایـە داواجـار دەبێـت بپرسـین یەشـارکەمال دەبـوو بەچـی؟ ئـەی ئەگـەر یاخـی بوونـی یەشـارکەمال خـۆی نەبوایـە لەبەرامبـەر ئـەو هەمـوو رۆژە رەشـانەی ژیانیـدا دەبـوو کـێ حەمەدۆکـی بنوسـیبایە؟ کاتێـک مـرۆڤ رۆژەکانـی تەمەنـی دەچێتـەر رێـگای چەوسـاندنەوەو ئاوارەبـوون رەنگـە زۆرکـەس بەرگـەی ئـەو جـۆرە ژیانـە نەگرێـت کەچـی دەبینیـن یەشـارکەمال لـە نێـوان ئاوارەبوونـدا وەکـو منداڵێکـی دەنگخـۆش سـەرەتا دەردەکەوێـتو گـەورە دەنـگ بێژانـی گونـدەکان دێنـە سـەردانیو گـوێ لـە گۆرانیەکانـی دەگـرن، پیـرە مێردەکانـی گونـد بـۆ منداڵێکـی هەشـت سـاڵانە بەیتەکانـی خۆیـان دەڵێـن... ناوبانگـی دەگاتـە گوندەکانـی تـرو دواجـار دایکیشـی گـوێ لـە گۆرانیەکانـی کـوڕە تاقانەکـەی دەگرێـت... بەبـێ پێـڵاوو جلوبـەرگو بەبـێ ناسـنانە رۆژێـک خولیـای خوێنـدن هەڵـی دەگرێـتو دەچێتـە بـەردەم (علـی رەزا بـەگ)ی مامۆسـتای گونـدی (بورهانلیـی) یەشـار کەمـال دواجـار تەنیـا بەمەرجـی ئـەوەی بـۆ سـێ

مانگ لەو قوتابخانەیەدا بخوێنێت بە مامۆستاکەی دەڵێت: (**بە سێ مانگ دەبم بە خوێندەوارو زۆر ئەرک ناخەمە سەر تۆ**) ئەوە مەزنی ئەو مامۆستایەبوو کە ٢٥ قروش دەدات بە یەشارکەمال بۆ کڕینی قەڵەموکاغەز... دواتریش بەڵێنەکەی خۆی دەباتە سەرو دوای سێ مانگ یەشار کەمال لە گوندێکی نەخوێندەواردا ئیتر دەتوانێت ڕۆژنامەکان بخوێنێتەوە. ئەو مامۆستایە دەبێت بە یەکەم فریشتەی ڕۆژانی دواتری یەشارکەمالو تا پۆلەکانی سەرەتایی پێ تەواونەکات ناهێڵێت دووربکەوێتەوە لە خوێندن. ئەم وێنەیە بۆ مامۆستایەکی وەکو (علی ڕەزا بەگ) وێنەیەکە لە وێنەی ئەو مرۆڤانەی کە لەو پەڕی هۆشمەندی خۆیانەوە دەست دەدەنە باڵی منداڵی خەڵکی و دەیانخەنە سەر ڕێگای فێربوونو مەردایەتی... ئەم کتێبە پڕە لە ناوی ئەو مرۆڤە دەگمەنانەی کە یەشارکەمال بەو پەڕی ڕێزو خۆشەویستیەوە یەک بەیەک لێیان دەدوێتو ناونیشانیان دیاری دەکات، یەکێک لە جوانیەکانی ئەم کتێبە کاری ئەو مرۆڤە سەنگینو ڕێزدارانەیە کە بەردەوام تێکۆشاون بۆ سەرکەوتنی مرۆڤەکانی تر... کاتێک خوێنەر ئەم وێنەیە دەبینێت سەرسام دەبێت بە ویژدانو ئەخلاقی ئەو مرۆڤانەی کە گرانە لەبیر چوونەوەیان (عابیدین دینۆ) ئەو مرۆڤەی هەرچی پارەی ماڵەکەیەتی کۆی دەکاتەوەو دەیدات بە یەشارکەمال تا پێی بچێتە سەفەرەکەی (... **لەگەڵ عابیدین دینۆدا یەکدیمان ماچ کرد، بەڵام عابیدین دینۆ لە شوێنی خۆیدا چەقیو نەڕۆیشت. لەناو پاسەکەشەوە بانگی من دەکرا عابیدین دینۆ دەیویست شتێک بڵێتو نەیدەتوانی بیڵێت چوومە تەنیشتییەوە و لێم پرسی : عابیدین بەگ دەتانەوێت شتێک بڵێن؟ بە شەرمەوەو لە ڕوودامانەوە گوتی ئا ٧٥ قروشم بدەرێ، هەموو شتێکم بۆ ڕوون بووەوە چەند پارەیان هەبوو لەماڵەوە کۆیان کردبووەوەو دابوویان بە من ... من بە خۆشحالیەوە ٧٥ قرووشم دا پێی... لا ٩٠**) لەناو ئەو دونیا

شـپرەزەیەو بێـکاریو نەبوونیـەدا ئـاوا نوسـەرەمەزنەکان دەگـەن بـە دوا ڕۆژی خۆیـان، مرۆڤایەتـی لەسـەر دەسـتی ئـەو کەسـانەدا لەنـاو هەمـوو خراپەکاریەکاندا دەگات بــە روناکــی، ئــەو پــرسو وێنانــەی خوێنــەر لــەم کتێبــەدا بەرچــاوی دەکەوێـت پرسـی ژیانـی تەنیـا ڕۆمـان نوسـێکی وەکـو یەشـارکەمال نیـە، لـە وێنـەو ژیانـی ئـەم ڕۆمـان نوسـەوە خوێنـەر بـە ژیـانو وێنـەی گەلێـک مرۆڤـی چارەڕەشـتر دەگات ئەو مرۆڤانەی کە یەشـارکەمال زۆروکەم دواتر لە ڕۆمانەکانیدا دەیانکاتــە پاڵــەوانو کەســایەتی تــرو چەرمەســەریەکانی تەمەنیــان پــێ وێنــە دەکێشـێت، پرسـی ژیـان لـەلای یەشـار کەمـال پرسـێکە هەمیشـە دەبێـت بەردەوامـی هەبێـت، کـەی پرسـی مرۆڤایەتـی کۆتـای هـات ئـەوا ژیانیـش کۆتـای دێـت، بـەم ئاراسـتەیە ئێمـە دەگەیـن بـە بیروبـاوەڕی یەشـارکەمال، کاتێـک لـە ژیـان دەدوێـت مرۆڤـی خسـتۆتە سـەروو هەمـوو شـتەکانەوە چونکـە ئـەوە مرۆڤـە هەمـوو شـتەکان بەدەسـتی خـۆی کۆتایـی پـێ دنێـت یـان سـەر لەنـوێ دروسـتیان دەکاتــەوە بــەڵام ژیانێــک کــە لەهەمــوو لایەکــەوە دەکەوێتــە بــەردەم لێکتــرازانو هەڵوەشــاندن مــرۆڤ دەکەوێتــە کوێــی ئــەم ژیانــەوە؟ چــی بــەر بەلەناوچــوونو وێـران بوونـی دەگرێـت، پەنـا بـۆ چ فکـرو ئایدیایـەک ببرێـت بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ قڕنەکرێـت؟ لای یەشـارکەمال دواجـار بـۆ پێکـەوە ژیـانو ڕزگاری مرۆڤایەتــیو ئەفراندنـی نـوێ دەبێـت پەنـا بـۆ سۆسـیالیزم ببرێـت، لەنـاو ئـەو ڕۆژە ڕەشـانەی تەمنــی خــۆیو هاوڕێکانیــدا، لەنــاو هــەژاریو مەینەتیەکانــی شــارو گوندەکانــدا یەشــار کەمــال ڕێــگای سۆســیالیزم هەڵدەبژێرێــتو تاکــو ئێســتا وەکــو تاکــە بیروبـاوەڕی خـۆی کاری لـە سـەردەکات **(وەک ڕزگارکـەری تـاکو ئازادیبەخشـی مرۆڤایەتیـی بـۆ مارکسـیزم دەڕوانـم... ماکسـیزم بووبـە ڕووناکتریـن دەرگای کراوە بـە ڕووی منـدا بـۆ سـەیرکردنی دنیـا، بـە درێژایـی ژیانـم ئـەو بیـرەم لەگـەڵ ژیانمـدا پێـواو هەڵـەم تێـدا نـەدی... بـاوەڕم بـەوەش نەبـوو تەنیـا یـەک شـێواز**

**هەبێت بۆ پیادەکردنی سۆسیالیزم ... لا ٢١٠)** کاتێک بەناو هەموو ئەو دەردەگرانانەداو لەناو سەرکوتکردنو چەتەکانی چیا دوورەکانو گوندەکانی چوقورئاوادا یەشارکەمال مرۆڤەکان دەناسێت بۆ ئەوەی ئەو وێنە دەگمەنو ئازاراویانە نەفەوتێت، بۆ ئەوەی ئەو ژیانە سەختو گرانەی بخاتە ناو ئەدەبەوە لەگەڵ هەموو کارە گرانو ناخۆشەکانی خۆیدا دەستدەدات شیعر نوسینو دواتر لە ساڵێ ١٩٤٨ چیرۆکی (کۆرپە) دەنوسێت، تا لە ساڵی ١٩٥٣- ١٩٥٤دا رۆمانی (حەمەدۆک) بە زنجیرە لە رۆژنامەی جمهوریەتدا بڵاودەکاتەوەو دەبێتە یەکێک لە رۆمانە باشەکانی تورکیا. بۆخۆیشی دەبێت بە نەیارێکی سەرسەختی چەوساندنەوە، ئەوکاتانە یەشارکەمال بووبە ناوێکی بەرزودیاری رۆژنامەوانیو بواری ئەدەب. رۆمانی حەمەدۆک بەهەموو پێوەرێک یاخی بوونی ئەو مرۆڤانەیە کە بەردەوام دەچەوسێنەوەو دەچنەوە بە گژ هەموو نادادپەروەریەکدا، لەم روانگەیەوە یەشارکەمال کاری لەسەر ئەوە دەکرد کە دەبێت مرۆڤ هانبدرێت ئیتر بۆ مافەکانی بێتەدەنگ **(لەبەر ئەوەیە ئەدەبیاتی من ئەدەبیاتی هاندانە. لەو سۆنگەیەوەیە من مرۆڤێکی هاندەرم، سەرباری ئەوەی مارکسییەکی بەبیروباوەڕم، تا لە دەستم بێت ئازادانە بیردەکەمەوە... لا ٢١١)** ئەم هاندانانە دواتر بۆ خۆی دەبێت بە هۆکاری گرتنو پەلامارданو زیندانی کردنی تا ئەو پەڕی ئەشکەنجەدان لە پێناو سۆسیالیزمو مافەکانی خەڵکدا هەموو ئەو ئەشکەنجەدانانە دێنێت بەسەر تەمەنو ژیانی خۆیدا، هەر وەکو چۆن منداڵی یەشارکەمال پڕبووە لە یاخی بوونو هەڵهاتن بۆ ناسینی خەڵکو دەشتو دەرو گوڵاوگیاو باڵندەو شتەکانی تر، دواتر بەم شێوەیە لە رۆمانەکانیشیدا ئەم یاخی بوونو ناساندنی شتانە دەبێتە ناسنامەی ئەدەبەکەیو مرۆڤ سەرسام دەبێت بەو ئەدەبە گەورەیە. لێبڕوانە یەشار کەمال دەبێت بە جێگەی سەرنجی ناوەندە

ئەدەبیەکانو دەسەلاتە توندڕەوەکان لە نێوان ئەم دوو دیدەدا ئەو دەیەوێت وەکو خۆی بنوسێتو هیچ پەشیمانەیە لەوەی دەیکات، دەبینین کەسانی وەکو (نادرنادیو جەواد فەهمی) لە ڕۆژنامەی جمهوریەت تا ئەوپەڕی قوربانیدان تێدەکۆشن تا یەشارکەمال بکەوێتە سەر پێی خۆیو بنووسێت، بەو جۆرە لەگەڵ هەموو ئەو گوشارانەی پۆلیس دەیخنە سەر ڕۆژنامەکە تا یەشار کەمال دەربکەن بەڵام ئەوان هەموو بەرگریەکی لێ دەکەنو بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لەو ڕۆژنامەیەدا دەمێنێتەوە تاساڵی ١٩٦٣ ئیتر بەناچاری لە پێناو ئەدەبو بیروباوەڕەکەیدا دەردەکرێت، وەکو کۆمۆنیستێکی سەرسەخت یان وەکو پارتیزانێک لە دەرەوەی دەسەلات دەناسرێتو بە ئەدەبەکەی بەگژ ئازارو نەبوونیدا دەچێتەوەو لەو پێناوەدا ژیانی خۆیو ژنەکەی دەکەوێتە بەردەم نەبوونیەوە (**لە ساڵی ١٩٦٣و تا ساڵی ١٩٦٥ناچار بووین لەماڵێکی بێ ڕووناکیو بێ ئاو بێ ڕێگادا بمێنینەوە ... لا١٨٠**) ئەگەر ویژدانی کەسانی وەکو نادرنادیو جەواد فەهمی نەبوایە دەبوو زوو یەشارکەمال خراپتر توشی ئاستەنگەکانی ژیان ببوایەتەوە بەڵام کاتێک مرۆڤی نەبووو ئەدیبی چەوساوە دەکەوێتە بەردەم دەسەلاتی مرۆڤی وەکو نادرنادیو جەواد فەهمی یەوە چەند مەزن ئەو مرۆڤ دۆستانە دەکەونە هاوکاریکردنو دەستگرتنی، ئاخر خۆ ئەگەر ئەو دووکەسە بە بیری پۆلیسیانە بیریان بکردایەتەوە دەبوو زووتر یەشارکەمال بمردایە یان لە زیندانەکاندا بڕزایە. لە نموونەکانی کەسانی وەکو نادر نادی لە ڕۆژنامەی جمهوریەت گەلێک جار مرۆڤ لە ئاستەنگە دژوارەکان ڕزگاردەکرێت. ئەو مرۆڤانەی دەزانن وشە لای کێ یەو ئەدەب چۆن چۆنی دەخوێندرێتەوە هەمیشە نەیان هێلاوە خاوەنەکانیان توشی ئازارو گۆبەندبکرێن.

ئەوە یەشارکەماله هەرلەڕۆژانی لاویەتیەوە دەخرێتە ژێر چاودێریو

لێپرسینەوەو گرتنەوە لەلایەن دەسەڵاتی چەوسێنەرەوە تەنیا لە پێناو ئازادیەکانی خەڵکو نووسیندا (**حکوومەتەکانی کۆماری تورکیاش ئەو رێبازی گورگە لەگەڵ گوندنشیان فێربووبوونو حەزیان لەهەرکەسێک نەبوایە، زەنگۆڵەیەکیان لە مل دەکردو لە چۆڵەوانی بەرەڵایان دەکرد. من لەتافی لاویمدا هەمیشە زەنگۆڵەیەکم لە ملدابوو، هاوڕێکانیشم. ئا ئەوە دەبێت بکرێت بە رۆمان یان لە ترساندا نەمتوانی بینووسم، یان دیسان لە ترساندا. ترسی بوون بە گورگی زەنگۆڵەدار گەورەترین بەڵای ترسەکانە... لا١٣٠)**

ئەو ترسەی دواجار نەیتوانی بەربە نووسینی رۆمانە زۆرەکانی یەشارکەمال بگرێتو لە پێناو رۆماندا کەوتە بەردەم ئەو شاڵاوە ترسناکانەی کە نەیانتوانی پەشیمانی بکەنەوە لەکاری نوسین، هەموو ئەو وێنانەی لە پێناو ئەدەبدا یەشارکەمال لێیان دەدوێتو دەیانخاتە روو وێنە گەلێکن کە نەگرتنو نە برسێتیو نەدەرکردن هیچیان نەبوونە دەرگای داخستنی ئومێدەکانی ئەوەتا بە توندی بانگەوازدەکاتو دەڵێت (**نەداری شتێکی ترسناک بوو، منیش زۆر هەژاریم چێشتبوو. ئەگەر خۆم ئارەزووم بکردایە، دەمتوانی تاڵاوی هەژاریی نەچێژم. دەمتوانی پارەیەکی زۆر پەیدابکەم و تەنانەت دەوڵەمەندیش ببم، بەڵام وشە بەلای منەوە پیرۆز بوو، باوەڕم بە هێزی وشە هەبوو، پێم وابوو نووسەری پێچەوانەی ئەم بۆچوونە نەک نووسەر نین، بگرە مرۆڤیش نین... لا ١٨١)** بەئەدەبەکەی بەگژ ئەو نووسەرانەی هاوتەمەنی خۆیشیدا دەچووە کە رێزی وشەو ئەدەبەکەی خۆیان نەدەگرتو لەپێناو ژیانو سامانو پارەدا وشەکانی خۆیان دەفرۆشت. ئاخر ئەگەر کەسێکی ئەوەندە جدی وەکو یەشارکەمال وشەی لا پیرۆز نەبوایە بێگومان وەکو ئێستا نەدەبوو بە رۆمانوسێکی ئاوا مەزنو ناوی نەدەما. ئەو هیچ کاتێک سازشی لەسەر ویستو دەنگی خۆی نەکردووەو ئازادانە کاری نووسینی خۆی تێپەڕاندووەو

گویّ لەوە نەبوو شتەکانی بڵاوبکرێنەوە یان نا چونکە ئەو وشەی لا پیرۆز بووە (بڕیاری من وابوو ئەگەر تەنانەت یەک دێڕیشم بڵاونەکرێتەوە کاری من نوسینەو تامردن درێژە بە کاری خۆم دەدەم هەر وایشم کرد...) ئەو ئەدیبانەی وەکو یەشارکەمال سازش لە لەسەر ویستی خۆیان ناکەن بۆ کارەکانیان ناویان هەمیشە وەکو ئەدیبی مەزن لە مێژوودا دەمێنێتەوەن هەر ویستو توانای ئەم جۆرە ئەدیبانەبوو کە توانرا لەو سەردەمە جیا جیایانەدا ئەدەب لە ژێر دەستی جەلادو دەسەڵاتە پۆلیسیەکاندا رزگاربکرێت سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکان **(لە منداڵیمەوە تا ئێستا هەموو کاتێک گەورەی خۆم بوومو هەمیشە ئازادبووم، بەهەر نرخێک بووبێت سڵم لە هیچ تەگەرەیەک نە کردۆتەوە. ئازادیىو سەردانەواندن لە خوێنمدایە... لا ١٨٢)** ئەمە ئیرادەی ئەو رۆمانووس و ئەدیبە گەورانەیە کە لە رۆژگارە جۆر بەجۆرەکاندا دەرگاکانی چەوساندنەوە تێکدەشکێنن‌و هیچ شتێک ناتوانێت ئەوان لەکاری نووسین رابگرێتو دەبنە قارەمانی ناو ئەدیبە ترسنۆکو وشە فرۆشەکان. ئەم کتێبە لەگەڵ هەموو ئەو بەها گەورانەی کە یەشارکەمال لێیان دەدوێت بۆ خۆشی راستگۆیانە دێتە وەڵام و دان بەوەدا دەنێت کە بۆچی لەناوی خۆی دورکەوتۆتەوە بەناوی خۆیەوە بەرهەمەکانی نەنوسیووە **(گەورەترین ئازاریشم ئەوەیە درۆم لەگەڵ خەڵکداکرد، ناوی خۆم گۆڕیو خۆم شاردەوە. تەنیا عابیدین دینۆ، عارف دینۆو رۆمانووسی هاوڕێم ئورهان کەمال دەیانزانی من (کەمال سادق گوێکچەلیم) لا ٢١٢)** ئەوە راستگۆی ئەو نووسەرە جدیانەیە کە لە ژێر دەسەڵاتی کاربەدەستە چەوسێنەرەکاندا ناچارن پەناو بۆ ناوێکی تر بەرنو بەو ناوەوە بنوسن، بەڵام ئەو رفتارەیان دواتر بۆیان دەبێت بە ئازارو دان بە هەڵەی خۆیاندا دەنێن، ئاخر ئەگەر بە ناوی خۆیەوە کەمال سادق گوێکچەلیم کاری رۆژنامەوانی ئەدەبی بکردایە

نـەی دەتوانـی لـە رۆژنامـەی جمهوریـەت کاربـکات جارێـک عابیدیـن دینـۆ پـێ دەڵێـت (بـەم نـاوەوە ناتوانیـت تەنانـەت مانگێکیـش لـە رۆژنامـە بمێنیتـەوە) ئیتر هاوڕێکانـی نـاوی دەگـۆڕن بـە یەشـارکەمالو لـە سـاڵی ١٩٥٣ بەرێکـەوت پۆلیـس پێـی دەزانێـت کـە ئـەو نـاوی تـەواوی (کەمـال سـادق گوێکچەلی)یـە بـەڵام ئـەو ببـوو بـە رۆژنامەنوسـێکی بەناوبانـگ و چیتـر پۆلیـس دوای هەمـوو هەوڵێکـی لەئاسـت بەرگـری هاوڕێکانیـدا نەیـان توانـی لـە رۆژنامەکـە دەریبکـەن... ئـەوە یەشـارکەماله دواجـار بـۆ ئـەو نـاو گۆڕینـە ئـازار دەچێژێـتو ئـەو نـاو گۆڕینـەی خـۆی بـە درۆ لەئاسـت خەڵکدا ناودەبـات پێـوەی ئـازار دەچێژێت. بەرهەمەکانـی یەشـارکەمال پـڕە لـە ئیـرادەی ئـەو مرۆڤانـەی کـە بـەردەوام تێدەکۆشـن بـۆ ژیان، لـە دەرەوەی ئـەو تێکۆشـانەش ئەدیبـان ئـەو خەڵکـە دەکەنە سـەرچاوەی ئیلهامی بەرهەمەکانیـان و بـە وێنـەی جیاجیـاوە کار لەسـەر بوونیـان دەکـەنو جارێکـی تـر هانـی ئـەو خەڵکـە بەشـمەینەتە دەدەن تـا بـەردەوام بـن لەسـەر ویسـتو مافـی خۆیـان، ئـەوە یەشـارکەماله لـە هەمـوو بەرهەمەکانیـدا بـە ئاراسـتەی هاندانـی خەڵـک کاری نووسـین دەکاتو هیـچ هێزێـک نـەی توانیـوە بەربـەم ئیرادەیـەی بگرێـت هـەر وەکـو خـۆی دەڵێـت (**ئەگـەر ژیانـی نووسـەرێک بریتـی بێـت لـە هانـدان بـۆ ژیـان، ناشـێت بەرهەمەکانـی شـتێکی جیاوازبـن... لا ٢١٣**) کاتێـک یەشـارکەمال لەنـاو جەرگـەی مەینەتـی گوندنشـینەکانەوە پێـدەگاتو هەمـوو ئـازارو نەبـوو نیەکانیـان دەبینێـتو گـوێ بـۆ حیکایـەتو ئەفسـانەو دەنگـی بەیـت بێـژانو یاخیـەکان دەگرێـت ئیتـر لەگەڵیانـدا گەورەدەبێـت ئـەو خەڵکـە دواتـر بـە هەمـوو ئـەو ژیـانو تەمەنـە سـەختو ناخۆشـانەیانەوە دەبنـە کەرەسـتەی سـەرکی رۆمانەکانـی شـان بـە شـانی بیروباوەڕەکـەی خـۆی (**چـۆن دەتوانـم بڵێـم بیروبـاوەڕم ئاوێتـەی بەرهەمەکانـم نەبـووە؟ گشـت کاتێـک تـەواوی توانـای خـۆم خسـتوۆتە کار بـۆ ئـەوەی ئازادانـە بیربکەمـەوە، نەمویسـتووە بـۆ چوونەکانـم**

گرتووخانەیان هەبێت... من کاتێک دنیای خەیاڵ بنیات دەنێمو دەیئافرێنمو خاکی خۆمیش دەکەم بە وڵاتی رۆمانەکانم، چۆن بیرو باوەڕەکانی خۆم ناخەمە سەر ئەو دونیایە؟ لا ٢٢١)

- یەشار کەمال/ سەبارەت بە خۆی دەدوێت/ ٣١٢ لاپەڕە
- وەرگێڕانی بەکر شوانی.
- لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتیی چاپو بڵاوکردنەوەی سلێمانی/ ٢٠١١

# لە نیشتمانی ئەفغانیەکاندا هەمیشە جەنگ

(خوێندنەوەیەک بۆ رۆمانی هەزار خۆری درەوشاوە)

تێگەیشتن لە دەقو ڕۆچوونە ناو ئەو مانا شاراوانەوە کە بەردەوام دەق لەناوخۆیدا هەڵگریێتیو خوێنەران دەخاتە بەردەم چەندین پرسیارو رای جیاوازەوە. بەومانایەی کە زۆرکات هەندێک دەق کە نابنە جێگەی جێژ بەخشین بە خوێنەر ئیتر ئەو دەقانە لای ئەو جۆرە خوێنەرانە دەبن بە دەقێکی مردو، یان خوێنەر لە روانگەی تێنەگەیشتن لەو دەقانە ئیتر لە خۆڕا ئەو جۆرە خوێنەرانە ناوێک یان هەڵسەنگاندنێکی دوور لە ناوەرۆکی دەقەکان لە دیدی خۆیانەوە دەبەخشنە ئەو دەقانەی کە خوێندویانەتەوە. ئەمجۆرە خوێندنەوانەش دوورکەوتنەوەیە لە پرسی راستەقینەی مانا شاراوەکانی دەقو خوێندنەوەی راستەقینە . هەندێک خوێنەر تەنیا بەسەرنجدان لە یەک تەوەری دەقەکان یان گرنگی دان بە تەنیا یەکێک لە پاڵەوانی ناو دەقەکان خودەگرێت ئیتر هەموو پاڵەوانو ماناکانی تر دەکاتە قوربانی ئەو سەرنجە بچوکانەی کە دەیەوێت دەقی پێ بخوێنێتەوە. کە لەکاتێکدا بۆخۆی دەق کۆمەڵێک حەقیقەتی پێکەوە بەستراوەو بە نەگەیشتن بەو حەقیقەتانە هیچ خوێنەرێک ناتوانێت لە تەواوی دەق تێبگات.

بەر لەوەی ڕۆمانی (هەزار خۆری درەوشاوە)ی خالید حوسەینی بخوێنمەوە، لە چەند خوێنەرێکم بیست کە ئەو ڕۆمانە باس لە ئازارو بەدبەختیەکانی ژیانی (ژنان)ی ئەفغانستان دەکات. ئەوە هەقی ئەو خوێنەرانەیە کە ئاوا دەق دەخوێننەوەو مانایەک بۆ ئەو ڕۆمانە لای خۆیان بەجێدەهێڵن. بەڵام کاتێک بۆ خۆم دەستمکرد بە خوێندنەوەی ئەو دەقە زۆر بە پێچەوانەی ئەو چەند خوێنەرەوە حەقیقەتی ئەو دەقەم باشتر لا رونبووە، دەقێک کە هەڵگری زۆر مانای شاراوەیەو دەتخاتە بەردەم سەدان پرسیاری ئازاردەری دوورو درێژ لە نیشتمانی ئەفغانیەکاندا، ئەم دەقە لەو جۆرە دەقانەیە کە ئەگەر لایەنێکی بچوکیشی فەرامۆشبکەیت ئەوا ناتوانیت بەتەواوی بگەیتە ماناکانی تریو دەبێت لەوە بگەیت کە ئەم ڕۆمانە ڕۆمانێکی تابلێیت قوڵو کاریگەرانەیە لەروی ناوەرۆکەوە و فکری نوسەرەوە. ڕۆمانێک کە دەتخاتە

بەردەم بەدبەختی ئەو ئینسانانەی کە لە زۆرلاوە بیرو بۆچوونە جیاوازەکان، فکری کەسە نەگۆڕو خۆسەپینەکان، دەسەڵاتی کەسە باڵاکان دەیانهاڕن‌و توشی سەرگەردانیان دەکەن، زۆرن ئەو ئینسانانەی کە تا دەمرن لە نیشتمانی خۆیاندا جارێک لە جاران ئومێدێک بۆ ژیان‌و تەمەنیان نادۆزنەوە. راستە ئەوانە دەزانن سنورو کەلتورو گۆرانی نیشتمانەکەیان چۆن چۆنیەو کوێ یە. ئەو ئینسانانە دەتوانن خەون بە رۆژگارێکی باشترو تەمەنێکی ئاسوودەوە ببینن. بەڵام ئەوە ئەوانن کە ناتوانن بەر بە وێرانبوون‌و لێشاوی خوێن بگرن لە نیشتمانەکەیانداو خۆیشیان دەبنە قوربانی ئەو رۆژگارە وێران‌و نەخوازراوە. نوسەری ئەم رۆمانە گەشتێکی کوشندەمان پێدەکات بە خاک و کەلتوری ئەفغانستاندا، لە هەر بەشێکدا لە سەر خاڵێکی گرنگو بەهێز رامانده‌گرێت‌و ژیانی بەشێکی زۆری ئینسانە کولۆڵەکانی ئەفغانستانمان بۆ دەگێڕێتەوە. نوسەر لەم رۆمانەدا لە ژیانی یەک بەیەکی پاڵەوانەکانیەوە، لە ژیانی منداڵەکانەوە، لە ژیانی ژنانەوە، لە ژیانی پیاوە جۆر بە جۆرەکانەوە، لایەنە تاریکەکانی ژیانی هەزاران کەسی تری ئەفغانستانمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەوە بە تەنیا ژن نیە لەم رۆمانەدا ژیانی لێکراوە بە دۆزەخ‌و دەچەوسێنرێتەوەو لە زۆر شوێنی نیشتمانی ئەفغانیەکاندا وەکو کۆیلە رفتاری لەگەڵدادەکرێت، ئەوە ئەو هەموو ستەمانەیە کە تاک بە تاکی ژن‌و پیاوو منداڵی لە رۆژگارە جۆر بە جۆرەکانی مێژوی ئەفغانستاندا خستۆتە بەردەم گڕی سوتێنەرەوەو دەرگاکانی بەدبەختیان بەرودا لێدەکرێتەوە. ئەوە پیاوە کۆمەنیستەکانن لە سەردەمی دەسەڵاتی (نەجیبولاّدا)ی کۆمۆنیستدا گەلێک تاوانیانی قێزەونیان دژبە ئینسان‌و چین‌و توێژەکانی ئەفغانستان ئەنجامداوەو لە ژێر ناوی نیشتمانێکی نوێدا کۆمەنیستەکان کار بۆ لەناو بردنی نەیارەکانیان دەکەن‌و لەژێر ناوی لەناوبردنی رژێمی (داودخان)دا جارێکی تر نیشتمان دەخەنەوە بەردەم ئاگرو چەوساندنەوەی ئەو کەسانەی خۆیان پێویستیان بە لەناوبردنیانە (**...چەند رۆژێک دوای ئەوە، کۆمۆنیستەکان دەستیان کرد بە کوشتنی بەکۆمەڵی**

**کاریەدەستانی رژێمی داودخان. واتە واتێک لەناو خەڵکی کابوڵدا بڵاوبۆوە، کەلە بەندیخانەی (پولی چەرخی) چاوی هەندێ کەسیان هەڵکۆڵیوە...)** رۆژگار هەمیشە بۆ خەڵک لە دەستێکەوە بۆ دەستێکی تر لە ئەفغانستاندا نائومێدی زیاتری هێناو لەگەڵ خۆیدا، ئەوە موجاهیدە ئیماندارەکان لەژێر ناوی گەڕانەوەی دینو ئیسلامدا بۆ نیشتمانی ئەفغانیەکان رۆژانێکی بەدبەختر لە سەردەمی کۆمەنیستەکان رادەگەیەنن، ئەو موجاهدینانەی کە لەساڵی ١٩٨٩وەو دوای گەڕانەوەی سۆڤێت لە فغانستان دێن، دوای ئەوەی ١٠ ساڵ دژی سوڤێتیەکان تێدەکۆشن لەپێناو سەربەخۆی ئەو وڵاتەدا دەگەڕێنەوە ناو شەقامەکانی کابولو شارەکانی تر، تا لە ساڵی ١٩٩٢دا نەجیبوڵا کۆتای دەسەڵاتی خۆی رادەیەنێتو لەلای نەتەوەیەکگرتۆکان دەبێت بە پەنابەر. دواتر لەشوێنی دەسەڵاتەکەی نەجیبوڵا ئەو موجاهدینانە هەزاران کاری قێزەونتر بەرامبەر بە گیانی ئەو ئیسانانە دەکەن کە رۆژگارێک تەمەنیان لە نائومێدیدا بردبووە سەر. رۆژگاری ئەفغانستان دەبێت بە ململانیەی نێوان گروپو دەستەوتاقمە جیاجیاکانی موجاهدینەکان (**عبدولقادردۆستەم: فەرماندەی ئۆزبەکیەکانو رابەری باڵی بزوتنەوەی میللی. گوڵبەدین حکمەتر یاری پەشتۆنی: رابەری باڵی حیزبی ئیسلامی. رەببانی رابەری تاجیکی باڵی کۆمەڵی ئیسلامی. سەییافی پەشتۆنی رابەری ئەکێتی ئیسلامی. عەبدولعەلی مەزاری رابەری باڵی حیزبی وەحدەت. ئەحمەد شا مەسعودی تاجیکی و شێرەکەی پەنجشیر**) ئەو نیشتمانەی دواجار لەسەردەستی ئەم گروپانەدا لەژێر ناوی منی پەشتۆنیو منی تاجیکیو منی ئۆزبەکیو چەندین ناوی تردا دەبێت بە رۆژانێکی وێران تر لەجارانی کۆمەنیستەکانو سەرگەردانی زیاتر، نوسەری ئەم رۆمانە لەبەردەم دەسەڵاتی ئەو پیاوە جۆر بەجۆرانەدا رامانده‌گرێتو دەمانخاتە بەردەم سەدان پرسیاری کوشندەو قوڵەوە (بەڵام دیوەکەی تری مانەوە بە زیندووی ئەو پرسیارە پڕ لە ئازارە بوو کە ئاخۆ کێ بوویێت بە قوربانی دوایی ئەقینەوەی هەر مووشەکێک)، (**وەنەبێ**

**بەیانیەکانیش ئارامییان لەگەڵ خۆیاندا هێنابێت، دەنگی بانگ بەرزدەبووەو موجاهیدەکان چەکەکانیان دادەناو روویان دەکردە قیبلەو نوێژیان دەکرد. پاشان چەکەکانیان لە گوللە پڕدەکردەوەو لە شاخەکانەوە تەقەیان لەکابول دەکردو لە کابولیشەوە تەقەیان لە شاخەکان دەکرد)** لە ناو بەشەکانی ئەم رۆمانەدا خوێنەر دەکەوێتە بەردەم دەیان وێنەی دژ بەیەکی ئەمجۆرە روداوانەوە (کابول) پایتەختی لە مێژینەی پڕلە حیکایەت و کەلتوری مەزنی ئەفغانیەکان دەبێت بە جێگەی ململانیەکی کوشندەی خوێناوی لە نێوان تیرە و گۆروپە جیاجیاکانی ئەو وڵاتەدا **(لە جوونی ئەو ساڵەدا واتە ١٩٩٢، لە خۆرئاوای کابولدا شەڕێکی قورس لە نێوان هێزەکانی پەشتۆنی سەرکردەی سەربازی سەییافو هەزارەکانی باڵی وەحەتدا روویدا، تۆپباران عەموودەکانی کارەبای وێران کردو تەواوی شەقامو موغازەو خانووەکانیشی بەسەریەکدا دا)** ئەو پێکدادانانەی کە لەنێوان ئەو دەستەو گروپانەدا ئاوا روی دەدا نەک ئومێدی بۆ خەڵک دەگەڕاندەوە بەلکو ژیانی لەخەڵک دەکرد بە دۆزەخ، نوسەر ئەوە لە خوێنەر ناشارێتەوەو شەرم لەوەناکات کە هەڵەو کەموکوڕی نیشتمانە ئازیزەکەی خۆی لەنێوان رۆمانەکەیدا بۆ خوێنەرانی جیهان رابگەیەنێت، ئەوە راستگۆی ئەو نوسەرانەیە کە دەزانن دەستخستنە سەر ئەو جۆرە ئازارانە لەنێوان دەقە ئەدەبیەکاندا مەزنی نیشتمانێکی بریندار بۆ خەڵکو خوێنەران رادەگەیەنن **(لەیلا بیستی کە میلیشیاکانی پەشتوون، هێرش دەکەن سەر ماڵی هەزارەکان، دەرگای ماڵەکانیان دەشکێننو بەشێوەیەکی دەستەجەمعی گوللەبارانیان دەکەن. بەرامبەر بەمەش هەزارەکان مەدەنییە پەشتوونەکان دەڕفێننو دەستدرێژی دەکەن سەر کچە پەشتوونەکان. گەڕەکەکانی پەشتوونەکان تۆپباران دەکەنو بەبێ جیاوازی لێیان دەکوژن..)** ئیتر ئاوا نیشتمان بۆ زۆر لەو ئینسانە داماوانە دەبێت بە دۆزەخ , ئەم رۆمانە ناکرێت لە روانگەی یەک دیدو بۆچوونەوە ئاماژەی پێبکرێتو بخوێندرێتەوە وەکو دەقێکی ئەدەبی روت تەماشابکرێت، لە تێڕوانینێکی ئەدەبیانەوە یان لە

چوار چێوەی دەقێکی ئەدەبیدا نوسەر مێژوی چەندین ساڵی نائومێدی ئەو ئینسانە بەدبەختانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە تاکو ئێستاش برینەکانیان سارێژنەبووە. ئینسانەکانی ئەو وڵاتە خۆیان بە خۆیان دەڵێن:

**(بۆ کوێ؟ بۆ کوێ دەڕویت؟) (یەکەمجار بۆ پاکستان. پیشاوەر، دواتر نازانم لەوانەی بۆ هندستان یان ئێران) (لەبەر خاتری باوکم دەڕۆم. تەحەممولی ئەم هەموو جەنگو کوشتوکوشترەی نەماوە)** ئەم ڕۆمانە هەڵگری چەندین مێژوی دژبەیەکوپێکدادانی ئەو بیرو بۆچوونە جیاوازانە لە خۆدەگرێت کە ئەفغانستانی پێدا تێپەڕیوە، نیشتمانی ئەفغانیەکان پڕە لە جەنگی کوشندەو ماڵ کاولی، ئیتر خەڵک بە منداڵو گەورەوە دەبێت ماڵو خانوو کۆڵانو شەقامو شوێنی یادەوەرییەکانی خۆی لەپێناو مانەوەدا بەجێبهێڵێتو روبکەنە ئاوارەی، خەڵک دەیبینی لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی کۆمەنیستەکاندا ژیان لەپێشتر خراپترە، لە ڕۆژگاری گروپە موجاهدینەکانیشدا ژیان خراپتر دەبێت، ئیتر خەڵک نەیان دەزانی لەلای کێ و لەلای کام دەستەوتاقم داوای ژیانێکی ئومێدبەخشانە بکەن؟ مەودا قوڵەکانی ئەم ڕۆمانە خوێنەر دەخاتە سەر ئەو باوەڕەی کە هەموو بیرو بۆچوونەکانی دونیا لەکۆمەنیستەکانەوە تا دەسەڵاتی موجاهدینە ئیماندارەکان درۆیەکی مەودا دوورودێژەو جگە لە بەدبەختی بۆ زۆرینەی ئینسانەکان هیچ ترنین، ئاخر بۆدەبێت هەمیشە ئینسان باجی رفتارو کرداری ئەو گروپو تاقمانەبدات کە بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆیان وڵاتەکان دەکەن بە شوێنی جەنگو کاولکاری **(لەیلا لە ژوورەکەی خۆیدا بلوورزە کۆنەکانو پێڵاوە کۆنەکانو کتێبەکان و یارییەکانی خستە لاوە... دایەش شتەکانی خۆی کۆدەکردەوە، بەڵام بەنابەدڵیو نیگایەکی شەکەتو دووریش لە چاوەکانیدا بوو. قاپەکانی، دەستە سڕەکانی، ئاڵتوونەکانی- جگە لە ئەلقەی بووکێنییەکەی- و زۆربەی جلە کۆنەکانی جیاکردەوە ... بەڵام حالەکەی بابە لە هەمووان ئازاربەخشتربوو. لەیلا بینی لە ژووری کتیبخانەکەی وەستاوەو لە ڕەفەکانی کتیبخانەکەی ورد دەبێتەوەو خەمی**

**هەموو دونیا بە سیمایەوە دیارە...)** ئەوە حالی ئەو کەسانەیە کە نایەنەوێت لەپێناو هیچ دا بمرن بۆیە دەستبەرداری هەموو شوێنی یادەوەریەکانی خۆیان دەبنو ئیتر سەرگەردانی دا مەنزلی نائومێدیەکان دەبن **(ئم م م... هەرچەند دەکەم ناتوانم باوەڕ بەوە بهێنم، کە خەریکم کابول جێدەهێڵم. من لێرە چوومە قوتابخانە، یەکەمین کارم لێرەبووە، هەر لەم شارەدا بووبە باوک. هەستێکی سەیر دامدەگرێت، کاتێک بیر لەوە دەکەمەوە کە دەچم تا لەژێر سایپتەی ئاسمانی شارێکی تردا بخەوم)** ئەوە ئەو تەمەنەیە کە دەبێت لەپێناو جەنگی هەندێک گروپو کەسدا خەڵکانێکی زۆر باجەکەی بدەن... خەڵک چیبکەن کە دەرەقەتی ئەو هەموو جەنگو وێرابوونانە نادەن، ئەوان لەکوێ بزانن کە ژیانێکی کوللەمەرگانە دژین دەچنە ئەوێ تا جەنگ تەمەنیان نەبات وەکو کەسە نزیکەکانیان، نوسەری ئەم رۆمانە لە وێنەو رووداو دیمەنی ئەو ساڵە شوومانەی سەردەمە جۆر بەجۆرەکانەوە خوێنەر ئاشنادەکات بە مەرگو برینی هەزاران کەسی وڵاتەکەی خۆی. ئاماژە بە ژیانی ئەفغانیەکان دەکات کە پڕە لە خوێنو ئاوارەبوون **(وەرزەکان هاتنو چوون، سەرۆک کۆمارەکان دەچوونە سەرکارو دەکوژران. ئیمپرا تۆرێک رووخابوو. جەنگە کۆنەکان کۆتاییان پێ هاتبوو جەنگی نوێ بەرپا بووبوون)** ئەو جەنگانەی کە رۆژگاری شومی تاک بەتاکی ئەفغانیەکان بەخوێن دەنوسێتەوە، نوسەر راستگۆیانە دەڵێت (پیاوەکانی ئەم نیشتمانە هەمیشە بەدەستێکیان شووشە شیر هەڵدەگرنو بە دەستەکەی تریشیان تفەنگ) ئەوەی بیەوێت بزانێت کێ لە کۆمەنیستو باڵەکانی موجاهیدەکان، یان کێ لە گۆرپو تاقمە جۆر بەجۆرەکان، یان دەسەڵاتی تاڵبان چۆن چۆنی ئەو خاکەیان کردبووە جێگەی پەرتکردنو کوشت و کوشتاری یەکتری دەبێت لاپەرە بە لاپەڕە لەم رۆمانەدا بۆ ئەو جۆرە رۆژانە بگەڕێت، نوسەر دەمانخاتە سەر رێگاکانی ئەو شارانەی کە لە ئەفغانستاندا ژیان تێیاندا ببووبە ئاگر بۆ زۆربەی زۆری ئینسانەکان. لە نیشتمانی ئەفغانیەکاندا خەڵک هەر چەند ساڵ جارێک دەبوو

بچنــه پیشــەوازی دەســتەو تاقمێکــی تــر، نــاوەکان بــۆ خەڵــک گــرن نەبــوون، کۆمــاری دیموکراتــی ئەفغانســتان، ئیماراتــی ئیســلامی ئەفغانســتان،و چەندیــن نــاوی تــر، کــە لــە هەنــاوی هــەر یەکێــک لــەو جــۆرە دەســەڵاتانەدا خەڵــک جگــە لــە مــەرگو ئــازار نۆشــین هچیــان دەســتنەکەوت. ئــەوە ســەردەمی حوکمڕانــی کۆمنیســەکان، ئــەوە ســەردەمی دەســەڵاتی گروپــە موجاهدینــەکان، تــا دەگاتــە ساڵی ١٩٩٦و سـەرهەڵدانو گرتنـە دەسـتی هێزەکانـی تاڵبـان لـە ئەفغانسـتاندا.. ئـەو هێزانـەی دواتـر نەجیبووڵایـان لـە سـێدارەداو زیاتـر لـە ٢٢ شـتیان بەحـەرام دەزانـی لـە ئەفغانسـتاندا، قەدەغەیـان کـرد لـە پێکەنینـە تـا راگرتنـی بـە بەغـاو تەماشـاکردنی تەلەفیزیـنو چوونـە دەرەوەی ژنـانو نوسـینی کتێـبو وێنەکێشـانو چەندیـن شـتی تـر تـا لەسـاڵی٢٠٠١ دا بـە وێرانکردنـی دوو پەیکـەرە هونەریـە زەبەلاحەکـەی بـوودا شـوێن دەسـتی شـوومی خۆیـان بەجیهـان راگەیانـد. ئـاوا خەڵکـی ئـەو وڵاتـە ژیانیـان دەیانگوزەرانـد.. لـە نێوانـی ئـەو هەمـوو جەنگـەدا ئەو نیشـتمانەی کـە رۆژگارێـک هـەزاران خـۆری درەوشـاوەی لەپشـتی دیوارەکانیـەوە حەشــاردابوو وێــران دەبــوو بــە رۆحــی هەمــوو ئینســانەکانیەوە. بــەڵام ئــەوە پرسـیارە گرنگـە کەیـە خەڵـک چـی لـەو هـەزاران خـۆرە دروشـاوەیە بـکات کـە بـۆ خـۆی بـە ئاسـوودەی نـەگات لـە ژێریـدا.

لەگــەڵ ئــەو هەمــوو بەدبەختــیو ئازارانەیشــدا لــە نیشــتمانی ئەفغانیەکانــدا هێشـتا نوسـەر دەروازەیەکـی بچوکمـان بـۆ ئومێـدەکان بـۆ دەهێڵێتـەوەو ئامـاژە بــەوەدەکات کــە راســتە زۆرکات بەشــێکی زۆر لــە ژنو پیــاوو منداڵــەکان دەبنــە قوربانـی گـروپو دەسـەڵاتە جـۆر بـە جـۆرەکان بـەڵام لەسـەر رێـگای ئـەو هەمـوو قوربانیانــە دەکرێــت دواجــار عەشــق نەمرێــتو ئومێــدەکان زیندووببنــەوە.

*** – هەزار خۆری درەوشاوە/ رۆمانی خالید حوسەینی**

*** – وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە / ئازاد بەرزنجی**

*** – لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم / ٢٠١١**

# دەق و گرفتەکانی خوێندنەوە

(عامـوس عـوز) نوسـەری ئیسـرائیلی لـە کتێبـی (چیرۆکێک لە خۆشەویستیو تاریکـی) دا لـە بەشـی پێنجەمـدا دێتـە سـەر باسـی چیـرۆکو جۆرەکانـی خوێنـەر، دەربـارەی چیرۆکەکانـی ئـاوا دەنوسـێت **(ئەگـەر چـی دانپیدانانیـش نییـە هـەر چیرۆکێکـم نووسـیبێت، جۆرێکـە لەبیـرەوەری نووسـینەوە، هیـچ چیرۆکێـک نیـە جۆرێـک نەبێت لـە دانپێدانـان)** دەبـارەی خوێنـەرش ئـاوا دەنوسـێت **(خوێنـەری خـراپ بـەردەوام دەیـەوێ بزانێـت، راسـتەوخۆو یەکسـەر دەیـەوێ بزانێـت چـی راسـتی لـە رووداوەکـە قەومـاوە، چ چیرۆکێـک لەپشـتەوەی چیرۆکەکـەدا هەیـە، مەسـەلەکە چییـە، کـێ دژی کێیـە، بەراسـتی کـێ لەگـەڵ کێیـدا نووسـت... خوێنـەری ناپەسـەند وەک عاشـقە شـێتەکەیە کـە ژنێکـی دەکەوێتـە بندەسـتانو هەمـوو جلوبـەر گەکەی شـیتاڵ شـیتاڵ دەکات، کە شـێتەکە ژنەکـەی رووتکردەوە، پێستەکەشـی دادەماڵێـتو کەوڵـی دەکات، بەهێمنـی و لەسـەر خـۆ پێسـتەکەی لـە تەنیشـت خۆیـەوە دادەنێـتو پەیکـەرە ئێسـکەکەی ژنەکـە لێدەکاتـەوە، کـە ئێسـکەکانی وردوخـاش دەکات، کـە گۆشـتەکەی هەنجـن بەهەنجـن دەکات، بـەوە دەگاتـە لووتکـەی رەحەتبـوون... خوێنـەرە بـەدکارەکان دەیانەوێ دۆیستۆیفسـکی نـاودارو شـاناز بـە مەیلکـردن بـە دزیو کوشـتنی پیـرەکان تاوانبـار بکـەن...)**
دەبێت بڵێم جیاوازی لە نێوان نوسـەرو خوێنەردا ئەوەیە نوسـەر زۆرکات بەشـێک لەدانپێدانانەکانی خـۆی دەنوسـێتو لـە سـەر شـێوەی چیـرۆک دەیانگێڕێتـەوە، خوێنەریـش ئـەوەی لەسـەرە لەکاتـی خوێندنەوەیانـدا پەنـا نەباتـە بـەر ئـەوەی بۆچـی بـاش لـەو چیرۆکـە نـاگات، وەڵامەکـە ئەوەیـە کـە نوسـەران زۆرکات بـە کۆمەڵێـک چیـرۆک ئەوسـا دەتوانـن باشـتر هەمـوو دانپیانانەکانـی خۆیـان بـۆ خوێنـەران بگێڕنـەوە لـە سـەر شـێوەی چیـرۆک، هـەر ئەمشـە خوێنـەر دەبێـت چاوەڕوانبێـت تـا چەنـد چیرۆکـی ئـەو نوسـەرانە دەخوێنێتـەوە ئەگـەر لێیـان تێگەیشـتن ئـەوا دەتوانـن سوپاسـی ئـەو نوسـەرانە بکـەن کـە دانپیانانەکانیـان لـەو چیرۆکانـەدا بـاش نوسـیوەتەوە. ئـەوەی بۆشـای نێـوان نوسـەرانو خوێنـەر

پڕدەکاتــەوە جۆرەکانــی گێڕانەوەیــە، خوێنــەر هەیــە لــە گێڕانەوەیەکــی خراپــدا دەقــی زۆربــاش دەدۆزێتــەوەو خوێنەریــش هەیــە لــە گێڕانەوەیەکــی زۆرباشــدا ناتوانێــت دێڕێکــی بــاش بدۆزێتــەوە. ئــەوە جۆرەکانــی خوێنــەرن کــە ئــاوا دەقــەکان دەخوێننــەوە. لــە کوێ ئــەدەب هەبــوو هــەر لەوێــش خوێنــەر وئەدیبــان دەبــن بــە دووبــەرەوە یــان بــەدوو گروپــی جیــاوازەوەو خاوەنــی دەقــەکان دەخەنــە نێوانــی هەڵســەنگاندن و ڕەخنەکانــی خۆیانــەوە، بۆیــە هیــچ کاتێــک خاوەنــەی دەقــەکان نەیانتوانیــوە ڕزگاریانببێــت لــە دەســەڵاتی غەدرلێکــردن یــان پیاهەڵدانــی خراپەکارانــە، چونکــە زۆرکات خوێنــەر هەیــە بڕیــاری داوە بەبێ هیــچ مەنهەجێــک ئــەو دەقــەی دەیخوێنێــتەوە ناوێکــی خراپــی بەســەردا ببڕێــتو وەکــو ئــەو شــێتەی ســەرەوە کــە عامــوس باســی دەکات، ئــەو جــۆرە خوێنەرانــە کاتێــک بــە ئــارەزوی دڵــی خۆیــان دەگــەنو کەیــف خۆشــدەبن کــە دەقێکــی بــاش بکەنــە خوارکــی دەرونــی نەخۆشــیانو ناوێکــی خراپــی بەســەردا ببــڕن (کــەم نوســەر)ش هەیــە لەنــاو کــوردا لــە ڕوی هەڵســەنگاندنەوە بــۆ دەقەکانیــان دەســتی غەدری لــەو جــۆرە خوێنەرانــەو تــا بــە ڕۆشــنبیران و ئەدیبانیــش دەگات نەگەیشــتبێتێ. هەســتیش دەکــەم ئــەوەی زیاتــر ئەدەبــی کــوردی گەیانــدە حاڵەتــی مــردنو لەناوبــردن ئــەو جــۆرە خوێنــەرە شــێتو بەدکارانــەن کــە بــەردەوام لەهەوڵــی ئــەوەدان بەبــێ هیــچ مەرجێــک دەقــەکان بکەنــە خۆراکــی بێ مەعریفــەی خۆیــان، لــە نــاو ماڵــی زۆربــەی زۆری خوێنــەرانو ڕۆشــنبیرانەوە ئــەو جیاوازیانــە بــۆ خوێندنــەوەی دەق ماڵــی زۆر ئەدیــبو نوســەری بەکاولبــوونو ســپارد، کــە نەیانتوانــی هیــچ مانایــەک بەدەقــەکان ببەخشــن لــە ڕوی فــۆرم و زمــانو کارەکتەرەکانــەوە، هــەر ئەوانــەش بوونــە هــۆکاری پێگەیاندنــی گەلێــک دەقــی نابــوتو خــراپ لەنــاو کــوردا. لێــرە پەیوەنــدی بــاش نادۆزینــەوە لــە نێوان نوســەرو خوێنەردا، بەشــێک لــەو خوێنەرانە بەشــوێن دەقێکدا دەگەڕێــن کــە نوســەران بــە ئاســانی ماناکانیــان پــێ ببەخشــن. ئــەو خوێنەرانــە لەوەناگــەن کــە ئــەوە وەزیفــەی نوســەرنیە کاری لــەو جــۆرە بــۆ

خوێنەران جێبەجێ بکات، لێرە دەگەڕێینەوە بۆ توانای ئەو جیاوازیانەی کە نەوەکانی خوێنەر لە ئێستاو پێشوتردا دەقەکانیان پێ دەخۆێندەوە، ئەو جۆرە خوێنەرانەی کە ناتوانن بە قوڵای دەق بگەن مانایەکی تر بۆ دەقەکان دەدۆزننەوەو لە خۆڕا ئیتر دێن خوێنی نوسەرەکەشی پێوە دەڕژێننە ناو کاسەی بەتاڵی خۆیانەوە. لە ئێستای ناوەندی رۆشنبیریو ئەدەبی کوردیشدا هێشتا زۆر (ناو) لە خۆڕا لە سەر دەستی ئەو جۆرە خوێنەرە بەدکارانەدا نەبوونەتە هەڵگری ناوێکی بەهەرەمەندو بەسەلیقەیە. بۆ بەرهەمهێنانی دەق. لەکاتێکدا زۆر ناو لەو ناوانە باشتر لە کەسانی تر دەنوسنو دەقی زۆرباشیشیان هەیە لە روی زمانو تەکنیکو ناوەرۆکەوە، کەچی هەمیشە دەکەونە بەردەم غەدری ئەو خوێنەرانەی ناتوانن دەقێک بەتەوای بخوێننەوە، ئەمە ئەو جەنگە دێرینەیە کە کەوتۆتە نێوان نوسەرو خوێنەرەوە لێرە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ توانایی دەسەڵاتی ئەو خوێنەرانەی کە هەمیشە لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر خراپتر دەخوێننەوە هەست ناکەن نوسەران باشتر دەنوسنو باشتر دەقەکان بە دەیان پرسیارەوە لەبەردەم خوێنەراندا رادەگرن. ئەوە سەیرە خوێنەر هەیە ئەگەر نوسەرێک لە (رەشە با)یەکی توند دوا لە چیرۆکێکداو ئاماژەی بەوەدا کە ئەو رشەبایە لە رۆژ هەڵاتەوە هەڵدەکات، ئەوا ئەو خوێنەرە هاواردەکات من کەیفم بەو جۆرە رەشە با یە نایەت کە لە رۆژ هەڵاتەوە هەڵدەکات بۆ ئەو نوسەرە لە رەشەبای رۆژ ئاوا نەدواوە. ئەمە دواکاری ئەو خوێنەرانەیە کە هیچ لە خوێندنەوە نازاننوماڵی گەلێک لە خاوەن دەقەکان وێراندەکەن بە تەنیا لەلای خۆیان نەک لەلای خوێنەرانی تر چونکە دەق بە تەنیا موڵکی ئەو خوێنەرانە نیە کە هیچ لە خوێندنەوە نازانن.

بێگومان دەق ئەو کاتانە دەبێتە دەقێکی جیهانی کە خوێنەرانی و ئەدیبانی دونیا لە رێگەی وەرگێڕانەکانەوە ئاشنای بەرهەمی کەسانی ترببن

لـه سـەر زەمینەکانـی تـردا، هیـچ بەرهەمێـک ئـەو سـنورانەی نەشـکاندوە یـان نرخـی خـۆی وەکـو پێویسـت نەزانیـوە ئەگـەر وەرگێـڕان کاری بـۆ پەڕێنـەوەی نەکردبێـت لـە سـنورێکەوە بـۆ سـنورێکی تـر، گومانـم نیـە هـەر وەک چـۆن لـە نیشـتمانی خۆیـدا دەقـەکان دابەشـبووە بەسـەر دوو گروپـی جیـاوازدا بـۆ رەخنـەو هەڵسـەنگاندن، لەگـەڵ ئەوەیشـدا ئەگـەر جارێـک دەقێـک لـە دەقـە کوردییـەکان وەربگێڕدرێتـە سـەر زمانێکـی ئـەو خوێنەرانـەی یـان ئـەو رۆشـنبیرانەی نازانـن دەق بخوێننـەوە دەکەونـە سـوکایەتی پێکـردن بـە خاوەنـی ئـەو دەقانـە چونکـە ئـەوان لـە دەقەکانیـان تێناگـەو نایانەوێـت ئـەو دەقانـە وەربگێڕدرێتـە سـەر هیـچ زمانێکـی تـر ئـەم حوکمـە قـەرە قوشـیانە چـی دەگەیەنـن، هەندێـک نوسـەر لێـرە وایلێهاتـووە ئەگـەر دەسـتی دایـە نوسـینی دەقێـک دەبێـت بچێـت پـرس بـەو جـۆرە خوێنەرانـە بـکات تـا دوای تەوابوونـی دەقـە کـە ئـەوان بـاش لێیتێبگـەن. دەق هەیـە لای زۆر خوێنـەری کـورد بەتاڵـە لـە جوانـی بـەلام دڵنیـام کاتێـک دەقێـک لـەو دەقانـەی لای ئـەو خوێنەرانـە خراپـە دەگاتـە ناوەندێکـی پـڕ لـە دەقـی دانسـقەو مەزنـی وەکـو ئینگیلـز زمانـەکان، لـەو ناوەنـدە مەزنـەدا چونکـە خوێنـەری جدیو راسـتگۆی تێدایـە چونکـە کار بـۆ هەڵسـەنگاندن و تێپەڕاندنـی دەکرێـت لـەلای رەخنەگـرانو خوێنەرانـی ئـەو زمانـە زینـدوەی دونیـا ئـەو دەقـە کوردیـە وەرگێردراوانـە رەنگـە زۆربـاش دەنگدانەوەیـان هەبێـت، گرنگەیـە کـە ئالێـرەوە سـەرچاوە دەگرێـت دەبـێ ئێمـە جـارێ چاوەڕێبکەیـن تـا دەقەکانـی گەلێـک ئەدیـبو رشـنبیرە باشـەکانی کـورد وەردەگێڕدرێنو دەکەوێتـە ناو بەرهەمە جیهانیەکانـی تـرەوەو لەدەسـت خوێنـەرە بەدکارەکانـی ناوخـۆ رزگاریـان دەبێـت، لێدەگەڕێیـن بزانیـن رەخنەگـرانو خوێنەرانـی دەرەوەی ئـەم سـنورە بچوکـەی ئێمە چـی لەسـەر دەقەکانـی کـورد دەڵێـن، هـەر چۆنێکبێـت کارکـردن بـۆ وەرگێڕانـی بەرهەمەکانـی ئەدیبانـی کـورد بـۆ سـەر زمانـە جیاجیـاکان نرخـی خـۆی هەیـەو جارێکـی تـر زیندووبوونـەوە دەکاتـەوە بەبـەری دەقەکانیـداو لـە نەخۆشـی گەلێـک

خوێنــەری نـاو خـۆ دوریـان دەخاتــەوە. لەگـەڵ ئـەو تێبینیـەدا کـە دەقــەکان دەبـێ لەلایـەن کەسـانی زمـان زان و بەسـەلیقەوە وەربگێڕدرێـن تـا بـەدەردی ئـەو دەقانـە نەچـن کـە دەقـە مەزنەکانـی دونیـا بـە سـەقەتی وەردەگێڕدرێـن بـۆ سـەر زمانـی کـوردی و نرخـی دەقــەکان لای خوێنــەرە جدیەکانـی کـورد دادەشـکێنن.

ئـەو ناکۆکیانـەی بـە درێـژای ڕۆژگارەکانـی ناوئەدیبانـی کـورد توشـی دەقــەکان و خاوەنەکانیـان هاتـووە، کارێکـە دەبـێ جیـاوازی بکەیـن لـە نێوانیانـدا، لێرەیـش دوو گـوروپ هەیـە کـە دەبـێ پەیوەنـدی نزیکـی دەق بـە ڕەخنـە گرانـەی ئـەم دوو گروپــەوە جیـا بکەینــەوە، زۆرکات گروپـی یەکەمیـان خـۆی لـە غـەدرو دوور لـە میتۆدەکانـی ڕەخنـەدا بینیوەتــەوەو پشـتیان بـە وتـی وتـی و قسـەی لابـەلا بەسـتووە نەیـان توانیـوە بەهیـچ جۆرێـک کار لەسـەر هەڵسـەنگاندنی دەقــەکان بکـەن وەکـو ڕەخنەگـر، نموونەیەکـم لەلایـە کـە ناکـرێ نـاوی بـە ڕەخنەگـر بهێنـم، جارێکیـان لێـم بیسـت دەیـوت (خۆدەزانـم دەقەکانـی فـڵان نوسـەر لـەو دەقانـە ناچـێ کـە مـن ناویـان دێنـم، بـەڵام بـۆ ئـەوەی دڵـی بتەقێنـم بـەردەوام دەبـم لەســەر ئــەم جــۆرە شــتانە) ئەمــە ئــەو جــۆرە نموونەیەیــە کــە دەکــرێ بیکەینـە نموونـەی زۆرتریـن ڕەخنەگرانـی ناوکـورد، ئـەم جـۆرە کەسـانە هەمیشـە پشـتیان بـە غەدرلێکـردن و هاتوهـاوار بەسـتووەو ویسـتویانە کـە دەقێکـی بـاش بەرهـەم دێـت ئیتـر لەپەنـا ئـەم جـۆرە دەقانـەدا وەکـو ڕەخنەگـرو دۆزەرەوەی تازەتریـن میتـۆدی ڕەخنـەی نـاو دەربکـەن، پشـت بەسـتن بـەو ڕەخنانـەی کـە تاکـو ئێسـتا لـە بەرهەمەکانـی ئەدیبانـی کـورد گیـراون هیجـار کـە مـن، دەبـێ ئـەوە بڵێیـن نـەک نەیـان توانـی خوێنـەران لەدەقـەکان دووربخەنـەوەو بیسـەلمێنن کـە کارەکانـی ئـەم نوسـەرانە چیـنو چـۆن چۆنـی ڕەخنەکـراون، بەپێچەوانـەوە خوێنـەرانو ڕۆشـنبیران لـە دوای ئـەو ڕەخنانـەوە زیاتـر ئاشـنای هەندێـک دەق بـوون ئـەو ڕەخنەگرانـە دەقـە خراپەکانیـان کـردە دەقـی باشـو خوێنەریشـیان بەخۆیانـەوە فیـردا. دەبـێ ئـەوەش بڵێـم ناکـرێ دەق لە سـاڵی یەکەمی نووسـینیدا

یـان لەنـاو نەوەیەکـدا لـە ڕۆشـنبیران و خوێنـەران هەڵسـەنگاندنی تـەواوی بـۆ بکرێـت و قەتیـس بکرێـت بـۆ باشـی و خراپـی، دەق چونکـە درێـژە بـە تەمەنـی خـۆی دەدات ئـەوا نەوەکانـی داهاتـوو، ڕۆشـنبیرانی داهاتـوو، باشـتر دەتوانـن کار لەسـەر هەڵسـەنگاندن و بـاش و خراپـی دەقـەکان بکـەن، پشـت بەسـتن بـە نەوەیـەک لـە ڕەخنەگران و خوێنـەران بـۆ هەڵسـەنگاندنی دەقـەکان کارێکـی شکسـت خـواردووە و ناکرێ بەهیـچ جۆرێـک دەق لـەلای نەوەیـەک بڕیـاری بـاش و کوشـندەی بەسـەردا بدرێـت، ئەوەشـی لـە ئەمڕۆدا دەوترێـت بـۆ هەڵسـەنگاندی دەقـەکان بـۆ باشـیو خراپـی ڕەنگـە لـە ئاینـدەدا ببنـەوە بەسـفرو نەچنەخانـەی هیـچ جـۆرە ڕەخنـەو خوێندنەوەیەکـەوە. ئـەوە گرنگـە کـە خوێنـەر لـەوە تێبـگات کـە ئەگـەر نوسـەرێک ڕۆژگارێـک لـە گـورگ دوا ئـەوا خاوەنـی ئەودەقـە هەڵگـری توخمـی گـورگ نیـەو پرسـی دڕنـدەی لـە بیـر ئـەو نوسـەردا نیـە. ئـەو خوێنەرانـە گەرچـی بـە ژمـارە کەمـن بـەڵام دواجـار دەتوانـن سـەربکەون بەسـەر هەمـوو خوێنـەرە خراپەکانـداو دەقـەکان لـە مـردن ڕزگاربکـەن.

دەبـێ بڵێـم دەقـە باشـەکان هەمیشـە دەتوانـن کاریگـەری خۆیـان لـەلای کەسـانی تـر بەجێبهێڵـن بەخوێنـەرە بـەدکارو خراپەکانیشـەوە، پشـت بەسـتن بـەو داوایـە کـە ئایـا نوسـینی دەق دەتوانـێ کاریگـەری لـە سـەر ئـەو خوێنـەرە خراپانـە هەبێـت بێگومـان بەڵـێ. مـن وەکـو خـۆم وەکـو خوێنەرێـک زۆرکات بـە خوێندنـەوەی دەقـە خراپـەکان فێربـووم کـە بەشـوێن دەقـی باشـتردا بگەڕێـمو بەئەدبیـە جدیـەکان بگـەم. ئـەو دەقـە خراپانـە ڕەنگـە وەکـو خوێنـەر نـەک وەکـو نوسـەر کاریگـەری باشـیان لـەلام بەجێهێڵابێـت. مـادام هەمووجـان کـوڕی ئـەم ڕۆژگارەیـن دەقـەکان دەبنـە هەڵگـری جۆرێـک لـە پرسـیار لەلامـان و نـاش کرێـت بڵێـم وەکـو ئـەوان دەنوسـمو دەخوێنمـەوە، خوێندنـەوە لای مـن لـە (دەقێکـی خـراپ)دا گەڕانـە بەشـوێن دۆزینـەوەی (نیودێـڕی بـاش)ی خـاوەن دەقەکـەدا کـە ئـەو نیـوە دێڕەشـم دۆزیـەوە کەواتـە خاوەنـی ئـەو دەقـە لـە ئاینـدەدا دەتوانێـت

باشـتر بنوسـێت، ئەگـەر وابوایـە هەموومـان وەکـو یـەک دەقمـان بخوێندایەتـەوە بێگومـان هەمووـمـان دەچوونـەوە سـەر یـەک بیـرو بۆچـوون و یـەک جۆرنوسـینو یـەک جـۆر بڕیـار لـە داڕشـتنی دەقەکانمانـدا. ئەوکاتانـە یـەک جـۆر دەق بەرهـەم دەهـات نـەک چەنـد دەقێـک. تێڕوانیـن و ئایدیـای هەمـوو نوسـەرێک لای خوێنەران زۆر جیاوازتـرە لـە یەکتـری و قـەت ناکرێـت دوو نوسـەر وەکـو یـەک بنوسـن یـان وەکـو یـەک، یـەک دەق بەرهـەم بهێنـن. بەمجـۆرەش خوێنـەران ناتوانـن وەکـو یـەک بخوێننـەوە بـەڵام لای ئیمـە ئـەوە سـەختە خوێنـەرە خراپەکـە بـەردەرگای بـە هەمـوو دەقـە باشـەکان گرتـووە. لای ئـەو خوێنـەرە بەدکارانـە گەڵێـک جـار ئـەو پرسـیارە دەکرێـت یـان دەنوسـرێت ئـەم دەقـە لـە فـڵان دەق دەچێـت چونکە چەنـد خوێنەرێـک دوای خوێندنەوەیـان هەریـەک بۆچوونیـان هەیـە لەسـەر ئـەو دەقـە، چونکـە هەردووکیـان عاشـقیان تێدایـە یـان سـەرباز و جەنـڕاڵ و بـاران‌و لافاویـان تێـدا، یـان ئەسـپ‌و کۆتـرو فریشـتەیان تێدایـە... ئـەم تێڕامانانـە بـۆ دەق لای خوێنـەرە خراپـەکان بـۆ جیـاوازی دوورو نزیکـی نێوانیـان کارێکـە قـەت بـەری پێناگرێـت لـە لایـەن نوسـەران‌و خوێنەرانـی تـرەوە، چونکـە ئـەوە تێبینیەکانـی ئەوانـە بـۆ هەڵسـەنگاندنی دەقـەکان‌و هیـچ نوسـەرێک ناتوانێـت بەربـەم جـۆرە گفتوگۆیانـە بگرێـت تـا ئـەو پـەری خراپیشـیان. هـەروەک چـۆن دەڵێـن ئـەو دەقانـە لـە فـڵان وفـڵان دەقـی کەسـانی تـر دەچێـت یـان وەرگیـراوە. ئەمـە تێبینـی‌و هەڵسـەنگاندی ئـەو کەسـانەیە بـۆ دەقـەکان لای ئێمـە. یـان خوێنەرانێکـی تـر دێـن دەڵێـن لـە ژێـر کاریگـەی زمـان و وێنـەو پاڵەوانەکانـی ئەدیبانـی تـردا ئێـوە ناتوانـن بنوسـن. هەمـوو ئـەم بۆچوونانـە دەبـێ هەڵبگریـن بـۆ ئاینـدەو بزانیـن کـەی کەسـانێک دێـن بـە باشـی دەتوانـن نوسـینی ئەدیبـان لـەم نەوەیـەو نەوەکانـی تـر بـە جیـاوازی دەنگەکانـەوە لـە یەکتـری جیابکەنـەوە، رەخنـەی جدی کاربـکات لەسـەر دەقـەکان نـەک غەدرلێکردن و توانجو هەڵوێسـتی خوێنـەرە بـەدکارەکان.

# ساراماگۆ مرد

(هێشتا کوێربوون بەردەوامە)

(مـن كوێربـووم) ئـەوە ئـەو دەنـگو ئامـاژە ترسـناكەیە كـە یەكـەم كـەس كـە لـە رۆمانـی (كوێـری)دا سـەرەتای كوێربوونـی خـۆی رادەگەیەنێـت، ئـەو دەنگـەی كـە رەنگـە دەنگـی بەشـێكی زۆری تـاك بەتاكـی سـەر خاكـە جیـا جیاكانـی دونیابێـت، دەنگێـك كـە مـرۆڤ دەخاتـە سەرناسـاندنی كوێربـوون بـۆ تێنەگەیشـتن لـە ئـەو رۆژگارەی تەمـەن تێـدا دادەڕزێـت، هەمووەمـان روبـەڕوی ئـەو پرسـیارە دەبینـەوە كـە هەمیشـە بیركردنەوەمـان پڕدەكرێـت لـە جـۆرە بانگەوازێـك كـە دونیـای ئێمـەی پـێ رەنـگاو رەنـگ دەكرێـتو دەخوازرێـت بـەو جـۆرە بانگەوازانـە رێگـە لـە داڕمـانو بێئومێدبوومـان بگیرێـت، هەمیشـە چەنـد برسـیو چەنـد مانـدو چەنـد نەخـۆشو چەنـد بێئومێدبیـن رۆحمـان پڕدەكرێـت لـە جـۆرە ئومێدێـك كـە قـەت نایگەینـێ، هەمیشـە لـە نـاو ئـەو هەمـوو شـتە خراپانـەدا دەبـێ ئێمـە بەچـی بگەیـن؟ ئـەوەی وامـان لێـدەكات لـە شـتەكانی دەووروبـەرو ناخـی خۆمـان تێنەگەیـن بـێ بیركردنـەوەو ماخۆلانـی خۆمانـە لـەو دونیایـەی تێـدا دەژیـن، ئەوكەسـانەی تێناگـەن كـە بـۆ برسـین، بـۆ نەخۆشـن، بـۆ دادەرزێـن، هەمیشـە بەشـوێن سـەرابێكی دووردا رادەكـەن، سـاراماگۆ ئـاوا ئامـاژە بـە گێلێتـی زۆربەمـان دەكات لـەو كاتانەشـی كـە ئیتـر كوێرییـن هیچمـان هەسـت بـە تاریكایـی دەورو بەرمـان ناكەیـن **(كوێـرە پیـاو دەسـتی بـەرەو چاوەكانـی بـردو ئامـاژەی كـرد كـە هیـچ نابینـم، دەڵێـی كەوتوومەتـە تەمـەوە، یـا نوقمـی دەریـای شیربووم... مـن هەمووشـتێ بـە سـپی دەبینـم)** ئـەو ترسـەی (خۆسـیە ساراماگۆ) بـۆ تـاكو كۆمەڵـگا لـە دەقەكانیـدا هەیبـوو، لـەو پـەڕی دونیابینـیو مەعریفـەی ئـەو رۆمانوسـە مەزنـەوە سـەرچاوەی گرتبـوو، نوسـەرێك كـە ئـاوا كۆمەڵـگا لەرێگـەی بیـرو بۆچوونەكانیـەوە شـرۆڤە بـكات بـە هەمـوو باشـەو كارە درێوەكانیـەوە، بێگومـان خوێنـەر دەگەیەنێتـە ئـەو بـاوەڕەی كـە دەبێـت نوسـەر راسـتگۆیانە بنوسـێت، ئـەو نوسـەری لـە حەقیقەتـی شـتەكانی دەوروبـەری

هەڵهات بێگومان ناتوانێت ئیتر بنوسێت، ئەو ترسو شڵەژانەی ساراماگۆ لە رۆمانی (کوێری) دا بۆ کۆمەڵگا دەیخاتە روو، ترسێکە دەبێت ئێمە بە رێگاکانی ئەو ترسەدا چۆن تێبپەڕین، کاتێک تاک لە رۆمانی کوێریدا دەبێتە تاکێکی کوێرو لەویشەوە بەشێک لە کۆمەڵگا بەرەوکوێربوون دەچێت، بەو راستیە دەگەین کە هێشتا هەموو ئەو شتانەی بۆ خزمەتی تاکو کۆمەڵگا لە ژێر دەستی رژێمی سەرمایەداریدا خراونەتە رو، نەک خزمەتمان پێناکات بەڵکو هەموو تەمەنمان وێراندەکات، ساراماگۆ، ئەوە پیشانی خوێنەر دەدا کە ئارام گرتن لەژێر دەستی سەرمایەداریدا بە هەموو پێوەرەکان شتێکی دوورە لە راستیەوەو بینینو خۆشبەختی بۆ کەمترین خەڵکانی سەرزەوییە نەک هەموو گەلانی دونیا، دووریەک کە هەرچەندە چاومان ببینێت بەلام ئێمە کوێرین، چونکە کویلەی ئەو ئامێروخواستانەین کە رژێمی سەرمایەداری بەسەرماندا سەپاندویەتی (**هەڵەیە وابیربکەینەوە کە جەماوەری ئەم کوێرانە چەشنی مێگەل رودەکەنە کوشتارگا**) ئەمە ئەو چارەنوسەیە کە ساراماگۆ دەیەوێت پیشانی خوێنەری بدات کە کاتێک کۆمەڵگا لەژێر دەستی رژێمی سەرمایەداریدا ئیتر دەپوکێتەوە، ئەو رژێمە هەمیشە کۆمەڵگا دەکاتە مێگەلو بۆ خاتری خۆی ئاوا کۆمەڵگا ئاراستەی تێکشکانو لەناوبردن دەکات، ساراماگۆی نوسەری رۆمانی کوێری یەکێک بوو لەو شیوعیە سەرسەختانەی کە تامرد لەرێگەی بیروباوەڕەکەیەوە بەرهەمەکانی بۆخزمەتی گەلانی بەشخوراو دەنوسیو لەو پێناویشدا توانی لە رێگەی بیرو باوەڕەکەیەوە راستگۆیانە بچێتە بەرەی خەڵکی نەبوونەدارانەوە، لە دیدی ساراماگۆوە ئەو کۆمەڵگایەی کە ئیتر بۆ زەمەنێک ژیان تێیدا دەبێتە ژایانێکی کوێر ئاسا مرۆڤایەتی دەگاتە ئەو پەڕی پەرێشانیو نائومێدبوونو تەنیا بەوەدەگەن کە بەمجۆرە ژیان بەرنە سەر (**هێندێک لێرە بەردەوام دەگرین، تاقمێکی تر لەترسان یان**

**لـه توورەییـان هاواردەکـەن، برێـک جنێـودەدەن...)** وێنـەی ئـەو دونیایـەی کـە ساراماگۆ لـە ڕۆمانـی کوێریـدا دەیخاتـە ڕوو وێنەیەکـە کـە ئێسـتا ژیانـی سـەر زەوی تێـدا دەگوزەرێـت **(دونیـا پـڕە لـە کوێـر، بـە بـڕوای مـن هەمووسـان خەریکـە دەمریـن تەنیـا بـاس لـە سـەر درەنـگو زوویـە.. بـەڵام مردنێـک لەوە ناخۆشـتر نیە کـە مـرۆڤ بـە هـۆی کوێریـەوە بمـرێ، نەخۆشـیی، پێکـدادانو روداو،و کارەسـاتی جۆراوجـۆر دەبنـە هـۆی مەرگـی ئێمـەو ئێسـتاش کوێـری دەبێتـە هـۆی مردنـی ئێمـە، مەبەسـتم ئەوەیـە کـە کوێـریو شـێرپەنجە، کوێـریو ئازارەباریکـە، کوێـریو ئێـدز، کوێـریو راوەسـتانی دڵ بـەردەوام دەبنـە هـۆی نەمانـی ئێمـە...)** لەگـەڵ هەمـوو نەخۆشـیەکانی تـرو هەمـوو ئەوشـتانەی دێنـە رێگـەی مـرۆڤ هۆکارێکـن بـۆ لەناوچـون، بـەڵام لای ساراماگۆ خراپتریـن هۆکارێـک کـە خەڵکـی پـێ بمرێـت کوێربوونـە، چونکـە زۆرکات خەڵـک خۆیـان دەبنـە هـۆکاری کوێربوونـی خۆیـان، خۆیـان دەبنـە سـەرچاوەی مـردنو نەخۆشـی، دەبـێ بپرسـین ئاخـر زۆرکـەس چاویـان هەیـە بـەڵام نابینـن، بینیـن بـۆ مـرۆڤ گەیشـتنە بـە دوورکەوتنـەوە لـە ناعەدالەتـی، بینینـی راسـتەقینە بـۆ شـتەکانی دەوروبەرمـان هۆکارێکـە کۆمەڵـگا بـەرەو ئاسـودەیی دەبـات، بـەڵام کاتێـک لای ساراماگۆ ئـەو بینینـە راسـتە قینەیـە لای مـرۆڤ فەرامـۆش دەکرێـت ئیتـر کۆمەڵـگاو شارسـتانیەت پـێ دەنێنـە لێوارەکانـێ دارمـانو شـێواندنی ژیـان، ئالێـرەوە مردنـی کۆمەڵـگا دەسـت پـێ دەکات کـە مـرۆڤ نەتوانێـت بـاش ببینێـت.. بـە لەنـاو چوونـی بینینـی تـاک لـە هەرکوێیـەک بێـت ئیتـر خواسـتی هەمـوو کۆمەڵگایـش درەنگبێـت یـان زوو دادەرمێـت، ساراماگۆ روبەڕوی ئەوپرسـیارەمان دەکاتـەوە کاتێـک تـاک بـۆ خـۆی هۆکارێکبێـت بـۆ کوێربوونـیو نەبینیـن، ئیتـر چـی دەخوازێـت لـە بەرامبەرەکـەی؟ کاتێـک شـار پڕدەبێـت لـە کوێـر ئیتـر دەبێـت چ وەڵامێـک بـۆ مرۆڤیایەتـی بدرێتـەوە، لـەو سـاتە وەختانـەی، لـەو بەیانیانـەی کـە ئیتـر لەسـەر شـەقامێک

مرۆڤێـک کوێـر دەبێـت، ئیتـر وەڵامێـک بـۆ پرسـیارەکانی ئێمـە دەدرێتـەوە یـان کۆمەڵـگا دەبێتـە کۆمەڵـگای کوێـرەکان، لـە ئـەو رۆمانـەی کـە هیـچ ناوێـک لـە کەسـەکانو شـارو وڵاتێـک لـە خـۆ ناگرێـت، سـاراماگۆ دەمانخاتـە سـەر نەخشـەی ئـەو شـوێنانەی کـە بـەردەوام مـرۆڤ تێـدا چـاوی خـۆی لەدەسـتدەدات، ئـەوە ئاماژەکانـی نـاو ئـەو رۆمانـەن کـە پێمـان دەڵێـت، خەڵکـی خۆیـان لـە بـێ بیرکردنـەوەو بێتوانـی خۆیانـدا ئـازار بـۆ خۆیـان دروسـتدەکەن، خۆیـان دزی لـە خۆیـان دەکـەن، خۆیـان بەندیخانـە بـۆ خۆیـان دروسـتدەکەن، لـە کوێـی ئـەم جیهانـەدا کوێربوونێکـی ئـاوا بـە خێـرای تەشـەنەدەکات ئەگـەر مـرۆڤ بۆخۆیـی هۆکارێـک نەبێـت... ئـەم رۆمانـە کـە سـەرچاوەی بیرکردنـەوەی سـاراماگۆ لـە خـۆ دەگرێـت بـۆ خەڵـکو شارسـتانیەت دەمانخاتـە سـەر هێڵـە گشـتییەکانی ژیـان بـە دوو ئاراسـتەی جیـادا: جارێـک کـە مرۆڤایەتـی ئێسـتا کەوتۆتـە ژێـر دەسـتی هەیمەنـەی برسـێتیو نەخۆشـییەوە چەنـد درێـژە بکێشـێت سـەرئەنجام مرۆڤایەتـی بـەو رۆژە دەگات کـە بتوانێـت بـە ئاسـودەی بـگاتو دادپـەروەری بهێنێتـەدی... لـەو روانگەیـەوە کـە کوێربـوون لـەم رۆمانـەدا چەنـد ترسـناکە بـۆ تـاک بەتاکـی خەڵـک بـەڵام سـەرئەنجام مـرۆڤ بـە بینینـی راسـتە قینـەی خـۆی دەگات. ئیتـر ئـەو بینینـە هـەر چۆنێکبێـت چونکـە لـەدوای هەمـوو تاریکاییـەک دەبێـت روناکیـەک هەبـێ.

# ترس له‌ مرۆڤ... ترس له‌ زیندان

خۆشەویستی وەڵامێکی شیڤابەخشە بۆ هەر جۆرە ئازارێک، لێبوردەی ڕێگایە بۆ خۆشەویستی، لەگەڵ لێبوردەییدا دوژمنایەتی لەناو دەچێت... لویس هی.

مرۆڤ زۆرکات دەترسێت، ئەم ترسە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام ترسی مرۆڤەکانی ئێمەو وڵاتانی عەرەبیو وڵاتانی دراوسێمان ترسێکە مرۆڤەکان هەمیشە بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات، چیرۆکی ترسی ئەم مرۆڤانە زۆرکات لە یەک دەچێتو هەموویان لەیەک جەستەو بیردا کۆدەکاتەوە، ئەم ترسە بۆ تاکەکانی کوردو عەرەبو فارسو تورک لەم ناوچەیەدا دەچێتە چوارچێوەی ترسی زیندانەوە، دەچێتە خانەی ترس لە مرۆڤەکانی دەوروبەرتەوە تا بە هاوڕێ نزیکەکانیشت دەگات، لەم وڵاتانەدا بە هەرێمە نائومێدەکەی ئێمەیشەوە ترسی زیندانو ترسی گوێهەڵخەرەکانی دەوروبەرت ساڵانێکی زۆرە تاک بە تاکی خەڵکی گیرۆدە کردوە. بێگومان ترسی زیندان ترسێکە بە بەرنامە رژێمە ستەمکارو تۆقێنەرەکان بۆ سەرکوتکردنو لەناوبردنی دەنگە ناڕازیو هێزە نەیارەکان بەکاری دەهێنن‌و هەموو ڕێگانی لە پێناودا تاقی دەکەنەوە، ئەم ترسە هەڵگری ئەو شێوە دەسەڵاتەیە کە لە وڵاتە ستەمکارەکاندا مرۆڤەکان دەکرێنە دڕندەو یەکتریان پێ لەناو دەبەن، کەچی لە وڵاتە ئازادی خوازەکاندا تەنانەت ئاژەڵە دڕندەکان خزمەتدەکرێن‌و هەوڵی ماڵی کردنیان دەدرێت تا پەلاماری مرۆڤ نەدەن، مێژوی دەسەڵاتە تۆقێنەرەکانی ئەم ناوچەیە کە خۆیان لە دەیان ناوو ناونیشاندا کۆکردۆتەوە پڕە لە هێزی وەحشیگەریو ترسێنەر بەرامبەر بە تاکو کەسانی ئازادی خواز. ئەم ترسە بە تەنیا لە دروشم‌وچوارچێوەی بەیاننامەو بڵاوکراوەکانی ئەم رژێمانەدا نەماوەتەوە، بەڵکو لەناو ژورە تاریکو پیسەکانی زیندانەکانیانداو لەسەر دەستی جەلادو پیاوکوژەکاندا هەرچی شێوەی تۆقێنەری ئەشکەنجەدانە

گرتویانەتـە بـەرو تاقیانکردۆتـە سـەرگیانی ئـەو تاکـە بەدبەختانـە، ئەمەیشـیان بۆ شکسـت پێهێنـانو دانپیانانـی ئەوانەیـە کـە دەیانگـرنو بـە دوژمنـی ڕژێمەکەیـان دەزانـن. کـەم مـرۆڤ هەیـە لـەم وڵاتانـەدا چیرۆکـی ئـەو ترسـەی نـاو زیندانـی ئەو ڕژێمانەیـان نەبیسـتبێت ، لێـرەوە ئـەم ترسـە دەچێتـە نـاو مـاڵاو نـاو قوتابخانـەو نـاو ژوری فەرمانبـەرو نـاو دوکانـی کاسبکارانیشـەوە، تـادەگات بەنـاو پـاسو نـاو تەکسـیەکانیش، ئـەم ڕژێمـە سـتەمکارانە دەخـوازن هەمـوو ئـەو شـوێنانە پڕبکـەن لەکەسـانی گوێهەڵخـەر تـا ئاگایـان لـە هەسـتو کاری هەمـوو کەسـێکبێت، بۆیـە هەمیشـە لـەم وڵاتـە تۆقێنەرانـەدا تاکـەکان دەترسـنو بـە ترسـەوە ڕۆژگار بـەڕێ دەکـەن، تـرس لـە گرتـنو زینـدان تاکـە ترسـە کـە زۆر کەسـی ئـەم ناوچەیـەی پێـوە گیرۆدەیـە، تاکـەکان لەسـایەی ئـەم ڕژێمانـەدا دەزانـن ئـازارو ئەشـکەنجەی نـاو زیندانەکانیـان چەنـد بـە ئێـشو تۆقێنـەرە. کارکـردن بەم جۆرە ترسـە بۆخۆی لەلایـەن ئـەم ڕژێمانـەوە هەوڵێکـە بـۆ بێدەنـگ کـردنو مانـەوەی دەسـەڵاتی بـەزۆر سـەپێنراویان.

*　　　*　　　*

ئەمـە ئـەو سـەرەتایە بـوو کـە دەمەوێـت لێـوەی بگەڕێمـەوە بـۆ قسـەکردن لـە سـەر ڕۆمانـی (قەپێڵک...ڕۆژانـەی گوێهەڵخەرێـک) ی نوسـەری سـوری (مسـتەفا خەلیفـە) لەگـەڵ خوێندنـەوەی ئـەم ڕۆمانـەدا کـە تـا دوا لاپـەڕەی دەسـتم بـە پەڕەکانیـەوە دەلـەرزیو نەفرەتـم لـە بوونـی مرۆڤـە سـتمکارەکان دەکـرد بـە ڕژێمەکانیشـیانەوە، بێگومـان نوسـەری ئـەم ڕۆمانـە بـۆ خـۆی کەسـێکی مەسـیحیەو لـە فەرەنسـا خوێندویەتـی، لەلایـەن ڕژێمـی سوریاوە لەسـەر نوکتـەک ١٣ سـاڵ لـە تەمەنـی لـە زیندانـە تۆقێنەرەکانـی ئـەم ڕژێمـە پیاوکـوژەدا دەباتـە سـەر... دوای خوێندنـەوەی ئـەم ڕۆمانـەو چەنـد ڕۆمانێکـی تریـش کـە هەموویـان نوسـەرەکانیان کاریـان لـە ئەشـکەنجەدانی ئـەو تاکانـە دەکـرد کـە لەلایـەن ڕژێمـە

ستەمکارەکانەوە بە بیانوی جۆراو جۆر گیرابوونو خرابوونە ژێر تۆقێنەرتیرن ئەشکەنجەوە، دواتر لە خۆم پرسی ئەگەر زیندان نەبوایە ئەوا ئەو ڕۆمانانەش نەدەبوون، بەمەش زیندان چاکەیەک لەگەڵ خۆیدا بەجێ دەهێڵێت ئەویش ئەو ترسەیە کە وادەکات گەلێک ڕۆمانوس بێدەنگ نەبنو لە ڕۆمانەکانیاندا ئەو ترسە بگەیەن بە هەموو خوێنەرانو پیاوە جەلادەکانیش.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕۆمانی (ئەو تاریکییە درەوشاوەیە)ی تاهیر بن جەللون،و (خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست)ی عەبدولڕەحمان مونیف،و (شەماعیە)ی عەبدولستار ناسر،و (یادەوری ماڵی مردۆکانی) دیستۆفسکیو چەندین ڕۆمانی تر، ئەوا زیاتر ئێمەی خوێنەر بەو ترسانە دەگەین کە ئەم نوسەرانە لە ناو دێڕو وێنە جۆر بە جۆرەکانی ڕۆمانەکانیاندا بۆ ئەشکەنجەو ترس کاریان لەسەر کردوە، پێناسەی ڕژێمە ستەمکارەکان لەم ڕۆمانانەدا دەچنەوە سەر یەک پێناسەو هەموویان لەیەک وێنەدا دەردەکەون ئەویش وێنەی ئەو ڕژێمە ملهوڕانەیە کە هەمیشە خاوەن زیندانو خاوەن جەلادو گوێهەڵخەرنو زیندانەکانیان، هەمیشە سیخناخە بە ڕۆحی تاکە بێگوناهو ئازادی خوازەکان. لەم ڕۆمانانەدا گیراوەکان ئیتر مرۆڤنین، بەڵکو جۆرە گیان لەبەرێکن کە جەستەیان دەکرێتە شوێنی تاقی کردنەوەی هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجەو سوکایەتی پێ کردن... ئاخر گەلێک جار خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانانە خۆیو هاوڕێو یادەوەریەکانی بیردەکەوێتەوە، کاتێک خەریکی خوێندنەوەی ڕۆمانی (قەپێلک...ڕۆژانەی گوێهەڵخەرێک) بووم، هەستم دەکرد لە ساتێک لە ساتەکاندا (مستەفا خەلیفە)ی نوسەری ئەم ڕۆمانەو (من)و ئەو پیاوەی ناوی (محەمەد)بوو لە ئۆردوگای (گەرەج) هەر سێکمان لەیەک دەچووین، زیندان لە وڵاتە ستەمکارەکاندا لەیەک دەچن، مستەفا خەلیفە لەسەر ڕاپۆرتی هاوڕێیەکی

خـۆی کـە لـە ئاهەنگێکـدا نوکتەیـەک لەسـەر (حافزئەسـەد) دەکاتو ئـەو هاوڕێیـەی چونکە ڕاپۆرتنـووسو گوێهەڵخـەری ڕژێم بـووە ئـەم نوکتەیـە دەکاتـە ڕاپـۆرتو ڕەوانـەی دەزگا بەدناوەکانـی ڕژێمـی سـوریای دەکاتو کاتێـک مسـتەفا دەگەڕێتـەوە بـۆ وڵاتەکـەی لەسـەر ئـەو ڕاپۆرتـە ١٣ سـاڵ لـە زیندانـە شـومەکانی ئـەو ڕژێمـەدا دەباتـە سـەر لەگـەڵ هەمـوو ئـەو ئەشـکەنجە تۆقێنەرانـەی کـە دژی دەیگرنـە بـەرو لەژێـر نـاوی ئـەوەی کـە ئـەو ئیخـوان موسـلمینەو دژی ڕژێمـە، هەمـوو جـۆرە ئەشـکەنجەیەکی دژ دەگرنـە بـەر، ئاخـر گاڵتەجارەیەکـە لـەلای ئـەم ڕژێمـە دەگاتـە چلەپۆپـەی خـۆی، مسـتەفا خەلیفـە مەسـیحیەو لای ئـەم ڕژێمـە دەکرێـت بـە ئیسـلامو لەژێـر نـاوی ئیخوانـدا دەگیرێـتو ئەشـکەنجە دەدرێـت... هەمیشـە ڕژێمـەکان گوێهەڵخەرەکانیـان لەژێـر بەرگـی جوراوجـۆردا دەنێرنـە نـاو خەڵـکو شـوێنە گشـتیەکان، بـۆ دەسـتکەوتنی هـەواڵو کاری نەیارەکانیـان، دەیانکـەن بـە سـواڵکەر یـان بـە قوتابـیو یـان بـە شـۆفێر یـان بـە دز یـان بـە دوکانـدار یـان بـە کتێـب فـرۆشو دەیـان شـتی تـر...

بالێـرەدا ئـەم شـتانە لەسـایەی ژیانـی مسـتەفا خەلیفـەو ڕۆمانەکەیـەوە بگێڕمـەوە، پێـش ئـەوەی بگەڕێمـەوە سـەر ناوەڕۆکـی ڕۆمانەکـە... بۆئـەوەی بزانیـن کـە هەمـوو قوربانیـەکان زۆرکات لەیـەک دەچـنو گوێهەڵخەرەکانیـش هـەر لەیـەک دەچـن.

* * *

ناوەڕاسـتی سـاڵانی هەشـتاکان بـوو ئـەو کاتانـە قوتابـی بـووم لـە ئامـادەی پیشەسـازی بەشـی کارەبـا، هەمـوو پۆلەکـەی ئێمـە ٣١ قوتابـی بـوو، بیـرم بێـت ٢٨ کەسـیان خۆیـان بـە چـەپو لایەنگـری کۆمەڵـەی ڕەنجـدەران دەزانـی، دوانیشـیان سـەر بـە (ئیتحـادی)ی قوتابیانی بەعس بوون، یەکێکیشـان نەمدەزانی

چیەو دواتر بوو بە (جاش)و کوژرا، ئەو دوانە هەمیشە بە زۆر ئابوونەیان لە قوتابیەکان دەسەندو پۆزیان لێدەدا، خۆشبەختانە بۆیەک رۆژیش من ئابوونەم بەو دوو کەسە نەداو زۆری تریش لە هاورێکانم نەیان دەدا، مرۆڤ سەیرەو حەماسی بۆ شتەکان زۆرکات هەموو ئەشکەنجەو ئازارەکانت لەبیر دەباتەوە، لە پۆلی دووی بووین رۆژێک ئەو پیاوەی پێیان دەوت (عادلی ئیتحاد) پێ دەچوو سەرکی قوتابیانی ئەو کاتەی سەر بە بەعسی شاری سلێمانی بێت، لەگەڵ بەڕێوبەرو دوو مامۆستادا هاتنە پۆلەکەی ئێمەوە وتیان نوێنەری پۆڵ بە دەنگدان هەڵدەبژێرین، پێش ئەوەی بێنە پۆلەکەی ئێمە بە هاورێکانم وت ئەوان وەکو نوێنەری بەعس خۆیان هەڵدەبژێرن، ئێمەش با وەکو نوێنەری کۆمەڵەی رەنجدەران خۆمان هەڵبژێرین، بەدەنگمەوە هاتنو منیان دەستنیشان کرد، کاتێک هەڵبژاردن کرا ٢٨ دەنگم هێنا، نوێنەرەکەی ئەوان ٢ دەنگ... عادلی ئیتحاد سەری سوڕما، بە خێرای پۆلەکەی بەجێهێشتو هەندێک قسەی ناشیرین کرد... دواترو لە رۆژی ١٩٨٧/١١/١٧ دەمەو نیوەڕۆ ئەو رۆژە بەفر باری بوو لەگەڵ دوو هاورێمدا (عەتاو رێبوار) کە پێکەوە بووین لەلای (یاریگای سلێمانی) کۆمەڵێک چەکدار کە ئەوسا پێیان دەوتن (تەواری) لە دوو تەکسیدابوونو دەوریان گرتینو منیان برد. بردنێک کە دەبێت قوتابیەک چی لەم هێزە دڕندەیە چاوەڕێبکات، بردمیان بۆ (تەواریەکە) کە لە گەڕەکی شارەوانی سلێمانی بوو، لەوێ شەوەکەی دامیانە دەست (بەکری فاتە) ئەو پیاوە نەیهێلا تاکێک لە پێلاوەکانم لەپێ بکەمو لەگەڵ دوو ئۆتۆمۆبیلی پڕ لە تەواریدا بردمیان بۆ (گردی سەیوان) تا گوللەبارانم بکەن، لەوێ دایان بەزاندمو چوار کەسیان میلی تفەنگەکانیان لێهێنامەوەو زوو زوو (بەکری فاتە) دەیوت سەر بە چ حیزبێکیت... پێ دەچوو راپۆرتی یەکێک لە دوو قوتابیە ئیتیحادیەی ناو پۆلەکەمان ئەمەی بۆ

من هێنابێت، ڕۆژانەی گوێهەڵخەرەکان پڕن لە چیرۆکی نەنوسراوەو لەهەموو شوێنێک هەن، دوای چەند ساڵێک لە ڕاپەڕینیش کاتێک لە (چاپخانەی شەعب) لەگەڵ چەند کەسێکدا گفتۆگۆمان دەکرد لە سەر (یەکگرتوی ئیسلامی) گوێهەڵخەرێک ڕاپۆرتێکی لەسەر نوسیووم بۆ دەزگایەکی حیزبی، بەڵام دۆستێک سەرلەبەری ئەو ڕاپۆرتەی بە درۆزانی بوو وەلاوەی نابوو، لێرەوە سوپاسی دەکەم، ئەمە ئەو ترسەیە کە هەمیشە لێمان نابێتەوە، لێرەوە دەچمە سەر ژیانی ئەو پیاوەی کە لە ئۆردوگای (کەرەج) ناسیم (محەمەد) خەڵکی شاری (بانە) بوو، شوان بوو، سەربازە عێراقیەکان گرتبویانو دوای چەند ساڵ ئەشکەنجەدو زیندان ڕادەستی ئێرانیان کردبووە، کە من لە ئۆردوگای (کەرەج) بینیم چیرۆکی ژیانی زۆر سەیر بوو، لەوێش دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر ڕەوانەی ئەو ئۆردوگایەیان کردبوو، لەنێوان دوو وڵاتدا سەرگەردان ببوو، کەسیان بە هاوڵاتی خۆیانیان نەدەزانی، ئەو خەڵکی کوردستانی ئێران بوو، کەسووکارەکەی هەرچی بەڵگەو پێناسەی هەبوو بردبوویانە لای بەرپرسە ئێرانیەکان کەچی ئەوان پێیان وتبوون ئەم (محەمەدە) خەڵکی عێراقەو ڕەوانەی عێراقی دەکەینەوە. ئەو پیاوە سەری خەریک بوو شێت دەبوو، دەویت کە هاوڕێیەکی خۆی ڕادەستی عێراقی کردووە، تامنیش لەو ئۆردوگایە گەڕامەوە، ئەو داماوە شێتانە دەهاتوو دەچوو، ساڵانێک بوو لەو ئۆردوگایەدا مابووەو کەس بە هاوڵاتی خۆی نەدەزانی.

* * *

ئەمە ئەو چیرۆکانەن کە هەموویان لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکەی ( قەپێلک...ڕۆژانەی گوێهەڵخەرێک)ی مستەفا خەلیفەوە خێرا گەڕانەوە ناو یادەوەریم، دەبێت بترسین لە هەموو شتێک لەم وڵاتانەدا چونکە وەکو

دەڵێن دیواریش گوێی هەیە، ئەگەر ئێستا لەسەر ئەم ڕۆمانە بدوێم دەبێت بڵێم:

گەلێک ڕۆمانم لە وەکو ئەدەبی زیندان خوێندۆتەوە بەڵام هیچیان وەکو ئەم ڕۆمانەی (مستەفا خەلیفە) کە بەشێکە لە ڕۆژانی تەمەنی خۆی لە زیندانەکانی بەعسی سوریدا نەی ترساندم و لەسەر وێنەی ئەشکەنجەکانی رایان نەگرتوم، ئەم ڕۆمانە زۆر خێرا وێنەکانی لە هۆشی خوێنەردا گەماروی هەموو هەستەکانت دەدەن و دەتترسێنن، ناکرێت هیچ خوێنەر دوای خوێندنەوەی ئەم دەقە نەترسێت... ترس لە دوو شت لە رژێمە سەرکوتکەرەکانو لە پیاوە ئیماندارە توندڕەوەکان، ئەم ڕۆمانە هەڵگری ئەم دوو دیدە تۆقێنەرەیە، مستەفا خەلیفە بۆ ماوەی زیاتر ١٠ساڵ دەکەوێتە نێوان بەرداشی ترسی ئەم دوو هێزەوە، ترسی جەلادەکانی زیندانو ترسی ئیخوانە توندڕەوەکان، هەردووکیان تەمەنانی کوشتنی دەکەنو بەکردەوەش کاری بۆدەکەن... ئەمەیە ترس لە مرۆڤ و ترس لە زیندان، ئاخر ئەگەر چەند کەسێک فریای مستەفا نەکەون تەنیا لەسەر ئەوەی مەسیحیەو لەبەردەم جەلادەکانی بەعسی سوریدا بۆ رزگاربوون وتویەتی من ئیمانم نیەو بێباوەڕم... دواتر ئەم قسەیە دەبێتە بەڵ بۆیو لە زیندانی (بیابان)دا لەلایەن توندڕەوە ئیسلامیەکانەوە فتاوی کوشتنی دەدرێتو بەگڵاو تەماشای دەکەنو دەیخەنە خانەی جاسوسی سەر بە رژێمەوە. کەسیان توخنی ناکەونو یەک وشەشی لەگەڵدا ناڵێن بۆ ساڵانێکی زۆر... ئەمە ئەو وێنە سامناکو تۆقێنەرانەیە کە ئەم ڕۆمانە لاپەڕە بە لاپەڕە وێنەیان دەکێشێت، مرۆڤ سەیرە کاتێک دەچێتە زیندان دەبێت ئامادەکاریەک بۆ خۆی بکات، ئەوەی ئەم ڕۆمانە دەیخاتە روو ئەو ئامادەکارییە بۆ گیراوەکان، دەبێت بزانیت چۆن دەدوێتو چۆن وەڵام دەدەیتەوەو چۆن چۆنی بەرگەی ئازارو ئەشکەنجە دەگریت...

هەمـوو بەشـێکی ئـەم ڕۆمانــە بــە هەمــوو بیــری ئیخوانــە تونــدڕەوەکانو میانڕەوەکانیشـەوە تـا بەئەوانـەش دەگات بـە تۆمەتـی ئیخـوان گیـراون خۆڕاگری ئـەو مرۆڤانـە دەخاتـە ڕوو کـە دەبێـت بەرگـەی ئەشـکەنجە تۆقێنـەرەکان بگـرن، لەگـەڵ ئەوەشـدا دەبێـت بەرگـەی ترسـی نەخۆشـی سـیلو گـەڕیو هەوکردنـی مێشـکو برسـێتیو گەرمـاو سـەرماو ڕوتووقوتـی بگـرن، بەرگـەی جنێـوە پیسو هەمـوو سـوکایەتیەکی جەسـتەی بگـرن... هەمـوو ئـەم وێنانـە لـەم ڕۆمانـەدا کردەوەکانـی دەسـەڵاتێکی تۆقێنـەری وەکـو بەعسـی سـوریمان بـۆ دەگێڕێتـەوە، ئـەو ڕژێمـەی کـە زۆر بێڕەحمانـە گیـراوەکان بەتێـڵاوو سـێدارە دوور لـە هەمـوو ناوێکـی دادگایکـردن دەکوژێـن، دواجـار ئـەم ڕۆمانـە بەشـێکە لە گێڕانـەوەی ژیانی کۆمەڵێـک مرۆڤـی ئـەو دیـوی دیـواری زیندانـە دۆزەخ ئاسـاکان، ئاخـر هەمـوو ناوەکانـی نـاو ئـەم ڕۆمانـە، هەمـوو بەشـەکانیو هەمـوو ئـەو ڕۆژانـەی مسـتەفا خەلیفـە لێیـان دەدوێـت بـۆ هەریەکەمـان تۆقێنـەرو نەخـوازراون، لـە خۆمـان دەپرسـین ئەمانـە چ ڕژێمێکـن وائـاوا لەسـەر گیانـی هاوڵاتیانـی خۆیـان درێـژە بـە تەمـەنو ویسـتی خۆیـان دەدەن، لـە خۆمـان دەپرسـین چەنـد گـەورەن ئـەو مرۆڤانـەی کـە ئـاوا لـە ژێـر ئـەو هەمـوو سـوکایەتیو ئازارانـەدا لـە ژێـر دەسـتی ئـەو جەلادانـە کۆتـای بـە تەمەنیـان دێـت... بـە خوێندنـەوەی هـەر لاپەڕەکـی ئەم ڕۆمانـە دەسـتم دەلـەرزیو دۆزەخەکانـی پشـتی دۆزەخـم بیردەکەوتـەوە، کاتێـک ئێمـە دێـڕ بـە دێـڕ لـەم ڕۆمانـەوە دەگەیـن بـە سـەرئەنجامی ئـەو کردەوانـەی کـە دەسـەڵاتە سـتەمکارەکان دەرهـەق بـە گیانـی مرۆڤایەتـی پەیـڕەوی دەکـەن ئیتـر لـە خۆمـان دەپرسـین ئایـا جگـە لـە دۆزەخـی ژێـر دەسـەڵاتی ئـەم پیاوکوژانـە دۆزەخێکـی تـر بوونـی هەیـە. هـەر ئەمەیشـە وادەکات مـرۆڤ لـە ژێـر دەسـەڵاتی ئـەم بەربەریانـەدا بێکۆتـا ئیتـر بـۆ نـاو ناخـی خـۆی بگەڕێتـەوەو لەوێـدا تامـردن درێـژە بـە تەمەنـی خـۆی بـدات... ئەمەیـە کۆتـای ژیانـی مـرۆڤ لـەم وڵاتانـەدا،

تـا وەكـو ئـەوەی لـە كۆتـای ئـەم رۆمانـەدا مسـتەفا خەلیفـە هـاوار دەكاتو دەڵێـت (هەوڵـدەدەم بچوكترین كونـی قەپێلكەكـەم داخـەم، نامـەوێ تەماشـای دەرەوە بكـەم، هەمـوو كونەكانـی دادەخـەم، تاكـو تـەواوی نیگاكانـم بـۆ نـاوەوە بێـت... بـۆ خـۆم بێـت... بـۆ خـودی خـۆم! گـوێ هەڵدەخـەم)

- قەپێڵک ... رۆژانەی گوێهەڵخەرێک/ ٤٢٤ لاپەڕە/
- نووسینی ... مستەفا خەلیفە
- وەرگێڕانی ... هەورامان وریا قانع
- لەبڵاوكراوەكانی ئەندێشە /٢٠١٣

# دۆستۆیفسکیو مرۆڤه ون بۆکانی سیبریا

(هەر ئەوەندە بەس نییە مرۆڤ دان بە تاوانو گوناحی خۆیدا بنێ، ئەوە کەمە، زۆر کەمە... بەڵکو دەبێ ئەو تاوانو گوناحە لە خۆیدا ریشەکێش بکات، ئەمەش وەختی دەوێ زوو بە زوو نایەتەدی)

دۆستۆیفسکی ئەو رۆمان نوسە روسییەی کە لەلای گەلێک لە رەخنەگرانو خوێنەران بە پێغەمبەری رۆمان دەناسرێت، لەگەڵ هەموو ئەو ژیانە ناخۆشو بەدبەختییەی خۆیدا لە رۆژگارێکی تاریکو سەرکوتکەردا تەمەنی بەرگەی ئەوە دەگرێتو هەموو رێگا سەختەکانی ژیان دەبرێتو دواجار هەموو ئەو ناخۆشیانەی تەمەنی خۆیو هاورێکانیو روداوەکانی ئەو سەردەمەی تێدا ژیاوە کۆدەکاتەوەو لەناو رۆمانەکانیدا ناساندنێکی گەورە لە روی دەرون ناسیەوە بۆ مرۆڤ دەخاتە رو، دەروونناسی دەبێتە سەرچاوەی سەرەکی هەموو پاڵەوانەکانی لە کاتی نوسینی رۆمانەکانیداو ئەم هەوڵەشی دواجار بوو بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆی. بەم ناساندنەش دەبێتە یەکێک لەو رۆمان نوسانەی کە تاکو بە ئێستا دەگات دەبێتە جێگە سەرنجی زۆر لە ئەدیبە گەورەکانو نوسەرە مەزنەکانو خوێنەرانێکی بێشومار. ئەوەی دۆستۆیفسکی کردویەتی لە روی رومان نوسینەوە گەلێک جیاواز ترە لە کاری رۆمانوسانی تر، کاری ئەم رۆمانوسە مەزنە شێوە کارکردنێکە کە گەلێک کەسی بە خۆییەوە سەرقاڵ کردوە، بە تێکرای ئەو هەستەی هەیبووە مرۆڤ دەخاتە سەر رێگای ون بونێکی سەخت بۆ دۆزینەوەی خۆی، گەرانێکی کوشندە بە رفتارو رۆحی تاک دا دەکات، بانگە وازی ئەم نوسەرە مەزنە بانگەوازێکە کە بەو پەری بروایە بە هەموو کەسێک دەڵێت (جێگەی داخە کە مرۆڤ بەبێ هیوا دەژی) هەموو ئەو راکە راکەی کە مرۆڤەکان بە دۆزەخی تەمەنو ژیانیاندا دەیکەن جۆرێکە لە ئازاردانو تاوانکردن بە

رامبـەر بـە یەکتـری، دۆستۆیفسـکی لـە روانگـەی گەیشـتن بـە حەقیقەتـی مـرۆڤ و گەیشـتن بـە دۆزینـەوەی هەسـتە شـاراوەکانی مـرۆڤ لـە قـوڵای ناخیـدا بـاوەڕی وایـە کـە (هـەر ئەندامێکـی کۆمەڵـگای هاوچەرخـی ئێمـە بگریـت، بەشـێوەیەک لـە شـێوەکان جـۆرە ماکێکـی جـەلادی تێدایـە) ئـەم هەسـتە دەبێتـە نیشـاندانی پێناسـەیەکی گـەورە لـەلای ئـەم رۆمانوسـە بـۆ مـرۆڤ، دەبێتـە نیشـاندانی ئـەو هۆکارانـەی کـە مـرۆڤ خـۆی دەبێتـە سـەرچاوەی مـەرگو شکسـتی خـۆی نـەک شـتەکانی تـر، کاتێـک کاری مـرۆڤ خـۆی دەبێتـە هۆکارێـک بـۆ لەناوبردنـی رەگـەزی خـۆی ئیتـر مـرۆڤ دەبێتـەوە بـە ئـاژەڵ، ئاژەڵێکـی درنـدەو لـە خۆبایـیو کوێـر، دەبێتـە ئاژەڵێـک هەمـوو تاوانێـک دەکات بەبـێ ئـەوەی بـە ئامانجێکی باش بـگات، چەمکـی درنـدەیو تـاوان دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەم حالەتـە لـەلای ئـەم گـەورە رۆمـان نوسـە، ونبونـی مرۆڤـە لـە روە مرۆڤایەتیەکەیـەوەو هەڵگەڕانـەوەی دیـوە باشـەکەیەتی بـۆ کاری خراپـە (خـۆ ئەگـەر غەریـزە ئاژەڵیـەکان بەسـەر لایەنـە مرۆڤانیەکانـی تـری بەشـەردا زاڵ ببـن، ئـەوا ئـەو بەشـەرە دەشـێوێ) لـە تێڕامانو هەڵسـەنگاندنی دۆستۆیفسـکیەوە مـرۆڤ ئەوەنـدەی خـۆی خـۆی دەشـێوێنێت لـە پێنـاو گەلێـک لـەو شـتانەی کـە رەنگـە زۆرکات پێویستیشـیان پێـی نەبێـت بـەڵام ئـەو غەریـزە ئاژەڵیانـەی کـە زاڵ دەبـن بەسـەر ئیـرادەی مرۆڤـدا وادەکـەن ئیتـر ئـەو مرۆڤانـە ببنـە کەسـانی خراپـەکارو لـە هەمـوو روەکانـەوە مرۆڤایەتـی بخەنـە سـەر رێـگای چەوسـاندنەوەو تـاوانو لەنـاو چـوون.

ئـەوەی مـن لـە رۆمانەکانـی ئـەم رۆمـان نوسـەدا درکـم پێکـردوە هەمـوو قورسـایی خـۆی تەرخـان دەکات بـۆ رفتارەکانـی (تـاک) تـاک دەکاتە سـەرچاوەی هەمـوو هـۆکارە خراپـەکانو بـەڵاو ناشـیرینەکانی خـۆی، ئـەوە تاکـە کـەوادەکات ژیـانو تەمەنـی هەمـوو مرۆڤـەکان بگۆڕێـت لـە باشـەوە بـۆ خراپـەو خوێـن

رشـتن‌و بـه پێچه‌وانه‌یشـه‌وه، تـاک ئه‌گـه‌ر لـه رۆژگاروته‌مه‌نـی خۆیـدا تاکێکـی باش‌و به‌ئه‌خـلاق‌و لێبـورده‌و دادپـه‌روه‌ر بـوو ئـه‌وا ژیانـی خێزانـه‌کان‌و بنه‌ماکانـی ده‌وڵه‌تیـش لـه خراپـه‌وه بـه‌ره‌و چاکـه ده‌گۆڕدرێـن‌و ژیـان رێـڕه‌وی خـۆی بـه دیـوه باشـه‌که‌یدا ده‌گرێته‌بـه‌ر، خـۆ ئه‌گـه‌ر تـاک رێگای خراپـه‌ی گرتـه بـه‌ر ئـه‌وا ژیانـی مرۆڤایه‌تـی بـه هه‌مـوو شـێوه‌یه‌ک له‌سـه‌ر ده‌سـتی تاکـی خراپـدا بـه‌ره‌و وێرانبـوون ده‌چێـت. به‌مـه‌ش تـاک لای دۆستۆیفسـکی ده‌بێتـه سـه‌رچاوه‌ی هه‌مـوو چاکـه‌و خراپه‌یـه‌ک، تـاک ئه‌گـه‌ر رێگای خـۆ دۆزینـه‌وه‌ی خـۆی بـۆ چاکـه دۆزییـه‌وه ئـه‌وا ماکـی جه‌لادبـوون‌و خراپـه ده‌خاتـه ده‌ره‌وه‌ی رفتـارو ویسـتی خـۆی‌و بـه‌وه‌ی هه‌یه‌تـی ژیانـی خـۆی رازیـده‌کات، خـۆ ئه‌گـه‌ر غه‌ریـزه ئاژه‌ڵییه‌کـه‌ی زاڵ بـوو به‌سـه‌ر دیـوه چاکه‌که‌یـدا ئـه‌وا ئیتـر ئـه‌و تاکـه ده‌بێتـه سـه‌رچاوه‌ی هه‌مـوو بـه‌ڵاو نه‌هامه‌تیـه‌کان. ئـه‌م تاکـه کـه ده‌بێتـه تاکێکـی خراپـه‌کارو قێـزه‌ون زۆرکات خـۆی لـه به‌رگـی تاکێکـی ده‌سـه‌ڵاتداردا ده‌رده‌خـات، یـان خـۆی لـه به‌رگـی که‌سـێکی رێگـرو چه‌تـه‌دا وێنـاده‌کات، یـان خـۆی له‌به‌رگـی خوێندکارێـک یـان نوسـه‌رێکدا ئاشـکرا ده‌کات. ئیتـر ئه‌مـه ئـه‌و تاکه‌یـه کـه لـه لای دۆستۆیفسـکی هه‌مـوو شـتێک وێرانـده‌کات (هـه‌ر ئه‌وه‌نـده بـه‌س نییـه مـرۆڤ دان بـه تـاوان‌و گوناحـی خۆیـدا بنـێ، ئـه‌وه که‌مـه، زۆر که‌مـه... بـه‌ڵکـو ده‌بـێ ئـه‌و تـاوان‌و گوناحـه لـه خۆیـدا ریشـه‌کێش بـکات، ئه‌مـه‌ش وه‌ختـی ده‌وێ زوو بـه زوو نایه‌تـه‌دی) ئه‌مـه ئـه‌و تاکه‌یـه کـه دۆستۆیفسـکی داوایـی ده‌کات‌و ده‌یه‌وێـت مـرۆڤ بگه‌ڕێتـه‌وه بـۆ سـه‌ر بوونـه راسـته قینه‌کـه‌ی خـۆی‌و به‌رگـه ئاژه‌ڵیه‌کـه‌ی بـۆ هه‌میشـه فڕێبـدات‌و لـه گونـاح‌و تـاوان دابڕێـت.

* * *

نازانم چەند کەس بڕوابەوەدەکەن کە گەلێک خوێنەر دوای خوێندنەوەی رۆمانێک یان هەر کتێبێکی تر ژیانو ئومێدەکانی خۆیان بە هەموو شێوەکانیەوە لەناو ئەو کتێبانەدا دەدۆزنەوە کە دەیانخوێننەوە، یان لە رێگەی ئەو ئازارو ئەشکەنجەو برینانەی کە نوسەران لەسەر جەستەی پاڵەوانی ناو رۆمانەکانەکانیان وێنای دەکەن خێرا هەست بە ئازاری جەستەی خۆیان دەکەنو بیر لەو هەموو ئازارانە دەکەنەوە کە بەسەر گیانی قوربانیەکاندا هاتوە لە رابوردودا، ئەمەش گرنگی ئەو کتێبانە دەردەخات کە نوسەرەکانیان لە ئازارو ناخۆشی خۆیانو مەرگی هاوڕێکانیانەوە خوێنەران وشە بە وشە دەخەنە سەر رێگای بە ئاگا هاتنەوە بۆ ژیانو تەمەنی مرۆڤە ون بوکان کە دونیایەک حیکایەتی سەر سوڕهێنەریان لەدوای خۆیان بە جێهێشتووە، لە کتێبی (یادگارییەکانی خانەی مردووان )ی دۆستۆیفسکی دا بە رۆحی ئەو مرۆڤانە ئاشنا دەبین کە لە ئێمە ون بوونو درکمان بە رۆژگاری ونبوویان نەکردوە، ئەو کەسانەی هەریەکەیان بەتاوانێک ژیانی خۆیان گەیاندۆتە ناو گرتوخانەکان. دۆستۆیفسکی لە گرتوخانەکانی سیبریاوە لە ساڵی ١٨٤٩وە ژیانو حیکایەتی ئەو مرۆڤانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە هەم لە خۆیو هەم لە کەسانی تریش ون ببوونو کەس هەستە شاراوەو رۆژگارە تاریکەکانیانی پەی پێ نەدەبرد، رۆژانی ئەو کەسانەی زۆرکات ئیتر لەوێوە نەیاندەتوانی جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ ژیانو ناو کۆمەڵگاکەیانو هەر لەوێ لە ژێر ئازارو کاری قورسدا کۆتایی بە تەمەنیان دەهات (ئەوەندەیان لێداوین، ئەوەندەیان ئەشکەنجەداوین، هەناومان شل بووە، بۆیە بەدەم خەوەوە هاواردەکەین، دەقیژێنین) بەمجۆرە لەو گرتوخانانەدا مرۆڤە سەیرو کردەوە سەیرەکان دەبنە ئاشنای دۆستۆیفسکی خۆیو ساڵانێک لە ناویاندا دەباتە سەرو درک بەوە دەکات کە وا ئاسان نیە مرۆڤ بتوانێت وازو ببێتە جێگە

باوەڕو ئاشنای ئەوانەی لەم تاریکستانەدا بە هەموو رفتارە سەیرەکانیانەوە درێژبە ژیان دەدەن (هیچ شتێک هێندەی بەدەستهێنانی متمانەی خەڵکی قورس نییە) ئاوا درک بە ژیانی ئەو هەموو مرۆڤانە دەکات، ئاشنا دەبێت بە دونیای ئەو مرۆڤانەی کە دواتر هەموو هەستە شاراوەکانیان دەکاتە سەرچاوەی نوسینی کتێبەکەی (یادگارییەکانی خانەی مردووان )و بەش بەش بە ژیانی ئەو کەسانە رامان دەهێنێت کە خۆیان هۆکاربوون بۆ هەموو خراپەو شکستەکانی ژیانی خۆیان (لە نێوزیندانیەکاندا خەڵکانێک هەبوون لە ساتێکی تووڕەییدا خەڵکیان کوشتبوو، کوشتنیان کردبوو بە پیشەو لە زەتیان لێدەبینی، هەبوون چەتەو رێگربوون، هەبوون بەرەڵاو گیرفانبڕبوون... هەنکدێکیش هەبوون پیاو نەیدەزانی لەسەرچیو چۆن خرابوونە ئەم زیندانەوە. هەر یەکێک لەم زیندانیانە چیرۆکێکی ئاڵۆزو قورسو بەسوێی هەبوو) ئەمە ئەو جیهانە تازەیەبوو کە دۆستۆیفسکی پێی ئاشنادەبێتو دواتر دەبێتە سەرچاوەی گەلێک لە نوسینی بەرهەمەکانی تری، رفتاری ئەم گیراوانە بە هەموو ماناکانەوە دەبێتە جێگە سەرنجو لێوردبوونەوەی نەک نوسەری کتێبەکە بەڵکو دواتر لەوە زیاتر دەبێتە جێگە تێڕامانی قوڵی رۆشنبیرانو خوێنەرانو نوسەرانی ترو کەسانی وەکو نیتشەو فرۆیدیش، گروخانەکانی سیبریا بۆ دۆستۆیفسکی دەبێتە ئەو شارە ونبووەی کە دواجار زۆر مرۆڤی سەیری تێدا دەدۆزێتەوە، کەشفی ئەو ژیانە پەردەردە دەکات کە ئەو گیراوانە لەوێدا دەیانبردە سەر، کەچی هێشتا هەر وەکو خۆیان بەبێ هیچ پەشیمانییەک درێژەیان بە ژیان دەدا (وەکو پێشتریش گوتوومە، بە درێژایی ئەو ساڵانەی کە لەگەڵ زیندانیانم بەسەر بردون، بچوکترین نیشانەی شەرمو پەشیمانیم لێ دەدیتون) مرۆڤ بەم رێگایە درێژە بە ژیانو ویستی خۆی دەدات، لەوەی کردویەتی هیچ پەشیمان نیەو دەیەوێت بەو جۆرە شکستی

خۆی بەلاوەبنێت. ئەوەی مرۆڤ دەکاتە دڕندە، دەیکاتە سەرکێشو خراپەکار لە هەموو رۆژگارەکاندا رەنگە لەناو سەدان هۆکاردا ئەم هۆکارەبێت کە دۆستۆیفسکی لەم یادەوەریانەدا (یادگارییەکانی خانەی مردووان ) دێتە سەر باسکردنی (مرۆڤ بەبێ کار هەڵناکات، بەبێ دەسکەوتی ئاساییو رەوا ناژی. ئەگەر هەلومەرجی کاری بۆ فەراهەم نەبێت. گوێ بە هیچ نادات، ئەخلاقی دەگۆڕێ، رفتارو تەبیعەتی دەشێوێ، رودەکاتە درێوترین تاوانان، دەبێ بە دڕندەیەک لەو گۆڕە) ئەمە گەیشتنە بە دۆزینەوەی ئەو هەستە شاراوانەی ناو قولایی ناخی مرۆڤ، ئەم رۆمانوسە لەم کتێبەدا ئاوا گەشتێکی دورودرێژ دەکات بە قولایی ناخی ئەو گیراوانەداو رۆدەچێتە ناو هەموو شتە شاراوەکانیانەوە. بە رفتاری باشو خراپیان بە بیرو قسەی یەک بەیەکیان ئاشنادەبێت. نەفسەیەتی هەمویان شیدەکاتەوەو لە زۆر لاوە لێیان دەدوێت، ئەو مرۆڤانەی بۆ ئەوەی بتوانن لە زینداندا بژینو پەشیمانی نەیانکوژێت هیچ کاتێک نا توانن لە تاوانو رفتاری خراپی خۆیان پەشیمان ببنەوە، لەم روانگەیەوە دۆستۆیفسکی بەو راستیەدەگات بۆ ژیانی مرۆڤەکان ئاوا دەنوسێت (مرۆڤ حەیوانێکە لەگەڵ هەموو شتێکدا رادێ) (ئەم پێناسەیە بە رادەیەک پڕ بە پێستی مرۆڤە کە عەقڵ نایبڕێ) دێڕەکانی ناو ئەم کتێبە بەردەوام بەدوای خۆیدا راماندەکێشێتو بەرەو ناساندنی ئەو مرۆڤانە دەمانبات کە بەردەوام خەریکی خودا پەرستییەو کەچی تاوان دەکات، سوێند دەخواتو کەچی واز لە رفتاری خراپ ناهێنێت، دزی دەکاتو خەریکی خوێندنەوەی ئینجیلی پیرۆزە، خەڵک دەکوژێتو باس لە لێبوردەیو ئومێد دەکات، خوێنی کەسانی بێتاوانی رشتووەو کەچی هێشتا دەیەوێت دوای بیست ساڵ لە زیندان بەربێتو خێزان پێکەوە بنێت، ئەمانە هەموو ئەو تاکانەن کە هەموویان لەناو بەشەکانی ئەم کتێبەدا ئێمە سەرسام دەکەنو ئاشنامان

دەکـەن بـە ژیانـە تاریـکو نەدیوەکـەی خۆیـان. ئاخـر نوسـەری ئـەم کتێبـە کاتێـک دەگاتـە نـاو جیهانـە تازەکـەی لـە سـیبریا بـەو راسـتیە دەگات کـە ئەوانـەی لـەم زیندانـەدان گەلێکیـان بەقـەدەر ئـەو مرۆڤانـەی تـر تاوانیـان نەکردوە کـە مرۆڤگەلێکی زۆر دڕنـدەو خـراپ تـرن لـە دەرەوەی ئـەم گرتوخانەیـەدا هـەنو کەسیش نایـان گـرێو نایـان هێنێتـە زینـدانو سـزایانبدات، لێـرەوە ئـەم نوسـەرە روبـەڕوی ئـەو پرسـیارەمان دەکاتـەوە کـە بۆچـی ئـاوا گەلێـک مـرۆڤ بـە هەمـوو تـاوانو رفتـارە قێزەونەکانـی خۆیانـەوە بـە ئازادانـە دەسـوڕێنەوەو نادرێنـە دادگاو سـزا نادرێـن، کەچـی لەسـەر شـتێکی بچـوک زۆر لـەو مرۆڤـە کلۆڵانـە دادگای دەکرێـنو رەوانـەی ئـەم گرتوخانـە ترسـناکە دەکرێـنو بـە چەندیـن سـاڵ زیندانـی دەکرێـن لەگـەڵ کاری قورسـدا، ئەمـە خوێندنـەوەی دۆستۆیفسـکی خۆیەتـی بـۆ هـەر دوو دیوەکـەی یاسـاو دەوڵـەتو مـرۆڤ خـۆی، بـەوەی زۆرکات تاوانبـاران بێتاوانـەکان دەنێرنـە زینـدان، بـەوەی یاسـا زۆرکات بـە تەنیـا بـۆ بکـوژو کەسـە خوێـن رێـژەکان نیـە بەڵکـو بـە تەنیـا بـۆ کەسـە دامـاو بـێ کەسـەکانەو بـۆ ئەشـکەنجەدانی ئەوانـە نـەک بـۆ تاوانبـاران، بـەوەی زۆرکات دەوڵـەت دەوڵەتـی هەمـوو تـاکو خێزانێـک نیـە بەڵکـو دەوڵەتـی کەمینەیەکـی خراپـەکارو دڕندەیـە، دەوڵەتـی ئەوانەیـە کـە بەبـێ هیـچ گـوێ دانـە هەسـتو یاسـایەک بـەردەوام گەمـە بـە ژیانـی زۆرینـەی کۆمەڵـگا دەکـەن، بـەوەی زۆرکات مـرۆڤ خۆیشـی دەبێتـە سـەرچاوەی هەمـوو خراپەیـەک بـۆ خـۆی، ئاخـر ناکرێـت مـرۆڤ بـە هەمـوو بەدبەختیەکانـی خۆیـەوە ببێتـە خراپـەکار بـۆ گیانـی مرۆڤەکانـی تـر، ئـەو مرۆڤانـەی ئاینیـان کردۆتـە سـەرچاوەی رۆحـی خۆیـان کەچـی دەبنـە پیاوکـوژو دڕنـدە، ئاینو تـاوان ئـەو مانـا گەورانـەن کـە خوێندنـەوەی گـەورە هەڵدەگـرن لـەلای ئـەم نوسـەرە، دیـوە شـاراوەکەی تـری ئـەو مرۆڤانـەی یاسـا دادەنێـن بـۆ دادگای کردنـی تاوانەکانـی خۆیـان نـا بەڵکـو بـۆ لەناوبردنـی مرۆڤەکانـی تـر کـە

هیچ تاوانێکی لە تاوانەکانی ئەوان گەورە تریان نەکردوە، لەم کتێبەدا ئاینو یاساو دەوڵەت سێ ئامـاژەی بەیەکداچووی ترسناکن بۆ لەناوبردنی مرۆڤ، بۆ تێکشکاندنو وێرانکردنی رۆحی بەشەریەت، رەنگە هەر ئەم هۆکارەیش ببووبێت کەسێکی مەزنی وەکو (نیتشەی) سەرسام کردبێت بەم کتێبەی دۆستۆیفسکی. ئەو مرۆڤانەی یەک یەک لەم کتێبەدا دەبنە جێگە سەرنجی ئێمە هەریەکەیان بۆخۆی هەڵگری گەلێک رفتاری سەیرن، نوسەری ئەم کتێبە ناتوانێت بازبدات بەسەر ژیانی هەریەکەیانداو یەک یەک دەیانکاتە نمونەی کەسانی دەرەوەی زینداننو پێی وایە ئەمانە نمونەی تاکەکانی ناو کۆمەڵگان. کاتێک باس لەو پیاوە بێدەنگو ملکەچو گوێڕایەڵاو ئیمانـدارەدەکات کە زیندانیەکان بە گێلۆکەو شێتۆکەیان داناوەو شەو رۆژ خەریکی خوێندنەوەی (تەورات) بووە ئەم زیندانییە لەسەر رفتارێک کە جارێک لە نائومێدیدا ویستویەتی مێجەری بەرپرسی زیندانەکە بکوژێت، بە تێگرتنی لەتە خشتێک، ئەم رفتارەی دەیباتە بەردەم ئەشکەنجەو لێدانی شەلاقو دواتر لە نەخۆشخانەو دوای سێ رۆژ بەو ئازارەوە دەمرێت، ئەوەی مایەی تێڕامانو لێوردبوونەوەیە لە رفتاری ئەم کەسە دوا قسەکانی خۆیەتی کە دەبێتە ئاشکراکردنو دەرخستنی روە شاراوەکەی تری مرۆڤ لە سەرەمەرگدا ئاوای گوتبوو (رقی لەکەس نییە، هەر حەزی کردبوو عەزاب بکێشێت، ئازاربچێژێت، وێرای ئەوەش سەربە هیچ ئاینو دیانەتێک نییە) ئەم کەسانە دەبنە نمونەی کەسانی تر لە دەرەوەی زیندانو پێیان خۆشە بەردەوام ئازار بچێژنو لە هەموو ئاینو ئیمانی خۆیان پەشیمان دەبنەوە، درککردن بە ناساندنی ئەم مرۆڤانە گەلێک جار سەختو دژوار دەردەکەون. گەلێک لەو نمونانە لە زۆرشوێنی ئەو گرتوخانەیی کە خۆی ناوی دەنێت کۆمەڵگایەیی زیندانییەکان لەسەر ئەو راهاتنە وەستاوە کە مرۆڤ ناچارە لەگەڵ هەموو شتێکدا خۆی

رابهێنێت بۆ ئـەوەی درێـژە بـە ژیـان بـدات، بۆئـەوەی بتوانێـت بـژی، راهاتـن لەگـەڵ کـۆتو زنجیـردا، ئاشـنا بـوون بـە دەنگـی زرەی ئـەو کـۆتو زنجیرانـەی لـە کاتـی کارکرنـدان لەکاتـی نوسـتنو پشـوداندا، لەکاتـی نەخۆشـیو دەردە داریـدا تـا بـە سـەرەمەرگ دەگات لەگەڵـدات دێـت. خوگرتـن بـە دزیکردنـەوە تەنانـەت دزینـی کتێبـە پیرۆزەکانیـش، خوێندنـەوەی کتێبـە پیـرۆزەکان دوای تاوانکـردنو خوێـن رشـتنو پاڕانـەوە لـە خـوداو گەیشـتن بـە ئیمـان، رفتـاری ئـەو مرۆڤانـەی کـە هەمیشـە بـە کۆیلـەی لەدایـک دەبـنو تامـردن ناتوانـن دوربکەونـەوە لـە کۆیلەبـوون لـە هـەر کوێیـەک بـنو دەبنـە ملکەچـی کەسـانی تـر کـە زۆرکات لـە خۆیـان بچوکتـرن، ئـەم کەسـە رفتـار کۆیلانـە هەمیشـە دەکەونـە ژێـر کاریگـەری هەسـتی ئەوانـەی خۆیـان بـە نەجیبـزادە نـاو دەبـەن. بـە پێچەوانـەی زۆربـەی کەسـانی تـرەوە کـە هەمیشـە ناتوانـن ببنـە کۆیلـەی ئـەو نەجیبزادانـەو هیـچ کاتێـک خۆشـیان ناوێـن چونکـە ئەمانیـش خۆیـان بـە مـرۆڤ دەزانـنو کـەس لـە خۆیـان بـە گەورەتـرو باشـتر نازانـن (هەڵبەتـە زیندانییانـی خانـەدانو ئەسـڵزادەن دەبنـە مایـەی نەفـرەتو رقـی هاوزیندانییەکانـی خۆیـان. بەچـاوی دۆسـتایەتی سـەیر ناکرێـن) ئـەوە یاسـا قێزەونەکانـی ژیانـە کـە مرۆڤـەکان دەکات بـە دوو بەشـی زۆر لەیـەک جیـاوازەوە، دەیانـکات بـە دوو گروپـی هێجـگار دژ بەیەکـەوە، دەبنـە دوو بـەرەی نایەکسـان لـە ژیانـدا، دواجـار ئـەم رێـڕەوی ژیانـە دەبێتـە هـۆکاری سـەرهەڵدانی ناکۆکیـەکانو لێکترازانـی کۆمەڵـگاو بەرەو جەنـگو ململانیە توندەکان تاکـەکان پەلکێش دەکات ( تـۆ تەماشـا! تەماشـای ئـەم نەجیمزادەیە! کـە جـاران بـە گالیسـکە بەنـاو مۆسـکۆدا دەڕۆیـی، رێبـواری دەکـرد بـە ژێـرەوە! شـای بـە سـەپان نەدەگـرت! بـەڵام ئێسـتا ئـەو دەورو زەمانـە گوزەشـت! ئـەو باوکـەی مـرد) نوسـەر دوای گەیشـتنی بـەم مەملەکەتـە سـەیرە ئـاوا دەکەوێتـە نـاو لێشـاوی ئـەو تانـەو گفتـو گۆیانـەوە، ئەوانـەی خۆیـان بـە مـرۆڤ دەزانـن

ناتوانن بڕوا بە هیچ شتێکی کەسانی خانەدان بکەنو کۆیلایەتیان بکەن، کەسانێکیش کە هەر بە رۆح کۆیلەنو لەکوێ خانەدانێک هەبێت لە زیندانبێت یان لە دەرەوەی زیندان ئەوان دەخوازن ملکەچیان بکەنو ببنە خزمەتکاریان، ئەمانە ئەو جۆرە مرۆڤانەن کە بەبێ کۆیلە بوون بۆ کەسانی تر ناتوانن بژین لە هەر کوێیەک بن. دۆستۆیفسکی درک دەکات کە هەمیشە لە ژیاندا ئەم دوو جۆرە مرۆڤە بوونیان هەیەو بەبەردەوامیش دژی یەکتری دەجەنگنو تانە لەیەکتری دەدەنو یەکتری بەلاوە دەنێن، دۆستۆیفسکی بۆ خۆی وەکو مرۆڤ وەکو زیندانیەک بڕوا بەوە دەهێنێتو ئاوا دەنوسێت (لە حالێکا من حەزم نەدەکرد خزمەتکارم هەبێ، هەوڵی ئەوەم نەدابوو کەسێک هەبێ خزمەتم بکات، بە پێچەوانەوە سوربووم لەسەر ئەوەی هەمووشتێک بە دەستی خۆم بکەم) دۆستۆیفسکی پێی وایە مرۆڤ بە رۆحو کردار تەنانەت بە پێکەنینیشدا لەیەک جیا دەکرێنەوەو دەناسرێنەوەو دەخرێنە دوو بەرەی زۆر لەیەک جیاوازەوە ، بۆ خۆی ئەگەر خانەدانیش بێت ناکاتە ئەوەی کەس ببێتە خزمەتکارو کۆیلەی چونکە ئەو دەزانێت کەوتۆتە ناو مەملەکەتێکەوە لەم رۆژانەی تەمەنیدا کە دەبێت پێکەوەو وەکو یەک خێزان هەڵبکەنو بژینو لەهەمان قاپدا نان بخۆن لە هەموو جۆرە کەسێکی تێدا لە (چەرکەسو خوانەناسو ئەرتەدۆکسو جوتیارو جولەکەو قەرەجو خەڵکانی دی کە مەگەر خوا بزانێ لە کوێوە هاتوون) ئیتر خانەدانەکان دەبێت ئەم ژیانە هەڵبژێرنو بەرگی خانەدانو گەورەی لەم مەملەکەتەدا فڕێدەنو وانەیەک لە کۆتو زنجیرەکانی دەستو پێ یانەوە وەربگرن. دەبێت بە ئەو دەنگە جدیانە ئاشنابین کە هەمیشە بۆ کۆیلەبونو سەرشۆڕی دێنە دەنگو ئەو شێوە ژیانە کۆیلایەتیە بەلاوەدەنێنو بەگژ ئیرادەی ئەو کەسانەدا دەچنەوە کە بەرگی کۆیلایەتی دەپۆشن، بە دەنگی بەرز بانگی خانەدانو ئەوانە دەکەن کە

ڕۆحی کۆیلەیان تێدایەو دەڵێن ( من حەزدەکەم سەری مێش بم بەڵام کلکی شێر نەبم) ئەمە ڕۆحی مەزنی ئەو مرۆڤانەیە کە هیچ کاتێک کۆیلەبوون بۆ خانەدانەکان پەسەندناکەن. لاپەڕەکانی ئەم کتێبە لای خوێنەران دەبێتە هۆکارێک بۆ ناساندنی رفتارو دەرکەوتنی ئەو مرۆڤانەی لە هەر کوێیەک بن بۆخۆیان دەژینو ژیانی کەسانی تریان بەلاوە گرنگ نیە، گرنگ نیە ئەوان زیندانین یان لە دەرەوەی زینداندان چونکە ئەمانە بۆ یەک مەبەست دەژین ئەویش فرۆفێلو پارە پەیداکردنە لەسەر ژیانی کەسانی ترو ئاوا بۆ خۆیان درێژە بە ئەخلاقیەتی ناشیرینی خۆیان دەدەن (لە هەر شوێنی خودا هەبێو باخەڵم پڕبێ، پارەم هەبێ خەمم نییە) هەموو حەزەکانی مرۆڤ لەم گرتوخانەیەدا لەلای گیراوەکان لەسەر دەستی دۆستۆیفسکی دا بە جۆرێک وێنەیان دەکێشرێت کە وازوو ئەو وێنانە لەبیری خوێنەراندا ون نابنو دەبنە وێنە گەلێک کە خوێنەران هەست دەکەن خۆیان لەگەڵ یەک بەیەکی ئەو گیراوە بەدبەختانەدا ژیاون، حەزەکانی ئەو گیراوانە زۆرکات دەبنەوە بە حەزی منداڵانەو هەمیشە حەز بەرەنگە جیاوازو شتەکانی تردەکەن (جوانترین جلکی خۆیان لەبەردەکرد: خۆزگە دەتبینین چۆن بۆ خۆ نواندن ئەم ژورو ئەو ژوریان دەکرد، هێندە دڵیان بە جلە تازەکانیان خۆش بوو دەتگوت منداڵن. ئەلهەقی زیندانییان لە زۆر شتدا منداڵی گەورەن) بەم وێنانە لەم کتێبەدا ئێمە وێنەی کەسانێک دەبینیین کە کەسانی پیاوکوژو تاوانبارن کەچی ڕۆژانی چەژنو بۆنەکان ئەوانە دەبنەوە بە کەسانێک کەوا رفتاردەکەن کە هیچ تاوانێکیان نەکردوەو بێ گوناحن. زۆر وێنەی ئەو گیراوانەی لەو زیندانەدا خوێنەران ئاشنای قسەکردنو بێدەنگیو رفتارو شەڕەنگێزیان دەبن، تا بەوانە دەگات کە لەزەت لە نەگبەتیەکانی خۆیان دەبین، کەسانی بێوەفاو دڕندەو دز دەبنە سەرنجی ئەو خوێنەرانەی کە لایان سەیرە لە تاریکستانی

گرتوخانەکاندا نمونەی ئەم کەسانە هەبن، وێنەی ئەو مرۆڤانەی دەساڵ تا بیست ساڵ بە کۆتوزنجیرەوە دەبێت ژیان بەسەربەرن کەچی هێشتا بە ئومێدی ئەوەوە دەژین کە بەربوون بتوانن جارێکی تر ژیان دەست پێ بکەنەوە . زۆر وێنە لەم یادەوەریانەدا کە بە شێوەی رۆمان نوسراوە بۆ ئێمە دەبنە هەڵگری زۆرمانا. دۆستۆیفسکی بە تەنیا نایەت وێنەی ئازاروی روخساری گیراوەکانمان بۆ بکێشێت، شۆڕدەبێتە بۆ قوڵایی ناخی گیراوەکانو لەروی دەرونیو قسەکردنیشەوە وێنەی گەلێک لە گیراوەکانمان بۆ دەخاتە روو (بەڵام ئەوەی من سەرنجم داوە ئەوەیە کە پێکەنینی پاوی باش خۆشو دڵگیرە، پێکەنینی پیاوی خراپو دڵڕەش بە پێچەوانەوەیە) ئاوا بە هەموو ماناکان ئەم کتێبە دەست دەخاتە سەر هەموو ئەو شێوەو وێنە شاراوانەی گیراوەکان، وێنەی ئەوانەی بە هەموو بەدبەختیەکانی خۆیانەوە بەبێ ئەوەی رێگەیان بدەن کۆت و زنجیرەکانیان لێبکرێتەوە بە نەخۆشی دەمرن. ئەوەی دەبێت لە کۆتاییدا بۆ ئەم کتێبە گرنگەی دۆستۆیفسکی ( یادگارییەکانی خانەی مردووان) بڵێم ئەوەیە کاتێک خوێنەر هەموو ئەو وێنە سەیرانەی گیراوەکان دەبینێت، وێنەی سەدان کەسی پیاوکوژو دزو چەتەو رێگرو خراپەکار، بەڵام کاتێک دیوەکەی تری ژیانە ناخۆشو پڕ چەرمەسەریەکەی ناو گرتوخانەکەیان دەخوێنێتەوە سەیر سۆزو بەزەیی بۆ ئەو گیراوانە دەجوڵێتو هەموو رفتارە خراپەکاریەکانی گیراوەکانی بیردەچێتەوەو نەفرەت لەوانە دەکات کە ئەم گیراوانەی گەیاندۆتە ئەم رۆژە رەشانە، لە (یادگارییەکانی خانەی مردووان) دا دۆستۆیفسکی ئەوەندە سەرکەوتوانە هەردوو دیوە ئازاراویەکەی گیراوەکان لە دەرەوەی زیندانو لە ناو زینداندا دەخاتە روو دواجار خوێنەر هەست بە بێگوناهی ئەو زیندانیە ترسناکانە دەکات.

*- یادگارییەکانی خانەی مردووان/ دۆستۆیفسکی

وەرگێڕانی/ حەمە کەریم عارف

لە بڵاوکراوەکانی/ بەڕێوە بەرایەتی خانەی وەرگێڕان ٢٠١٣

# ڕۆیشتنێک لەگەڵ ئەلبێرکامۆدا

(تەمەنی دۆزەخ کورتە)

**بەشی یەکەم**

(تاکگەرایـی جێـی بـاوەڕی گرتۆتــەوە، ئەقلیــش جێـی ئینجیـل، سیاســەت جێـی ئاییـنو کڵێسـا، زەوی جێـی ئاسـمان، کار جێـی نوێـژ‌و بەدبەختـی جێـی دۆزەخ و مرۆڤیـش جێـی مەسـیح)

له کتێبی مرۆڤی یاخیەوە...

بـۆ ئـەوەی ئـەو رۆیشـتنەمان لەگـەڵ (ئەلبێر کامـۆ)دا تەواوبکەین، رۆیشـتنێکی یاخیانــە لەنــاو کتێبەکەیدا (مرۆڤــی یاخــی) ئــەو کتێبــەی کــە دەبێتــە یەکێـک لــە کتێبــە دانسـقەکانی ئــەم نوســەرە مەزنــە، بـۆ خوێنەرانــی ئێمــەش دەبێتــە کتێبێکـی گرنـگ، لـە کـۆی (٤٤٤) لاپــەڕە بـۆ چاپــە کوردییەکـەی کـە لەلایــەن کاک (ئـازاد بەرزنجـی)ەوە کـراوە بـە کـوردی، بەداخــەوە دەبـێ بڵێـم کاتێـک کتێبێکـی ئـاوا گرنـگ دێتـە نـاو کتێبخانەکانـی ئێمـەوە بەبێدەنگـی تێدەپەڕێـت، کـە دەبـوو لەکاتـی بڵاوکردنـەوەی ئـەم کتێبـەدا زۆر زیاتـر بایەخـی پـێ بدرایـەو بـە خوێنـەران ئاشـنابکرایە. لـە کاتێکدا ئـەم کتێبـە تـاک بـە تاکی خوێنـەر لـە سـەر ئـەو پـرسو چەمکـە گرنگانـە رادەگرێـت کـە مرۆڤـی یاخـی کێیـە؟ ئـەی مەبەسـتمان لـە وتنـی (نەخێـر) چییـە؟ ئایا ئـەو سـتەمو ئەخلاقـە بێبەزەیانەیـی دێنــە رێگــەو دەکەونــە نێــوان ئاغــاو کۆیلــەوە لــە کوێـدا کۆتایـان دێـت؟ بـۆ ئەمـەش دەبـێ بپرسـین کاتێـک ئـەم دوو هێـزە یەکتـری رەتدەکەنـەوە شـتەکانو کێشـەکان دەگـەن بەکـوێ‌و رێـگاکان لـە کوێـدا کۆتاییـان دێـت؟ ئیتـر کوشـتنو یاخــی بــوون لــە ســەر ئــەم پرســانە دەکەونــە روو، لــە پێنــاو گەیشــتن بــە ئـازادی‌و عەدالەتـی روکەشـانەدا ئاغـا دەیەوێـت وەکـو خـۆی درێژەبـە رفتارەکانـی بـدات، لەولایشـەوە کۆیلـە بـە (نەخێـر) وەڵامـی (بەڵـێ)کانـی ئاغاکـەی دەداتـەو دەیەوێــت ئــازادو عەدالەتــی راســتەقینەی خــۆی‌و هاوڕێکانــی مســۆگەربکات.

چونکـە یاخیبوونـی راسـتەقینە ئـەو یاخیبوونەیـە چـۆن تـاک لەپێنـاو ئـازادی خۆیـدا دەنـگ هەڵدەبڕێـتو بـە نەخێـر وەڵامـی ئازارەکانـی دەداتـەوە ئـاواش دەبێـت لـە روی ئەخلاقیـەوە بـۆ کۆمەڵانـی خەڵکیـش قوربانـی بـە خـۆی بـدات، ئـاوا دەبینیـن دیـدی یاخبـوون لـەلای زۆرکەسـی چەوسـاوە ئـاوا دەکەوێتـەوەو بـۆ یەکەمجـار بـە وشـەی نەخێـر دەنـگ بـە رویـی خراپەکارانـدا بەرزدەکاتـەوە (نەخێر)جەخـت لەسـەر بوونـی سنورێک دەکاتـەوە. ئـەو سـنورەی کـە بـەردەوام دەیەوێـت بەردەوامـی بـدات بـە کۆیلەبوونـی کەسانی تـرو چۆنـی بوێـت ئـاوا بـۆ بەرژەوەنـدیو مانـەوەی خـۆی بیانهێڵێتـەوە، لەکاتێکـدا وتنـی نەخێـر دەبێتـە هـۆکاری جیاکردنـەوەی دوو دیـدی دژبەیـەک لـە رۆژگارە جـۆر بـە جۆرەکانـدا. ئەوانـەی لـەلای کامـۆ یاخـی دەبـن هیچکاتێـک مەبەسـتیان نیـە نکۆڵـی لـە بوونـی بەرامبەرەکەیـان بکـەن وەکـو مـرۆڤ، بەڵکـو ئـەوان لـە رفتـارو ئەخـلاقو جـۆری سـتەمکاریان یاخـی دەبـن کـە خوازیـاری ئـەوەن کۆیلایەتـیو سـتەم بـەردەوام دروسـتبکەن. لـەم ئاراسـتەیەوە تاکـی چەوسـاوە بـە هەمـوو شـێوەکانیەوە ئیتـر بیـر لـە خـۆیو کەسـانی تـر دەکاتـەوە، چیبـکات تـا بەربـە فەوتـانو ئامانـجو کەرامەتـی خـۆی بگرێـت، لـە کاتێکـدا کە خەریکە هەموو شـتەکان لەسـەر دەسـتی کەسـە باڵادەسـتەکاندا دەبـن بـە هیـچو مانایەکـی کوشـندەیان بـە بەرگادەکرێـت، ئەمـەش لـە پێنـاو ئـەوەی کـە ئیتـر هەمـوو شـتەکان بخرێتـە بەرژەوەنـدی ئـەو نوخبـە دیـارەوە کـە دەیانەوێـت جیهـان لـە بەرژەوەنـدی خۆیانـدا بـەو جـۆرە سـتەمکاریە بهێڵنـەوەو درێژەبـە ئایدۆلۆژیـا خراپەکارییەکانیـان بـدەن، مرۆڤـی سـتەملێکراو لـە پێنـاو خۆیـدا ئیتـر بەهـا پیـرۆزەکان دەخاتـە لاوەو لـە پێنـاو ئـەو شـتانەدا یاخـی دەبێـت کـە بوونەتـە هـۆکاری لەناوبردنـی وەکـو مـرۆڤو بـەردەوام بێحورمەتـی پـێ دەکرێـت، بوونەتـە هـۆکاری تێکشـکاندنی هەموو بەهـا مرۆیەکانی (مرۆڤـی یاخـی مرۆڤێکـە کـە لـە سـەرەتای قبوولکـردن یـان رەتکردنـەوەی شـتە

پیرۆزکراوەکاندایەو دەیەوێت دۆخێکی مرۆیی وا بخولقێنێت کەتیایدا وەڵامەکان مرۆیی بنو یان لە ئەقلەوە سەرچاوەیان گرتبێت. ئیدی لەم ساتە بە دواوە چی پرسیارو گوتەیە دەبێتە یاخیبوون لا ٤٨) ئەمە ئەرکی ئەو مرۆڤانەیە کە دەزانن چۆن چۆنی بەشوێن ویستو داخوازییەکانی خۆیاندا هەنگاو دەنێن، لێرەوە کاری بنەڕەتی مرۆڤ دەبێتە کاری یاخیبوون، بە پرسیارو گوتەکانی، بۆئەوەی بەمەرگی خۆی ژیان بۆ تاکەکانی تر بگەڕێنێتەوەو لە کۆتوبەندی نائومێدی دەربازیان بکات، بۆئەوەی کە ئیتر درۆو بەڵێنی بێ بنەما نەبێتە هۆکاری زیاتر فریودانو ڕەتاندنی تاکەکان لە جیهانێکدا کە بۆ ئەو نیەو ئەو جیهانە بۆتە مۆتەکەی تەمەنی، دەیەوێت بە یاخیبوونی خۆی کە ڕەنگە تێیدا بکوژرێت جیهانێک پێکەوەبنێت کە ئیتر هەموو وەڵامەکان بۆ خزمەتی مرۆڤ و ڕۆژگارەکەی بن، نایەوێت کەسانی نائەقڵانی ئیتر بەردەوامبن لەسەر گەمەکردن بە ئیرادەو بوونی بەو جۆرەی کە دەیانەوێت. ئەو کاتانەی مرۆڤ یاخی دەبێت بەڵام یاخی بوونێکی چۆن (مرۆڤ بۆ ئەوەی هەبێت، دەبێت یاخی بێت، بەڵام ئەم یاخیبوونە دەبێ ڕێز لەو سنوورانەبگرێت کە لە خۆیدا دەیاندۆزێتەوە لا ٤٩) بەهۆکاری ئەم یاخی بوونانە کەسە یاخیەکان بەیەک دەگەنو بوونێک دێننە ئاراوە کە گەلێک بەهای گرنگ لەگەڵ خۆیاندا ئاشکرادەکەنو دواجار ناکرێت دەستکەوتەکانی یاخیبوون بکرێتە دەستکەوتی یەک کەسو هەمان ڕۆژگاری پێش یاخیبوون دووبارەبکرێتەوە. بۆ ئەوەی پەیامەکانی یاخی بوون نەبێت بە هیچ دەبێت بۆ ئەو بەڵێنو پەیمانەی پێشتر بە خۆماندابوو بە وەفابین. لە دەرەوەی ئەمە ئیتر یاخی بوون هیچ مانایەکی نامێنێت. ڕەنگە لەلای کەسانی تر ئەم دیدە لەم کتێبەدا بە جۆرێکی تر وەڵام بدرێتەوە.

ئـەوەی ئاراسـتەکانی ژیانـی مـرۆڤ دەگۆڕێـت پـەیمـانو بیرکردنـەوەی خۆیەتی، مـرۆڤ هەیـە تـا سـەر بـۆ کوشـتنو جەلادبـوونو تاوانکـردن لەسـەر ئـەو پـەیمانەی خـۆی کـە بـە رۆحـی خـۆی داوە درێژەبـە کارەکانـی دەدات، دەیەوێـت بـەردەوام ژیانـی کەسـانی تـر تێکوپێـک بـدات، دەیەوێـت بـۆ هەمیشـەو تـا مـردن کۆیلـەی گەورەکـەی بێـتو گوێڕایەڵیبێـت. لـە کۆیلەبوونـی خـۆی شـەرم نـاکاتو هەمـوو ئازارێـک قبوڵـدەکات. بـە جۆرێکـی تریـش کەسـانێک هـەن زۆر بـە پێچەوانـەی ئـەو کەسـانەوە بیردەکەنـەوە، ئەمانـە کەسـانێکن کـە بـەردەوام بەوەفـان بـۆ ئـەو پەیمانـەی لەگـەڵ رۆحـی خۆیانـدا بەسـتویانە بـۆ رزگارکردنـی جیهـانو تاکـەکان کـە بـەردەوام کراونەتـە ئامانجـی فاشسـتو دەسـەڵاتە وێرانکـەرەکان. زۆرکات ئـەم دەنگانـە چەنـد بچووکبـن دواتـر ئەوەنـدە گەورەدەبـن کـە دەتوانـن زۆرشـت لـە یاخیوونـی خۆیانـدا بێنـەدی. دەتوانـن رۆژگاری سـتەمکاران وێـران بکـەن. کـە رەنگـە ئەمـەش لای کامـۆ جارێکـی تـر بـە ترسـناک بکەوێتـەوە چونکـە ئـەوە دیـارە (بـۆ هەمـوو مرۆڤێـک دەلوێـت واقـع بگۆڕێـت بـۆ شـتێکی سەیروسـەمەرە) ئەگـەر بـەم پەرەگرافانـەی نـاو ئـەم کتێبـە دەسـت پـێ بکەیـنو بچینـە قوڵایـی ئـەو دێڕانـەوە کـە (کامـۆ) لـە (مرۆڤـی یاخـی)دا هەسـتو بیرکردنەوەمـان بـۆ لای خـۆی دەبـاتو دەیخاتـە ژێـر بۆچوونـە گەورەکانـی خۆیـەوەو لـە سـەر نوسـینی دێڕەکانی ناو کتێبەکەی خوێنەران دواجار توشـی کێشـمە کێشـمو دژواری دەکات، چونکـە ئـەوە کامۆنیـە لێـرەدا وادەکات کـە ئێمـە بڕوابـە ناوەڕۆکـی کتێبەکـەی بهێنیـن بەڵکـو ئـەوە ئێمەیـن کـە دەگەینـە لاپـەڕە بـە لاپـەڕەی بەشـەکان ئیتـر چـۆن چۆنـی لـە بیـرو بۆچوونەکانـی کامـۆ تێدەگەیـن. چونکـە هەمیشـە ئەوانـەی کتێـب یـان ئـەم جـۆرە کتێبانـە بـە جـدی دەخوێننـەوە ناتوانـن بـە هەمـوو شـتەکانی نـاو ئـەو کتێبانـە بڵێـن نەخێـر. چونکـە ئەمـە خـودی ئـەو کەسـانەیە کـە هیـچ کاتێـک لـە کتێـب تێناگـەن. بـا لـەم دێڕانـەوە کـە خوێنـەران سـەرئەنجام

دەكات بە دوو بەشی هێجگار دژبەیەكەوەو ناتەباوە بچینە ناو بەشێكی تری كتێبی (مرۆڤی یاخی) (ئەلبێر كامۆ)وە ئەم دێڕانە لای زۆركەس دەبنە جێگەی سەرنجو لێوردبوونەوە، رەنگە بیشبنە هۆكاری هەڵچونو تورەبوونی ئەوانەی كە دەگەنە سەر خوێندنەوەی ئەم دێڕانە، چونكە جۆرە دێڕێكن دەبنە جێگە پرسیاری هەموومان بە جیاوازیەكانمانەوە، كامۆ لە دیدی كەسانی وەكو (فۆیرباخ)ەوە ئاماژە بە زۆر بابەتی گرنگ دەكات، هەموو شتەكان لەبەریەك هەڵدەوەشێنێتو شتێكی تر دەخاتە شوێنیان، كە رەنگە ئەمە بە زۆركەس قبوڵ نەكرێت، كامۆ ئەو دەستەواژە پڕمانایە دەخاتە روو كە لێتێگەیشتنی بۆ زۆركەس لە ستەمكاران جێگەی هیچ شتێك ناگرێت، بەمجۆرە دەنوسێت (كۆیلایەتی تاقە خولیای راستەقینەی سەدەی بیستەمە لا ٣٤٤) بۆ دەبێت سەدەی بیستەم بەم جۆرە بكەوێتەوە لەلای كامۆو ببێتە سەدەیەكی رەش كە رەنگە سەدەیەك بووبێت هەڵگری زۆر گۆڕانكاری گەورەبووبێت. بەڵام لەلای كامۆ ئەو شتانە جێگەی هیچ ناگرن چونكە نەیانتوانی مرۆڤی ئازادو ئامانجەكانی بهێننەدیو حورمەت بۆ مرۆڤ بگەڕێننەوە. شۆڕشەكان نەیانتوانی ئامانجی خۆیان بگەیەننە لوتكە، دەستێوەردانی وڵاتان لەكاروباری یەكتری شكستی بە زۆر خواستی كەسانی تر هێنا، شكستی فەلسەفەی رۆشنگەری لە ئەوروپاو كە بەتاریكستان شكایەوە. شۆڕشی ستەمدیدەكان پاشەكشەیانكردو جێگەیان بۆ ئیمبراتۆریەتێك خۆش كرد كە خۆی بە زەبری هێز سەپاند. كامۆ دەستدەخاتە سەر ئەو خاڵە گرنگەو دەنوسێت (ئاغاگەلێكی تازەو گەورە پشكنەران، ئەمڕۆ فەرمانڕەوایی بەشێكی مێژوومان دەكەن...) پاڵپشت بە هەموو ئەو درك پێكردنانە كە تەواوی جیهانی گیرۆدەكردوە لە روی دەست بەسەراگرتنی ئازادییەكانی مرۆڤەوە، كامۆ ئەو هۆكارانە دەبەستێتەوە بە سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشو

دەسـەڵاتانەوە کـە هەردووکیـان بەشـێکی زۆری ئومێدەکانـی تاکیـان لەناوبـردو قوربانیـەکان تێـدا بـوون بـە جەلاد (هەمـوو شۆڕشـە نوێـکان بوونـە پاڵپشـت بـۆ دەسـەڵاتی دەوڵـەت. ١٧٨٩ ناپلیونـی لەگـەڵ خۆیـدا هێنـا، ١٨٤٨ ناپلیونـی سێیەم،١٩١٧سـتالین. پشـێوییەکانی ئیتاڵیـاش لـە سـییەکانی سـەدەی بیسـتدا مۆسـۆلینیی هێنـاو، کۆمـاری ڤایماریـش هێتلـەر لا ٢٦٥) هەموومانـە بوونـە هـۆکاری کۆیلایەتـیو داڕزانـی مـرۆڤـو لەناوچوونـی بەهاکانـی جیهـان، ئـەم جـۆرە پیاوانـە لەگـەڵ گرتنـە دەسـتی دەسـەڵاتدا هەمـوو هێـزە کوشـندەکانی خۆیـان بـۆ لەناوبـردنو داگیـرکاری خسـتە گـەڕ کـە دواجـار لـەدوای خۆیـان جیهانێکـی وێرانبوویـان بـۆ ئـەو هەمـوو مرۆڤـە سـەرگەردانانە لـە جیهانـدا بەجێهێشـت، کـە جگـە خراپـەو تـاوان هیچـی تریتێـدا دەسـت نەدەکـەوت. ئاشـکرایە کـە لـەو هەلومەرجـە خـراپو پوچـەدا کـە هیـچ مانایـەک بـۆ مرۆڤایەتـی نەمابـوەوە، بـۆ ئـەوەی جارێکـی تـر مرۆڤایەتـی پـێ نەخاتـەوە سـەر ئـەو جیهانـە مەترسـیدارە دەبێـت تاکـەکان لـە جێگـەی خۆیانـەوە لـە هەمـوو ئـەو بەهـا شـەڕخوازانە یاخـی ببـن ، بۆئـەوەی ئیتـر نەهێڵـن سـەردەمی مـرۆڤ کۆتایـی پێبـت، دەبـوو کارێـک بکرێـت ئیتـر مـرۆڤ بەسـەر هەمـوو بەهـا پیرۆزەکانـدا سـەربکەوێت بـۆ ئـەوەی خـۆی بدۆزێتـەوە، لـە رۆژگارە جـۆر بـە جۆرەکانـدا جەنـگو دەسـەڵاتی پیاوکوژانو دەقـە ئایینیـەکان مرۆڤیـان لـە جیهانـدا خەسـاندبوو، لـە ژێـر ئـەو ناوانـەدا ئـەوەی دەسـت کەسـە بەدبەختـەکان دەکـەوت ملکەچـیو کوشـتن بـوو. لەسـەروبەندی هەمـوو ئـەو کـۆتو بەندانـەدا کەچـی هێشـتا دەبینیـن ئەرکەکانـی مـرۆڤ لای کامـۆ کۆتاییـان نایـەتو بـە خێـرای زۆرشـت لـەم جیهانـەدا گۆڕانـکاری گـەورە بەخۆیـەوە دەبینێـت کـە لای زۆرکـەس دەبێتـە جێگـەی سـەرنجو ناتەبایـی، ئـەو شـتانەی کامـۆ لێـرەدا دەیانخـات روو دەرئەنجامـی ئـەو هەلومەرجـە خراپەیـە کـە مـرۆڤ لـە رۆژگارە جـۆرە بـە جۆرەکانـدا پێـدا گـوزەری کـردوەو بـە دۆزەخـی

زانیـوه بـۆ ژیانـی خـۆی، دواتـر مـرۆڤ بوونـی خـۆی پـێ دۆزیوەتـەوە ئیتـر دەبێـت پشـتبکاتە هەمـوو ئـەو بەهـاو دابوونەرێتانـە کـە ئازادیـان بـۆ چەندیـن سـەدە کۆتکردبـوو، کامـۆ ئامـاژە بـە ئەرکـە تازەکانـی مـرۆڤ دەکات کـە چـۆن چۆنـی لەنـاو جەرگـەی ستەمکاریدا خـۆی دەدۆزێتـەوە (تاکگەرایـی جێـی بـاوەڕی گرتۆتـەوە، ئەقلیش جێـی ئینجیـل، سیاسـەت جێـی ئاییـنو کڵێسـا، زەوی جێـی ئاسـمان، کار جێـی نوێـژ،و بەدبەختـی جێـی دۆزەخو مرۆڤیـش جێـی مەسـیح لا ٢٢٢) بـەم جـۆرە لـە هەنـاوی ئـەو جیهانـە وێرانـەدا ئـاوا تێکـڕای شـتەکان بەریـەک دەکـەونو شـوێنی یەکتـر دەگرنـەوە. ئیتـر مـرۆڤ دەبێـت بـە ئـەو مرۆڤـەی کـە دەتوانێـت خـۆی بناسـێتو پشـت بکاتـە ئـەو شتانەی کـە بـۆ ئـەو سـەردەمانێک ببوونـە هـۆکاری وێـران بوونـی تەمـەنو رۆحـی، لـە ئـەو شـتانە یاخـی دەبێـت کـە ناونیشـانی مرۆڤایەتیـان زەمەنێـک لـێ زەوتکردبـوو. تـاک خـۆی دەناسـێت پشـتدەکاتە باوەڕەکـۆنو پـڕ خورافیاتـەکان، ئیتـر دەبێـت بـەو مرۆڤـەی کـە ناترسـێت لـە وشـەکانی ئینجیـل یاخـی ببێـتو بـڕوای پێنـەکاتو بـە دەسـەڵاتی کلێسـا بڵێـت ئیتـر مـن سـەربە ئیـرادەو ویسـتی تۆنابـم چونکـە وەکـو خـۆم دەزانـم بیربکەمـەوە، ئـەوە مرۆڤـە کـە ئیتـر ئاییـنو کڵیسـا دەکاتـە شـوێنێک بـۆ یـادەوەریو جێگـەی ئازاردانـی رۆحو نایەوێـت ئیتـر ئاییـن وکڵێسـا وەکـو کۆیلەیەکـی ترسـنۆک ببنـە هـۆکاری نەمانـی ئازادییەکانـی. ئیتـر ئـەوە مرۆڤـە دەبێـت لەسـەر زەویـدا بەشـوێن ئـازادیو مافەکانیـدا بگەڕێـت نـە لـە ئاسـماندا. بـەم پێوەرانـە مرۆڤـی زینـدوو خـاوەن ئیـرادە دەبێتـە مەسـیحی رۆحـی خـۆیو بەشـوێن بوونـی خۆیـدا یاخـی دەبێـت. ئـاوا دەبینیـن کـە لای کامـۆ دوای ئـەم هەمـوو بـە ئـاگا هاتنەوانـەی مـرۆڤ ئـەو راسـتەی ئاشـکرا دەبێـت کـە ئـەوە مرۆڤـە هێشـتا لـە دۆزەخـی ئـەم جیهانـەدا دەسـوتێتو چارەنوسـی نادیـارە، مـرۆڤ دەخاتـە سـەر ئـەو بـاوەڕەی هێشـتا پێویسـتیمان بـە یاخـی

بووونــه بــۆ دۆزینــەوەی بوونــی خۆمــان (کەواتــە تەنهــا یــەک دۆزەخ هەیــەو ئەویــش لــەم دونیایــەداو پێویســتە لەســەرمان دژ بــەم دۆزەخــە بجەنگییــن) ئــەم بانگەشــەیە لای کامــۆ ســەرەتایی ئــەو تێڕامانــە قوڵەیــە کــە ئــەو بــۆ جیهانــی پــڕ لــە ناعەدالەتــی هەیبــووە، جیهانێــک کــە ئەگــەر نەتوانیــن بیگۆڕیــن‌و خۆمــان لــە دۆزەخــی کارەســاتو دەســەڵاتە ســتەمکارەکان رزگارنەکەیــن ئــەوا مرۆڤایەتــی دەبێــت بــۆ هەمیشــە لــەم دۆزەخــەدا درێــژە بــە بوونــی ئــازاراوی خــۆی بــدات. کامــۆ هــەر لەســەر ئــەو تێڕامانــە راناوەســتێت بەڵکــو بۆمــان دەنوســێت (تاهاتنــی دۆستۆیڤســکی‌و نیچــەش، یاخیبــوون رووی لــە خواوەندێکــی دڵــڕەق‌و هەوەســباز بــوو، خواوەندێــک کــە بەبــێ هیــچ هۆیەکــی قانعکــەر ئــەوەی لاپەســەند بــوو کــە هابیــل ببێتــە قوربانــی نــەک قابیــل‌و بەمــەش هــۆکاری یەکــەم تاوانــی کوشــتن بــوو، دۆستۆیڤســکی بــە وێناکردن‌و نیچــە بــە کــردەوە مەیدانی هــزری یاخیبوونیان لەڕادەبــەردەر فــراوان کــرد... لا ٦٧) کامــۆ پێــی لەســەر ئــەوە دادەگرێــت کــە ئــەم دوو بیرمەنــدە مــرۆڤ یــان گەڕانــدەوە بــۆ ســەر ناســاندنی راســتەقینەی خــۆی، مرۆڤیــان کــردەوە بــە مرۆڤێــک کــە دەبێــت ئیتــر خــۆی بیربکاتــەوەو پێویســتی بــە هیــچ ئیرادەیەکــی دەرەوەی خــۆی نەبێــت لــە ئاســمانەکاندا، یــان گوێگرتــن لــە قســەو ئامــۆژگاری پیاوانــی ئایینــی، ئــەو ئاماژانەیــان بەلاوەنــا لــەلای مــرۆڤ کــە دەبــوو مــرۆڤ بەهــۆی ئینجیلــەوە قســە لەســەر زەوی‌و ئاســمانەکان بکــەن نــەک بەبیــرو بــاوەڕی خــۆی. ئــەو کارەیــان لــەلای مــرۆڤ بەتــاڵ کــردەوە کــە پێشــتر ئینجیلــەکان تەرجومانــی نێــوان ئاســمان‌و زەوی بــوون، ئــەم دوو بیرمەنــدە لــە دەقەکانیانــدا بەجۆرێــک بەهــاو یاســا ئایینیــەکان تێکدەشــکێنن کــە پێشــتر رەنگــە هیــچ نوســەرێک جورئەتــی ئــەوەی نەکردبێــت بــەو شــێوەیە بێتەدەنــگ، ئــەم دوو کەڵــە نوســەرە پاڵــەوان‌و نووســینەکانیان تەرخانکــرد بــۆ دۆزینــەوەی مــرۆڤ خــۆی لــە دەرەوەی ئیــرادەی خــوداو دەقــە ئایینیــەکان، لــە دەق‌و نووســینەکانیاندا

جۆرە پاڵەوانێکیان وێنە کێشا کە کەسانی یاخی بوون کەسانێکی یاخی کە توانیان پێشێلی بەها کۆنو پیرۆزەکان بکەن . هەر لە کتێبی مرۆڤی یاخی دا کامۆ چەندین جار دەگەڕێتەوە سەر بیروکارەکانی دۆستۆیڤسکیو نیچەو چەندین نوسەری ترو ئاماژە بە بەرهەمو نوسینەکانیان دەکات.

### بەشی دووەم

کامۆ تا ئەو ئاستەی کە دێتە سەر بەرهەمو، دەقی ئەو نوسەرانە باس لە یاخیبوون دەکاتو لە دیدی ئەوانیشەوە دەیەوێت بڵێ مرۆڤ کە دەگاتە دۆزینەوەیو خۆیو لە بێهۆشیو دابڕان بەئاگادێتەوەو دەگات بە خاڵی لێک تێگەیشتنی خۆی لە روی وشیاریو پێگەیشتنی ئەقلەوە لەوێوە ئیتر هێزی خۆی بۆ دۆزینەوەی خۆی بەکار هێناوەو ویستوویەتی ژیانە راستەقینەکەی خۆی بەدەست بهێنێتەوە کە لێی زەوتکراوە لە ژێر ناوی جۆر بە جۆرداو ناچار بە ترسنۆکیو بێدەنگ کردنو گەیشتن بە حالەتی مردن کراوە. ئەو نوسەرانە دەیانویست مرۆڤ لە سەر رێگای مەرگەوە بگەڕێننەوە بۆ سەر رێگای ژیان. بەمەش کامۆ لەلای ئەو نوسەرانە ژیانە راستەقینەکە دەدۆزێتەوە بەڵام دەبینین کە هێشتا قسەکردنی ئەو بۆ ژیانو یاخیبوون جۆرێکە لە نائومێدی (مەسەلەکە بریتیە لە گەڕانێکی مەحال بۆ هەڵاتن لە نائومێدی، بەڵام ئەم گەڕانەش هەر بە نائومێدی کۆتای دێت. هەڵاتن لە کۆیلایەتییەکەوە بۆ کۆیلایەتییەکی دیو لە زێندانێکەوە بۆ زیندانێکی دی لا ٨١) ئەم هۆکارانە بۆ کامۆ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەرگە ئاشکراییەی کە هەمیشە مرۆڤایەتی توشی دێت لە پای نەبوونی ئازادییەکی راستەقینەو نەبوونی عەدالەتێک بۆ هەموومان وەکو یەک. چونکە ئەو مرۆڤە بۆتە جەلادی خۆیو کەسەکانی ترو دەیەوێت دونیا بەسەر خۆیشیو کەسانی تریشدا وێرانبکات. ئەم بینینانەیە کە وا لە کامۆ دەکات دووجۆر مرۆڤ دەست نیشانبکات جۆرێکیان

هەمیشـە بـە ئـازارەوە دەژیـنو وەکـو کۆیلـە رفتاریـان لەگەڵدا دەکرێـت، جۆرەکەی تریشـیان ئـەو کەسـانەن بـە بـێ ئـەوەی خۆیـان هیـچ ئازارێکیـان هەبێـت یـان هیـچ سـتەمیان لێبکرێـت درک بـە ئـازارو مـەرگو نائومێدییەکانـی کەسـانی تردەکـەن. ئەمـەش وایانلێـدەکات لـە پێنـاو ئـەو کەسـە چەوسـاوانەدا یاخیبوونـی خۆیـان رابگەیەنـن، ئەمـە ئـەوڕووە مرۆڤایەتیەیـە کـە کـە کەسـانێک لـە پێنـاو ئـازادی کەسـانی تـردا دەچنـە سـەر رێـگای مـەرگو خۆیـان دەکەنـە قوربانـی بـۆ هێنانـەدی عەدالـەت بـۆ مرۆڤەکانـی تر(دەبینیـن کـە یاخیبـوون بـە تەنهـا لای کەسـی چەوسـاوەو سـتەمدیدە سـەرهەڵنادات، بەڵکـو دەشـێ لـە ئەنجامـی بینینی سـتەمێکەوە سـەرهەڵبدات کـە بەرامبـەر کەسـێکی دی دەکـرێ. کەواتـە لێـرەداو لـەم حالەتـەدا جـۆرە یەکبوونێـک لـە نێـوان ئـەوو کەسـانی تـردا روودەدات لا ٤١) بەمـەش کامـۆ بەهـاو حورمەتـی ئـەو مرۆڤانـە دەردەخات کـە لە پێنـاو مرۆڤایەتیدا دێنـە دەنـگو بـە مەرگـی خۆیـان ژیانێکـی بـا شـتر بـۆ کەسـانی دی دێننـەدی، ئەمـە پرسـی گەڕانـەوەی مرۆڤـە بـۆ لای مـرۆڤ، ئـەو هاوکارییـە کـە دەبێـت پێکـەوە ئـازارو چەوسـاندنەوە کۆتایـی پێبهێنیـن، ئەمـە ئـەو تێکـەڵ بوونەیـە کـە وادەکات بـە تەنیـا هـەر مرۆڤـی چەوسـاوە خـۆی بـۆ خـۆی یاخـی نەبێـت بەلکـو بەهـاوکاری کەسـانی تـر ئـەو یاخـی بوونـە کۆتـای پێبهێنـن کـە توشـی هاتـووە لـە پێنـاو گەڕانـەوەی کەرامەتـی دزراویـدا، ئەمـە ئـەوە دەردەخـات کـە مـرۆڤ هەمیشـە جۆرێـک لـە یاخیبوونـی لەگـەڵ خۆیـدا هەڵگرتـوە بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـی خـۆیو کەسـانی تریش(یاخیـوون یەکێکـە لـە رەهەنـدە بنەڕەتییەکانـی مـرۆڤ لا ٤٩) لـەم روانگەیـەوە کامـۆ ئامـاژە بـە (بۆدلێـر) دەکاتو لـە زمانـی ئـەوەوە دەمانخاتـە سـەر گومانکـردن لـە هەمووشـتێکو ئـەو خۆشـبەختییەی کـە زۆرکـەس بـە دوایـدا دەگەڕێـن بـۆ کامـۆ هیـچ بنەمایەکـی نابێـت چونکـە ئـەوەی هەیـە بـۆ مـرۆڤ بەشـێکە لـە درۆو ئـازارو تـاوان، ئەوەتـا بۆدلێـر دەکاتـە

سەرچاوەی ئەو راستیەوە کە دەڵێت (هەموو شتێک لەم دونیایەدا تاوانی لێ دەتکێت: رۆژنامە، دیوار، روخساری مرۆڤەکان... لا ٩٥) لای کامۆ نەگەیشتنی پەیامی مرۆڤایەتی هەموو شتێک دەکاتە قوربانی دەستی تاوانکاران‌و هاوشێوەکانیان، ئەم تاوانکاریانە ئەوەی بەسەر مرۆڤایەتیدا دەیهێنێت ئیرادەی مرۆڤ خۆیەتی نەک هیچ ئیرادەیەکی دەرەوەی خۆی، ئەوە مرۆڤە هەموو شتێک ئەتکدەکات‌و دەیشێوێنێت لە پێناو ئامانجی کەمترین کەسدا. رەنگە بە تەنیا هەر کامۆ نەبێت ئاوا لە هەموو شتێک نائومدبێت بەلکو ئەوە بۆدلێرو نیچەو دەیان نوسەری ترن کە ئیتر ناتوانن بڕوا بە هیچ بەڵێن‌و یاساو شۆڕش‌و هیچ دەسەڵاتێک بکەن لەم جیهانەدا. کامۆ شان بەشانی دەیان نوسەری تر ئاماژە بەوەدەکات کە یاخیبوون دەبێت بەردەوامی هەبێت بۆ ئەوەی مرۆڤ بە گشت ویستەکانی خۆی بگات، دەبێت ئەو بنەما پوچانە وێرانبکرێن کە بوونەتە هۆکاری مردنی رۆحی مرۆڤ، دەبێت ئەو کەلتورە ئازاراویانە تێکبدرێن کە مرۆڤیان کردۆتە مرۆڤێکی نابوت، کردویەتیە جۆرێک لە مرۆڤ کە نابێت وەڵامی بۆ ئازارەکانی خۆی هەبێت، کامۆ لەزمانی نیچەوە ئاماژە بەوەدەکات کە (بۆ دروستکردنی پەرستگایەکی نوێ، دەبێ پەرستگایەکی کۆن بڕووخێنرێ... ئەمە یاسایە لا ١١٣) مرۆڤ کاتێک بڕیاری یاخیبوون دەدات دەبێت لەوە دڵنیابێت کە ناتوانێت لەسەر رێگا کۆنەکانی پێشخۆی هەنگاوبنێت ئەگەر کاری بۆ شتێکی باشترو نوێ تر نەکرد تاپێی بگات بە ئامانج، ئەو مرۆڤەی ویستی شتێکی باشتر لەوەی پێش خۆی پێکەوەبنێت دەبێت تەمەنایی ئەوەنەکات کە دەستکەوتەکانی ئەو شتە بەتەنیا بۆ خۆیبێت چونکە ئەمە دواجار بەشکست‌و وێرانبوون بەسەر ویستی خۆیدا دەشکێتەوەو هەموو کارەکەی بە پوچی دەژمێردرێت (پێویستە بژین‌و ژیان ببەخشین تا بوونی خۆمان دابهێنین،

نـەک بکوژیـنو بمریـن لـە پێنـاو بوونێکـدا کـە هـی ئێمـە نییـە لا ٣٦٨) ئـەو جیهانــەی کامــۆ دەیەوێــت بــۆ مرۆڤایەتــی هەبیــت ئــەو جیهانەیــە کــە لــەلای شەکســپیرو ســێرڤانتیسو مۆلییــرو تۆڵســتۆی بــۆ ئــازادیو کەرامەتــی مــرۆڤ هەبووەو ئـەو بلیمەتانـە ویستووتیانە ئـازادیو کەرامـەت لـە دڵـی مرۆڤـدا جێگەی ببێتــەوە. مــرۆڤ هەرچیەکبێــت دەبێــت بــە تەنیــا بــۆ تێرکردنــی ئارەزووەکانــی خـۆی نەبێـت، چونکـە ئـەو هەمـوو ستەمەی کـە لە جیهانـدا دێتـە دیو مرۆڤایەتی پـێ کۆتدەکرێـت ئـەو کارەقێزەونانەیەکـە کـە مـرۆڤ گەلێـک بـۆ ویسـتو ژیانـی خۆیـان دەسـت دەگـرن بەسـەر هەمـوو سـەرچاوەکانی ژیانـی خەڵکداو بـەردەوام کەرامەتــی مرۆڤایەتــی دەخەنــە ژێــر پێــوەو ژیــان بــۆ هــەزاران کــەس دەکەنــە دۆزەخ. بـەردەوام ئـەوەی هەبـوو ئیـرادەی شـەڕخوازانەی ئـەو کەسـانەبووە کـە ئــازادیو کەرامەتــی خەڵکیــان ســڕیوەتەوەو جەنگیــان بــە جەســتەی هــەزاران مرۆڤـی بێگونـاە داخسـتوە بـۆ ئـەوەی خۆیـان بژیـن. بۆیـە دەبینیـن کاتێـک مرۆڤ یاخـی دەبێـت بـۆ گەڕانـەوەی کەرامەتـی خـۆی گەلێـک جـار دەبێـت بکوژێـت یـان شــتەکان وێرانبــکات تــا بــە ئامانجــی خــۆی دەگات چونکــە زۆرکات ئەگــەر ئەمەنــەکات نــاگات بــە ئامانجــی خــۆی، لەپێنــاو ئــەم یاخــی بوونــەدا دەبێــت رۆحــی خــۆی ببەخشــێت تــا لــە ئــازارو بێکەرامەتــی رزگاری دەبێــت، دەبێـت بمرێـت بـۆ گەیشـتن بـە گەڕانـەوەی ئیـرادەی ونبـوی خـۆی چونکـە زۆرکات یاخـی بـوون بەبـێ مـەرگ هیـچ مانایـەک هەڵناگرێـت. ئەوەتـا کامـۆ ئـەو پرسـیارەمان روبـەڕوو دەکاتەوەو دەپرسـێت (ئایا دەکرێت بژیـنو بەردەوامیش لەیاخیبووندابین؟ لا ١٠٢) بـۆ ئەمـە دەبێـت ئەگـەر ویسـتمان وەڵامێـک بدەینـەوە دەبـێ بڵێیـن بۆئـەوەی هەبیـنو کەرامەتمـان نەدزرێـت دەبێـت بـەردەوام لـە رۆحـی خۆمانـدا بەشـێک لـە یاخیبـوون بپارێزیـن چونکـە کـەی ئـەم ویسـتەمان لـەلا نەمـا ئـەوا دەکرێینـە کۆیلـەو دەبێـت بـە زیندانـەکان قایلببیـن. کامـۆ لـەم کتێبـەدا دەمانخاتە

سـەر ئـەو ڕێـگا دژوارەی کـە ڕەنگـە تێـدا تاکـەکان تێیـدا ببـن بـە دووبـەرەی دژبەیەکـەوە، لەسـەر پرسـیارێک رامـان دەگرێـتو دەپرسـێت (کەواتـە ئایـا دەبـێ دەسـتبەرداری هەمـوو جـۆرە یاخیبوونێـک ببیـنو بـەوەی یـا ئـەو کۆمەڵگایـەی کـە پـڕە لـە ناعەدالەتـیو درێـژە بـە ژیانـی خـۆی دەدات، قبـووڵ بکەیـنو یاخـود بـە شـێوەیەکی خۆپەرسـتانەو بێدەربەسـتانە بـە بەرژەوەندییەکانـی ئادەمیـزاد، خزمەتـی بزاوتـی شـێتانەی مێژووبکەیـن؟ لا ٤٠٧) بەمـە دووبـەرە دروسـتدەبێت بەرەیەکـی کەسـە ترسـنۆکەکان کـە بـە هەمـوو ئازارێـک رازیـنو نایانەوێـت لـە پێنـاو ئـازادی خۆیانـدا بمـرنو چـاو لـە هەمـوو تاوانـەکان دەپۆشـنو مـل بـۆ ئیـرادەی شەڕفرۆشـان کـەچ دەکـەن. بەرەکـەی تـر کـە خۆیـان لـە بـەرەی مرۆڤـە یاخییەکانـدا دەبینێتـەوە بـۆ ئـەوەی بوونـی خۆیـان دیـاری بکـەنو ببنـە هۆکارێـک بـۆ گەیشـتن بـە هێنانـەدی عەدالـەتو ئـازادیو مافـی مـرۆڤ لـە جیهانـدا دەسـتدەدەنە یاخیبـوونو لەگـەڵ مـەرگا دەگـەن بەیـەک. لێـرەوە جیهانـی ترسـنۆکەکانو پاڵەوانـی ڕێـگای عەدالـەت بـە دیاردەکەوێـتو ئیتـر ئەوەتـی جیهان هەیـە ئـاوا بەسـەر ئـەم دووبەرەیـەدا دابەشـبووە. چونکـە هەندێـک مـرۆڤ کۆلایەتـیو سەرشـۆڕیان پـێ قبوڵـەو هەمیشـە بەڵـێ بـۆ هەمـوو شـتە خراپـەکان دەکـەن، ئـاوا درێژەبـە تەمەنـی خۆیـان دەدەن بـۆ ئـەوەی لەگەڵ مەرگـدا ڕوبەڕوی یەکترنەبنـەوە. بـەڵام کەسـانێکی تـر هـەن کـە ناتوانـن بەڵـێ بـۆ هەموو کەسـێکو هەمووشـتێک بکـەن، ئـەم مرۆڤانـە ئەوەنـدە یاخیـن زۆرکات لایـان شـەرمە بەڵـێ بـۆ هەندێـک شـتی راسـتیش بکـەن. ئەمانـە ئـەو مـرۆڤ گەلـەن کـە هەمیشـە لـە پێنـاو خەڵککدا لەگـەڵ مەرگـدا ڕوبەڕوودەبنـەوەو ناتوانـن بەبـێ ئـەو یاخیبوونانـە بـڕوا بـە بوونـی خۆیـان بکـەن (وتنـی (بەڵـێ) بـۆ هەمـوو شـتەکان، مانـای وتنـی (بەڵـی) یـە بـۆ کوشـتنیش. سـەرەڕای ئـەوەی کـە ئەمـە دووجـۆر پاسـاو بـە کوشـتن دەدات. ئەگـەر کۆیلـە بـۆ هەمووشـتێک بڵێـت (بەڵـێ) کەواتـە هـەم

بەبوونـی کۆیلەدارەکـەیو هـەم بەبوونـی ئازارەکانـی خۆیشـی قایلـە لا ١٢٧) ئەمـە ئـەو دووبەرەیەیـە کـە کامـۆ دیاریـان دەکات، بەرەیـەک بەڵـێ بـۆ هەمـوو شـتەکان دەکات بـۆ ئـەوەی بـژی، بەرەکـەی تریـش بـە نەخێـر وەڵام دەداتـەوە چونکـە دەزانێـت هەمـوو شـتەکان ناڕاسـتو شـێوێندراونو بـەم نەخێـرە رێگای یاخیبـوون دەگرێتـە بـەرو بـە مەرگـی خـۆی قایلـە چونکـە دەزانێـت ئەمەیـان راسـتگۆیانەترە لـەوەی تـا بەڵـێ درۆبـکات. بەمـەش مرۆڤـی یاخـی خـۆی دەکاتـە قوربانـی هەڵوێسـتو بنەمـا مرۆڤایەتیـەکان (هەمـوو یاخیبوویـەک، لەرێـی ئـەو بزاوتـەوەی کـە وای لێـدەکات دژبـە سـتەمکار یاخـی بێـت، بەرگـری لـە ژیـان دەکاتو هەوڵـدەدات دژبـە کۆیلایەتـیو درۆو تیـرۆر تێبکۆشـێت لا ٤١٢) دواتـر کامـۆ ئـەو ئامانجـە دەخاتـە بـەردەم مـرۆڤ کە (بزاوتـی یاخیبـون، بـۆ ئـەوەی رەسـەنایەتیی خـۆی بپارێزێـت، نابـێ هیـچ سـنورێک لـەو سـنورانە پشـتگوێ بخـات کـە بەردەوامیـی پێدەبەخشـێن، و دەبـێ هـەم بـۆ ئەو»بەڵـێ» یـە ئەمەکداربێـت کـە لەنـاو خۆیـدا هەڵیگرتـووەو هـەم بـۆ ئـەو «نەخێـر»ەش کـە لێکدانـەوە نیهلیسـتییەکان لـە یاخیبوونـدا قەتیـس دەکـەن لا ٤١٣) کامـۆ یاخیبـوون دەکات رێگـە چـارەی مـرۆڤ لـە پێنـاو ئـەوەی کـە یاخیبـوون دەبێتـە رێگایـەک بۆئـەوەی خزمەتـی عەدالەتبـکات لـە پێنـاو کۆتایـی پێهێنـان بـە مرۆڤـی دڕنـدەو وێرانکـەر، لـە پێنـاو گەڕانـەوەی پیـرۆزی مـرۆڤ خـۆی کـە دەمێکـە هەمـوو پیرۆزییەکانـی خـۆی لـە ژێـر نـاوی تـردا لـێ زەوتکـراوە، دەبێـت بەوەفابێـت بـۆ ئـەوەی مـرۆڤ لـە پوچـی شـتەکان رزگاربـکاتو رۆحێکـی نوێیـان بەبەردابکاتـەوە. کاتێـک کامـۆ دێتـە سـەر مـرۆڤ هەمـوو مرۆڤێـک نـا بـە تەنیـا ئـەو مرۆڤانـەی کـە توانایـی بەرەنـگاریو یاخیوونیـان هەیـە لـە هەمـوو رۆژوکاتێکـدا دەربـارەی ئـەو مرۆڤانـە دەڵێت (لەبـەر ئـەوەی دێوانـە ئاسـا هەسـتدەکات کـە چارەنووسـی ئـەم دونیایـە مەرگـە. بـەڵام یاخیبـوون وەک دەرەنجـام، بریتییـە لـە رەتکردنـەوەی رەوایەتیـدان

بـه كوشـتن، لـه بەرئـەوەی یاخیبـوون لـه بنەڕەتـدا، بریتییـه لـه پرۆتێسـت بەرامبـەر بـه مـەرگ لا ٤١٥) مـادام مـرۆڤ لـەم جیهانـەدا بـەردەوام دێوانەیـەو چارەنوسـی هـەر مەرگـه دەبێـت ئیتـر بەمەرگـی خـۆیو یاخیبـوون بتوانێـت كوشـتن كۆتایـی پێبهێنێـت. ئەمـەش بـۆ هەمـوو مرۆڤێـك ناشـێت بەتەنیـا لای ئـەو مرۆڤانـه دێتـه دی كـه دەزانـن یاخیبـوون تێكشـكاندنی بەربەسـتەكانی مەرگیشـه بـۆ گەیشـتن بـه ئامانجـی زینـدوو راگرتنـی جیهـان. لـەم كتێبـەدا بـەردەوام كامـۆ دەمانگەڕێنێتـەوه سـەر ئـەو دێڕانـەی كـه دەنوسـێت (یاخیبوون بۆیـه هەیـه، لەبـەر ئـەوەی درۆو جـەورو ستەمو توندوتیـژی، بەشـێك لـه دۆخـی ئـەو پێكدەهێنن)لـه بـارەی مرۆڤـی یاخیشـەوه كـه رەنگـه ئەمـه یەكێـك بێـت لـه هـەره تێڕامانـه قوڵەكانـی كامـۆ بـۆ مرۆڤـی یاخـی چونكـه كاتێـك مـرۆڤ یاخـی دەبێـت لەگـەڵ ئەوەشـدا كـه رقـی لـه كوشـتنو توندووتیژیشـه بـەڵام سـەرئەنجام یاخـی بوونـی ئەویـش دەچێتـه خانـەی ئـازاردانو كوشـتنی بەرامبەرەكانیـەوه، ئـەم تێڕامانـەی كامـۆ لـەم كتێبـەدا قووڵاییەكـی زۆری بـه جێهێشـتووه، كـه تـۆ یاخـی دەبیـت دەبێـت چـی بكەیـت، كاتێـك دەزانیـت كـه پاریزەرانـی ناعەدالەتـی بەبـێ تونـدو تیـژی خۆیـان نـادەن بـه دەسـتەوەو ئـەوان سـورن لـه سـەر ئازاردانی كۆمەڵـگاوو هێنانـەدی جیهانێكـی پڕلـه ستەمو وێرانكـردن كەواتـه مرۆڤـی یاخـی لـەم كاتانـەدا دەبێـت چیبـكات؟ چـۆن چۆنـی رێـگای یاخیبـون بگرێتـه بـەر، رەنگـه ئـەم پرسـیارانه لـەم كتێبـەدا هێشـتا كـەس نەتوانێـت وەڵامیـان بداتـەوه ئەوەتـا كامـۆ بۆخـی ئـاوا دەنوسـێت (هەربۆیە، مرۆڤـی یاخـی هەرگیـز ناتوانێـت ئـارام بێـت. ئـەو دەزانێـت چاكـه چییـه. بـەڵام بەناچـاری خراپـەش دەكات لا ٤١٤ ) ئیتـر لێـرەوه كارەكان دژواردەبـن كاتێـك مـرۆڤ لـه پێنـاو چاكـەدا یاخـی دەبێـت دەبێـت بـۆ گەیشـتن بـەو چاكەیـه خراپـەش بـكات، بەمـه پیـرۆزی ئـەو یاخـی بوونانـەش دەكەوێتـه ژێـر پرسـیارەوه چونكـه جۆرێـك له ئـازارو توندوتیژی

بەرهەم دێنێت. ستەمکارەکان دەکرێنە ئامانجی شەپۆلی یاخییە تورەکان لە پێناوگەیشتن بە هێنانەدی عەدالەتو ئازادی تاکەکان، لە پەناو هەموو ئەو هۆکارە قێزەونو ترسناکانەدا دەبێت مرۆڤ یاخی بوونی خۆی رابگەیەنێت، ناکرێت چیتر جیهان بکرێتە ماڵی ستەمکارانو ئەوانەی دەیانەوێت لە ژێر ناوی پیرۆزی خوداو دەسەڵاتو سێبەری خودادا نەوە بە نەوە بەو جۆرە دەسەڵاتە ستەمکارانەیە بەردەوام جیهان وێرانبکەن. بۆ ئەم مەبەستە کامۆ ئاوا دەنوسێت (عەدالەت لە جیهانێکی بێدەنگو خامۆشدا، واتە عەدالەتی بە کۆیلەکراوولاڵ، هاوکاریی نێوان مرۆڤەکان لە نێودەبات و سەرەنجام چیدی بە عەدالەت ناژمێردرێ ... لا ٤٢٣) کاتێک جیهان دەبێتە جێگەی بێ بەهاکردنی مرۆڤ و درۆی سەرمایەدارو مرۆڤ کوژەکان لە ژێر ناوی شەرم هێنەردا، لەگەڵ ئەمانەشدا ئیتر فەلسەفەو رۆشنگەریش لەم جیهانەدا هیچی پێناکرێتو دەمرێت، دەبێت مرۆڤ شۆڕشبکاتو تێیدا یاخی بوونی خۆی رابگەیەنێت ئەو جیهانە دەبێت ئیتر کۆیلەکردنو لاڵ بوونی مرۆڤەکانی تێدا کۆتایی پێ بهێنرێتو پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانی تێدارێک بخرێتەوە لەسەر ویستی هاوبەشو ئازادی تاکو عەدالەت بۆ هەمووکەس، ئەگەرچی رەنگە زۆرکات ئەم شۆڕشانە ئامانجی خۆیان لە خوێن رشتنو ئازاردانەوە بەدەستبهێنن بەڵام دەبێت هەر روبدات (زۆربەی شۆڕشەکان شێوەو رەسەنایەتیی خۆیان لە تاوانی کوشتنەوە وەردەگرن. هەمووشیان، یان زۆربەی زۆریان توندوتیژ و مرۆکوژ بوون، جگە لەوە کە هەندێکیان شاکوژو خواکوژیش بوون... لا ١٧٠) دوای ئەو هەموو دێڕانە لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر لە نوسەرێکەوە بۆ نوسەرێکی تر لە باسێکەوە بۆ باسێکی ترکامۆ لە یاخیبوون دەدوێت، بۆ زۆرشت لەم کتێبەدا دەمانخاتە سەر رێگای یاخی بوونو پرسیارو تێڕامان کە رەنگە هەندێکیان لای ئێمە وەکو پێویست نەبێت، بەڵام کامۆ بۆ ئەو

هەمـوو ئـازارو یاخیبوونانـە، بـۆ ئـەو هەمـوو غـەدرو ناعەدالەتیانـە، کـە دواجـار ڕەنگـە لـەلای زۆرکـەس بـە پـوچ بکەوێتـەوە، بـۆ ئـەو هەمـوو دیدوبۆچوونانـە، بـۆ ئـەو هەمـوو کۆیلەبـوونو جەنگانـە کـە تەمەنـی مرۆڤیـان وێرانکـردوە بۆمـان دەنوسـێت (تەمەنـی دۆزەخ کورتـەو ڕۆژێـک دێـت ژیـان دەسـت پـێ بکاتـەوە) ئەمـە ئـەو ڕۆیشـتنەیەکە لەگـەڵ کامـۆدا دەبێـت بـەو دۆزەخـەی کـە لـە جیهانـدا هەیـە بڕۆیـن، بەنـاو هەمـوو نائومێدیەکانـی مرۆڤـدا هەنگاوبنێیـنو گەشـتە بێکۆتاییەکەمـان دەسـت پـێ بکەیـنو بەسـەر هەمـوو بریـنو ئازارەکانمانـەوە ڕابمێنیـن. تـا لـە هەنـاوی ئـەو دۆزەخو برینانـەدا ژیـان دەدۆزینـەوەو بـەو ژیانـە دەگەین کە بەهی خۆمانی دەزانین. نەک ژیانی کەسانی تر.

***

ئـەم کتێبـەش لـە وەرگێڕانـە جـوانو دانسـقەکانی نوسـەرو وەرگێـڕ کاک (ئازاد بەرزنجی)یـە کـە هەمیشـە بەهەڵبژاردنـی کتێبـە باشـەکان خوێنەرانـی ئێمـە بەختـەوەردەکات. بـە هیـوام لێـرەدا توانیبێتـم شـتێکم لـە باشـی ئـەو کتێبـە وتبێـت چونکـە چەنـد خوێندنـەوەی کتێبەکـە دونیایـەک مانـاو شـتی جوانـی لـەلا بـە جێهێشـتم، زۆر لـەوە زیاتـر ئـەم نوسـینە بـۆ کتێبەکـە مانـدوی کـردم چونکـە بـە ئەرکـی خۆمـم نەدەزانـی لەسـەر ئـەم جـۆرە کتێبانـە بنووسـم. تەنیـا مەبەستیشـم ئـەوە بـوو کـە وەرگێڕانـی ئـەم کتێبـە بەبێدەنگـی تێنەپەڕێـت.

* – مرۆڤی یاخی / ئەلبێر کامۆ/ ٤٤٤ لاپەڕە
* – وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی
* – لەبڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئەندێشە ٢٠١٢

# سۆسیالیزمو خوێن

(لە لینینەوە بۆ پۆتین)

## من لایەنگری چەپم، تەنانەت گەر بەویستی هەردوولاشمان نەبێت

ئەلبێر کامۆ

**(گەڵاڵـەی راپەڕینـی چەکـداری دەبـێ بەبـێ ئەملاوئـەولا هـەر ئەمـڕۆ یـان ئەمشـەو بەڕێـوە بچـێ. ئەگـەر ئێمـە ئەمـڕۆ دەسـت بەکاربیـن سـەرکەوتنمان مسـۆگەرە، بـەڵام ئەگـەر بیخەینـە سـبەی لەوانەیـە هەمووشـتێک بدۆڕێنیـن،و مێژویـش قـەت لـەو هەڵـەو خەمساردییەمان خـۆش نابـێ ... نامەیەکـی لینیـن)**

**(شۆڕشـی سیاسـیو کۆمەڵایەتـی لـە روسـیادا بـەر لـە شۆڕشـی کولتـووری هاتـە ئـاراوەو زۆربـەی ئـەو کێشـەو گرفتانـەی، کـە ئێمـە لـە بنەمای سۆسـیالیزمدا لەگەڵیـدا رووبەڕوویـن لـەو راسـتییەوە سـەرچاوە دەگرن، گـۆڕان لـە بۆرژۆوازییەوە بـەرەو سۆسـیالیزم پێویسـتیی بـە تێپەڕینـی زەمـەنو گۆڕانـی عەقلییەتو شـێوەی روانینـی خەڵکەکەیـەو بـۆ پێـک هێنانـی گۆڕنکاریـی لـەو چەشـنە دەبـێ بیـر لـە شۆڕشـێکی کولتـووری بکەینـەوە... لا ١٣٦ لـە دواییـن نووسـینەکانی لینیـن سـاڵی ١٩٢٢)**

خوێندنـەوەی هەندێـک کتێـب زۆرکات دەتگەڕێنێتـەوە بـۆ هەڵدانـەوەی ئـەو لاپەڕانـەی کـە خەریکـە لـە یادەوەریمانـدا کـۆن دەبـنو زیندوبوونەوەیەکیـان پـێ دەبەخشـێتەوە، لەیادمـە لـە خانوویەکـی گڵـی بچوکـی گەڕەکـی (چواربـاخ) دا کـە ئێسـتاش مـاوە، لـە ناوەڕاسـتی سـاڵی هەشـتاکاندا کـە مـن هـەر تەمەنـم چـواردە سـاڵ دەبـوو هاوڕێیەکمـان کـە لـە ئێمـە گەورەتربـوو، خولیـای خوێندنەوە بـوو، کتێبـی زۆری هەبـوو، بەراسـتی تاکـو ئێسـتاش بـە کەسـێکی خوێنـدەوارو تێکۆشـەری دەزانـم لـە دەرەوەی هەمـوو شـتە ناشـیرینەکانی ئێسـتای نـاو ئـەم کۆمەڵگایـە، ئـەو هاوڕێیەمـان سـەربەهیچ رێکخـراو پارتێکـی چەپیـش نەبـوو تـا بەئێسـتاش دەگات، بـەڵام بـۆ ئەوکاتانـە لـە ژێـر تەوژمـی چـەپو گەیشـتن بـە

کۆمەڵگایەکی دادپەروانەو سۆسیالیزم، زۆرکات گفتۆگۆکانی بۆ ئێمە دەربارەی ئەو دادپەروەریە بوو کە لەسایەی سۆسیالیزمدا بۆ ئینسانەکانی سەرزەوی بەبێ جیاوازی دەبێ بێتەدی. دەبێت ئێمەی لاوانیش لە پێناو گەیشتن بە سۆسیالیزمدا تێکۆشانی خۆمان بەکاربخەین و کۆمەڵگا بخەینە سەر رێگای گەیشتن بە دادپەروەریو لە کۆتووبەندی مشەخۆرەکان رزگاریان بکەین. ئەو هاوڕێیەمان ئەو باوەڕەی لەلا دروستکردین کە دونیای ئێمە پڕە لەخراپەکاریو نادادپەروەریو تێکشکاندی ئینساکانو بردنی رەنجی کرێکاران بۆ سەرمایەدارە چڵێسەکان. هەر ئەو هاوڕێیەمان جار جار چەند پەڕەگرافێکی لە نووسینەکانی مارکسو لینینی بۆ وەردەگێڕاینە سەر زمانی کوردی. ئاوا لەو خانووە گڵە بچوکەوە بەگوێ گرتن لەو هاوڕێیەمان ئێمە خەونمان بە گۆڕینی شارەکەمان و جیهانەوە دەبینی. دونیای ئەو رۆژانە بۆ ئێمە پڕبوو لە ئومێدو هێنانەدی دادپەروەری بۆ کۆمەڵانی خەڵک لە سایەی گەیشتن بە سۆسیالیزمدا. ئەو رۆژانە ئاوا تێپەڕی، لێرەدا دەبێت بەو هاوڕێیەمان بڵێم نەک نەگەیشتین بە سۆسیالیزم دواجار شۆڕشەکانی کورد هەموو خوێنی قوربانیەکانیشیان بە هەدەرداو کۆمەڵگایان لێوان لێوکرد لە غەدرو تاوانو نادادپەروەری. هەر ئەو ساڵانە بوو کتێبێکم لەلای ئەو هاوڕێیەمان دەستکەوت لە ژێر ناوی (لینین ومەسەلەکانی ژن) ئاخر ئەو ساڵانە ئێمە بەشوێن کتێبدا هەڵوەدامان بوو، لە یادمە ئەو کتێبەم لە کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ دا لە سەر سنور لە (گۆخلان) بەخشی بە (هاوڕێیەکی چەپ) چونکە ئەو رۆژانە بڕوام وابوو ئەو هاوڕێیەمان بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم تاکۆتایی تەمەنی بەردەوام دەبێت. بەڵام بەداخەوە. چونکە دەسەڵاتو مادە هەمیشە بیرە جوانەکانی مرۆڤ وێراندەکەنو دەتخەنە سەر لێواری لادان لە خزمەتکردن بە مرۆڤایەتی، دواجار ئەو هاوڕێیەمان نەیتوانی

خزمـەت بـە كۆمەڵانـی خەڵـكو سۆسـیالیزم بـكات. وێـرای ئـەوەش كـە رەنگـە زۆركـەس لـە ژێـر نـاوی سۆسـیالیزمو هێنانـەدی دادپەروەریـدا گەلێـك مرۆڤیـان بـە كوشـتدابێتو گەڵێكـی تریشـیان فریودابێـتو دواجـار بـۆ خۆیـان گەیشـتن بـە ئامانجـی مەزنـی خۆیـان كـە خۆیـی لـە پەیداكردنـی سـامانێكی زەبەلاحـی خوێناویـدا دەبینێتـەوە لەسـەر قوربانیـدانو رەنجـی میللەتێكـی چەوسـاوە. چەنـد لاوازو شكسـت خواردووبـوون ئەوكەسـانەی لەژێـر بەرگـی كۆمۆنیـزمو خەبـات لـە پێنـاو گەیشـتن بـە سۆسـیالیزم دا وازیـان لـە میللـەت هێنـاو بەشـوێن ویسـتو ئامانجـی خۆیانـدا هەمـوو بیروخەباتـی خۆیـان لەبیربـردەوە. بـەڵام مـن بۆخـۆم تاكـو ئێسـتاش لـە بڕوایـەدام مەسـەلەكانی سۆسـیالیزم لـە سـەردەمی لینیـنو شۆڕشـی روسـیاوە دونیایـی گەیانـدە قۆناغێكـی باشـتر لـە روی زانسـتو فكـرو نوسـینو گەیشـتن بـە ئامانجـە مرۆڤایەتیـەكان، سۆسـیالیزم بـوو دونیـای گـۆڕی بـۆ ئـەو ململانیـە گـەورەی كـە تاكـو ئێسـتاش سـەرمایەداری سڵ لەنـاو بوونـی دەكاتـەوە، ئـەوەش هەیـە هەردەبێـت مرۆڤـەكان دواجـار بـە سۆسـیالیزم بگـەنو مێـژو،و كۆمەڵانـی خەڵكیـش قـەت لـەو هەڵـەو خەمسـاردییانەی ئـەو كەسـانە خۆشـنابێت كـە لەژێـر نـاوی سۆسـیالیزمدا كۆمەڵانـی خەڵكیـان فریـوداو بۆخۆیـان بـوون بـە سـەرمایەداری گـەورە گـەورەو تاكـو ئێسـتاش بازرگانـی بـە توانـاو خوێنـی هـەزاران مرۆڤـی ئـەم وڵاتـەوە دەكـەن.

* * *

### لە لینینەوە بۆ پۆتین

(مەحمـوود تلووعـی) لـە كتێبـی (لـە لینینـەوە بـۆ پۆتیـن) دەمانخاتـە سـەر رێـگای ناسـاندنی مێـژوی شۆڕشـێك كـە لـە روسـیادا رودەدات، مێژویـەك كـە خوێـن دوا بـە لاپـەڕەی دەنوسـێتەوەو ململانییـەی نێـوان سـەركردەكانی نـاو ئـەو

شۆڕشـە لەپێنـاو مانـەوەو گەیشـتن بـە کورسـی دەسـەڵات دا لـە دوایـی (لینیـن) دێـنو هەمـوو ئومێدەکانـی کۆمەڵانـی خەڵـک وێـران دەکـەنو لەنـاو خۆیانـدا دەکەونـە ملشـکاندنو خوێـن رشـتنی یەکتـری تـا هەمـوو ئامانجەکانـی شۆڕشـی روسـیایان بەلاڕێدابـرد و گەیاندیانـە رۆژی مـردنو خەونـی هـەزاران ئینسـانیان بـە هـەدەردا. ئـەو شۆڕشـەی کـە بنەماکـەی دەگەڕێتـەوە بـۆ هێرشـی ناپلیـون لـە ساڵـی ١٨١٢دا بـۆ سـەر روسـیاو، دواتـر شکسـتی ناپلویـن لـە زسـتانی ساڵـی ١٨١٣دا. ئـەم کتێبـە رەنگـە ناسـاندنێکی کـورت بێـت بـۆ ئـەو سـەردەمە بـەڵام لاپـەڕە بـە لاپـەڕە خوێنـەر دەخاتـە ژێـر کاریگـەری جـوان نوسـینو چڕوپـڕی خۆیـەوە، هـەر چەنـدە مـن وەکـو خوێنـەر رەنگـە لـە زۆرشـوێندا ناتەبابـم لەگـەڵ بۆچوونـی ئـەم نوسـەرەدا. ئـەم کتێبـە لـە دوڕووەوە خوێنـەر بـە دوو ئاراسـتەی جیـادا دەبـات رەنگـە هەندێـک خوێنـەر پێیـان خۆشـبێت کـە نوسـەری ئـەم کتێبـە ئـاوا لەسـەر لینیـنو شۆڕشـی روسـیا کاریکـردووە، هەندێـک خوێنەریـش رەنگـە نوسـەری ئـەم کتێبـە بـە کەسـێکی دژە لینیـن و شۆڕشـی روسـیا ناوببـەن. بـەڵام لـەلای مـن بـەم جۆرەیـە یەکەمیـان: رەنگـە نوسـەرەکەی لەژێـر هـەچ گوشـارێکدابێت نەتوانێـت بەباشـی لـە هەوڵەکانـی لینیـن تێبـگاتو دان بـە ئیـرادەی مەزنـی ئـەو پیاوەدابنێـت کـە هەمووجیهانـی گـۆڕی. دووەمیشـیان: لاپـەڕە بـە لاپـەڕە نوسـەری ئـەم کتێبـە خوێنـەر دەخاتـە سـەر ناسـاندنی ئـەو ململانیـە خوێناویانـە کـە لـە نێـوان سـەرکردەکانی شۆڕشـی روسـیادا، روسـیا خوێنـاوی دەکـەن.

کتێبـی (لـە لینینـەوە بـۆ پوتیـن) رەنگـە کتێبێـک بێـت کـە بـە سـەلیقەیەکی وردەوە (مەحمـوود تلووعـی) لـە کـۆی (٥١٠) لاپـەڕەدا لـە هەوڵـی ئەوەدایـە کـە خوێنـەران بـەو روداو مێژوانـە ئاشـنابکات کـە سـەرەتایی شۆڕشـی روسـییان لێپەیدادەبێـت . ئەگـەر لینییـن جیابکەینەوە لەئەو کەسانەی کـە لە دوای ئەودێنو

دەسەڵات دەگرنە دەست ئەوا دەبینین هەموویان کەسانێک بوون نەک رویان نەکردۆتە بنیات نانی سۆسیالیزمو گەیشتن بە ئامانجەکانی شۆڕش بەڵکو تێکڕا کەسانێک بوون بە خوێن مێژوی روسییان نووسیوەتەوەو میللەتێکی مەزنی وەکو روسەکانیان کردۆتە قوربانی دوا بەرژەوەندی دەستکەوتە تایبەتیەکانی خۆیانو ئامانجەکانی لینینیان بەرەو هەڵدێربرد. نوسەری ئەم کتێبە رەنگە زۆرکەم لە ژیانو کارەکانی لینین دوابێتو لە زۆر شوێنیشدا لە کارو کردەوەکانی دەدات بەهەچ بیانویەک بێت، بەڵام هێشتا ناتوانێت لە زیرەکیو لێهاتووی لینین کەمبکاتەوەو دەربارەی لینین ئاوا دەنوسێت ( ڤلادیمیر ئیلیچ ئۆلیانۆف) کە لە مێژوی روسیاو جیهاندا بە (لینین) ناوی دەرکردووە کاتێک لە رۆژی شازدەی ئاپریلی ١٩١٧ لە فەنلاندەوە بە شەمەندەفەر گەڕایەوە پیترۆگراد، چلو حەوت ساڵی تەمەن بوو. ئەو نزیک بە سی ساڵ لە تەمەنی خۆی لە رێگەی خەباتی سیاسیدا تێپەڕکردبووو لە درێژەی ئەو خەباتەدا زیاتر لە تەمەنی خۆی ئەزموون کۆکردبووە. ئەو هەر بەو ئەزموونو شێوازە تایبەتییەی، کە لەخەباتدا هەیبوو توانیی لەماوەیەکی کەمتر لە حەوت مانگدا رەوگەی شۆڕشی روسیا بگۆڕێو بە وەڕخستنی شۆڕشی دووەم لە روسیادا، کە بە شۆڕشی بۆلشەڤیکی ناوی دەرکردووە رەوگەی مێژوی روسیا بگۆڕێ. لا٥٥) ئاوا بەش بەش نوسەری کتێبەکە دەمانخاتە سەر ناساندنی لینینو مێژوی بەر لە سەردەمی لینین، کە بەرلە شۆڕشی ١٩١٧ کۆمەڵێک راپەڕینو جوڵاندنەوەی تر لەسەر دەستی خوێندکارانو نوسەرانو کرێکارانی سەردەمی دەسەڵاتدارانی روسیادا روودەدەن. ناساندێک کە دواجار روسیایی لەژێر چەپۆکی ئەو دەسەڵاتە قێزەنە هێنایەدەر... ئەوەتا لەساڵی ١٨٦٩دا دوو کەسی شۆڕشگێڕ بەناوەکانی (باکۆنینو نیچانۆف) لە یەکێک لە گوتارەکانیادا دەربارەی تایبەتمەندییەکانی کەسێتی شۆڕشگێڕیان نوسیووە

(تاکی شۆڕشگێڕ دەبێ لە ئامانجە ئایدیالییەکانی خۆیدا بتوێتەوە... ئەو نابێ خاوەنی بەرژەوەندیی تاکە کەسیو هەستو سۆزی کەسێتیو خۆشەویستی بنەماڵەییو سەروەتو سامانو تەنانەت ناوی تایبەتی خۆیشی بێت...) ئاوا بەر لە لینین کەسانێک هەبوون تۆوی شۆڕشیان لەناو تاکی روسیادا دەچاند چونکە خەڵک بەر لە شۆڕشی ساڵی ١٩١٧ لەژێر دەستی قەیسەرەکانی روسیادا هەموو هەوڵەکانیان بۆ ئازادیو رزگاری بە توندی سەرکوت دەکرانو لەناودەبران، گیراوەکانیان بۆ سیبریا دوور دەخرانەوە، ئەوەتا بۆ ئەو رۆژە تاریکو ناخۆشانە، بۆ ئەو سەرکوتکاریانە (پوشکین)ی شاعیر بەم جۆرەم دەنگی خۆی دەخاتە پەنا دەنگی ئەو چەوساوانە لە شیعرێکدا دەنوسێت:

**( زوڵم لە ئەستووریدا دەپسێ**

**شوورەی بەرزی بەندیخانەکان دەڕووخێن**

**ئازادی و روناکی دێتە پێشوازیتان و**

**براکانتان شمشێرەکانتان دەدەنەوە)**

لە مێژوی سەردەمی قەیسەرەکانی روسیادا دەیان جوڵانەوەو بەرپاکردنی شۆڕش سەریان هەڵدابوو لە پێناو گەیشتن بە رزگاری گەلانی روسیادا. بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە دواجار زۆر بە توندی سەرکوت دەکرێنو بە خوێن کۆتاییان دێت. ئەم کتێبە هەر لە سەرەتاوە بەو مێژوانە دەست پێ دەکات کە ئەو جوڵاندنو شۆڕشنانەی تێدا سەرهەڵدەدات تا دەگاتە سەر هەڵدانی شۆڕشی ساڵی ١٩١٧ ئەو شۆڕشەی کە دواتر رەنگە لە پێناو ململانیە خوێناویەکانی ناو سەرکردەکانیدا نەیتوانیبێت بگاتە دوا ئامانجی خۆی (حیزبی سۆسیال دیموکراتی روسیا، کە کۆنترینودەستڕۆیشتووترین رێکخراوی سیاسیی دژی رژێمی تەزاری بوو بەر لە رووداوەکانی ساڵی ١٩٠٥ بە سەر دوو گرووپی (بۆلشەفیک)و (مەنشەفیک) دابەش ببوو و رێبەرەکانیان،

کە زیاتر لە سویسرا یان لە وڵاتانی دیکەی ئەوروپای خۆرئاوا دەژیان بۆ بەدەستەوەگرتنی جڵەوی ڕێبەرایەتیی بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکانی نێو روسیا کەوتبوونە ڕکەبەریی یەکتری... لا ٢١) بەم جۆرە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشەوە کەسایەتیەکانیان لەناو خۆیاندا کەوتبوونە دژایەتی کردنی یەکترو لەناوبردنی یەکتری. کە دواجار وەکو لەم کتێبەدا دەستنیشان کراوە بەش بەش بە وردی ئەو مێژوە خوێناویانە دە خوێنینەوە کە ئەو سەرکردانە چۆن چۆنی ڕەگو ریشەی یەکترییان لەبن دەرهێناو سۆسیالزمیان بە خوێن سپارد تا ئەوەی کە هیچ نرخێک بۆ خەباتو تێکۆشانی یەکتری سودی نابێتو لە پێناو خواستی گرتنە دەستی دەسەڵاتدا خوێن حوکم دەکات. ئەم نموونەیە ڕەنگە یەکێکبێت لەونموونانەی کە دەریدەخات کە ئەو سەرکردانەی ئەو کاتانەی روسیا چۆن چۆنی بە خوێنی یەکتری تینووبوون ستالین بەرامبەر بە نزیکترین دۆستی خۆی (زینۆویێڤ) کە هەرئەویش گەیاندییە کورسی دەسەڵات کاتێک (زینۆویێڤ) لادەبرێتو دواتر ستالین لە سێدارەی دەدات (زینۆویێڤ) بە ستالین دەڵێت (ئاخۆ هاوڕێ ستالین لەمانای وەفاو ئەمەگداری تێدەگات ؟) ستالین بە راوێژێکی ناخۆش وەڵامی دایەوە (بەڵێ باش تێدەگەم... ئەوە جۆرێک نەخۆشییە، کە زیاتر سەگەل تووشی دەبن...لا ١٦٥) ئەمە ئەو وێرانکاریە بوو کە لەسەردەستی سەرکردەکانی ئەو شۆڕشەدا تووشی گەلانی روسیاوو هاوبیرەکانی ناو ئەو شۆڕشە دەهات. خوێندنەوەی ئەم روداوانە لەم کتێبەدا وات لێدەکات کە هەست بکەیت هێشتا دوای ئەو هەموو ساڵە زۆرانە لە روسیاوە بۆ وڵاتی خۆیشمان لەلای ئێمەش بە هەمان ئەو نموونانە سەرکردەکان لە پێناو مانەوەو کورسی دەسەڵاتدا خوێنی هەزاران ئینسانی بێگوناهیان ڕشتو یەکتری وێراندەکەنوئامانجو سۆسیالزمیان بە خوێن سپارد بۆ ئەوەی بگەن بە دوا خواستی خۆیان. سۆسیالیزم

ئـەوە نـاوەی سـەردەمێک بەشـێکمانی لەگـەڵ خۆیـدا دەگەیانـدە سـەر ڕێگاکانـی مـردنو زۆرکەسـی دڵسـۆزیش لـەو پێنـاوەدا تەمەنـی خۆیـان کـردە قوربانـی، بـەڵام ئێسـتا کەسـێک نیـە لـەو سـەرکردانەی جـاران بوێـرن لـە سۆسـیالیزم بدوێـن. ئەمـەش هەمـووی لـە پێنـاو ویسـتو مانـەوەی دەسـەڵاتی خۆیاندایـە. ئاماژەکانـی نـاو ئـەم کتێبـە ئـەوە دەردەخـەن کـە خـودی لینیـنو شۆڕشـی ڕوسـیا لـە زۆر لاوە هـەم لـە نـاو خـۆو هـەم لـە دەرەوەی سـەدان پـلانو نەخشـە بـۆ شکسـتو ڕوخانیـان لـە ئارادابـوو تـا ئامانجەکانـی لینیـنو شۆڕشـەکە سـەرنەگوم بکـەن ( لـە نیوەڕاسـتی مانگـی ژووئیـەی ١٩١٨ دا حکوومەتـی بۆلشـەڤیکی جگـە لـە مۆسـکۆو پێترۆگـرادو چەنـد گەورەشـاری دیکـە بـە گوێـرەی پێویسـت بەسـەر ڕوسـیادا زاڵ نەبـوو،و هێـزە دژبـەرەکان، کـە هـەرکام سـەر بـە لایـەنو گروپێـک بـوون لـە هـەر چـوار قوڕنـەی وڵاتـەوە دژی بۆلشـەڤیکەکان شـەڕیان دەکـرد ) گەلێـک لـەم هۆکارانـە ئـاوا دژبـە خواسـتەکانی شۆڕشـی ڕوسـیا پێیـان نابـووە سـەر ڕێـگای لەناوبردنـی. دەبـوو لـە هەلومەجێکـی ئـاوادا سـەرکردەکانی شـۆڕش چ ڕێگایـەک بـۆ سـەرکەوتنی ئـەو شۆڕشـە تازەیـە بگرنـە بـەر؟ سـەدان هەڵدێـری ئـاوا هاتبـووە بـەردەم خواسـتەکانی شـۆڕش ( لـە بەهـاری سـاڵی ١٩١٨ وە دوو گرووپـی سیاسـی لـە ڕوسـیادا بـە مەبەسـتی ڕوخاندنـی حکومەتـی لینیـن هەوڵیـان دا یارمەتـی لـە لایەنـە دەرەکییـەکان وەرگـرن، یەکێـک لـەو دوولایەنـە هەوڵـی دەدا بـە مەبەسـتی ڕووخاندنـی ئـەو ڕژێمـەو دامەزراندنـەوەی ڕژێمـی پادشـایەتی یارمەتـی لـە ئەڵمانییـەکان وەرگـرێو ئەویتـر، کـە بـە « یەکێتـی ژیانـەوەی ڕوسـیا» نـاوی دەرکردبـوو هەوڵـی دەدا، کـە بـۆ خەبـات دژی سـەرەڕۆیی بۆلشـەڤیکی یارمەتـی لـە بەریتانیـاو فەرەنسـاو ئەمەریـکا وەرگـرێو بەشـێوەی فەرمـی داوای لـە هاوپەیمانـەکان کردبـوو کـە بەرەیەکـی نـوێ لـە ڕوسـیا بکەنـەوە ... لا ١١٩) ئەمـە ئـەو ڕۆژو ڕوداوە سـەختانەن کـە هاتبوونـە

بـەردەم لینیـنو شۆڕشـەکەی. بـەڵام لەگـەڵ هەمـوو ئـەو هەوڵانەشـدا لینیـن توانـی ئـەو شۆڕشـە بگەیەنێتـە سـەرکەوتن. گەرچـی لینیـن بـە رواڵـەت زیاتـر لـە شـەش سـاڵ ڕێبەرایەتـی روسـیای لـە ئەسـتۆ بـووە، بـەڵام بەکـردەوە لـە پێنـج سـاڵ زیاتـر حکومـی نەکـرد، چونکـە بـە هـۆی نەخۆشـییەوە لـە سـاڵی ١٩٢٢دا ئـەو سـاڵەی کـە ئیتـر دەسـتی لـەکار هەڵگـرت بـوو (لینیـن تەنیـا لـە بیـری سـەقامگیرکردنی حکوومەتـی بۆلشـەڤیکی لـە روسـیاو وەرگرتنـەوەی قەلەمـڕەوی ئیمپراتۆریـی تەزارەکانـدا نەبـوو بەڵکـو هـەر لـە سـەرەتاوە بیـری لـە شۆڕشـێکی جیهانیودامەزراندنـی سیسـتەمی کۆمۆنیسـتی لـە سەرانسـەری جیهانـدا دەکـردەوە...) لینیـن دەیزانـی ئینسـانەکانی وڵاتـە جـۆر بـە جـۆرەکان بەدەسـت غـەدرو چەوسـاندنەوەو نادادپەروەریـەوە دەناڵێنـن بۆیـە بـۆ ئـەو ئامانجـە تێدەکۆشـا کـە بتوانێـت شـۆڕش لـە نـاو روسـیاوە بگوێزێتـەوە بـۆ وڵاتانـی تـر. لینیـن دواتـر دەربـارەی شۆڕشـی روسـیا ئـاوا دەنوسـێت (شۆڕشـی سیاسـیو کۆمەڵایەتـی لـە روسـیادا بـەر لـە شۆڕشـی کولتـووری هاتـە ئـاراوەو زۆربـەی ئـەو کێشـەو گرفتانـەی، کـە ئێمـە لـە بنەمـای سۆسـیالیزمدا لەگەڵیـدا رووبەڕووین لـەو راسـتییەوە سـەرچاوە دەگـرن، گـۆڕان لـە بۆرژۆوازییـەوە بـەرەو سۆسـیالیزم پێویسـتیی بـە تێپەڕینـی زەمـەنو گۆڕانـی عەقلییـەتو شـێوەی روانینـی خەڵکەکەیـەو بـۆ پێـک هێنانـی گۆڕنکاریـی لـەو چەشـنە دەبـێ بیـر لـە شۆڕشـێکی کولتـووری بکەینـەوە... لـە دواییـن نووسـینەکانی لینیـن... لا ١٣٦) بەمـەش لینیـن ئـەو بۆچوونانـە تێدەپەڕێنێـتو دان بـەو جـۆرە کارکردنـە سـەختانەدا دەنێـت کـە ببوونـە لەمپەرلەبـەردەم خواسـتەکانی گەیشـتن بـە سۆسـیالیزم دا. لەگـەڵ ئـەو دەنگدانـەوە گـەورەی کـە سـەرکەوتنەکانی لینیـنو شۆڕشـی روسـیا بـە دونیایـان بەخشـیو وەرچەرخانێکـی مەزنییـان لـە جیهانـدا بەرپاکـرد. لەگـەڵ هەمـوو ئـەو هـۆکارە ناخـۆیو دەرەکیانـەی رۆژ بـە رۆژ دەهاتنـە

بەردەم سەرکەوتنەکانی شۆڕش، لینین توانی لە ماوەی ئەو پێنج، شەش ساڵەی دەسەڵاتیدا لە روسیادا ئەو ئاستەنگو بەربەستانە رابماڵێت کە خەریک بوو شۆڕشی گەلانی روسیا لەناو بەرێت. لەگەڵ هەموو ئەو دەسەڵاتانەی لینیندا کە هەیبوو هێشتا زۆر بە سادەیو وەکو ئینسانێکی کەم دەرامەت ژیانی دەگوزەراند لە کۆشکەکانی کرملین دا، هەر ئەم سادەش بوو کە وای لە نوسەری ئەم کتێبە کردوە کە ئەم سادەییەی لینین بە لاوازی بداتە قەڵەم (ئاغا تازەکەی کرملین (لینین)، لەو بینا مەزنە مێژووییەدا کە پادشا و فەرمانڕەواکانی رابردووی روسیا ژیانێکی ئەفسانەییان تێدا رابواردووە، ژیانێکی سادەی هەبوو، لینینو کرۆپسکایای ژنی و ماریای خوشکی چەند دیوێکی کۆشکیان بۆ خۆیان تەرخان کردبوو، بەڵام کۆشک رەنگو بۆنی رابردووی نەمابوو،و ئەو کەسانەی، کە لە شوێنی ژیانی لینین چاویان پێی دەکەوت لەبەر بۆنی پشیلە (کە لینین زۆری کەیف بەو ئاژەڵە دەهات)و خواردنی کۆنو بەرماو، بێزار دەبوون) هەر نوسەری ئەم کتێبە دەکەوێتە هەڵەیەکی تریشەوەو بە پێچەوانەی راکانی پێشووتریەوە کە زۆرکات ئاماژە بە سەدان گیروگرفتو هۆکاری ترسناک دەکات کە هاتوونەتە بەردەم لینینو هاوڕێکانی دەنوسێت (لینینو هاوبیرەکانی، کە لە تەواوی ژیانیاندا تەنیا بیریان لە شۆڕشو تێکدان دەکردەوە، ئەزموونی گیروگرفتەکانی حکومەتو ئاوەدانییان نەبوو و نەشیاندەزانی چییە... لا ١١٧) لەپای ئەو هەموو هەوڵە بەردەوامانەی لینین بۆ سەرکەوتنی شۆڕشو ئەو هەموو زیرەکیو نووسینانەی لینین کێ بڕوا بەم جۆرە قسانە دەکات کە لینینو هاوڕێکانی ئەزموونی بەرێوەبردنی وڵاتیان نەبووبێت. ئەوە فەلسەفەو بنەماکانی بیری لینین نەبوون کە شۆڕشی سۆسیالیزمیان پەک خست بەڵکو ئەوە بیرو هەڵەپەی ئەو کەسانەبوون کە دوای لینین هاتنو سۆسیالیزمیان بە خوێن

سپارد بۆ مانەوەی خۆیان لەسەر کورسی دەسەڵات (لە ساڵەکانی ١٩٢٧ هەتا ١٩٣٠، کە بە سەرەتای دەورەی دەسەڵاتداریێتیی ستالین زانراوە و هیچ کام لە دۆستانو لایەنگرانی لینین لە پۆستە باڵاکانی حیزبی کۆمۆنیستو دەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەتییدا نەمابوون... لا ١٦٦)

هەرچۆنێکبێت ئەم کتێبە یەکێکە لەو کتێبە گرنگانەی کە زۆربە وردی رۆچۆتە قوڵایی گەلێک لە باسە مێژوییەکانی شۆڕشی روسیاوەو دەسەڵاتو ناکۆکی خوێناوی ئەو کەسانەی لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی روسیادا دەردەکەون. لە دەسەڵاتی لینینەوە تا ستالینوخرۆشۆفوبێرژنیڤو گۆرباچۆڤ... تا هەرەسی یەکێتی سۆڤیەت. کتێبێک رەنگە دواجار دوای خوێندنەوەی لەبەردەم سەدان پرسیاردا راتبگرێت. رەنگە ئەو قسەیەش بەتەواوی جێگەی خۆی بگرێت کە دەڵێن (ئەوانەی شۆڕش دەکەن مێژو بە خوێن دەنووسنەوە).

لێرەدا بۆ یادی گەلێک لە هاورێکانم دەبێت بڵێم: (یادتتان بە خێر ئەی ئەو ئینسانانەی کە لەلای ئێمە لە پێناو گەیشتن بە سۆسیالیزم دا رۆحو گیانی خۆتان بە خشی، لەپایی خوێنی ئێوە هێشتا نیشتیمان هەر پڕە لە نادادپەروەریو غەدرکردن لە ئینسانەکان.

***- لە لینینەوە بۆ پوتین. نوسینی مەحموود تلووعی. ٥١٠ لاپەڕە.**

**- وەرگێڕانی- رەسوول سوڵتانی.**

**- لە بڵاوکراوەکانی موکریانی ساڵی ٢٠١٢**

# ناوێکی تر بۆ کەشتی فریشتەکان

ئـەو نـاوەی دەبێـت لەکۆتایـی کتێبـی یەکەمـی رۆمانی (کەشـتی فریشـتەکان)ی (بەختیـار عەلـی)دا بیدۆزینـەوە بـۆ هـەر خوێنەرێـک دەبێتـە کارێکـی تارادەیـەک گـران، بەتایبـەت ئـەم رۆمانـە دوو بەرگـی لـێ چـاپ بـووەو هێشـتا بەرگـی سـێ یەمـی مـاوە، لای ئـەو خوێنەرانەشـی کـە دەزانـن رۆمـان بخوێننـەوە درک بـەوە دەکـەنو ئـەوە دەزانـن کـە ناتوانـن بـە ئـەو مەبەسـتە دیـارەی خۆیـان بگـەن لـە خوێندنـەوەی ئـەم دوو بەرگـەدا، بۆیـە زۆر خوێنـەر دەبێـت ئـەو سـەبرەی هەبێـتو چاوەڕوانبـكات ئـەو رۆمانانـەی کـە چەنـد بەرگیـن پێکـەوە بخوێنێتـەوە بـۆ ئـەوەی بتوانێـت هەمـوو روداوو بیرۆکـەو ماناکانـی نـاو ئـەو دەقانـە بەیەکـەوە گرێبـداتو بـەو مانایانـە بـگات کـە خـوێ مەبەسـتێتی، ئەگینـا زۆرکات ئـەو دەقانـەی کـە بچڕ بچڕ بـە دابڕوای دەخوێندرێنـەوە لای هەندێک خوێنـەر دەبنـە دەقـی بێزارکـەرو تاڕادەیـەک کـە خوێنـەر لـەو دەقانـە دەتورێنـن، لای منیـش رۆمانـی (کەشـتی فریشـتەکان) دەچێتـە خانـەی ئـەو رۆمانـە چەنـد بەرگیانـەوە کـە ناکرێـت بـەرگ بـەرگ بـە دابڕوای بخوێندرێتـەوە، چونکـە ئـەم رۆمانـە زیاتـر دەچێتـە خانـەی ئـەو رۆمانانـەوە کـە وا بـە ئاسـانی روداوو ماناکانـی خۆیـان لای خوێنـەر ئاشـکراناکەنو دەبێـت خوێنـەر درک بـەوە بـکات کـە دەقەکـە زیاتـر گرنگـیو کارکـردن تێیـدا گوزەرێکـە بەنـاو مێـژوی خوێنـاوی میللەتێکداو وەسـتانە لەسـەر رفتـارو راڕایو دڕنـدەی ئـەو تاکانـەی هەمیشـە توانیویانـە لـەم مێـژووە خوێناویـەدا خۆیـان بـۆ رۆژگارێکـی تـرو لـە پێنـاو ئامانـجو ویسـتی خۆیانـدا تێبپەڕێـنو بەشـێک لـەم مێـژووە بریـندارە بکەنـە موڵکـی خۆیـانو پێـی بگـەن بـە مەبەسـتی تایبەتیـان، لـەم دەقـەدا مێـژوی ئـەو روداوانـەی بەسـەر تـاکو کۆمەڵـگادا لـە قوناغـە جیاجیاکانـی ئێمـەدا داهاتـووە کراوەتـە دەقێکـی ئەدەبـی چـڕو مانـادارو لەژێـر چەندیـن نـاوی تـردا تاکەکانـی نـاو ئـەو روداوانـە لای خوێنـەر بەدەرکەونـەوە کـە ئەمـەش تاڕادەیـەک دوورت دەخەنـەوە لـەوەی کـە

وابەئاسـانی خوێنـەر بتوانێـت بـە قوڵایـی دەقەکـە بـگاتو بتوانێـت لەژێـر ئـەو ناوانـەدا بـە ئـەو مێـژووە دابـڕاو شـاراوەیە بگات، ئاخـر هیـچ کاتێـک ڕۆمانـووس کاری ئـەوەی نیـەو هەقیشـی نیـە مێـژوی ڕوداوە خوێناویـەکانو ڕفتـاری تاکـەکان وەکـو خۆیـان لـە دەقەکانـدا جێگـە بکاتـەوە، ڕۆمانـووس هەمیشـە هەقێتـی لـە کوێـی دونیـادا بـوو کار لەسـەر مێـژوی جەنـگو دیکتاتـۆرو مرۆڤـە خوێـن ڕێـژەکان بـکاتو ئـەو شـتانە لـە نـاو چەنـد دەقێکـی ئەدەبیـدا بـە جیـاوازی نـاوو شـوێنەکانەوە جێگـە بکاتـەوەو بتوانێـت دەقـی مـەزنو گرنـگ بەرهـەم بهێنێـت، ئەگـەر ئـەم ڕۆمانـە (کەشـتی فریشـتەکان) وەکـو نموونـەی ڕۆمانێـک بـۆ مێـژوی ڕوداوو ڕفتـاری تاکەکانـی نـاو شۆڕشـەکانی ئێمـە وەربگریـن بێگومـان هەموومـان پـێ لـەم ڕاسـتیە دەنێیـن، بـەڵام گرنگـی دەقەکـە لەمـە زیاتـرە چونکـە هەمـوو ئـەو ڕوداوو ڕفتارانـە تێیـدا کراوەتـە دەقێکـی گرنگـی ئەدەبـیو خوێنـەری زیـرەک دەتوانێـت لـە گێڕانـەوەی نـاو ڕۆمانەکـەوە جارێکـی تـر بـۆ دۆزینـەوەی هەمـوو ئـەو شـتە ونبوانـەی زوو بگەڕێتـەوەو ئاشـنابێت بـە هەمـوو ئـەو ڕفتـارە قێـزەونو سـەیرانەی تـا خوێنـدوەی ئـەم دەقـە درکـی پـێ نەکـردوە... ئەسـپ کوشـتنو خوێـن ڕشـتنی مـرۆڤ لـەم دەقـەدا هـەر لەسـەرەتاوە گرێمـان دەدات بـە چەنـد ناوێکـی تـرەو زۆر خێـرا دوور دوور دەکەوینـەوە لە ناوی سـەر بەرگـی ڕۆمانەکەوە، کـە نـاوی (کەشـتی فریشـتەکان)ە، ڕۆمـان جگـە لەنـاوی سـەر بەرگەکـەی کـە نوسـەر بـۆی دادەنێـتو بـەو نـاوەوە ڕۆمانەکـە لای خوێنـەر دەناسـرێت، بـەڵام ئـەو نـاوە ناکاتـە ئـەوەی کـە ئیتـر ئێمـەی خوێنـەر بتوانیـن هەمـوو دەقەکـەی پێ بخوێنینـەوە، ئـەوەی خوێنـەر بـۆ دۆزینـەوەی ناوێکـی تـر یـان زیاتـر لەناوێـک لـە ڕۆمانەکانـدا دەگەڕێـت تێگەیشـتنو گـەڕانو ڕاوەسـتانە لەسـەر نـاوو شـوێنو ڕوداوەکانو بیـری نـاو ئـەو ڕۆمانانـەدا، زۆرکاتو لای گەلێـک لـە خوێنـەران ئیتـر نایانەوێـت ڕۆمانەکـە بـە نـاوی سـەر بەرگـی ڕۆمانەکـەوە بناسـنو پێـوەی

پابەندبن، رەنگە ئەمە پیشەی ئەو خوێنەرانەبێت کە ناتوانن زیاتر لە ناوێک بۆ دەقەکان لەلای خۆیان گەڵاڵەبکەن، لە رۆمانی (کەشتی فریشتەکان)دا ئەگەر لە زیاتر لە روانگەیەکەوە تێیبگەین‌و لەسەر روداوو پاڵەوان‌و بیری ناو دەقەکە کە دەکاتە (کتێبی یەکەم) بووەستین ئەوا خێرا درک بەوە دەکەین کە ئەم رۆمانە ناکرێت هەر یەک ناوی هەبێت، بۆ من وەکو خوێنەرێک کتێبی یەکەمی ئەم رۆمانە ناکاتە ناوی سەر بەرگەکەی‌و هەر زۆر زوو ئەو ناوەم بیر چووەو بەگەیشتنم بە چەند لاپەڕەی یەکەمی رۆمانەکە ئیتر توشم بوو بە توشی دۆزینەوەی زیاتر لە ناوێک بۆ ئەم دەقە کە دەبێت چاوەڕوانبم بزانم لە کتێبی دووەم‌و سێ یەمدا کە هێشتا نەمخوێندونەتەوە بە چەند ناوی تر دەگەم، دابڕان لە ناوی سەرەکی رۆمانەکان‌و دۆزینەوەی چەند ناوێکی تر لەژێر ئەو ناوەدا دەکاتە هەڵدانەوەی ئەو روداوە ون بوانەی کە خوێنەر هێشتا پەی پێ نەبردووە، بەمەش خوێنەر دەتوانێت بۆخۆی ناوێکی تر لەم جۆرە رۆمانانە بنێت کە لەگەڵ ویستو بیری خۆیدا یەک دەگرنەوە... با ئەم چەند دێڕە لە لاپەڕە ١٢ی رۆمانی (کەشتی فریشەکان) وەربگرین بۆ ئاشنابوون بە زیاتر لە ناوێک، بۆ دۆزینەوەی زیاتر لەناوو مانایەک کە دەکرێت خۆمان ناوێکی تر لە دەقەکە بنێین‌و دوور بکەوینەوە لە ناوی سەرەکی رۆمانەکە...

( بێئەوەی بوەستێت چووە سەر یەکێک لە ئەسپەکان‌و کلاشینکۆفەکەی خستە سەر پێ‌و دەستی پیادانـاو تەنیا یەک فیشەکی تەقاند. گوللەکە لە نێوچاوانەوە ئەسپەکەی سمی‌و خوێنێکی کەمی لێوەهات. من بێئەوەی بەزەیم بە ئەسپەکەدا بێتەوە، سەیری ئەو جوڵە لاوازو نائومێدەی چوارپەلیم کرد کە کەمێک بەرزیکردنەوەو وەک لە ئازارێکی گەورە رزگاری بووبێت، خاو هێنانییەوە سەر زەوی. لیڤیتانت کلاشینکۆفەکەی بۆ درێژکردم‌و گووتی: بەو

جۆره، هەموویان بکوژه... بەو جۆره، ترسو دوودڵی ناوێت)

(من کەسێکی رۆمانسی نەبووم، لەو رۆشنبیرانە نەبووم کە دەچنە شۆڕشەوە بۆ ئەوەی خۆیان لە ئازارێکی گەورەی ویژدان رزگاربکەن، لەوانەی ئەو دەم بە لێشاو دەهاتنە ریزی شۆڕشەوە تا خۆیان لە گوناهێکی نادیار پاکبکەنەوە، تا بیسەلمێنن کوڕی میللەتن، لەوانەش نەبووم لە شۆڕشدا خۆیان لە دەزگاکانی راگەیاندندا دەشارنەوە، دەیانەوێت لە دوورەوە ژیانی شۆڕش بژین... من لێرەبووم بۆ جەنگ، بۆ کوشتن، بۆ تەقەکردن. شۆڕش لای من بە مانای یەکەم ئامادەگی بوو بۆ خوێنڕشتن...)

ئەم دێڕانە کە دواتر لەلامان دەبنە چەندین وێنەی بچوک کراوەی ون بوو نەبینراوو دەبنە هەڵگی زۆر ماناو لێکدانەوە بۆ ئێمەی خوێنەر، بە گەیشتنمان بە لاپەڕەو بەشەکانی تری ناو رۆمانەکە ئێمە چاومان دەچێتە سەر دەیان وێنەی تر کە بە هەموویان کتێبی یەکەمی ئەم دەقە تەواودەکەنو لەئاست هەر وێنەیەکدا دەبێت تێڕابمێنینو بەدوای زۆرمانادا بگەڕێین، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئیتر ناوی سەر بەرگی رۆمانەکە لەلای خۆمان ون بکەینو بەویستی خۆمانو لەگەڵ بیرو تێگەیشتنمان بۆ روداوو گوتاری ناو دەقەکە زۆر ناوی تر لەم رۆمانە بنێین. ئەمەش دەکاتە سەرکەوتنی ئەو دەقانەی کە زیاتر لەناوێک لەلای خوێنەر بەجێدەهێڵن.

# گەڕان بەشوێن نەمریدا

(ئەگەر دەمتوانی سەر لەنوێ دەست پێ بکەمەوە، ئەوا دەبوومە کەمانچە ژەن، یان برینساز.. یان قاشوباز.. یان هەرشتێکی تری غەیری پاشایەتی...
محمەد رەزا پهلوی (شا)

گەڕان بەشوێن دەنگی ئەونوسەرە نەمرانەی کە تاکو ئێستا لەم سەر زەمینەدا، لەهەموو سەردەمە جیاجیاکان و لە سەردەمی سەدان دەسەڵاتی ئیمبراتۆرو شاو میرو سەرۆکەکاندا، لەناو ئەو هەموخوێن ڕشتن و لەناو مێژوی هەزاران ساڵەی پێکدادان و کاولکاریدا ئەودەنگانە وەکو ڕۆحێکی نەمر بەردەوامیان داوە بە هێشتنەوەی ناوی خۆیان، مانەوەی ئەم دەنگانە بۆئێمە جێگەی پرسیارە. دەبێ بپرسین ئەوسیحرە چی یە کەوای کردوە لەناو هەزاران ناوی ئیمبراتۆر وکاربەدەستە زەبەلاحەکاندا کە خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆرو زەوەندو دەیان کۆشکی رازاوە و ژیانێکی تێرو پڕی خۆشگوزەراندا ژیاون کەچی نەک ناویان بەڵکو گۆڕەکانیشیان لەگەڵ خاکدا تێکدراو و بەدەگمەن هەڵدەکەوێت یەکێک لە ناوی ئەو میرو دەسەڵاتدارانە وەکو ناوێکی نەمر لای خەڵکی باسبکرێت. سەیر لەوەدا بەردەوام گۆڕو شوێنەواری ئەو خاوەن دەسەڵاتانە کەوتوونەتە بەر هێرشی کاولکاری و تێکوپێکدان و زۆرکات ئێسکو پروسکە کانیشیان لەگۆڕ دەرهێنراوەتە دەرەوە سوتێنراوە. کەچی دەیان ناوی بەرهەمەندو نوسەری مەزن هەیە لە مێژودا لەو پەڕی ژیانێکی برسی و ئازاراویدا ژیاون و تاکاتی مردنیان جێگەیەکی باشیان بۆ ژیان نەبووە و زۆریان هەمیشە دەربەدەرو ئازاردرابوون. بەبێ هیچ پشتوپەنایەک بوونەتە پیاوی هەموو رۆژگارەکان و ناویان بۆتە جێگەی باسو خواسی ناو کۆڕو کۆبوونەوە جیاجیاکان لەنەمری و بەرەهەمەکانیان دواون، تاکو ئێستا ناویان وەکو ناوێکی نەمر لای نەوەکان ماوەتەوە، بۆ هەمیشە ناوی (**خەیام و حافزی شیرازی و فردەوسی و تۆڵستۆی و دۆستۆفسکی و سێرڤانتێسی خاوەنی**

**دۆنكیشـوەت و رامبـۆ و سـارتەرو كامـۆو)** دەیـان و سـەدان نـاوی مەزنـی تـر تاسـەر لەنـاو نـاوی هەمـوو ئیمبراتـۆرو خاوەندەسـەڵاتەكانی سـەردەمی خۆیـان و تـا بـە ئێسـتادەگات بەنەمـری ماونەتـەوە و هیـچ ناوێـك لەوخـاوەن دەسـەڵاتدارانە نەیـان توانـی بـۆ یـەك جاریـك نـاوی ئەمانـە بخەنـە دوای نـاوی خۆیانـەوە **(نالـی و مەولانـە خالیـد)** بـۆ ئێمـەش وەكـو دوو نـاوی نەمـر بـۆ سـەردەمی خۆیـان تـا بـە ئێسـتادەگات لەوناوانـەن كـە ئەوەنـدەی رۆشـنبیران و خەڵكـی لـە خۆیـان و بەرهەمەكانیـان دەدوێـن ئەوەنـدە خەڵكـی لـە میرەكانـی بابـان و بەرهەمەكانیـان نادوێـن.

لەگـەڵ ئەوەیشـدا زۆركـەم هـەڵ دەكەوێـت لەلایـەن دەسـەڵاتە جـۆر بـە جۆرەكانـەوە لەكاتـی شـاڵاوەكانیاندا بێ ڕێزیان بەوكەڵە نوسـەرانە یان گۆڕەكانیان كردبێـت.. بـە پێچەوانـەوە هەمیشـە لەلایـەن میـرو ئیمراتـۆر وسـەرۆكانەوە ڕێـز وحورمـەت لـەو خـاوەن قەڵەمـە مەزنانـە گیـراوە گـەر لەژیانـدا بـوون، زۆركات لەلایـەن دڕندەتریـن دەسـەڵاتەوە گـۆڕی ئـەو بەهرەمەنـدە گەورانـە چاكراوەتـەو ڕێزیـان لێنـراوە بەرهەمەكانیـان پارێـزراوە. ئیتـر ئـەو خاوەندەسـەڵاتانە بـۆ هـەچ مەبەسـتێك ئـەو ڕێزلێنانەیـان دەرهـەق بـەو نوسـەرە مەزنانەكردبێـت گرنـگ نیـە. گرنـگ ئەوەیـە نەیـان توانیـوە ناویـان لـە فەرهەنگـی نەمـری و لای خەڵكـی بهێننـە دەرەوە. ئەوئیمبراتـۆر و میـر وخەلیفانـەی كەمێـك بەرهەمەنـدو خـاوەن مەعریفەبـوون لەكاتـی خۆیـدا كتێبخانەكەیـان بـە شـانامەو بەرهەمەكانـی خەیـام و حافـز و نالـی و مەولانـە خالیـد و نوسـەرانی ترپڕكردۆتـەوە.

لەكاتێكـدا ئـەو پرسـیارە لەخۆمـان دەكەیـن بۆچـی هەمیشـە نـاوی ئـەم بەهرەمەندانـە پێـش نـاوی هەمـوو دەسـەڵاتداران دەكـەون. كـە زۆریـان كەمتریـن دەقیـان هەبـووە و بەودەقانـەوە بوونەتە جێگەی شـانازی هەمـوو رۆژگارەكان لەناو رۆشـنبیران وخەڵكیـدا، لەدونیـادا ئێسـتا ئەوەنـدەی خەڵكـی ڕێـز لـە **(پوشـكێن و**

**خەیام و حافزی شیرازی و فردەوسی و ئیبن خەلدون و تۆڵستۆی و دۆستۆفسکی و سێرڤانتێس و رامبۆ وسارتەرو کامۆ ومارکیز) ودەیان نوسەری تر دەگرن، ئەوەندە رێز لە ژیان ونوسین وکردارەکانی (هۆلاکو و جەنگیزخان و تەیموری لەنگ و ستالین و مۆسۆلۆنی و هێتلەر و بینۆشی و پۆلپۆت و کاسترو سەدام)** ودەیان ناوی دیکتاتۆری ترناگرن. لەگەڵ ئەویشدا ناوی ئەم نوسەرە مەزنانە بەردەوام پێش ناوی دەیان دەسەڵاتداری چاکە خوازکەوتوون. ئێستا هەقمانە دان بەو راستیەدابنێین کە ئەوە دەقی نەمرە وای کردوە پێشبڕکێ لەگەڵ هەمووجۆرە دەسەڵاتێکدابکات و لە هەموو رۆژگارەکاندا ناوی خاوەنەکانیان لە پێشی پێشی ناوی هەموودەسەڵاتدارانەوە بەباش و خراپیانەوە بمێنێتەوە. بۆیە ئەوە دەبینین لەبەرهەمەکانی ئەم دەنگە نەمرانەوە رۆژگارئەوەی بۆ سەلماندین کەهەموو شتێک لەدەسەڵات و ژیان و هێزی دیکتاتۆرەکان ومیرو ئیمبراتۆرەکان بە هەموو خراپەو چاکەکانیانەوە کۆتای دێت و لەبیر خەڵکی دەچنەوە، تەنیا ناو ودەقی ئەوگیانە نەمرانە نەبێت کە بەشوێن نەمریدا گەڕان لەناو حەرفی نوسینەکانیانداو هیچ شتێکیش لەئازارو دەربەدەربوون و درندایەتی و کاولکاری نەیان توانی ناوی ئەم نەمرانە لەبیرخەڵکی بەرنەوە.

دواجاریش دەبێ بڵێم ئەو کەسانەی لە مێژودا ویستویانە لەناودەسەڵاتدا بەشوێن نەمریدا بگەڕێن دوای دەیان ساڵ بەهەڵەدا چوون و ئەو کەسانەشی لەناودەقێکدا بەشوێن نەمریدا گەڕاون بەئاسانی دۆزیوویانەتەوە.

# دیکتاتۆریەتی کەسە بچوکەکان لەئەدەبی کوردیدا

**هەنگاوی مەڕی کێژ توانای شوێن پێهەڵگرتنی راستیەکانی نیە.**

(فریدریک بیتچه)

بـۆلای خۆیـان رادەکێشـن؟ دەیشـتوانین ئـەو پرسـیارە بـەم جـۆرە دابڕێژینـەوە، ئـەو ئەدیب و نوسـەرانە کامانـەن کـە دەتوانـن لـەو پـەڕی داهێنـان و توانـای مەعریفەیانـدا هێشـتا خۆیـان بـە بچوکـی ناوخەڵکـی وخزمەتـکاری ئـەدەب بزانـنو لەپـای زۆریو کەمـی دەقەکانیـان هێشـتا وەکـو ئەدیـب خۆیـان دەرناخـەنو بەبێدەنگـی خەریکـی خوێندنـەوەو کاری خۆیانـن؟ ئـەو کەسـانەی کـە نایانەوێـت لـەم کۆمەڵگایـەدا وەک ئەدیـب بـەو جـۆرە بیربکەنـەوەو لـە ژێرنـاوی ئەدەبوداهێنانـدا خۆیـان لادەبێتـە پاڵـەوانو ئیتـر دەبێ نوسـەرانی تـر و خوێنـەران خۆیـان بـە قەرزاربـاری ئـەم جۆرە بیرکردنەوانـە بزانـنو وێنەکانیـان بـە سنگدا هەڵبواسـن. تـا ئـەم ساتانە لـە هەنـاوی ئـەم کۆمەڵگایـەدا نموونـەکان بـۆ ئـەم جـۆرە ئەدیبانـە کـە مـن، بـەڵام لەپـای کـەم بوونیـان بوونەتـە جۆرێـک لـە ئینسـانی جنێوفـرۆشو قسەدروسـتکردنی لابـەلا، دیکتاتۆرانـە بیردەکەنـەوەو ئەدیبـان ونوسـەرانی تـر بـە وێنەیەکـی تـر لەچـاوی خۆیانـەوە تەماشـادەکەنو هەمیشـە لـە هەوڵـی ئـەوەدان وێنـەی ئەودەیبانـە لـە لای کەسـانی کـەم مەعریفـەو لـە ناوکایەکانـی نوسـیندا بشـێوێننو بچـوک بکەنـەوە، نوسـین یـان رەخنەکانـی ئـەم جـۆرە مرۆڤـە بچوکانـە بـە مانـا زانسـتی ودیـوە باشـەکەی نـا، بـە مانـای ئـەو رەخنـە ئەدەبیـە نـا کـە (**ماتیـۆ ئارنۆلـد/ لـە سـەدەی نـۆزدەدا پێناسـەی رەخنـەی ئەدەبی دەکا: رەخنـەی ئەدەبـی هەوڵێکـی بێ لایەنانەیـە بـۆ فێربـوون و برەوپێـدان بەباشـترین بابەتێـک کـە لـە جیهانـدا دەناسـرێ و دەزانـرێ**) بەڵکـو نوسـینێک کـە پـڕە لـە قسـەو وشـەی بەسـەرچوو. گەلێـک جاریش ئـەم کەسانە نایـەن لەسـەر لاپـەڕەی رۆژنامـەو گۆڤـارەکان دەقـەکان بـۆ خوێنـەران رەخنەبکـەن، دیـوە خراپەکـەی دەقو زمانـی نوسـینیان ئاشـکرابکەن، دەق وەکـو خـۆی بخوێننـەوە، بەڵکـو دەسـتیان داوەتـە مەهزەلەیەکـی سـەیرو

وەکو کەسانی رەخەنەگرو پڕمەعریفەو دۆزەرەوەی زانستێکی نویّ بۆ رەخنەی دەق دەرنەکەوتوون، ئەمانە لەم لاولا کەوتوونەتە پیا هەڵدانی دەقی خۆیان لەلایەک و لەلایەکی تر کەوتوونەتە گیانی ئەو کەسانەی کە لە بوارەکانی چیرۆک و شیعرو رۆماندا چەند هەوڵێکیان هەیە لەم هەرێمەدا، ئەوهەوڵانەش تەنیا لە هەوڵی ئارەزومەندانەدا خۆی دەبینێتەوەو هیچی تر، ئەمجۆرە کەسانە لەژێر ناوی خوێندنەوەدا کە دەبێتە نەخوێندنەوە بۆ نوسینو گیانی دووبەرەکی، دێن وێنەی ئەو چەند هەوڵە ناشیرین دەکەن وەکو ئەوەی خۆیان مارکیز و رۆلان بارتی سەردەمبن. جۆری ئەم نوسینانە ئەگەر وەکو زمانی نوسین وەربگرین چونکە زۆرکات قسەکردنو نوسین دەبێتە پێوەری ئەخلاقی ئەدەبییو توانی خاوەنەکانیان لە ژیانی رۆژانەی ناوکۆمەڵگادا بەدەردەخات. ئەم جۆرە نوسینانە لە خراپترین ئەو شتانەیە کەماوەیەکە سەرنجم بۆ کایەکانی ئەدەبو خاوەنەکانیان رادەکێشێت، دەمخاتە گومانەوە لە هەموو شتێکیاندا بۆ نوسینو باری دەروونی شلەژاویان لەم هەرێمەدا، ئەم جۆرە رفتارانە هەمان ئەو ئەشکالیەتەیە کە خۆی لە جەستەی کەسانی ناو دەسەڵاتو تواناکانیان بەسەر بێدەسەڵاتەکاندا دەردەخات، ویست و ئیرادەی خۆیان دەخەنە سەرو ویست و ئارەزوی کەسانی ترەوە. لای ئەم جۆرە ئەدیب و نوسەرانەی کە خۆیان لەژێر ناوی جۆراو جۆردا دەخەنەو روو هەڕەشە لە ژیان و رابوردوی ئەو چەند دەنگە دەکەن کە دەنوسن، ئەم کەسانە لە جەستەی وێرانو نەخۆشی خۆیانەوە دێن دەیاوێت ئەو هەولانە بۆ ئەدەب بسڕنەوەو پاڵەوان بوونی خۆیان بخەنە روو کە هێشتا کەس وەکو نوسەرو داهێنەر نایان ناسێتو دەیانەوێت بەم گەمانە خۆیان لەسەر گیانی ئەم چەند دەنگە دروستبکەنو ببنە پاڵەوانی ناو نوسەران کە خۆیشیان باش دەزانن لە بچوک بوونەوە زیاتر هیچی تریان پێنابڕێت. ئەمانە ئەگەر پێیان وابێت دەتوانن لە ژێر ئەم جۆرە ناوانەدا ببنە پاڵەوانی ناوئەدبیان لەم هەرێمەدا ئەوا نەک بەهەڵەدا چوون، بەڵکو توانیان بەم

ئەزموونـەی خۆیـان داهێنـان لـە بـواری چاوشـارکێو قسـەی لابـەلاو شـاردنەوی نـاوی خۆیاندابکـەن لەبەرامبـەر ئـەو ئەدیـب و نوسـەرانەی کـە تەنیـا خاوەنـی چەنـد هەوڵێکـنو جگـە لـە قەڵەمەکانیـان هیچـی تریـان نیـە. ئیتـر نازاندرێـت خاوەنـی ئـەم جـۆرە فتوایانـە بۆچـی هەندێـک جـار بەترسـەوە لەژێر نـاوی خۆیاندا دەنوسـنو ماسـتاو بـۆ دەسـەڵاتو گـەورە بەرپرسـەکان دەکـەن، زۆر جاریـش ناوێـرن بەنـاوی خۆیانـەوە رەخنـە لـە دەقەکانیـان بگـرن لـە کاتێکـدا ئـەو چەنـد دەنگـە نەخاوەنـی بەندیخانـەو پۆلیـس و ئامـرازی تـرن بـۆ بەرەنـگار بوونـەوە. ئەمەیـە ئـەو مەترسـیانەی کـە داهێنـان دەکـوژن و نوسـینی لـەم جـۆرە دەخەنـە شـوێنیان. لـە کاتێکـدا رایـەک هەیـە کـە دەڵـێ دەقـی داهێنـراو وسـەرکەوتوو نابـێ لـە هەفتـەی یەکەمـی خۆیـدا لای خوێنـەر نابـێ بڕیـاری داهێنانیـان بەسـەردا بدرێـت , بەڵکـو ئـەو دەقانـە نەوەکانـی داهـاتو چەندیـن سـاڵی دەوێـت تـا بـڕوا بـەوە هێنرێـت کـە ئـەم دەقانـە دەقـی سـەرکەوتو داهێنـراون، کەچـی لای ئێمـە کەسـانێک ئێسـتا پەیدابـوون وەکـو دیکتاتـۆرەکان دەیانەوێـت چـۆن بـە بچوکـی پـێ دەگـەن دەبـێ لـە حـەوت رۆژی یەکەمیانـدا نـاو وناوبانگیـان بـە سـەر تاسـەری دونیـادا بڵاوبێتـەوەو پێیـان بووترێـت هەمـوو ئەدیبەکانـی تـرو نوسـەرانی تـر سـفرن تەنیـا ئێـوە ئەدیـب وداهێنـەرو هەڵسـەنگێنەری دەقەکانـن، ئـەم جـۆرە بیرکردنەوانـە بیرکردنەوەیەکـی ترسـناکو خراپیـان لێدەکەوێتـە ئەگـەر بـەر بەکـرداری رفتارەکانیـان نەگیرێـتو پێیـان نەوترێـت داهێنـان ودەقـی چـاک خاوەنەکانیـان ناتوانـن بڕیـاری کۆتاییـان بەسـەردا بـدەنو لای خوێنـەر وەسـفی خۆیانبکـەن، ئـەوە رۆژگارونەوەکانـە دەقـەکان لەیەکتـری جـودا دەکەنـەوەو بەبـاش دەڵێـن بـاش و بەخـراپ دەڵێـن خـراپ. شـێوازی نوسـین ئـەو هێـزە قەناعـەت پێکەرەیـە کـەوا لـە خوێنـەر دەکات بڕوابـەوە دێنێـت کـە ئـەم شـێوازە زۆر جیاوازتـرە لـە شـێوازی کەسـانی تـر بـۆ نوسـینی دەقـەکان، نـەک زۆر بڵێـی و وتنـی ئـەو کەسـانەی کـە بـە زۆر دەیانەوێـت وا لەخوێنەربکـەن کـە تەنیـا خۆیـان پاڵـەوانو داهێنـەر و کەشـفکەری شـتەکانن نـەک دەقـی کەسـانی تـر

**(ماریۆ فارگاس یۆسا/ لە نامەی چوارەمیدا بۆ رۆمانوسێکی لاو دەربارەی شێواز دەنووسێت/ هیچ گرنگ نیە شێواز درووست بێ یان نادرووست بەلکو گرنگ ئەوەیە کاریگەربێت و بۆ ئەرکەکەی خۆی گونجاوبێت.. بۆ شێوزایش لای بۆرخیس دەنوسێت/ شێوازی بۆرخیسیانە بەهۆی سروشتە زەرووەرەکەیەوە کەس ناتوانێ نەوەکو ئەوبکاتو نەلاساییشی بکاتەوە، کاتێکیش پاشکۆو لاساییکەرەوەکانی رێبازەکەی دەخوازن لە بەرکارهێنانی سیفاتو پەرۆشی زیاد لە پێویستو گاڵتە جاڕی و بێزهاتنەوە، هەموو ئەوەی دەیکەن هیچ نییە جگە لە جیرە جیرو نەشازێک، هەر وەکو باڕۆکەی قژ وایە ئەوەی خراپ دروستکراوە کە ناتوانێت وەکو قژێکی راستەقینە دەرکەوێ، بەلکو ساختەییکەی دەرئەکەوێ و ئەو سەرە دامـاوەی داپۆشیوە دەبێتە جێی گالتە پێکردن)** شانازی کردن بە دەق و داهێناوە ئێستا بۆتە نەخۆشی لای هەندێک لەم جۆرە ئەدیبانەی کە پێیان وایە تەنیا خۆیان دەتوانن ئایندەی نوسینو ئەدەبی کوردی دیاری بکەن نەک کەسانی تر، ئەم خۆبە زل زانی و فوکردنە خۆیە بەشی ئەوەناکات تا ناوی داهێنەرو نوسەرو ئەدیبیان لێ بنرێت، چونکە کەس لە هیچ زەمانو کاتێکدا نەی توانیوە ئاوا بڕیار لە دەق و کردارەکانی خۆی بدات، بەردەوام چاوشارکێ بکاتو هانی کەسانی کەم ئەزمون بداتو پێیان بڵێت بەتەنیا هەرخۆم هەم کەسی تر نیە، لەکاتێکدا جۆری ئەم ئەدیبانە دەبێ ئەوەبزانن لە کوێ خودا هەبوو هەر لەوێش شەیتان بوونی هەیە، ئەمە سەرەتای هەموو شتێکە لەکوێ باشە هەبوو خراپە بوونی دەبێ، ئەوانەشی لێرە ویستیان کەسانی تر سفر بکەنەوەو بەتەنیا خۆی و هاوبیرەکانیان بە پاڵەوان بزانن کەسانێک پەیدادەبن پێیان بڵێن برادەر تۆ ئەوەنیت کە باست دەکەن. لە ژیانی ئەدیبانی دونیادا هێشتا زۆر ئەدیبی گەورە ماون کە خۆیان بە ئەدیب نازانن و بەردەوام بچوکی نوسەرانو ئەدیبانی تردەکەن، کەچی لەلای ئێمە کەسانێک پەیدابوون بەبێ هیچ هۆکارێک هەموو ئەدیبان و نوسەرانی تر سفردەکەنەوەو خۆیان

کردۆتـە داهێنـەری نـاو ئەدیبـان بەبـێ ئـەوەی ڕۆژێـک پرسـیاریان لـە خۆیـان کردبێـت مـن چـۆن چۆنـی خوێنـەرانو ئەدیبـان دەم خوێننـەوە. ئەگـەر نـاو لـەم جـۆرە رفتارانـە بنێیـن دەبـێ پێیـان بووترێـت مرۆڤـی نەخـۆش چونکـە هەمیشـە ئـەم کەسـانە رووە راسـتەقینەکەی خۆیـان بـاش دەناسـن و رووە نەخۆشـەکەی تریـان بـە خوێنـەران دەفرۆشـنەوە. زۆرکات رفتارەکانـی ئـەم جـۆرە مرۆڤانـە دەچێتـەوە سـەر رفتـاری ئـەو منداڵانـەی کـە بـە ئەکـەم ئەندامـی لەدایـک بـوون (**پیاوێکـی کـەم عەقـل، ژنێکـی کـەم عەقـل دێنێـت و منداڵێکـی کـەم عەقڵیشـی دەبـێ**) کـە ڕەنگـە ئـەم قسـەی ئەفلاتـون کـە دەربـارەی شـاعیرەکان وتوێتـی وەکوخـۆی نەکەوێتـەوە، بـەڵام بـۆ رفتـاری ئـەم جـۆرە مرۆڤانـەی کـە بـەردەوام خۆیـان بـە ئەدیـب و خوێنـەری داهێنـەر دەزانـنو لەنـاو بازنەیەکـی داخـراو تاریکدا لـەلای خوێنـەرە کـەم ئەزمونـەکان خۆیـان بـە داهێنـەر ناودەبـەن مـن دڵنیـام خوێنەرەکەشـیان و دەقەکانیشـیان بـە بـێ عەقڵـی لـە ئاینـدەدا دەردەکـەون.

لـە کاتێکـدا ئەگـەر ئەدیـب و خاوەنـی دەق بتوانیـت کار بـە پێـوەری ئـەو راسـتیە بـکات کـە نوسـینی مـردوو کاتێـک لەدایـک دەبێـت کـە خاوەنەکـەی هـەر لەسـەرەتاوە خـۆی بـە داهێنـەر بزانێـت وتەنیـا پشـتوو پەنـای یـەک دوو خوێنـەرو قسـەکەری بەنـاو رەخنـە گربێـت. لەگـەڵ ئەمەیشـدا دەبینیـن لای ئێمـە ئێسـتا جـۆری ئـەم خـاوەن دەقانـە بەدەرکەوتـوون و بەوەیشـەوە ناوەسـتن دێـن لـە ژێـر هاندانـی کەسـانی تـرو ونوسـینی خۆیـانو بـە نـاوی خوازراویشـەوە دەکەونـە نوسـینی سـەیرو سـەمەرە وخۆیـان بـە ئەدیبـی گـەورە دەزانـن و هەڕەشـە لـە ژیـان و رابـووری کەسـانی تردەکـەن گوایـە شـتی گرنگیـان لـە دەقـی کەسـانی تـردا کەشـفکردوە. جـۆری ئـەم گەمانـە گەمەیـە کـە، کـە ئـەم کەسـانە نەدەتوانـن خۆیـان بـاش بنوسـن و نەخۆشـیان بگـۆڕن لـە رووی دەقـی ئەدبیـەوە جگـە لـە لاسـای کردنـەوەو رفتـاری هەندێـک دەقـی جیهانـی نەبێـت ئەویـش بـە سـەقەتی. بـۆ ئـەوەی نوسـەر وئەدیبـان بـاش بنوسـن دەکـرێ لەگـەڵ (هـۆراس)دا بڵێیـن (**بۆئـەوەی کەسـێک بـە نووسـەرێکی بـاش بێتـە ئەژمـار دەبـێ بەشـێوەیەکی**

**نـویَ لــه ســەر بابەتگەلـی سـوونەتی شـت بنووسـێ) یـان دەڵــێ (باشـترین جـۆری نووسـین هـەم فێـرت دەکاو هەمیش چێـژت پێدەبەخشـێت)** کەچـی ئێسـتا نوسـینی کەسـانێک پەیدابـوون زۆرکات خوێنـەر قێـز لـە حـەرف و دێڕەکانیشـیان دەکاتـەوە، نـەک چێـژت پـێ نابەخشـن بەلکـو وات لێدەکـەن بـۆ هەمیشـە رقـت لـە خـودی ئـەم جـۆرە نوسـەرانەو نوسینەکانیشـیان بێتـەوە لـە ژێرنـاوی سـەیرو سـەمەردا خۆیـان وەکـو دەق نـوس و رەخەنەگـرو داهێنـەرو پاڵـەوان دەردەخـەن، وادەزانـن کـە ئیتـر لـە ژێـر ئـەم جـۆرە ناوانـەدا کاری رەخنەگرتنیـان دەسـتدایە کـەس نـاو دەرونو رووە راسـتە قینەکانیـان نازانێـت لـە کاتێکـدا مـن دەپرسـم رەخنەگرێـک زاتـی ئەوەنـەکات لەژێـر نـاوی رەخنـەی جدیـدا رەخنـە بگرێـت دەبـێ چـۆن رەخنـە گرێـک بێـت، ئەمانـە رەخنـە ناگـرن بەلکـو رقەبەرایەتـی وکار بـە پێـوەری نەخوێندنەوەدەکـەن لـە بەرامبـەر دەقـەکان ونوسـەرەکانیاندا. چونکـە دەق خوێنـەری خـوی دەوێـت نـەک دەسـت لەپشـتدان و بـەزۆر خوێندنـەوە و حاشـاکردن لـە دەقـی کەسـانی تـر، ئـەو بەنـاو نوسـەرو ئەدیبـو رەخنـە گرانـەی ئەمـە پیشـەیان بێـت لەپشـت نـاوی شـاردراوەوە کار بـۆ هەڵـەو کەمـوو کورپیەکانی دەق دەکـەن ئەوەنـدە لاواز خـراپ دەنوسـن کـە هیـچ مانایـەک لـە نوسـینەکانیاندا بـۆ خوێنـەر نامێنێتـەوە هـەر ئـەم ترسەیشـە وای لێکـردون لەپـای خراپـی ئـەم جـۆرە بەنـاو رەخنانـەدا نەوێـرن دەقەباشـەکان لای خوێنـەر بناسـێنن، دەقـە ئەدەبیـەکان هەڵبسـەنگێنن **(کـەس ناتوانـێ بەدروسـتی بەرهەمێکـی ئەدەبیـی هەڵسـەنگێنێ مەگـەر ئـەوەی خوێنەوارێکـی زۆر بـاش بـێ، یـان رەخنـە گرێـک کـە خوێنەوارییەکـی باشـی هەبـێ)** پێداچوونـەوە بـە کـردارو رفتـار وعەقلـی خۆمانـدا کارێکـی خـراپ نیـە لـەم رۆژگارەدا، ئەگـەر مـرۆڤ بتوانێـت بـەر لەهەمـوو شـتێک جارێـک بـا رەخنـە کرداروعەقلـی خـۆی بگرێـت ئەوسـا کاری رەخنـە گرتـن بۆ دەق و کـرداری کەسـانی تـر ئەنجـام بـدات ، ئەوانـەی رەخنـە بـۆ دەق و بەرهەمەکانـی خۆیـان قبولْناکـەن بەدڵنیایـەوە ناتوانـن رەخنـە لـە دەقـی کەسـانی تربگـرن. پێـم سـەیرە لـەم هەرێمـەی ئێمـەدا نوسـەرانێک یـان ئەدیبانێـک بێـن خۆیـان

بەخۆیـان بڵێـن دەقــی داهێنــراو ســەرکەووتمان هەیــە، جــۆری ئــەم کەســانە دەچنــە خانــەی ئــەو مرۆڤــە خەیــاڵ پڵاوانــەوە کــە هەمیشــە توشــی خــۆ بــە زلزانینـو نەخۆشـی ناوبانـگ دەرکـردن بـوون نـەک بـە واقیعـی بەڵکـو بەوەهـەو کێشـە دروسـتکردن بـۆ کەسـانی تـر. بیرکردنـەوەی ئـەم جـۆرە بەنـاو رەخنەگرانـە دەچێتــە چــوار چێــوەی ئــەو رەخنانــەی کــە تەنیــا خوێنــەر مانــدوو دەکــەن نـەک شـتێکی تریـان پـێ ببەخشـێت، لـە سـەرجەم لاپـەڕەی رۆژنامـەو گۆڤـارو سـایتەکانی ئەنتەرنێتـدا بگـەڕێ جـۆری ئـەم بەنـاو رەخانانـە نادۆزیتـەوە جگـە لــەم هەوڵــە شکســخواردوانەی لای ئێمــە نەبێــت کــە دێــن شــەرمانانە دەق و نوسـینی کەسـانی تـر رەخنەدەکـەن. هەرچۆنێـک بـێ ئـەم جـۆرە کەسـانەی لەژێــر نــاوی حەشــارداری خۆیانــدا رەخنــە لــە دەق و بەرهەمــە ئەدەبیــەکان دەگـرن کەسـانێکن بەدەرونێکـی روخـاوەوە رەخنـە دەگـرن نـەک بەپێـی میتـۆدو سـەرچاوە زانسـتیەکانی هەڵسـەنگاندنی دەق. پشـت بەسـتن بـەم جـۆرە هەوڵانـە بـۆ خوێندنـەوە و رەخنـەی دەقـی ئەدەبـی لەئێسـتادا دەچێتـە خانـەی سفرەوە نــەک هەڵســەنگاندنی جـدی و خوێندنەوەیەکـی شارسـتانیانە بـۆ دەق. دواجـار دەبـێ بڵێـم جـۆری ئـەم رەخانـە جگـە لـە سـاتێکی کـەم کـە خاوەنەکانیـان دڵخۆشـدەکات هیچـی تـر بـە دونیـای ئـەدەب نابەخشـێت. ئەمانـە ئـەو دیکتاتـۆرە بچوکانـەن کـە دەیانەوێـت بـە خەیاڵـی خاویـان دەقـە مەزنـەکان وێرانبکـەن تـا خۆیـان ببـن بـە پاڵـەوان.

**سود لەم دوو سەرچاوەیە وەرگیراوە:**

**١. (رەخنــەی ئەدەبــی و قوتابخانەکانــی/ چارلــز برێســلێر/ وەرگێڕانــی عبدولخالــق یەقووبــی)**

**٢. (ماریــۆ فــارگاس یۆســا/ ١٢ نامــە بــۆ رۆماننوســێکی لاو/ وەرگێڕانــی شــیرین. ک)**

# دەنگێک بۆ بەردەوامی

هەموومـان بـەوە راهاتووین زۆرشـت لـە نـاو دەقـی شـیعردا جێگـەی دەبێتـەوە یـان درک بـەوە دەکەیـن شـیعر بەشـێکە لـە تـورەی و نائومێدبـوون بەرامبـەر بـە ژیـانو کەسـانی دەووروبەرمـان، زۆربـەی شـاعیرەکانیش بـەم جـۆرە چوونەتـەوە بـە گـژ هەمـوو ئـەو شـتانەدا کـە خۆیـان بـە تـاوانو خراپیـان زانیـوە، لـە کوێـدا ویسـتبێتیان بەبـێ دوودڵـی بەشـیعر هاتوونەتـە دەنـگ...

لـەلای ئێمـەش کـەم شـیعر هەیـە لـە شـیعری ئـەم نەوەیـە کـە وەکـو شـاعیر دەینووسـن زۆری دەقەکانیـان پڕنەبـن لـە تـورەی، بـەڵام لای چەنـد کەسـێکیان تورەبونێـک دیـارە کـە خوێنـەر هەسـت دەکات تورەبوونـی بەردەوامیـە بـۆ ژیانەوە بـۆ گەیشـتن بـە شـتێک کـە هەموومـان تێـدا ئازارەکانـی یەکتـری بخوێنینـەوە، نـەک تورەبوونـی تێکشـکانو نائومێدبـوون، نـەک گەیشـتن بە تاریکـی، تورەبوونی عەشـقێکە کـە بەردەوامـی دەدات بـە وتـنو گـەڕان بـە دوای سـەرچاوەکانی رونایکـدا، ئـەم ژنـە شـاعیرە (کـەژاڵ ئیبراهیـم خـدر) بێگومـان ژیـانو تەنانـەت کاتـی نووسـینی شیعرەکانیشـی دەکەنـە جۆرێـک لـە شـیعری نەنوسـراوەو تێڕامـان لـە رۆحـی کەسـێک کـە هەمیشـە دەیەوێـت بـە وشـە پێمـان بڵێـت کەهیـچ کـەسو ئـازار ناتوانێـت بێدەنگـم بـکاتو شـیعرم پـێ نەنوسـێ، هەمیشـە لەنێـوان خـۆیو شـیعرەکانیدا گەڕانێکـی گـەورە هەیـە بـۆ ئاشـکراکردنی روناکـی لـە نـاو سـاتە تاریـکو کوشـندەکاندا لەنـاو بێڕەحمـی ئـەو مرۆڤانـەی ژیـان پڕدەکـەن لـە تـرسو گونـاه، ئـەم ژنـە شـاعیرە گەشـتێکی ئـاوا نەبڕاوانـە دەخاتـە بەردەممـان تـا بـەو سـاتانە دەگەیـن کـە جوانیەکانـی تێـدا دەدۆزینـەوە. لەنـاو ئـەو دەنگانـەی کـە دەتوانـن شـیعر بنووسـن دەبینـم دەنگـی ژنـە شـاعیرێکی وەکـو (کـەژاڵ ئیبراهیـم خـدر)ی هەمیشـە تـورە بـەڵام لـە شـیعرەکانیدا ئـارام ئـارام رامانـدەگرێـت و پێمـان دەڵێـت:

(عەزیـزم سـاتێک لـە سـیمای زەرد هەڵگـەڕاوم بڕوانـە / وشـەکانی ڕۆحـم زمانیـان گرتـووە و / پەنجەکانیشـم سـەهۆڵبەندان / خەمەکانـم ئاوێـزان بـوون / وەک چۆلەکەیەکـی باڵکـراوو/ لـە ژێـر دەسـتی منداڵێکـی بـزۆزدا / بەنـد کـراوە)

بـەم وشـانە ژنێـک تـوڕە لـە ئینسـانەکانی دەوروبـەری و پێمـان دەڵێـت ئـەوە ژنـان کـە دەتوانـن بـە وشـە بوونـی خۆیـان بـۆ هەمیشـە بهێڵینـەوەو بەرگـەی ئـەو دوزەخـە بگـرن کـە بۆمـان هەمیشـە داخـراوە. گەرچـی ڕەنگـە زۆرکـەس لێـرە لـە زمانـی شـیعرو تـوڕەی ئـەم ژنـە شـاعیرە نەگـەن، بـەڵام هەمیشـە بـە زمانێکـی سـادەو واتـادار ئـەوەی تێـدەگات دەزانێـت کـە شـیعری ئـەم ژنـە چەنـد جـوان دەرگای ژیانمـان بـە هەمـوو جوانـیو ناشـیرینەکانیەوە بـۆ دەکاتـەوەو گوزەرێکمان پێـدەکات بەنـاو هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە بوونەتـە ئـەوەی ئـەم ژنـە شـاعیرە بـە شـیعر تێمـان بگەیەنێـت کـە بۆچـی شـیعر دەنووسـێت، ئەمـەش یەکێکـە لـەو هۆکارانـەی کـە بوونەتـە هـۆی بـە شـاعیربوونی کـەژاڵ ئیبراهیـم خـدر. لەنـاو ئـەو هەمـوو دەنگـی ژنانـەی کـە ئێسـتا شـیعر دەنووسـن، کـەژاڵ دەزانێـت شـیعر بـۆ ڕۆژگارێـک بنووسـێت کـە هەمـوو شـتێک تێـدا تـاڵاو لـە گیانەڵادایـە کەچـی لەنـاو هەمـوو ئـەو ماجەرایانـەی ئێمەیـان توڕەکـردووە ئـەم ژنـە شـیعر دەکاتـە پەڕێنـەوە بـۆ شـوێنێکی تـرو هەموومـان دەخاتـە سـەر ڕێـگای گەیشـتن بـەو شـوێنەی کـە دەسـتی غـەدرو ئـازار پێـی نـاگات...

(دەمەوێـت ببمـە/ پەپولەیەکـی نوسـتوی بەربـارانو/ هێلانەیـەک بۆخـۆم جێکـەم/ هێلانەیـەک نەدەسـتەمۆی/ دەسـتی پیـاوو، نە پەلەپیتکـەی / تفەنگێکی دەسـتی ڕاوچـی بێگاتـێ...)

لێـرەو کاروانـی ترسـی ئـەم ژنـە دەپەڕێتـەوە بـۆ ئـەو دیـوی ڕۆژێکـی نادیـارو لـە هەمـوو بەدبەختیەکانـی دەوروبـەری خـۆی هەڵدێـتو دەیەوێـت پێمـان بڵێـت

کە ئیتر لێرە ژیان ئەگەر هەیشبێت دەبێت ئێمە بە جۆرێکی تر بە خۆمانی بناسێنینەوە، لەم کۆپلە شیعرەدا بە بێ هیچ لە خۆکردنێک ئازایانەو بە تورەبوونێکی شاعیرانەوە ئاماژە بەو رۆحە شەڕانیانەدەکات کە هەمیشە بەردەرگای چارەنوسمان پێ دەگرن، پێمان دەڵێت ژیانی بەشێک لە (ژنانی) ئێمە کەوتۆتە بەردەم دەستی ئەو پیاوانەی وەکو راوچیەکی کوشندە ژیانی ژنان بۆ نەگریسیەکانی خۆیان دەبینن، لەم دێڕانەوە دەیەوێت بڵێت کە ئیتر ژیان ئاوا تێناپەڕێتو مانەوە بەم جۆرە ناکاتە تامی ژیانو خۆشبەختی، دەیەوێت بڕواو شارو ئەو شەقامانەش بەجێ بهێڵێت کە راوچییە نەگریسەکان بە هەموو گوناهەکانی خۆیانەوە رۆحی پەپولەکانی تێدا راودەکەن... بانگەوازی ئەم ژنە شاعیرە بانگەوازی رۆحێکی پڕ لەئازارەو ئیتر دەیەوێت بگاتە ئەو رۆژگارەی کە دەستی گوناهکارانی پێ ناگات... بانگەوازی ئەم بۆ ئەو تەمەنە کورتەیە کە دەیەوێت شتێک لە خۆشی تێدا بباتە سەر ئەگەر بیەڵێن، لێرە لەم چەند دێڕەیشدا ئاوا رامان دەگرێت تا بە رۆحی سەرگەردانی خۆی ئاشنامان بکات...

(تەمەنی پەپولە زۆر کورتە/ تەمەنی ئێمەش پڕ لە درۆ/ بۆیە هەندێک جار بەدەم وەنەوزیی خەوەوە/ فرمێسک دەڕێژم بۆ تەمەنێک کە نەمانتوانی / بەکامی دڵ بینوسینەوە)

کەژاڵ بەم شیعرانە وەکو هەندێک دەنگی ترنیە کە جگە لە وشە ریزکردن هۆکارێک بۆ شیعر نووسین نادۆزینەوە، دەزانێت هەموو ئازارو خەمەکانی خۆی لە ناو دێڕەکاندا جێگە بکاتەوەو بیکاتە خەمی هەموو مرۆڤەکان، لێرەدا دەیەوێت ئاڵوگۆڕ بە شتەکان بکاتو تەمەنی پڕلە درۆی مرۆڤ بگۆڕێتەوە بە ژیانی کورتی پەپولەیەک، ئەو دەزانێت ئەم ژیانە سیخناخە بە هەستی ئەو کەسانەی جگە لە شەرمو درۆ ئیتر هیچ بۆ مرۆڤایەتی ناکەن، بەمجۆرە

ئـاورِ لـه تەمەنێـک دەداتـەوە کـە جگـە لـە فرمێسـک هیچـی تـری بـۆی نیـە، ئـەوە ئـاورِ لـە یادگاریـەک دەداتـەوە بـە هەمـوو پیرۆزیەکانیـەوە دواجـار بەجێیـان دەهێڵێـت چونکـە ناتوانێـت بـە کامـی دڵ تێـدا بمێنێتـەوەو خۆزگەکانـی تێـدا بنوسـێتەوە. ئەگـەر زیاتـرو ورد تـر بچینـە نـاو وشـە سـادەو مانـا دارەکانـی ئـەم ژنـە شـاعیرەوە درک بـەو کەلێنـە گەورانـە دەکەیـن کـە تەمەنیـان گەیاندۆتـە رۆژانێکـی پرِلـە دەردەسـەری... تێبینـی بکـەن کـە ژیـان چ عەشـقێکی برینـدارە لـەلای کـەژاڵ لـە خـۆی ببیسـتن کـە ئـەو دونیایـەک سـەربردەی پرِلـە ئـازاری هەیـەو لـە نێـوان ئـەم دێرِانـە دەمانکاتـە هاوسـەفەری خـۆیو ئـاوا دەنوسـێت:

(چ عاشـقێک هەیـە جەسـتەی پاکـی / بـە وشـەی ناحـەزان برینـدار نەکرابـێ/ چ عاشـقێک هەیـە سـەربردەی خـۆی/ لـە نێودووتوێـی/ لاپەرِەکانـی مێشـکیدا/ بەخەمـەوە هـەڵ نەگرتبـێ)

لێـرە جوانـی عاشـقانو عەشـق بـۆ ئـەو کەسـانە دەخاتـە روو کـە هەمیشـە برینـداری دەکـەنو جوانیەکانـی دەکوژن، خەمـی ئـەم ژنـە خەمـی تێکدانو وێران بوونـی زۆر شـتە، راماندەکێشـێت بـۆ بـە ئاگابوونـەوە لـەو سـاتە بێمانایانـەی کـە ئیتـر بکـوژەکان دەیانەوێـت هەمـوو شـتێکی جوامـان بکـوژن، ئـەو لـە رێگای ئـەو ناحەزانـەوە کـە بـەردەوام شـتەکان بـۆ مەرامـی خۆیـان تێکـدەدەن بەئاگامـان دەهێنێـتو دەیەوێـت پێکـەوە بەربـەو کردارانـە بگریـن... لای ئـەم ژنـە شـاعیرە پـەی بـردن بـە مانـای شـتەکانو جێکردنەوەیـان لـە شـیعردا بەئاگاییەکـی وردەوە کاریـان لەسـەر دەکات، ئەگـەر لـەم دێـرِە شـیعرانەیەوە سـەرنج بدەیـن ئـەوا دەزانیـن کـە کـەژاڵ لەکوێـدا درک بـە مەترسـیەکانی ژیـان دەکاتو کـۆی ئـەو ژیانـەی کـە تفەنـگ تێیـدا دەبێتـە داوەر...

(لەنێو جەستەی شەتەک دراوی/ ئەم زەمەنەدا پێدەکەنم/ کاتێک دەبینم/ تروسکایی تێدا نیە بۆ بینین/ کاتێکیش چیرۆکی ئێمە دەست پێدەکات/ کە تفەنگ ببێتە دادوەر)

جوانی ئەم دێڕانە لەوەدایە کە درک بەو راستیانە دەکەین کە لە کۆی چیرۆکی زۆربەی نەوەکانی ئێمەدا کاتێک ئیتر چیرۆکی تەمەنیان دەست پێ دەکات دەبینن جەنگو وێران بوونو تفەنگ تێرا خۆزگەو ئومێدەکانیان دەوردەدات، هەوارگەی تەمەنمان پڕدەبێت لەئەو ساتانەی کە ئیتر هیچ نابینینو هیچ نابیستین جگەلە حوکمی تفەنگ نەبێت... بەمەش کەژاڵ ئەوەمان بەبیردێنێتەوە لە سایەی ئەم جۆرە مانایانەدا نیشتیمان دەبێتە پیاڵەیەک ژەهر:

(ئێستا نیشتیمانی ئێمە/ وەک خواردنەوەی پیاڵەیەک ژەهر وایە/ تاڵتر لە پێکێک مەی/ ژەهری دووبەرەکیو کوشتنی یەکتر)

لە لە حەزەی کوشتنی منداڵیو عەشقو نیشتیمانمانەوە کەژاڵ کاروانە پڕلە ئاوازەکەی هەموومان کە ئاوازێکی غەمگینانەیە دەخاتە سەر رێگای بینین تا بە کوشتنی یەکتری دوا ساتی کاروانەکەمان دەگاتە جێ.

ئەوەی جێگەی سەرنجە دەنگی ئەم ژنە شاعیرە بە شیعرەکانی دەمانباتەوە سەر ئەو ڕێگایانەی کە یادەوەری و منداڵیمان تێدا بە جێهێشتوە، بە شیعرەکانی دەیەوێت هەموو ئەو یادەوەریو ساتانەی لەبیرمان چووەتەوە بیان گەڕێنینەوە بۆ ناو رۆحمان. بۆ ناو ئەو جەستانەی کە تەنیا دەبێ بەو یادەوەریانە بژین نەک شتی تر، دەیەوێت رۆحمان پڕکەین لە وشە نەک گریان. ئەم شاعیرە ژنە بە شیعر لە بەردەم ئەو دەرگایانەدا راماندەگرێت کە دەرگای مانەوەو عەشقن نەک دەنگی شەڕوکاولبوون، ئەو دەیەوێت

بەشـعرەکانی ڕێـگای ونبـوون و نائومێدیمـان پـێ لەبیربباتـەوە. دەیەوێـت لـە نیشـتمانێکدا ئێمـە بژیەنێـت کـە نیشـتمانی شـیعرو گۆرانـی و عەشـقبێت نـەک نیشـتمانی جەنـگو هەڵوەریـن و مـردن:

(نـا بـۆ پڕبوونـی نیشـتیمان لـە تـەرم / ئـەو وەختـەی نیشـتیمان / لەبـەردەم پەنجەرەکانـی شـەڕدا / دەبێتـە گۆرانیەکـی وەرس بـۆ مـردن/ دەسـتێکی پڕاوپـڕ دەبـێ لـە خوێـن و / ئـەوەی تـری سـیخناخ لـە تـەرم)

کـەژاڵ هەموومـان لـەم بوونـی ئـەم نیشـتمانە خوێناویـە ئاگاداردەکاتـەوە و پێمـان دەڵێـت نیشـتمانی ئێمـە دەبـێ نیشـتیمانی ئـەو دەنگانەبێـت خاکەکـەی پڕدەکـەن لـە بۆنـی خـۆش و لـە جوانـی و لـە شـیعرو لـە گۆرانـی نەمـری... نـەک خوێـنو گریـانو تـەرم.

خوێندنـەوەو گـەڕان بەنـاو شـیعرەکانی کـەژاڵ دا دەمانباتـە بـەردەم دەنگـی ئـەو ژنـەی کـە هەمیشـە خەریکـی دروود خوێندنـە بـۆ پـاک بوونـەوەی هەموومـان لـە گونـاه و تورەبـوون و رق... زۆری شـیعرەکانی نـاو دیوانـی

(ئاونگـی وەرینـی گوڵـەکان)و (تاریکـی شـەوو پەنجـەرەی عەشـق) ئـەو دروودەیـە کـە هەرجارێـک بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان بۆ پـاک بوونـەوەی هەموومان دەریدەبڕێـت. ئـەو دەزانێـت لـە کوێـدا بەشـوێن شـتە ون بۆکانـی خۆیـدا بگەڕێـت نایەوێـت وازوو دەسـتبەرداری خـەونو ئومێدەکانـی خـۆی ببێـت لەنـاو ئـەم هەمـوو ماجەرایانــەی کــە ڕۆحمانــی پــێ دەورە دراوە، بــەردەوام دەیەوێــت بگەڕێــت، گەڕانێـک کـە هەتـا نزیـک بەهەشـتە ونبـۆکانو دەریـا بەلـم داپۆشـراوەکان، کـەژاڵ دەزانێـت ئـەوە قـەدەری مرۆڤـە کـە دەبێـت تـا مـردن ئـاوا بەشـوێن بوونـی خۆیـدا لەنـاو ئـەم شـتانەدا بگەڕێـت ...

(بۆت دەگەڕێم/ لە نێو بە هەشتێکی ون بودا/ لە نێو زەریایەکی بەلم دا پۆشراوی / سەر هەڵگرتوودا/ کە پڕ بێت لە ئازاری ماچی گەڵاو/ کۆچی مانگە شەوی پایزو/ قەدەری پەژارەی/ چەپکە گیایەکی سەوز/ بە هەناسەی تاساوی / ژیانێکی غەمگین/ وەک پەپولە سەمای ئێوارانو/ تەمی سپی ئاسمان / گوڵەکانیش پێ نازانێ / دەریا چۆن سەری خۆی هەڵدەگرێ )

ئەم دیوانە ئەو شیعرانەی لە خۆگرتوە کە هەڵدەگرێت زیاتری لە سەر بنوسرێتو خوێنەرانیش وەکو دەنگی ژنێکی تورە بەڵام وەکو تورەبوونێک بۆ مانەوەی ژیان بیخوێننەوە. دەکرێت لە زۆر شوێندا لەم دیوانەدا ئێمە لە سەر زۆر مانای جوانی ئەم ژنە شاعیرە رابوەستین، ئەوەی هەست بە ژیانو تەمەنی ئەم ژنە شاعیرەبکات دەزانێت بەشێکی زۆری تەمەنی وەکو شیعرەکانی پڕبووە لە غەمگینیو ئازاری رۆح ... بەدیوێکدا کاتێک زۆربەی شیعرەکانی کەژاڵ دەخوێنیتەوە دەزانیت ئەو بەشیعر لەو تەمەنە پڕلە ئازارەی خۆیی دەدوێتو بە دیوەکەی تریشدا ئێمە خۆمان بە هەموو غەمگینو ئازارەکانمانەوە لە شیعرەکانی ئەو دا خۆمان دەدۆزینەوە.

# دەکرێ لە دەقی ئەدەبیدا ٢+٢ = ٦

(کە لەخەو هەستا هێشتا دیناسوورەکە لە وێدابوو) چیرۆکی (دەیناسوور) لە نوسینی (ئەگۆستۆ مۆنتیرۆسۆر).

بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین دەق لە قوڵایی ماناجیاوازەکاندا بخوێنینەوە و هەر پابەندی ئەو خوێندنەوە سەر پێیانە نەبین کە دەبێ دەق زوو ناوەرۆکی خۆی بدات بە خوێنەرو ئیتر هیچی لەدوا بەجێ نەمێنێت... ئەو چیرۆکە نیوە دێڕەی سەرەوە یەکێکە لەو نمونانەی کە خوێنەرو رەخنەگرانی جدی دەبێ لەدوای خوێندنەوەی بۆ دونیای دەق کەمێک رابمێنن‌و سەرنج بدەنە قوڵایی ناوەرۆکی چیرۆکەکە، چونکە کاتێک خوێنەرێکی ئاسای ئەم چیرۆکە دەخوێنێتەوە دڵنیام زۆر زوو دەڵێت ئەمە کەی چیرۆکە. بەڵام کاتێک خوێنەرێکی جدی دوای خوێندنەوە لەوە رادەمێنێت‌و دەزانێت کە ئەم چیرۆکە هەڵگری مانایەکی قوڵاو تێڕامانە بۆ نوسینی دەق. ئیتر لێرەوە جیاوازی نێوان خوێنەرەکان دەردەکەوێت. بۆیە دەکرێت دەق بە هەموو پێوەرەکان‌و میتۆدەکانی رەخنە هەڵگری زۆر ماناو خوێندنەوەی تربن. هەرئەمەشە وایکردوە دەق لای خوێنەرو رەخنەگران ئاستی جیا جیای لێبکەوێتەوەو ببن بە دووبەرەی دژ بەیەکەوە. هەریەکەیان بە جیا ئاماژە بە ناوەرۆکی باش و خراپی دەقەکان بکەن‌و ببێتە جێگەی گفتۆگۆی رەخنەیانە نەک قسەی لابەلاو ئەم سەروئەوسەر. دەق پڕە لە هەڵگری ئەو مانایانەی کە جێگەی زۆرشتی دەگمەن‌و نەخوازراوی تێدا دەبێتەوەو زۆرکات خوێنەر توشی شۆک و راوەستان دەکات، جیاوازییەکانی نوسینی دەق پابەندە بە دەسەڵات و بیرکردنەوەی خاوەنەکەیەوە، نوسەری واهەیە ئەوەندە دەسەڵاتی هەیە کە بە زمانی ئاسای ناوخەڵک و دوور لە فەنتازییای نوسین دەقەکانی بنوسێت‌و هیچ بەلای قوڵای دەق و ئامازە شاراوەکاندا ناچێت. بەپێچەوانەوە نوسەری واهەیە لە دەقەکانیدا پێی خۆشە ئەوەندە تەمومژاوی‌و دوور لەویستی هەندێک خوێنەرو رەخنەگر بنوسێت کە

بە یەک دوجار خوێنەر نەتوانێت لە دەقەکانی تێبگەن، وادەنوسێت کە بە قولای دەقدا رۆدەچێتە خوارێو خوێنەر ماندودەکات تا کۆتای بە دەقەکانی دێت. خۆ ئەو نمونەی سەرەوە یەکێکە لەو چیرۆکانەی کە بۆ خوێنەر زۆر ئاسانە تا بیخوێنێتەوە و هیچ ماندوو بوونێکی ناوێت، بەڵام ئەو خوێنەرانە کێن کە لە قولای ئەم چیرۆکەدا بەشوێن دەیان مانای شاراوەدا دەگەڕێن و دوا جاریش رەنگە نەتوانن هیچ مانایەکی باشیان دەستبکەوێت لێوەی.

هەر چۆنێک دەق بوونی هەبێ دابەش دەبێت بەسەر دووجۆر خوێندنەوەدا و بەشێک لە خوێنەران وا دەخوازن کە لە دەقەکاندا دەکرێ باسی (گا جوتو مریشکی کڕکەوتو کۆتری تەقلەبازو دروستکردنی ربە هەنارو تۆوی وشکیان) بۆ بکەیت ودەقەکان پڕبکەیت لەم جۆرە شتانە چونکە ئەو خوێنەرانە ئاوا خۆشیان بە خوێندنەوەی دەق دێت. لەپەنا ئەم خوێنەرە ئاسایانەیشدا خوێنەرانێکی تر هەیە کە دەخوازن دەق هەڵگری شێوازی جیاترو ئەو دەلالەتانەبێت تا ماندویانبکاتو زیاتر پڕکێشی بکەن لەخوێندنەو گەڕان بە دوای مانا شاراوەکانی ناودەقەکاندا، ئەم خوێنەرانە دەخوازن لەوە رابمێنن ئەو دیناسوورە پێش خەوتنی کەسەکە هەر لەوێدابوو کە ئاماژەی پێدراوە یان لەکاتی خەوبینینو لەکاتی خەودا ئەو دیناسوورە هاتۆتە ئەوێوە. زۆر خوێنەرهەیە لەوە رادەمێنن کە بۆچی لە چیرۆکێکدا ٢+٢=٦ یان بەردەوام لەدوای خوێندنەوەی دەق گەلێک کە لە مەرگ و ئەفسانەو شتە خەیاڵیەکانی تر دەدوێن و لەلایەنن نوسەرەی ئەو دەقانەوە تێکە کراون بە گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان یان رۆمانەکانیان بە شێوازی جیاجیا. ئەمە ئەو دەسەڵاتەیە کە لای خوێنەرو نوسەرەکان بوونیان هەیە، هەریەکە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەخوێننەوەو دەنوسن. لە زۆر کاتیشدا بەو خوێنەرو نوسەرانەی کە زۆر ئاسایانە دەنوسن و دەخوێننەوە دەڵێن ونوسەر وخاوەنی دەق و بە

خوێنەرەکانیشـیان دەڵێـن خوێنــەری دەق.

لـە دونیـای دەقیشـدا زۆرکات لـە رۆمانـە گەورەکانـی دونیـاو چیرۆکـەکان کـە بەزمانـی ئاڵـۆزو پـڕ لـە دەلالـەت و شـێوازی جیـاواز لەلایەنـن نوسـەرەکانیانەوە نوسـراون، بۆکاتـی خـۆی لەلایـەن رەخنەگـران و خوێنەرانـەوە هێرشـی ناڕەوایـان کراوەتـە سـەرو بـە دەقیـان نەزانیـون و وەلاوەنـراون... تـا سـەردەمانێک کـە لـە دوای چەندیـن سـاڵ ئەوسـا یـان لـەدوای مەرگـی نوسـەرەکانیان خوێنـەری جـدی و رەخنـە گـری لێهاتـوو پەیدابـوون ئـەو دەقانەیـان خسـتۆتەوە بـەردەم دونیـای خوێندنـەو رەخەنـەی بنیـات نەرانـەو بـە خوێنەرانـی جیهانیـان ئاشـناکردونەتەوە، ناوەنـدە ئەدەبیەکانـی جیهانیـش ئیتـر شـانازیان کـردوە بەودەقانـەوە.

# ژنو کتێب

لە وڵاتـی ئێمـەدا کتێـب بە زۆر کـەس نامۆیەو بە زۆر کەسیش ناخوێندرێتەوە، چونکـە کتێـب خوێندنـەوە بەتەنیـا پـەڕە هەڵدانـەوە نیـە، گەیشـتن بـە قـوڵای کتێـبو فێربـوون لێـوەی بەداخـەوە لـەلای ئێمـە هێشـتا شـوێنێکی ئەوتـۆی وەکـو مەعریفـە بەجـێ نەهێشـتووەو بێگومـان ئێمـە لە سـەرەتای کتێـب خوێندنەوەداین، ئەگـەر بـە کتێـب کڕیـنو کۆکردنـەوەی کتێـب بوایـە کـە سـاڵانە دەبیـن بـە بـار ئـەمو ئـەو کتێـب دەبنـەوە ماڵەکانیـان یـان شـوێنی کارکردیـان بـەو پێـوەرە بوایە ئـەوا ئێسـتا ئـەم وڵاتـە کەمتریـن غـەدری تێدادەبـوو. چونکـە ئەوانـەی بەجـدی کتێـب دەخوێننـەوەو لـە ڕۆحیەتـی نوسـین تێدەگـەن لـە هـەچ پلـەو پۆسـتێکدابن لایـان شـەرمە غـەدر لـە میللەتەکـەی خۆیـان بکـەن، هەموومـان دەزانیـن لـە کـوێ خوێنـەری کتێـب زۆربـوو هـەر لەوێیـش مەعریفـەو دادپـەروەری زیاتردەبێـت، وڵاتێـک ژیانـی نەوەکانـی لەسـەر مەعریفـە بنیـات نـا ئیتـر هیـچ کەسـێک ناتوانێـت ئەونەوەیـە بەلاڕێدابـبـات. لـە شـوێنێکی تریشـدا نوسـیم زۆر کـەس لێـرە درۆ بەنـاوی کتێبـەوە دەکـەن، لێـرە بەشـێکی زۆر لـە پیـاوان ڕقیـان لـە کتێـب دەبێتـەوە، پیـاو هەیـە خـۆی بـە خـاوەن فکـرو کتێبخانـە دەزانێـت، خـۆی بـە مارکسـیو پێشـکەوتوخواز دادەنێـت کەچـی ئەوەنـدە دیکتاتۆریانـە بیردەکاتـەوە حـەزدەکات تاسـەر هـەر خـۆی نـاوی لەناواندابێـتو کۆمەڵـگا لەبـەر خاتـری خـۆی بکاتـە ئـۆردوگای مەینەتـی بـۆ خەڵـک، پیـاو هەیـە لێـرە خـۆی بەخـاوەن ئیمـان دەزانێـتو کتێبخانـەی مەزنیشـی هەیـەو کتێبەکانـی پـڕە لـە وتـەی کەسـە ئیمانـدارەکان، کەچـی کـەس بڕواناکات لـە سـەدەکانی پێشویشـدا هیـچ پیاوێـک بەقـەدەر ئـەم پیاوانـەی لای ئێمـە ئـاوا کۆنـە پەرسـتو قیـن لـە دڵبـێ بەرامبـەر بـە کۆمەڵـگاو نەوەکانـی، پیـاوی بـازرگان هەیـە بـەردەوام قسـە لەسـەر گرنگـی کتێـبو سـەرچاوە بەنرخەکانـی کتێـب دەکات کەچـی دەخوازێـت سـەد جـار زیاتـر بەنرخـی گـران پێداویسـتیەکانی ڕۆژانـە بەخەڵکـی هەژارودامـاو بفرۆشـێتەوە، لێـرە پیـاوی ئەدیـبو هونەرمەنـدو ڕۆژنامەنـوس هەیـە خـۆی خەرقکـردوە لـە کتێبـدا کەچـی تاسـەر حەرفێـک بـۆ مەینەتیەکانـی خەڵـک ناڵێـتو خەریکـی گیرفـان پڕکردنـی خۆیەتـیو لەگـەڵ غەدرکەرانـدا خەریکـی گەمەکردنـە بـە چارەنوسـی

میللـەت.. ئەمـە ئـەو پیاوانـەی کۆمەڵـگای ئێمـەن کـە چ رفتارێـک لەژێـر نـاوی کتێبـدا دەکـەنو چۆن چۆنـی خەڵـک فیـرودەدەن بەنـاوی کتێبـەوە. ئەگـەر ئەمـە حالـی پیاوبێت بـۆ کتێـب ئـەی ژن دەبێـت لێـرە چـی بـکات..

ئالێـرەوە دەمەوێـت قسـەیەک لـە سـەر ژنو کتێبکـەم، قسـەکردن دەربـارەی ژنو کتێـب دڵنیـام دەمانخاتـە بـەردەم چەندیـن سـەرنجی کوشـندەوە، هێشـتا ژنو کتێـب دوو شـتی نامـۆن بەرامبـەر بـە یەکتـری. هەمیشـە دژی ئـەو بـۆ چوونـەش بـووم کـە دەڵێـت ژن کتێبێکـە بـە زۆر کـەس ناخوێندرێتـەوە، بـە پێچەوانـەوە ژن هەمیشـە لاپەڕەیەکـەو بـە چـاو گێڕانێکـی کـورت دەخوێندرێتـەوە، چونکـە ژن بـۆ خـۆی لـەلای ئێمـە تـا ئـەو پـەڕی بێگوناهـی بێگوناهـەو کەوتۆتـە نـاو بەرداشـی هەمـوو ناخۆشـیو ئازارەکانـەوە، لـە بێگوناهـی خۆیشـیانەوە نایانەوێـت بـە زۆرشـت ئاشـنابن لەناویانـدا کتێـب.. بەشـێکی زۆر لـە ژنانـی ئـەم وڵاتـە دورن لـە خوێندنـەوەی کتێبـەوە کـە بۆتـە هـۆکاری زۆر لـە مەینەتەیەکانیـان، ژنـان بـەم حالـەی ئێسـتایانەوە کـە کتێبیـان لەخۆیـان کـردوە بـە دوژمـن چـۆن دەتوانـن لـە لەگـەڵ کتێبـی بـراو هاوسـەرو کوڕەکانیانـدا هەڵبکـەن، چـۆن دەتوانـن لەوەبگـەن کـە کتێـب خوێندنـەوە هیـچ کاتێـک دوژمنایەتـی ئـەوان نەبـووە لەلایـەن هاوسـەرو کەسـە نزیکەکانیانـەوە. بەبەردەوامـی هەندێـک لـە ژنـان رقـی خۆیـان لـەو کتێبانـە دەردەبـڕن کـە لەماڵەکانیاندایـە. ئـەوەش دەزانـم کتێـب گەلێـک پیـاو،و ژنـی لـە یەکتـری کـردوە بەدوژمـن..

لـەم رۆژانـەدا ئـەو جەنگـە ترسـناکەم بینـی کـە ژنێـک لەگـەڵ کتێبـی هاوسـەرەکەیدا بەرپایـی کردبـوو، جەنگێـک کـە مەگـەر تەنیـا ئـەو پیـاوە داماوە بتوانێـت لـە حەرفـی رژاوی کتێبەکانـی لـەو جەنگـە شـومەدا خۆشـببێت، کتێبـەکان وەکوئـەوەی لەگـەڵ ئـەو ژنـەدا کەوتبێتنـە جەنگێکـی ترسـناکەوەو لەبەرامبـەر هێرشـی لەنـاکاوی ئـەو ژنـەدا تێکشـکابێتن ئـاوا ئـەو کتێبـە بێدەسـەڵاتانە لەبەرامبـەر دەسـەڵاتی ئـەو ژنـە دڵڕەقـەدا لـە هەمـوو لایەکـەوە بـە چەقـۆ بـەرگو لاپەڕەکانـی ناوەوەیـان کـوت کـوت کرابـوون، بـە دەسـت کرابـوون

بە چەندین لاپەڕەی دڕاوەوە، جەنگی ئەو کتێبانە مرۆڤی سەرسام دەکرد، خاوەنی ئەو کتێبانە وەکو بۆ ئازیزترین کەسی خۆی غەمباربێت ئاوا غەمبار دامابوو، لە تەماشاکردنی لاپەڕە دڕاوو بریندارەکان هیچی تری بۆ نەمابووە.. لە هەڵدانەوەی پەڕە کوت کوت کراوەکان نەدەوەستا، نەیدەزانی کامیان تیماربکاتو بچێت بەلای کام ئازیزترین کتێبیەوە، لە گۆڕەپانی ئەو جەنگە بێڕەحمەدا کتێبەکان ببوون بە خەمی گەورەی ئەو پیاوەو بۆ هەموویان وەکو یەک گریان لە گەرویدا مابووە، نەیدەزانی ئیتر بۆکوێیان بەرێتو لەکوێ بتوانێت وەکو جاران بیان خوێنێتەوە، بە هەموو غەمگینی ئەو پیاوە بۆ کتێبەکانی نەیخستنە تەنەکەی خۆڵێکەوە بەلکو وەک ئازیزێکی بردنی لە ژێر هەندێک پوشە وشکەو خۆڵدا بۆ هەمیشە بە ونبوونی سپاردنو وتی چیبکەین ئەوەش جەنگی ژنو کتێب، من لەو ماوەیەدا کە هەمووی دە رۆژیان نێوان نەبوو ئاوا جەنگی دوو ژنم بینی کە بەرامبەر کتێبی ناو ماڵەکەیان ئەنجامیان دابوو... لە هەردووکیشیاندا کتێب ببوو بە قوربانی تێنەگەیشتنی ژنان لە کتێب خوێندنەوە. گەلێک جار پیاوان دەبینم ئاوا لە جەنگی ژنو کتێبەکانیان دەدوێن، ئەو شاعیرە جوانە مەرگەشم بیرناچێتەوە کە تامرد لە تاو بێڕەحمی ژنەکەی هەمیشە لە نێوان پەڕەی کتێبەکانیدا پارەی دەشاردەوە بۆ پێداویستی خۆی... ئەو خوێنەرەشم بیرناچێتەوە کە تاکو ئێستا لەتاو دەسەڵاتی ژنەکەی ناتوانێت کتێبخانەیەک لەماڵەکەیدا پێکەوەبنێت... ئەو نموونانەو زۆر نموونەی تر بۆ جەنگی ژنو کتێب هەیە کە مرۆڤ سەرسام دەکەن... دەبێت جارێک لەجارانیش لەگەڵ ئەو جەنگە ترسناکەی کە هەندێک لە ژنان بەرامبەر کتێب بەرپایی دەکەن، ستایشی ئەو ژنانەش بکەین کە بەردەوام قەدری کتێبیان زانیوەو لە دەستی دوژمنو ناحەزانی کتێبیان پاراستووە. ئەوەش هەیە کاتێک ژن یان پیاو قەدری حەرفەکانی کتێبیان گرت ئەوا قەدری نوسەرانو نەوەکانیان دەگرنو فێریان دەکەن کە هەر کتێبە دەتوانێت میللەتێک بخاتە سەر رێگای راستو فێربوون.

# ڕۆمانو رەخنە

ئـەو پرسـیارەی زۆرکات دەربـارەی رۆمـان دەکرێـت لـەلای بەشـێک لـە خوێنـەران ئەوەیـە ئایـا رۆمـان خـۆی لـە چەمکـی رەخنـەدا دەبینێتـەوە یـان دەبێـت رۆمـان ئـەم پەیوەندیـە لـە خۆنەگرێـت چونکـە رەخنـە ویسـتی رۆمـان نوسـان نیـە لـە کاری ئەدەبیـداو دەبێـت ئـەم جـۆرە ئاماژانـە لـە دەقەکانیـدا بەجێبهێڵـن بـۆ کەسـانی تـر؟ لای بەشـێک لـەو خوێنەرانـە داوایەکـی سـەیر هەیـە ئەویـش ئەوەیـە کـە بەهیـچ جۆرێـک نابێـت رۆماننـوس کار لەسـەر بوونـی رەخنـە بـکات لـە دەقەکانیـدا چونکـە ئـەو جـۆرە رەخنانـە کاری رۆژنامەنوسـەو دەکرێـت بـە گۆشـەیەک یـان بـە گوتارێـک بینوسـێتو لـە رۆژنامەیـەک دا بـڵاوی بکاتـەوە. بەشـێکی تـر لـە خوێنـەران ئەوەنـدەی لـەزەت لـەو رەخنانـە وەردەگـرن کـە لـە چوارچێـوەی رۆمانێکـدا بـە هەمـوو ئامـاژە جۆرجۆرەکانیـەوە دێتـە بەرچاویـانو سـودی لێدەبینـن لـە هیـچ رەخنەیەکـی تـر پێـی ناگـەن. ئـەو خوێنەرانـە لایـان وایـە مـادەم رۆمـان کارکردنـە لەسـەر شـتە وردو حەساسـەکانی دەوروبەرمـانو شـتە راسـتیەکانمان بـۆ دەگـۆڕن بـە دەقـی ئەدەبـیو لـەو روانگەیـەوە گەلێـک مانـای ترمـان پـێ دەبەخشـنەوە دەکرێـت رۆمـان بـە هەمـوو پێوەرێـک ببێتـە دەقێکـی رەخنـەی بـۆ ئـەو شـتە وردو گەورانـەی ناویـان دەهێنرێـتو رۆمانـووس درکیـان پێـدەکات. ئـاوا رۆمـان دەکەوێتـە بـەردەم دیـدی دوو جـۆر خوێنـەرەوەو ئـەو خوێنەرانـەی کـە لـە بیـری رۆمانـووسو وێنـە جیـا جیاکانـی دەق تێناگـەن هەمیشـە دەیانەوێـت رۆمـان شـتێکی کاتـیو خۆشـیەکی کورتیـان پـێ ببەخشـێتو ئیتـر بەشـوێن هیـچ مانایەکـی تـردا لـە رۆمانـدا نەگەڕێـن ئـەم جـۆرە خوێنەرانـە ناتوانـن کارەکتـەرو شـوێنو مێـژوو ئایدیـاکان لـە رۆمانـدا لێکبدەنـەوەو مانایەکیـان پـێ ببەخشـنو شـیکارێکی وردی ناوەرۆکـی دەقـەکان بکـەن، نایانەوێـت بـە هـۆکارە دژوارو ناتەندروسـتەکانی نـاو کۆمەڵـگا بگـەن، لای ئـەم خوێنەرانـە ئـەم جـۆرە وێنانـە لـە دەقـدا دەقەکـە دەمرێنێـت. ئـەم شـێوە خوێندنەوانـە لای ئـەم

جـۆره خوێنەرانــە پەیوەنـدی نێـوان دەقو خوێنــەر لەیـەک جیادەکاتــەوە پەیوەندیـەکان دەکات بـە پەیوەندیەکـی دژوارو لێکدابـڕاو بۆ گەیشـتن بـە ماناکانی دەق. کەچـی لای ئـەو بەشـەی تـری خوێنـەر کـە پێیـان وایـە دەبێت ڕۆمـان کار لەسـەر وێنـە شـاراوەو کارە کوشـندەو ناتەندروسـتەکانی نـاو کۆمەڵـگا بـکات بـە هەمـوو شـتە وردو گەورەکانیشـەوەو ئـەم خوێنەرانـە نایانەوێت ڕۆمـان بەدەربێت لــە ڕەخنــە بــۆ هەمــوو شــتە پیــرۆزو نــا پیرۆزەکانیــش، نایانەوێــت دەقێــک بخوێننــەوە کــە هەڵگــری ماناکانــی ڕەخنــە نەبێــت بــۆ هەمــوو ئــەو شــتانەی ڕویانـداوەو ڕودەدەن نایانەوێـت هیـچ کەسـایەتێک نەخرێتـە نـاو وێنـە جـۆر بـە جۆرەکانـی ڕۆمانـەوە، پێیـان وایـە ڕۆمـان بۆیـە ڕۆمانـەو جێگـەی گەلێـک ڕوداوو کارکتـەرو وێنـەی جیـا جیـای تێدا دەبێتـەوە دەبێت لـەم ڕوانگەیـەوە ڕۆماننـوس دەقەکــەی نەکاتــە دەقێکــی ســۆزداری لابــەلاو پەیوەنـدی بـکات بــە شــتێکی کاتیـەوەو ئیتـر شـتە گرنـگو وێنـە ئاڵۆزەکانـی کۆمەڵـگا نەکاتـە بنەمـای نـاو دەقەکـەی، لای ئـەم جـۆرە خوێنەرانـە چونکـە باشـتر لـە دەقو وێنـە جیاجیاکان تێدەگـەنو بیـری نوسـەرو ئامـاژە شـاراوەکان لـە دەقەکانـدا دەدۆزنـەوە نایانەوێت ڕۆمــان دووربێــت لــە کاری ڕەخنــەیو تێهەڵکێــش نەکردنــی ئــەو شــتانەی کــە ڕۆژگار لـە خەڵکیـان ونـدەکات. لای ئـەم خوێنەرانـە ڕۆمـان گرنگیەکـەی لەوەدایـە کـە ناهێڵێـت گەلێـک شـتی دەگەمـەنو ورودو ڕوداوی جـۆر بەجـۆر ڕۆژگار ونیبکات لێمـان و دەسـەڵاتە جـۆر بـە جـۆرەکان بیشـارنەوە، ڕەنگـە ئـەم دیـدەی ئـەم جـۆرە خوێنەرانـە لـە جێگـەی خۆیدابێـت بـۆ ڕۆمـان بـە پێچەوانـەی ئەوانـەی کـە هیـچ کاتێـک لەگـەڵ ئەوەدانیـن ڕۆمـان خـۆی بخاتـە ئـەو چـوار چێوانـەوە بـۆ درکانـدنو خسـتنە ڕوی ڕوداوەکان لـە نـاو دەقێکدا. ئـەوەی ڕۆماننـوس بـە زمـان لـە ڕۆمانێکـدا جارێکـی تـر وێنـەی گەلێـک شـتی ونبوومـان بـۆ زیندودەکاتـەوەو زۆرکات دەیانکاتــە جێگــەی گفتوگــۆی نێــوان ڕەخنەگــرانو خوێنــەرانو کەســانی

تـر رەنگـە هیـچ کەسـێکی تـر نەتوانێـت ئـاوا ئـەو وێنانـە زیندوبکاتـەوە. کاری ڕۆماننوسـیش گەڕانـە بەشـوێن وێنـە جـۆر بـە جۆرەکانـی نـاو کۆمەڵـگاداو کەسایەتیە جۆر بە جۆرەکان بدۆزێتەوەو ڕوداوە شـەرمنو کوشـندەو خوێناویەکان لەنـاو پێکهاتـەی گەمـەی دەقـدا، دەقێـک یـان چەنـد دەقێکیـان لـێ پێـک بهێنێتو بیـروڕای خـۆی لەسـەر ئـەو وێنانـە لـە دەقـدا جێگیربـکات، هیـچ گومانێکیـش نیـە زۆربـەی ئـەو دەقانـەی کار لەسـەر زیندوکردنـەوەی وێنـە شـاراوەو دژوارەکانـی نـاو کۆمەڵـگا دەکـەن لـەو جـۆرە دەقانـەن کـە بـۆ هەمیشـە بـە زینـدوی لـە لای خوێنـەری ڕۆژگارەکانـی تـر دەمێننـەوەو دەبنـە شـایەتحالی ڕۆژگارو وێنـە جیاجیاکانـی سـەردەمی ڕۆمانووسـان خۆیـان. بەشـێک لـەو ڕۆمانانـەی کـە تاکـو ئێسـتا خوێندومانەتـەوە بـە جیـاوازی شـوێنی ڕۆمـان نووسـەکانەوە لـە نزیـکو لـە دوور تێبینـی دەکەیـن ئـەو ئاراسـتەی زۆربـەی ڕۆمـان نوسـانی دونیـا لـە ڕۆمانـدا کاریـان لەسـەرکردووە لـە ڕوی نـاوەڕۆکو فەلسـەفەی دەقـەوە دەچێتـەوە سـەر بوونـی ڕەخنـە، ڕەخنـە بـە هەمـوو گوتـارە جیا جیاکانیـەوە، ڕەخنە لە سیاسـەت، لـە ئەخلاقـی کۆمەڵـگا، لـە دابو نەرێـت، لـە جەنـگو لـە بوونـی مـرۆڤ، لـە کێشـە جـۆر بەجـۆرەکان، لـە کەسـایەتی پیـرۆزو شـەڕانی لـە شـتی وردو گـران لـە هەڵماڵینـی گەلێـک نهێنـی کوشـندە لـە شـارو ڕوداوە خوێناویەکانـدا، ڕۆماننوسـان گەلێـک جـار گوتـارە فەلسـەفیو ڕەخنەیەکانیـان لەگـەڵ ئـەو ڕوداوانـەدا جێگـە کردۆتـەوەو زۆر بـە باشـیش تێـدا سـەرکەوتووبوون. ئـەو ڕۆمانانـەی گرنگـی بـە بوونـی مـرۆڤ دەدەنو لـە ڕێگـەی دەقـەوە بەرگـری لـە ژیانـی دەکـەنو ڕەخنـە لـەکاری مـرۆڤ کـوژانو بیـرو خـووە سـەیرەکان دەگـرن لـە پێنـاو درک کردنـی خوێنـەردا ئـەو گوتـارە ڕەخنەیانـە لـە ڕۆمانـدا جێگـە دەکەنـەوە، لـەم ڕوانگەیەیشـەوە ڕۆمـان دەبێـت بـە سـەرچاوەیەکی گرنـگ بـۆ تێگەیشـتنی خوێنـەرو کەسـانی تـر لـەو ڕەخنانـەی ڕۆماننوس کاری لەسـەر کردون

لـە دەقەکانیـدا، دەبێـت ئـەوەش بڵێـم زۆرکات هـەر هـۆکاری ئـەو ڕەخنانـە بـووە لــە دونیــادا کــە بۆتــە قەدەغەکــردنو ســوتاندنی گەلێــک ڕۆمــانو ڕاوەدونــانو گرتنـی ڕۆمـان نوسـان لـە پێنـاو ئـەو ڕەخنانـەی لـە دەقەکانیانـدا خسـتویانەتە ڕوو، لای بەشـێک لـەو کەسـانەی لـە دەق تێدەگـەن ئـەو ڕەخنانەی لـە ڕۆمانەکاندا بـە وێنـە جـۆر بەجۆرەکانـەوە دەخرێنـە ڕوو بـۆ کێشـە جیـا جیـاکان تـا زەمەنێکی زۆر لـە بیـری خوێنەرانـدا دەمێنێتـەوەو هۆکارێکـە بـۆ تێگەیشـتنو لێکدانـەوەی تـر. ئـەو کەسـایەتیانەی لـە ڕۆمانەکانـدا دەردەکـەون هەمیشـە تـا زەمەنێکـی زۆر لای خوێنـەران لەبیرناچنـەوەو لێکدانـەوەی جـۆر بـە جۆریـان بـۆ دەکرێـت، هـەر ئەمەیشـە وای کـردووە ئـەو ڕەخنانـەی لـە ڕۆمانـدا دەدرکێندرێـن ببێتـە هـۆکارو دەستخۆشــی لای گەلێــک خوێنەروکەســی تــرو دەیشــبێتە هــۆکاری نەفــرەتو تــوڕەی ئــەو کەســانەی دەقەکــە لــە بەرژەوەندیاندانیــەو خۆیانــی بــە نەفــرەت لێکـراوەی تێـدا دەدۆزنـەوە، ڕەنگـە لای مـن ئەمـە وەزیفـەی ڕۆمانبێـت نـەک شـتی تـر. کاتێـک ئێمـە دەقێکـی وەکـو ڕۆمانـی (منداڵانـی گـەڕەک)ی نەجیـب مەحفـوز دەخوێنینــەوە لــە زۆر شــوێنی دەقەکــەدا بــەردەوام توشــمان دەبێــت بــە توشــی ئــەو کەســایەتیانەوە کــە دوورو نزیــک لــە هاوشــێوەی ئەوانــەی نــاو دەقەکــەدا بینیوومانـن، ئـەم ڕۆمانـە لێـوان لێـوە لـە ڕەخنـە لـە هەمـوو ئـەو گرفتانـەی کـە کۆمەڵـگای میسـریو گەلێـک کۆمەڵـگای تریشـی پێوەیـان گیرۆدەیـە، ڕەخنـە لـەم ڕۆمانــەدا بەشــێکی زۆری بــۆ کەســایەتیەکانو ڕوداوە مێژوویــەکان داگیرکــردوە، ڕەخنــە لــە ئەقڵیەتــی ســەرمایەداریو ئاینــیو ئەوهۆکارانــەی ناهێڵــن کۆمەڵــگا بکەوێتــە ســەر پێــی خــۆی، ئەگــەر ڕەخنەکانــی نــاو ئــەم ڕۆمانــە نەبوایــە ئــەم دەقـە دەبـووە دەقێکـی مـردوو نەیدەتوانـی تاکـو ئێسـتا ببێتـە جێگـەی گفتوگـۆی نێـوان توێـژە جیاجیاکانـی نـاو کۆمەڵـگای میسـریو دەرەوەیشـی. ئـەو تێبینـی دەکرێــت لــەو ڕۆمانانــەی دەربــارەی لەناوبردنــی جولەکــەکان لــە ســەردەمی

دەسـەڵاتی هێتلـەردا نوسـراون بەشـێکیان بـە ئاراسـتەی رەخنـە لـە جەنـگو لـە خوێـن رشـتنو لەناوبردنـی مـرۆڤ لەسـەر ئایـنو بیـروڕای جیـاواز کاردەکـەن، رەخنـە لـەو شـاڵاوە کوشـندانە دەگـرن کـە بۆتـە هـۆکاری لەنـاو بردنـی هـەزاران هاوڵاتـی جولەکـە، ئـەم رۆمانانـە لـە ژێـر ماناکانـی رەخنـەدا هاتـوون دەیانەوێت ئیتـر کۆمەڵـگای مرۆڤایەتـی لـە ژێـر ویسـتو رفتـاری کەسـە دڕندەکانـدا نەبێتـە جێگـەی ئـەو جـۆرە شـاڵاوە ترسـناکانە، بـەم جـۆرە دەبینیـن رۆمـان هەمیشـە کاری لەسـەر بوونـی رەخنـە کـردوەو نەیتوانیـوە زۆرکات دەسـت بـەرداری ئـەو ئامانجـە گەورەیـە ببێت، ئورهـان پامـوک لـە رۆمانـی (بەفـر)دا کار لەسـەربوونی ئایدۆلۆژیـا جیاجیـاکان دەکاتو رەخنـە لـەو بیرانـە دەگرێـت کـە خەریکـی سـڕینەوەی بوونـی یەکتریـنو ناتوانـن یەکتری قبـوڵ بکەن، لە رۆمانـی (کاتژمێری بیسـتو پێنـج)دا رۆماننـوس زۆر بـە قوڵـی هەمـوو بیروباوەڕەکانـی دەونیـا دەخاتە بـەردەم رەخنـەو هەموویـان بەهیـچ دەزانێـتو بانگـەوازی ئـەوەدەکات هەمـوو ئایدۆلۆژیاکان لەبەرژەوەنـدی کۆمەڵێـک کەسـدانو ئیتـر بـۆ سـڕینەوەی کۆمەڵـگا جـۆر بـە جـۆرەکان پێکـەوە نـراون، رۆماننـوس دەخوازێـت هەمـوو ئـەو بیـرە باوەڕانـە فڕێبداتـە دەرەوەی بیـری خەڵکـیو بـە نەفرەتیـان بکـەن چونکـە بـۆ قڕکردنـی مرۆڤایەتـی راگەیەنـدراون. لـە رۆمانـی (هـەزار خـۆری درەوشـاوەی) خالیـدی حوسـەنی دا ئـەو هـۆکارە دەردەخـات کـە جەنـگو ناعەقڵانـی هێـزە جـۆر بـە جـۆرەکان کۆمەڵـگای ئەفغانیـان دا رزانـدووەو ناهێڵـن ئـەو کۆمەڵگایـە وەکـو خـۆی بـۆ خـۆی بـژی، ئـەم رۆمانـەش وەکـو بەشـێکی تـری هەمـوو رۆمانەکانـی دونیـا کاری لەسـەر بوونـی ئـەو مرۆڤـە بەدبەخـتو چـارە رەشـانە کـردووە کـە ناتوانـن لـە نیشـتیمانو خاکـی خۆیانـدا بژیـن، ئـەم رۆمانـە بـەو وێنـە جـۆر بـە جۆرانـەوە پـڕ لـە رەخنـە لـە رفتـاری تـاکو ئـەو هێزانـەی ناهێڵـن خەڵـک بیـر لـە چارەنـوسو تەمەنـی خۆیـان بکەنـەوە تـا ئـەو پـەڕی تێکشـکاندن تـا بـە تاکـی

خەڵـك بەرەوهەڵدێردەبـەن. لـە ڕۆمانەكانـی یەشـار كەمـال دا ئاغـاو خەڵكـە ڕەشـوو ڕوتەكـە، هێـزی شـەڕانیو هێـزی ئەوانـەی داوای بوونـی خۆیـان دەكـەن، هێـزە سـەركوتكەرو نـاداد پـەروەر كـە بـەردەوام تـەوەری ئـەو ڕەخنانەیـە یەشاركەمال تێیانـدا كاردەكاتو ئاراسـتەی بوونـی مـرۆڤ لەژێـر هەژموونی كەسـە جـۆر بـە جۆرەكانـدا ڕەخنـە دەكات، ئـەوەی یەشاركەمال لـە ڕۆمانەكانیـدا لێیـان دەدوێـت پـڕە لـە ڕەخنـە لـە ئیـرادەی چاكـەو خراپـە، ئـەو دوو ئیرادەیەیـی لـە هەمـوو شـوێنێكدا پێكـدا دەدەن... جـۆرج ئۆیـل لـە ڕۆمانـی (مـەزرای ئـاژەڵان) دا ئـەو كۆدانـە لێـك دەداتـەوە كـە هێشـتا گەلێـك خوێنـەر دركیان پێـی نەكردوە، ئـەو نهێنیانـە دەخاتـە ڕوو كـە دواجـار ئـەو كەسـانەی سۆسـیالیزم بنیـات دەنێـنو دواتـر لـە سـەر بـونو ژیانـی كۆمەڵـگا چـۆن چۆنـی دەیكەنـە بنەمـای خێـرو خۆشـی بۆخۆیـانو كەسـانی تـری پـێ دەچەوسـێننەوە، ئـەو ڕەخنانـەی جـۆرج ئۆیـل لـەم ڕۆمانـەدا دەیانخاتـە ڕوو جـۆرە ڕەخنەیەكـن كـە دواجـار بووبـە هەڵگری زۆر مانـاو لێكدانـەوە لای بەشـێك لـە خوێنـەرانو ڕەخنەگـرانو كەسـانی تـر، كەسـنیە لـەدوای خوێندنـەوەی ئـەم ڕۆمانـە ئـەو پرسـیارە نـەكات ئایا سۆسـیالیزم مرۆڤایەتـی لـە نادادپـەروەری ڕزگاردەكات، هیـچ خوێنەرێكیـش ناتوانێـت ڕفتـاری بەرازەكانی ناو ئەم ڕۆمانە وازوو لەبیر خۆی بەرێتەوە.

ئـاوا بەشـێك لـە ڕۆماننوسـانی دونیـا لـە ڕێگەی ڕەخنـەی نـاو ڕۆمانەكانیانەوە وەكـو شـایەتحالێكی سـەردەمەكەی خۆیـان دەمێننـەو كاربـۆ خسـتنە ڕوی هەمـوو ئەوكێشـەو گرفتانـە دەكـەن كـە ڕودەدات لەلایـان، دەبنـە كەسـانێك كـە دەتوانـن بەشـێك لـەو ڕوداو ئـەو خراپەكاریانـەی دەیبینـن لـە چـوار چێـوەی ڕۆمانـدا جێگـەی بكەنـەوەو بـۆ خوێنەرانـی ڕۆژگارە جـۆر بەجۆرەكانـی بەجێبهێڵـن، ئەوكاتانـەی ئـەو ڕۆماننووسـانە بیـر لـە جوگرافیـاو هۆكارەكانـی دووروبـەری خۆیان دەكەنـەوە ئـەوەی لـە جەنگـو ئـازارو خراپـە هەیـە تێبینـی دەكـەن ناتوانێـت لێـی

دابب‌ڕێت، تەنانەت ئەو شتە بچوکانەشی دەکەونە نزیکی ئەو ڕۆماننوسانەوە زۆرکات دەبنە بەشێک لە ڕۆمانەکانیان. بڕواناکەم هیچ کەسێک بە قەدەر ڕۆمانووسەکان هەستیارو وردبن بۆ ئەو شتانەی لە دەورووبەریان ڕوودەدەن... کام ڕۆماننوس هەیە ئەگەر ویستی ڕۆمانێک بۆ ئەم روداوە بنووسێتو ڕەخنە لەو ئەقلێتانە نەگرێت لە دەقێکیدا کە دەبینێت (کیژێکی کوێر لەلایەن کوڕێکەوە سکی پڕدەکرێتو ئیتر خۆی لێدەشارێتەوەو دواجار کەسوکارەکەی لە نیوەشەوێکی سارودو باراناویدا لە ژێر بنمیچی خانویەکی داڕوخاودا دەیکوژن...) بۆیە ڕۆمان ئەگەر بەتەنیا گێڕانەوەبێتو دووربێت لە ڕەخنە کەواتە هەمووکەسێک دەتوانێت ببێت بە ڕۆماننووس.

# مەعریفەو درۆ

**(جارێک (معاویە) گوتی: ئەم زەویەی ئێمە (موقەدەس)ە (معصەم بن صوحان)یش گوتی: زەوی هیچ شتێک موقەدەسی ناکات یان پیسی ناکات بێجگە لە کردار..*[1])**

کاتێک فەرهەنگەکانی دونیا هەڵدەدەینەوە، یان تەماشایی گەلێک لە ژیانی ناودارانو خاوەن قەڵەمو رۆشنبیرەکانی گەلانی تر دەکەین مەعریفەو درۆ پێکەوەوە نادۆزینەوەو هیچ کاتێکیش ئەو خاوەن مەعریفانە نەیانتوانیوە لەگەڵ مەعریفەکەیاندا درۆزنبنو ببنە کەسانی دووڕوو ساختەکار بۆ ژیانی خۆیان. چونکە کەسانێک کە دەبنە هەڵگری مەعریفە ئیتر ناتوانن درۆزنبن و مەعریفەو درۆ لە یەک جەستەدا کۆبکەنەوە، ئەوە دیارە هیچ کاتێک کەسی درۆزن نەیانتوانیوە ببێتە کەسێکی رۆشنبیرو پێشڕەوی میللەتەکەی (مەگەر لای ئێمەی کوردنەبێت) گرفتی درۆو مەعیرفە زەمەنی ئەو پاڵەوانە ساختەکارانە دێنێتە پێشەوەکە شان بە شانی دەسەلات زۆرە مللیەکان دەبنە هەڵگری ناونیشانی کەسانێک کە جگە لە درۆ هیچی تر ناڵێن بۆ راستی ئەو مەسەلە گرنگانەی دێنە پێشەوە. دەرونی ئەو درۆزنانەی مەعریفە دەکەن بە ناونیشانی خۆیانو شەرم لە نەخۆشی ناخی خۆیان ناکەن پڕە لە جۆرە قینێک کە دەیانەوێت وەکو خۆیان هەموو خەڵک بکەنە درۆزنو ساختەکار چونکە ئەوکەسانە دەزانن لەناو خەڵکانێکی راستگۆدا ناتوانن درێژە بە درۆکانی خۆیان بدەنو ئیتر خەڵک فریووبدەن، دابڕانی ئەم کەسانە لەناو ئێستای کوردا هەم بۆ شکستی کەسایەتیانو هەم بۆ ئەو ساختەکاریەی لەژێر ناوی مەعریفەدا خۆیانیان پێ حەشارداوە ئیتر چۆنیەتی ژیانیان لای خەڵک دەچێتە خانەی ئەو دەنگانەوە کە دەسەلات بۆ پارێزگاری کردنی خۆی ئەم کەسانە دەکاتە پلنگێکی کارتۆنی بۆ پەلاماردانی دەنگە جدیەکانی ناو میللەت. لەم هەرێمی کوردستانەدا رۆژگارێک خولقاوە لەژێر بەرگی مەعریفەدا درۆو دووڕووی بۆتە بەشێک لە ژیانی کەسانێک کە تەنیا

دەزانن درۆبکەن نەک خەڵک فێری گوێگرتنو مەعریفەبکەن. تایی تەرازۆکە لە ناوەندی مەعریفەی کوردیدا ئێستا بەداخەوە بەلای ئەو کەسە درۆزنانەدا شکاوەتەوەو شەرمە مرۆڤ یان خوێنەرو گوێگری ئێمە بتوانێت لەو جەستە بە درۆ داپۆشراوانەدا یەک حەرف لە مەعریفە بدۆزێتەوە، نەک ئەوە بەڵکو گرانە ئەوکەسانە بتوانن ببنە کەسانێکی راساتەقینە وەکو کاراکتەرێکی درۆزن درۆ وەکو خۆی بکەن، چونکە درۆکردن کەسی لێهاتوو لێزانی دەوێت. لە ژێر ئەو ناوە گەورەی مەعریفەدا ئێستا کوردستان پڕبووە لەوکەسانەی بۆ هیچ نا تەنیا بۆ ئەوەی کاسبیەکی شەرفمەندانە و ئازادانە نەکەن، بەرگی مەعریفەو رۆشنبیریان کردوەبە بەری خۆیانداو لەژێر ئەوناوە مەزنەدا هەموو رۆژێک لێرە و لەوێ (لەم ژوورو لەو باخو لەو فێلای بەرپرسەکاندا) خەریکی وتنەوەی وانەی درۆن نەک مەعریفە. ئاخر سەیرە لێرە لەدوای راپەڕینەوە ئەوکەسانە چونکە ناتوانن بەردێک بخەنە سەربەردێک بۆ کۆمەڵگا بەردەوام خەریکی فرۆفێلو درۆکردن بەناوی رۆشنبیریو مەعریفەوە پیشەیەکیان دۆزیوەتەوە کە باش دەتوانن پێی بژین. لە هەبگەی ئەمجۆرە مرۆڤانەدا ئەوە سالآنێکە جۆرە رفتارێک هەیە کە بۆ خۆژیاندن خەریکی راپۆرت نووسینو ئەتککردنو درۆکردنن بۆ ژیانی کەسانی ترو خاوەن قەڵەمە جدیەکانو تەنانەت زۆرکات درێغیشیان لەوە نەکردوە هاوڕێ نزیکەکانی خۆیشیان کردۆتە ئامانج لای بەرپرسانی ئەم وڵاتە لەبەریەک هەڵوەشاوە. چەند شەرمە لێرە لەژێر ناوی مەعریفەدا ئەو کەسە کوشندانە پەیدابنو بێن گەمە بە حەرفی مەعریفەبکەنو لەوەیش شەرمتر ئەوەیە بەرپرسەکان زۆر بە جدیەوە گوێیان لێدەگرنو بەشێکیان کار بە درۆی ئەو جەماعەتە شەرمنە دەکەن. چەند شەرمە لێرە بۆ هیچ نا تەنیا لەپێناو دوو پێکەنینو چەند درۆیەکدا ئەو جەستانە ببنە کەسانی خۆبە مەعریفەزان و بێن بۆ بڕێک پارەی مانگانە لای خەڵکو خوێنەرو خۆیان بە خاوەن مەعریفە بزانن، لەوە شەرم تر ئەوەیە

ئەوکەسانە لایان وایە خوێنەرو گوێگرو خەڵکە ئاساییەکە بەو درۆو رفتارانەیان نازانێت، نەک ئەوە بەلکو خێزانو براو خزمە نزیکەکانی خۆشیان گەلێک جار شەرم دەیانگرێت لەپایی رفتاری ئەم کەسانەدا کە کرداری خۆیان لێبۆتە موعجیزە. ئاخر درۆکردن لێزانیو وردبینیی دەوێت لە شارەکانی ئێمەدا ئەوە بۆ چەندین ساڵ دەچێت کەسانێک هەن هەر بە کەسی درۆزن ناسراونو هیچ پێیان عەیب نیە درۆبکەن چونکە خۆیان دەزانن کە هەندێک درۆی ساکاردەکەن نەک بۆ زیانگەیاندن بە خەڵک، تەنیا بۆ ناودەرکردنو کەمێک خۆژیاندن وجار جارەش بۆ پێکەنینو رابواردن. بەڵام ئەوە شەرمە ئەم کەسانەی ئێسا بەوەوە ناوەستن لەژێر ناوی رۆشنبیرویو مەعریفەدا درۆبکەنو نەیشیان توانیوە ببن بە کەسانێک کە فێری درۆکردنی راستە قینە ببنو بە درۆکانیان یەک کەس بهێننە پێکەنین جگە لە بەر پرسەکانیان نەبێت یان هاوشێوەکانی خۆیان نەبێت، بەلکو ببوونەتە جۆرەکەسانێک رۆژ تا ئێوارە لێرەو لەوێ خەریکی رژاندنی ژەهری کوشندەن بۆ گیانی کەسە بەهەڵوێستەکانو ترساندنی میللەت، ئەو میللەتەی کە رۆژگارێک هاتە دەنگ پێیان دەڵێت درۆکردن سزاکەی چیە. شاعیریک گووتوویەتی (شیفاو ئافاقەی نابینا، پرسیارە دەنا نابینایی، واتە قایلبوونە بە جەهلو نەفامی لەماوەیەکی دوورو درێژدا..*[2]) کەچی ئەم کەسانەی لای ئێمە بەدوو چاوی ساغەوە نەک ناتوانن لە درۆو بێمە عریفەی خۆیان رزگاربکەنو پرسیار بکەنو بە راستیەکان بگەن، تادێت نوقمی درۆو جەهلو نەفامی دەبنو دەبنە جەلادی رۆحی کەسە رشنبیرەکانی ناو کۆمەڵگا. بوونەتە کەسانێک بە کردارەکانیان خەریکن هەموو شەقامو هەموو ماڵو هەموو داموودەزگاکانی ئەم هەرێمە پیس دەکەنو بەدرۆو کردارەکانیان رۆژگاری خەڵک پڕ لە نەزانیو تاریکی دەکەن.

*1*2 بۆ ئەم دوو نووسینە بگەڕێرەوە بۆ ئەم کتێبە (هادی عەلەوی/ گوڵبژێرێک لەپەندو بەسەرهاتە ناوازەکان)

# کێ دەبێت بە چیرۆکنوس

هـەر وەکـو چـۆن لەوڵاتانـی دونیـادا چیـرۆک وەک ژانرێکـی ئەدەبـی درەنـگ لـە شـیعرو درامـا گەیشـتە نـاو گۆڕەپانـی ئەدەبیـەوە، بـەو حالەیشـەوە کـە درەنـگ چیـرۆک سـەری هەڵـدا کەچـی دواتـر بـوو بـەو ئەدەبـەی کـە زیاتـر سـەرنجی خوێنـەرو رەخنـە گـران بـەلای خۆیـدا رابکێشـێتو ببێـت بـە ژانرێکـی کاریگەروگەشـە کـردو لـە نـاو بوارەکانـی تـری ئەدەبیـدا، لـە نـاو کوردیشـدا شـیعر نوسـین لای شـاعیرانی کـورد توانـی بـوی تـا زەمەنێکـی زۆر وەکـو ئەدەبێکـی دیارخـۆی دەربخـاتو کاریگـەری خـۆی بخاتـە سـەر هەسـتی خوێنـەرانو کار لەسـەر واقیـعو روداوە بـاشو خراپەکانـی نـاو کۆمەڵـگا بکـەنو بتوانـن ئـەو واقیعە تـا رادەیەکـی بـاش لـە شـیعرەکانیاندا جێگـە بکەنـەوە. کێشـە کۆمەڵایەتیـەکانو ئاسـتی چەوسـاندنەوەو رۆحیەتـی بەرەنگاربوونـەوە شـیعری کـوردی لـە خـۆی گرتبـوون، کاتێـک ئیتـر شـیعر دەچێتـە پەراوێـزی روداوەکانـەوەو کۆمەڵـگا بەرەودەیـان کێشـەی ئاڵۆزتـر دەڕوا، دەبـوو کوردیـش ئەوانـەی شـتێک لـە ئـەدەب دەزانـن بەشـوێن جۆرێـک لـە ئەدەبـی تـردا بگەڕێـن تـا بتوانـن بـە رێگایەکـی تـر کار لەسـەر ئەوکێشـە کۆمەڵایەتیـە تازانـە بەکـەن لـە کـە دەوروبەریانـدا رودەدەن، ئەویـش دەسـتبردن بـوو بـۆ نووسـینی چیـرۆک، چیـرۆک دەیتوانـی بچێتـە قـوڵای روداوەکانـەوە کـە شـیعر لای ئێمـە هێشـتا پـەی پـێ نەبردبـوونو لـەوەش زیاتـر شـیعر نـەی دەتوانـی چیتـر ئـەو واقیعـە بگەیەنێتـە ئـەو ئامانجـەی کـە خوێنـەر لەبـواری ئەدبیـدا پێویسـتی پێیەتـی.. دەبـوو بـە مۆدێلێکـی تـرو رێبازێکـی تـر دەسـت ببرێـت بـۆ هەڵتەکانـدنو گێڕانـەوەی ئـەو سـاتە کوشـندانەی کـە شـیعر دەرەقەتیـان نەدەهـات. ئەوەبـوو لەژێـر نـاوی چیرۆکـدا کار لەسـەر وەرگرتنـی ئـەو هەقیقەتانـە کـرا کـە دەبـوو هەرچۆنێـک بێـت بـە لاوازی گێڕانـەوەو تەکنیکیشـیانەوە شـتێک بنووسـرێت، رەنگـە دروسـتیش نەبێـت نـاوی چیـرۆک بخەینـە پەنـا هەندێـک لـەو جـۆرە گێڕانەوانـە، بـەڵام ئـەو راسـتیە دەبێـت بڵێـن

کە ئەگەر هەر نەبوونیایە چیمان دەکرد، بۆیە ئەو جۆرە هەوڵانەدا پەیبردنە بە سەرەتایەکی باش بۆ دەست پێ کردنی کاری چیرۆکنوسین لای کورد، ئەگەرچی بەداخەوە کە دواتر باسی دەکەم ئەو هەقیقەتانە زۆرباش وەکو خۆیان نەگێڕدرانەوەو زۆریان بچوک کرانەوە لە ناو ئەو جۆرە دەقانەدا، یەکەمین ناو ئەگەر وەکو هەوڵێک بۆ کاری چیرۆکنوسین ئاماژەی پێ بدەینو بیکەینە سەرەتایەک بۆ ئەو هەوڵانەی کە دەبوو لە جیاتی شیعر هەوڵێکی تریش لە بواری ئەدەبی کوردا هەبێت کە ئەویش بواری چیرۆکە وەکو وڵاتانی تر جەمیل سایب) لە هەقیقەتی روداوەکانی دەوروبەری ئەو رۆژگارەی خۆییەوە بە مۆدێلێکی تر دەستی کرد بە نوسینەوەی ئەو واقیعە تاڵانەی کە پەی پێ دەبردنو هەوڵیدا بە زمانی چیرۆک هەقیقەتەکان بگێڕێتەوە. بەمجۆرە لای نەوەیەک لە کوردیش سەرەتایەک لە هونەری چیرۆکنوسین وەکو مۆدێلێکی تری ئەدەبی سەرەتاکانی دەرکەوێت.

لێرەوە دەتوانین ئێستا قسە لەسەر بەرهەمی ئەو چیرۆکنوسانە بکەین کە بەنەوەی ساڵی (حەفتاکانو هەشتاکان) ناودەبرێن لەگەڵ ئەو نەوەیەی کە بە نەوەی ساڵی (نەوەدەکان) ناسراون، ئەوەی کاری ئەم نەوانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە (چیرۆکە) بە جیاوازی زۆر لە نێوانیاندا بۆ نوسینی دەقەکانیان، چیرۆکەکانیان دەمانخەنە سەر ئەو جیاوازیانەی کە لە روی تەکنیکو زمان وهەڵبژاردنی بیرۆکەکانیانەوە چیرۆکیان پێ نوسیوەتەوە، نەوەی حەفتاکانو هەشتاکان بە جیاوازی کارکردنیانەوە دەبینین زۆربەی ئەو چیرۆکنوسانە وەکو یەک چیرۆکیان نوسیوەتەوە لە هەندێک چیرۆکیاندا بەئاسانی پەی پێ دەبەیەن ئەم نەوەیە لە نێوان خۆیاندا دابەش بوون بە سەر دووگروپدا، ئەگەر چی هەردوو گروپەکەش بۆ هەوڵدانیان لە نووسینی چیرۆکدا لەوەدا یەکیان گرتۆتەوە کە کار بۆ دەرخستنی ئازارو کێشە

کۆمەڵایەتەیەکان دەکەنو لەژێر یەک تەوژمدا دەستیانکردوە بە نووسینی دەقەکانیان ئەویش نووسینی چیرۆکە لە پێناو ئاشکراکردنی ئەو ناهەقیانەی بەرامبەر نەتەوەکەیان دەکرێت، ئەم جۆرە هەوڵانەش دەچنە خانەی ئەدەبی بەرەنگاربوونەوە، هەر وەک چۆن لە زۆر وڵاتانی ژێر دەستەی دونیادا دەقی پێ دەنووسرایەوە چیرۆکەکانیان پڕدەبوو لە پاڵەوانی کۆڵنەدەرو رۆحیەتی سۆپەرمان ئاسا، ئاواش چیرۆکی ئەو نەوەیەیی کورد سیخناخ بوو لەو جۆرە کەسایەتیانە، لە غیابی ئەم جۆرە بەرەنگاربوونەوەیەدا کەمتر دەقیان پێ دەنووسرا تا کاتێک (شێرزاد حەسەن) پشت دەکاتە ئەمجۆرە هەوڵانەو عەشق دەکاتە بنەمای نووسینی دەقەکانی کە لە (گوڵی رەش)دا خوێنەر بە دیوێکی تردا چیرۆک دەخوێنێتەوە. بەر لە (شێرزاد حەسەن) بە ئاشکرا لە نەوەی حەفتاو هەشتاکاندا ئەو دەقانە دەخوێنینەوە تا رادەیەکی زەق بانگەوازیان بۆ هەڵتەکاندنی کاری ئاغاو ئاغایەتیو بەرەنگاربوونەوەی دەست درێژیەکانی داگیرکەرانو هەندێک کاری خراپی دەسەڵاتدارانی ناوخۆو کێشە کۆمەڵایەتیەکان کردوە. ئەمەش ئەو مۆدێلە بوو کە ئەو چیرۆکنوسانە چیرۆکیان پێ دەست پێکرد، بەڵام دەکرێ ئاوا لە یەکیان جیا بکەینەوە، بەشێکی زۆریان لە ژێر کاریگەری روداو پێشهاتە کۆمەڵایەتیەکاندا دەستیان کرد بە چیرۆکنوسین بەبێ ئەوەی گوێ بەوەبدەن کە چۆن ئەو روداوانە وەکو هونەری چیرۆکنوسین دەگوێزرێنەوە بۆ ناو دەقی چیرۆک، ئەمە بە خاڵی لاوازی بەشێک لەونەوەیە دێتە ژماردن لای خوێنەر، کاریگەری روداوەکانی دەوروبەریان ئەوەندە خێرا کاری کردۆتە سەر هەستیان هاتوون لەژێر ناوی چیرۆکدا خێرا روداوەکانیان گۆاستۆتەوە، بەشێک لەو چیرۆکنوسانە بەتەنیا دیوێکی چیرۆکیان هەست پێ دەکرد، وایاندەزانی چیرۆکنوسین بەتەنیا گوێزانەوەی واقیعەتی دەوروبەریانە بۆ سەر کاغەز بەو شێوەیەی کە

خۆیـان ناویـان نابـوو کارکـردن لـە دەقـی چیرۆکـدا، ئـەوەی ئـەوان وەکـو رووداوە کۆمەڵایەتیـەکان دەیانبینـیو تێبینیـان دەکـرد دەهاتـن جارێکـی تردەسـتیان دەکـرد بـە گێڕانـەوەی رووداوەکانو دەیانخسـتنە سـەر کاغـەز بەبێئـەوەی گرنگـی بـدەن بـە لایەنـە هونەریەکانـی چیـرۆک، زۆریشـیان دەچونـە خانـەی گێڕانـەوە یەکـی سـادەو دوور لـە تەکنیکـی چیـرۆک نووسـینەوە، لای بەشـێکیان ئـەم کاری نووسـینە بـۆ گێڕانـەوەی رووداوەکان بـووە هۆکارێکـی کوشـندە بـۆ چیرۆکنوسـین، ئەگـەر ئـەو پرسـیارە بکەیـن ئایـا ئـەو نەوەیـە توانیویانـە رووداوەکان بـە گـەورەی خۆیانـەوە بکـەن بـە چیـرۆک؟ بێگومـان دەبـێ بڵێـن نەخێـر، زۆریـان ئەوەنـدە بـە خراپـی رووداوەکانیـان تێکـەڵ بـە چیـرۆک کـردوە خوێنـەر هەسـتدەکات ئـەو رووداوە مەزنانـە چەنـد بچـوک کراونەتـەوە لـە چیرۆکـی ئـەو بەرێزانـەدا، لـە کاتێکـی ئـاوا کـە غـەدر لـە رووداوە گـەورەکان دەکرێـت لەسـەر دەسـتی ئـەو نەوەیـەی چیرۆکنوسـاندا، بـە دیوێکـی تریشـدا بەشـێکیان غەدریـان لـە چیرۆکیـش کـردوە کـە نەیـان توانیـوە لەئاسـت ئـەو واقیعەتـەدا باشـتر چیـرۆک بنوسـن. ئـەم هـۆکارەش دەگەڕێتـەوە بـۆ نەبوونـی ئاسـتی وشـیاریان بـۆ چیرۆکنوسـین.. بـەڵام ناکرێـت چەنـد ناوێـک لەنـاو ئـەو نەوەیـەدا ناوبنێیـن ئـەو کەسـانەی کـە دوور لـە بنەمـای دونیـای چیـرۆک نوسـین یـان وشـیاریان نەبووبێـت بـۆ نوسـینی دەق کاریـان لـە سـەر نوسـینی چیـرۆک کردبێـت.. ئەگـەر ئـەم چەنـد نـاوە وەکـو چیرۆکنـوس بـۆ ئـەو رۆژگارەو لەنـاو نـەوەی خۆیانـدا وەربگریـن ئـەوا دەبێـت کەبڵێـم ئەمانـە باشـتر کاریـان لـە سـەر روداو،و واقیعەتـەکان کـردوەو بـە مۆدێلێکـی باشـتر دەسـتیان بـۆ نوسـینی چیـرۆک بـردوە. ئەگەرچـی هـەر ئەمانیـش لەژێـر کاریگـەری ئـەو رۆژگارەدا کاریـان لـە سـەر ئەوەکـردوە کـە دەبێـت واقیعیـەت بگۆڕدرێـت بـە واقیعیەتێکـی باشـتر، هەمـوو ئەمەنـاش دەچێتـە ژێـر کاریگـەری ئـەو ئایدۆلۆژیایـەوە کـە بیـری خەڵکـی بـۆ هێنانەکایـەی

ڕۆژگارێکی باشتر پڕکردبوو کە دەکرێت ناویبنێن ڕۆژگاری شۆڕشکردن دژ بە لایەنە جیاجیاکان.. هەندێکیان بە چیرۆک هەوڵیان دەدا هاوپشتی خۆیان بۆ شۆڕش رابگەیەنن، بەشێکیشیان بۆ ماوەیەک وەکو نەوەی ئەو چیرۆکنوسانە بوون بە شۆڕشگێڕ، بەڵام دواتر هەر ئەو نەوەیە ئەم واقیعەتەی شۆڕشیان خستە ژێر پرسیارو گومانەوە وەکو لە رۆمانی (سەگ وەڕ،و هەژدیهاو کۆچی سوردا) تێبینی دەکرێت (جەلیل کاکەوەیس، محەمەد مەولود مەم، حسین عارف، حەمە فەریق حەسەن، موکری، رەوف بێگەرد، ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل) چەند ناوێکی تر لەونەوەیە چونکە لە دونیای چیرۆکی وڵاتانی تر شارەزابوون، کەوتبوونە ژێر کاریگەریشیانەوە، توانیبوویان باشتر لە چیرۆکنوسانی هاوتەمەنی خۆیان کار لە سەر گێڕانەوەی چیرۆک بکەنو بە دیوێکی تردا روداوەکان بگوێزنەوە بۆ ناو دەقەکانیان، ئەم ناوانەو چەند چیرۆکنوسێکی تریان لە هەولێرو کەرکوکو سلێمانی دەکرێت بەو گروپەیان ناوبنێین کە هەقیقەتەکانی ئەو رۆژگارەیان بە تەکنیکێکی لێزانانە ترەوە گوێزابووە بۆ ناو دەقەکانیان.. ئەگەر جارێک بمانەوێت لەیەک بە یەکی ئەو ناوانە بدوێن کە چیرۆکیان نووسیوەو بەنەوەی حەفتاو هەشتاکان ناسراون ئەوا دەبێ هەریەکەیان بەقەدەر توانای خۆیان بۆ هەوڵدانیان بۆ نوسینی چیرۆکیان قەدر بگرین، ئەوەم لا گرانە کە هەندێکیان هەر وەک چۆن لە حەفتاکاندا چیرۆکی دەنووسی تاکو ئێستاش هەر بەو جۆرە چیرۆک دەنووسێت نازانێت ئەو جۆرە تەکنیکو مۆدێلە بەسەر چووە بۆ چیرۆکنوسین. ئەو چیرۆکانەو کارکردنی نوسەرەکانیان ڕێگەمان بۆ خۆشدەکەن لە بیرو مەعریفەی خاوەنەکانیان بگەینو خوێندنەوەی جیا جیا بۆ هەریەکەیان بکەین. کاتێک چیرۆکەکانی ئەو چیرۆکنوسانە لەونەوەیە بەو واقیعەتەشی کە تێیدا ژیاون دەخەینە بەردەم هەڵسەنگاندنەوە سەرنجەکانمان دەچێتە سەر خاڵێک

کـه خـۆی لـەوەدا دەبینێتـەوە بەشـێک لـەو چیرۆکانـە خاڵیـن لـە جواناسـیو هونـەری چیـرۆک، هەڵـەی زەقیـش لـەوەدا ئێمـە بتوانیـن بـە هەمـوو چیرۆکـەکان بڵێیـن وەکویـەک سـەرکەوتوونو هەموویـان باشـن. هەمـوو ئـەو چیرۆکنوسـانەیش بۆخۆیـان ناتوانـن بانگـەوازی ئەوەبکـەن کـە وەکویـەک سـەرکەوتووبوون لـە کاری چیرۆکنوسـیندا. ئیتـر تەنیـا ئـەوە بـۆ خوێنـەر دەمێنێتـەوە کـە ئەونەوەیـە بـە باشوخراپیانـەوە چیرۆکیـان نووسـیوەو قۆناغێکـی هەسـتیاریان بـە بۆشـای بـە جێنەهێـڵاوە ، بـە خوێندنەوەیشـیان خوێنـەری جـدی دەتوانێـت لـە ئێسـتاو داهاتویشـدا بڕیاربـدات ئـەوان چەنـد سـەرکەوتووبوون یـان شکسـتیان خـوارد لـەو بـوارەی ئەدەبـدا.

ئەگـەر نـەوەی حەفتـاو هەشـتاکان بەجێبهێڵیـنو ئاماژەیـەک بـە نـەوەی نوێـی چیرۆکنوسـان بکەیـن، بـەو پرسـیارە دەسـت پـێ بکەیـن جیـاوازی کارکـردن بـۆ نوسـینی چیـرۆک چیـە لـە نێوانیانـدا.. ئـەوا دەبـێ دەسـت بـۆ ئـەو کارانـە بەریـن کـە وەکـو دەقو تەکنیکـی چیرۆکنوسـین لای نـەوەی نـوێ سـەریان هەڵـدا.. ئـەم نەوەیـە هـەر لەسـەرەتای دەسـت پـێ کردنـی کارەکانیانـەوە (کـە هێشـتا زۆر زووە دوا بڕیـار لەسـەر کـۆی کارەکانیـان بدەیـن چونکـە هێشـتا زۆریـان بەردەوامن لەسـەر نووسـینی دەقەکانیـان) بـەوە دەسـتیان پـێ کـرد کـە کار لەسـەر ئـەو مەنهەجەبکـەن کـە خـۆی لـە لایەنـە گرنگەکانـی چیرۆکـدا لـە روی زمـانو پاڵەوانو شـوێنو کاتو هەڵبژاردنـی بیرکـەوە دەبینیـەوە، پشـتیان بـە واقیعەتێـک بەسـت بـۆ نووسـینی چیـرۆک کـە خـۆی لـە خەیـاڵو ئەزموونـی ڕۆژانەیانـدا دەبینیـەوە، دەبـوو بـە خوێنـەر بڵێـن ئـەوەی لە دەوروبەرمانـدا رودەدات ناکرێـت کۆپـی بکرێتو بکرێـت بـە چیـرۆک، بەڵکـو دەبێـت ئـەو روداوانـە بکرێنـە وێنـەی جیاوازتـرو بـە مۆدێلێکـی تـر لـە چیرۆکـدا جێگەیـان بکرێتـەوە، ئەوەیشـیان گرنـگ بـوو کە خۆیان بەدوورگـرتو نەکەوتنـە ژێـر هیـچ ئایدۆلۆژیایەکـەوە بـۆ نووسـینی دەقەکانیـان،

روداوه كۆمەڵایەتیەكانیش وەكو خۆیان بۆ ئەم چیرۆكنوسانە نەبووە جێگەی پڕكردنەوەی دەقەكانیان.. ئەم نەوەیە لەو چیرۆكنوسانە بوون كە بە ئەزموونی خۆیان توانیبوویان گەڵێك لە چیرۆكە كوردیەكانی پێشتر بخوێنەوەو لەگەڵ ئەوەیشدا كاریگەری چیرۆكنووسانی وڵاتانی تر ئەو ئەزموونەی فێركردن كە بتوانن سود لەو جۆرە تەكنیكانە ببینن كە چۆن چۆنی روداوەكان بگوێزنەوە بۆ ناو دەقی چیرۆكەكانیان. ئەگەر لە روی بیرۆكەو تەكنیكی چیرۆكەوە بەراوردی هەردوو نەوەی كۆنو نوێ بكەین بێگومان نەوەی نوێ توانیان دەست بۆ ئەو چەمكانە بەرن كە هێشتا خوێنەر لە چیرۆكی كوردیدا پێی نەگەیشت بوو، خوێنەریان خستە سەر ئاماژەكانی گەڕان بە شوێن ماناكاندا لە قوڵایی چیرۆكداو ئەو وێنانەی كە دەبوو لە چیرۆكدا خوێنەر بە سەلیقەی خۆی بتوانێت بۆ دۆزینەوەیان خۆی ماندووبكات، نەدەبوو خوێنەر ئیتر وەكو پێشتر بە شوێن زمانێكی سادەو بێگرێ وگۆڵدا بگەڕێتو هیچ بیرۆكەیەك لەدوای خوێندنەوەی چیرۆكەكان لای بەجێ نەمێنێت.. ئەم نەوەیە خوێنەریان خستە سەر گومانو گەڕان بە شوێن دۆزینەوەی مانا شاراوەكانی ناو دەقەكاندا، لەئاست بیرۆكەو وێنە جۆر بە جۆرەكانی ناو ئەو دەقانەدا دەبێت خوێنەر پشودرێژتر كار لەسەر خوێندنەوەبكات، خەیاڵ و فەنتازیا لە چیرۆكی ئەم نەوەیەدا هەموو روداوەكانی بە باشو خراپەوە خستە ژێر كاریگەریەكانی خۆیەوە، گەمەی زمانو بەكارهێنانی وێنەكان بە جۆرێكی تر لە چیرۆكدا ئەو هۆكارانە بوون كە ئەم نەوەییەی لە نەوەكەی تر جیا كردەوە. ئەم نەوەیە ئەدەبی بەرەنگاریان لە چیرۆكدا بە هەموو وێنە جیاجیاكانیەوە فەرامۆشكرد و گۆڕیان بۆ وردكردنەوەی واقیعێك كە دەبێ خوێنەر بۆ خۆی ئیتر بەشوێن جۆری ئەو بەرەنگاریەدا بگەڕێت كە لە چیرۆكەكاندا شاردراونەتەوەو چیرۆكنوس هەقی نیە كە گۆمەڵگا بەرەو

شکست دەڕوا یان سەرکەوتن لە دەقەکانیاندا، ئەمە وەزیفەی ئەم نەوەیەی چیرۆکنوسانن نیە کە هەر بەلای هۆکارەکانی سەرکەوتنی کۆمەڵگادا دەق بنووسنو پیرۆزییەکان نەخەنە ژێر گومانو شیکردنەوەوە، یەکێکیش لە هۆکارە دیارەکانی ئەم نەوەیە ئەوەبوو کە دەستیان بۆ چەمکە پیرۆزەکانو بەها موقەدەسەکان درێژکردو لە وێنەی چیرۆکدا بەکاریان هێنان. چیرۆکیان خستە خزمەت هەڵدانەوەی ئەو شتە دەست بۆ نەبراوانەوە کە تا ئەو کاتانە وەکو بەهای گرنگو سەروەریەکانی کۆمەڵگا ناودەبران. لای ئەمان بچووکترین وێنەی ناشیرن رەنگە ببێتە هۆکاری داڕزانی باقی وێنەکانی تر لە کۆمەڵگادا، بەمجۆرە کارکردنی ئەم نەوەیە لە چیرۆکنوسان خۆی لە وەدا بینیەوە کە ئیتر پاڵەوانە گەورەکانی ناو کۆمەڵگا ناتوانن ببنە فرساد رەسی هەموومان وەکو لە چیرۆکی نەوەکانی پێشوودا جێگەیان کرابووە. هەر ئەمەش بوو ئەم نەوەیەی زوو بە خوێنەران ئاشناکردو دوورونزیکیش دوژمنی زۆری بۆ پەیداکردن کە گوایە زۆرکەس لە ماناکانی ئەم دەقە تازانە تێناگەن، نەدەبوو واقیع وەکو پێشووتر لەلای ئەم چیرۆکنووسانە لە چیرۆکدا بگێڕدرێتەوە چیرۆکی ئەم نەوەیە دەبوو پشت بە وێنە گشتیەکانی سەرجەم کۆمەڵگا ببەستێتو بتوانێت ئەو وێنانە بکاتەوە بە خەیاڵو جارێکی تر لە چیرۆکدا بیانخاتەوە بەردەم خوێنەر.. هەردوو نەوەکە بە جیاوازی تەمنیانەوە بە جیاوازی کارکردنو هەوڵدانیان بۆ نوسینی چیرۆک لە قۆناغە جیاجیاکاندا لەوەدا دەبن بە جیاواز کە نەوەی پێشوو کۆپی روداوەکانیان لە بیر خۆیاندا دەکردو دواتر دەیانکردە چیرۆک بە زمانێکی سادە.. بەڵام نەوەی نوێ ئەگەر کاریان لەسەر روداوەکانیش کردبێت بۆ نووسینی چیرۆک ئەوا خۆیان لەو کۆپی کردنە زەقە پاراستووەو هاتوون بە جۆرێکی تر ئەو واقیعەیان لە چیرۆکدا داڕشتۆتەوە. ئەوەی لای ئەم نەوەیە دیارە دەستگرتنە بەسەر

هەموو لایەنە گرنگەکانی چیرۆکدا بۆ نوسینی دەقەکانیان، شارەزابوونیانە لە تەکنیکی گێڕانەوەی بیرۆکەو دانانی وێنە جیاوازەکانە لە چیرۆکدا کە بەر لەمان خوێنەر کەمتر درکی پێ کردبوو.. ئەم نەوەیە کە رەنگە تەمەنی کارکردنیان بۆ نوسینی چیرۆکو رۆمان کەم بێتو هێشتاش بەردەوامن لەو بوارەدا، بەڵام بەو جۆرەش توانیان هەنگاوی گرنگ بنێن بۆ تێپەڕاندنی فۆناغێکی تر لە هێنانەکایەی دەقی ئەدەبیداو خوێنەرێکی باش لەخۆیان کۆبکەنەوە. وەکو ناویش دەبوو کار لەسەر چەندین ناوی ناو ئەم نەوە نوێ بکەین کە بە هەموو ئەو کەمتەرخەمیانەشەوە کە بەرامبەران دەکرێتو کراوە توانیان خوێنەران بەدەقی باشتر ئاشنابکەنو چیرۆک لە قۆناغێکەوە بگوێزنەوە بۆ قۆناغێکی تر... لەگەڵ ئەوەیشدا هێشتا زووە دەستنیشانی باشو خراپی ئەم نەوەیش بکەین بۆ نووسینی دەقەکانیان چونکە بەردەوامن لەکاری ئەدەبی. ئەوە دەقەکانە خاوەنەکانیان دەخاتە بەردەم رەخنەو هەڵسەنگاندنی کارەکانیانەوەو خوێنەر ناچارنیە هەمیشە دەقەکان وەکو یەک هەڵبسەنگێنێتو پێیان بڵێتو بڕیاریان لەسەربدات کە لە بەر خاتری ئەوەی کە ئەوان هەوڵی چیرۆکنوسینیان داوە ئیتر دەبێت بە هەموویان بڵێین باش. بەم پێیە نەوەیەک لە چیرۆکنوسان بە جیاوازی تەمەنیانەوە لە سالانی حەفتاو هەشتاو نەوەدەکاندا بە هەموو هەوڵەکانیانەوە دەرکەوتن کە چیرۆکیان گەیاندە دەست خوێنەر.. ئەو چیرۆکانە ئیتر چۆن چۆنی کاریگەری لەسەر بیری ئێستاو رابووردی خوێنەرو رەخنەگران بەجێدەهێڵن دەبێت هەموومان چاوەڕوانبین کە کێ دەبێت بە چیرۆکنوس لای رەخنەگرانو خوێنەران.

# پێرستی بابەتەکان


کوڕانی گەڕەکی نەجیب مەحفوز و حیکایەتێکی بێکۆتایی ٥
کتێبێک بۆ هەمووان ........................... ١٧
خاکو جەستە ................................... ٢٥
لای جەنگیز ئەیتماتۆف و سەمیرنەقاش.............. ٢٥
داماڵینی دەمامکەکان ............................. ٤٣
تێڕامانەکانی دۆستۆیڤسکی ......................... ٥٣
پێچەوان بوونەوەی وێنەکان .......................... ٦٣
لەلای قانع ........................................ ٦٣
بەد بەختیەکانی مرۆڤ لە نازیەتەوە تا کو ئێستا.......... ٧٥
هاودەمی کوردو خوێن .............................. ٨٥
ئەفسانەی گەورەی مەیمونەکان ........................ ٩٧
ئینجیلەکەی دۆستۆفسکی ............................ ١٠٥
گورگی زەنگۆڵەدار ................................. ١٠٩
لە نیشتمانی ئەفغانیەکاندا هەمیشە جەنگ............... ١٢١
دەق و گرفتەکانی خوێندنەوە .......................... ١٢٩
ساراماگۆ مرد ..................................... ١٣٧
ترس لە مرۆڤ... ترس لە زیندان....................... ١٤٣
دۆستۆیفسکیو مرۆڤە ون بۆکانی سیبریا ................. ١٥٣
ڕۆیشتنێک لەگەڵ ئەلبێرکامۆدا ........................ ١٦٧
سۆسیالیزمو خوێن................................... ١٨٥
ناوێکی تر بۆ کەشتی فریشتەکان........................ ١٩٧
گەڕان بەشوێن نەمریدا .............................. ٢٠٣
دیکتاتۆریەتی کەسە بچوکەکان لەئەدەبی کوردیدا.......... ٢٠٧
دەنگێک بۆ بەردەوامی .............................. ٢١٥
دەکرێ لە دەقی ئەدەبیدا ٢+٢ = ٦ ...................... ٢٢٣
ژنو کتێب ......................................... ٢٢٧
ڕۆمانو ڕەخنە ...................................... ٢٣١
مەعریفەو درۆ ..................................... ٢٣٩
کێ دەبێت بە چیرۆکنوس............................. ٢٤٣

کتێبە چاپکراوەکانی نوسەر:

١. دەستنووسی فەقێکان، رۆمان/ ٢٠٠٧
٢. مردن بە پێی گێرانەوەکانی سۆفیەک ، رۆمان ٢٠٠٨
٣. گەمەی پیاوێک یان سفرەی کاغەز ، رۆمان ٢٠١٠
٤. گوندە خۆڵەمێشیەکان / رۆمان / ٢٠١٤
٥. گۆرانییەکانی ماسی فرۆشێک، چیرۆک/
چاپی یەکەم ٢٠٠٦ / چاپی دووەم ٢٠٠٧
٦. ئێوارەی مەیموونەکان، چیرۆک/ ٢٠٠٧
٧. ئەفسانەی کوێربوون ، چیرۆک / چاپی یەکەم ٢٠١١
٨. هەمیشە دڵرەق و بێدەنگین، خوێندنەوەی کتێب ٢٠٠٦
٩. شکستی نووسین/ نووسین و خوێندنەوەی کتێب/ سلێمانی ٢٠٠٨